# کۆبەرهەم




## بەشێک لە بەرهەمەکانی گیابەختکردوو

## ڕەشاد حوسەینی

**پێرست**

پێشەکی
کورتەیەک لەژیانی نووسەر
دیموکراسی ڕێگاچارەی کۆمەڵی کوردستان
دارستانی گڵکۆ، دیمەنێکی دیکەی مێژووی گەلی کورد
ئەرکی کۆمەڵانی خەڵک لەم بوارەی خەباتدا
بۆ بەشداری ژنان لە جوڵانەوەدا
ئامۆزش لە جوڵانەوەدا
چەند وێنەیەک

باسێك لە سەر ئەخلاقی شۆرشگێری
ناسین
کۆمەڵناسی
جوگرافیای کوردستان
ئایین وئایینزاکانی کوردستان

## پێشەکی

سالی١٣٥٩ی هەتاوی، دوای ئەوە پریارم دا ببمە پێشمەرگەی کوردستان، لە ناوچەی کامیاران، لەگەڵ لاوێکی١٧-١٨ساڵەی خوێنگەرم و بە هەست، بە ناوی"ڕەشادی حوسەینی"، ئاشنا بووم کە لە ڕیزی پێشمەرگەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێراندا بوو. ئەو، لە بنەماڵەی مەزنی ڕۆحانییە- کانی گوندی"کاشتەر" بوو. ئێمە وەک بنەماڵە، گەلێک ساڵ بوو، پێوەندی دۆستانەمان هەبوو، بەڵام من، لەبەر ئەوە خوێندن و کارم زیاتر لە تاران و تەوریز بوو، بە تایبەت لە دەورەی وەرگرتنی لیسانس بەولاوە، چاوم بەو لاوە نەکەوتبوو. باوکی من کە مەلاو مودەڕێسی ئایینی بوو، ئیزنی مەلایەتی لای خوالێخۆشبوو مامۆستای مەزن و بە ناوبانگی ستانی کوردستان" شێخ حەبیبوڵلای کاشتەر"، وەرگرتبوو. ناوبراو باوکی مامۆستاو نووسەری بەناوبانگ، بابامەردۆخی ڕۆحانی بوو، کە زۆربەی زۆری خەڵکی سنە، ڕێزی تایبەتیان بۆی بوو و مامۆستای زۆربەی قوتابیانی ئەو شارە بوو.

ڕەشاد، بە من دەیگوت"باوکە" و منیش وەک کوڕی خۆم چاوم لێدەکرد. لە ڕیزی کادرەکانی حیزبی دێموکراتدا، یەکێک لە شوڕشگێرە بەپڕواکان بوو، دڵ و داوین پاک و شەیدای ئازادی مرۆڤ، بە گشتی و خەڵکی کوردستان بە تایبەتی بوو. خوێندنەوەی ئەم نووسراوە، بە تایبەت بەشی تەشکیلاتەکەی، ئەو گوتەی من پشتراست دەکات.

ڕەشاد، لە ماوەی کاری شوڕشگێریدا، هەمیشە و لە هەر دەرفەتیکدا، دەینووسی و یادداشتی هەڵدەگرت و دەیخوێندەوە. هەر بۆیە دوای شەهید بوونی، ئەم"کۆبەرهەمەی" لێ بەجێما کە لەسەر داوای برای خوشەویستم، کاکە بۆرهانی برای، دوای ئەوە بە کەموکوڕی تایپکرابوو، پێداچوومەوە.

لە بەشەکانی "ناسین" و کۆمەڵناسی"دا، لەبەر ئەوە ناوەناوە و لێرەولەوێ لە ٥٣٦ لاپەری کتیبی کۆمەڵناسی، نووسینی دوکتور ئەمیر حوسەینی ئاریانپور، کەڵکی وەرگرتبوو، هەوڵمدا بە پێ توانا کردیانمە کوردی و لە باری ڕێزمان و ڕستەسازییەوە، کاری زۆرم لە سەری کرد و لە دوو تۆی ئەو سەدان لاپەڕەدا، شوێندۆزیم کرد تا بزانم لە کامە لاپەڕ و پاراگرافدا وەرگێڕانەکەی ئەنجام داوە. هەر بۆیە کاتی زۆرم بۆی تەرخان کرد و لەبەر ئەوە، یادی ئەو شەهیدە هەتا مردن لە زەینم دایە، هەستم بە ماندوویی نەکرد، و گەردنی ئازاد و یادی بەخەیر.

باسەکانی تری وەک ئاماژەم پیکردوون، لە کتێبی کوردستان و کوردی، دوکتور قاسملو، و سەرچاوەی تر وەرگیراون و لە شوڕشی گەلانی ئیران بەم لاوە، لێرە و لەوێ، خۆی وردە هەڵسەنگاندنێکی ئەنجام داوە. کاڕیکی نەتەوەییە، بەری ڕەنجی شەهیدێکە.

سوید، ستوکهوڵم، پاییزی ۲۰۱۳.، حوسەین خەلیقی.

## کورتەیەک لە سەر ژیان و بە سەرهاتی رەشادی حوسەینی

رەشاد لە ساڵی 1343 هەتاوی لە گوندی کاشتەر سەر بە ناوچەی بێڵەوار, لە دایک بووە. ئەو تا پۆلی پێنجەمی سەرەتایی لە قوتابخانەی ئەو گوندە خوێندویە. پاشان بۆ درێژەدانی خوێندن ناردویانە بۆ شاری کرماشان و تا ساڵی کۆتایی ماماوەندی لە هێڵی ماتماتیک و فیزیک لە دەبیرستانی رازی ئەو شارە درێژەی بە خوێندن داوە. لەو کاتەدا، شۆرشی گەلانی ئێران هەڵگرسا. ئەویش وەکوو زۆربەی قوتابییە رووناکبیرەکان، لە چالاکی سیاسی و کۆبوونەوەکانی رێکخراوی چریکەکانی فیدایی خەڵک لەو ماوەدا چالاک بوو. لە زستانی ساڵی 1358 لە لایەن رێکخراوی موجاهیدین و چریکەکانی فیدایی خەڵک رێ- پێوانێکیان دژی سیاسەتی ئەو سەردەمی رژیم بە ناوی هەڵبژاردنی سەرۆک کۆمار، ساز کرد. رەشاد یەکێک لەو خۆپیشاندەرانە بوو کە لە لایەن هێزی سپا و ئیتلاعاتە دەسگیرکرا و بۆ ماوەی دوو هەفتە زیندانی کرا. رەشاد لە ماوەی خوێندنیدا یەکێک لە شاگردە بلیمەتەکانی دەبیر- ستانی رازی بوو. ئەو هەروەها زۆر ئۆگر بوو بۆ خوێندن و بردنەسەری زانیاری گشتی و ئەمەش بوو بە هۆی ئەوە کە زوو لە ستەمی نەتەوایەتیێ دژی گەلی کورد تێبگا. لە هاوینی 1359 کاتیک پشوودانی قوتابخانەکان دەستیان پێکرد، ئەویش گەڕایەوە بۆ گوندی کاشتەر. هەر لەو هاوینەدا، رژیم هێرشی کردە سەر ناوچەکانی کوردستان کە ئەو کاتە لە ژێر دەسەڵاتی رێکخراوە سیاسیەکانی کوردستاندا بوو. مەبەستی هاتنەوەی ئەو وەک هاوینەکانی پێش بۆ یارمەتی بنەماڵکەی بۆ کاری جوتیاری نەبوو، بەڵکوو پریاری ئەوەی دابوو کە بێتە نێو یەکێک لە هێزە سیاسیەکانی کوردستان. بنکەی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە کاشتەر و دەوروبەری بوو و بەو بۆنەوە رەشاد  بە بەرپرسی ئەو کاتەی یەکێتی لاوانی حیزب کاک حیسامی ئەسعەدی پەیوەندی گرت. سەرەڕای ئەوە کە رەشاد بیر و بۆچوونێکی چەپی هەبوو، بەڵام بە هۆی ئەوە کە حیزبی دیموکراتی کوردستان حیزبێکی نەتەوەیی و دیموکراتی بوو و ئەوان زۆرتر بۆ خاک و نەتەوە خەباتیان ئەکرد، رەشاد هاتە ریزی پێشمەرگەکانی حیزبی دیموکرات و دەستی کرد بە تێکۆشانی سیاسی و تەبلیغی خۆی. هەر لە ماوەیەکی کورتدا، تووانی لە گوندەکانی ناوچەی بێڵەواردا، وەکوو کادرێکی یەکێتی لاوان دروشمی رۆژانەی ئەو سەردەمە سیاسەتی جیزبی دیموکراتی کوردستان، لەقاودانی سیاسەتەکانی رژیم دژ بە خەلکی کورد بە تایبەت بۆ لاوان رابگەیەنێت. لە پایزی هەر ئەو ساڵە لە ناوچەی سنە، لە گوندی "شیان" کلاسێکی یەک مانگەی کادریی پێکهێنرا و رەشادیش لەو کلاسەدا بەشدار بوو. ، سەرەڕای ئەوە کە رەشاد تەنیا تەمەنی هەڤدە ساڵە بوو، بەڵام بە هۆی لێوەشاوەیی و تێکوشانی لەو ماوەکورتەدا، رەشاد نیشانی دا کە ئەو کادرێکی دڵسۆز و تێکۆشەرە، بۆ ساقکردنەوەی کومیتەی شارستانی ئەو کاتەی کامیاران لە لایەن زۆربەی کادر و پێشمەرگە و بەرپرسانی حیزبەوە لە ناوچە هەڵبژێردرا بۆ ئەندامی کومیتەی شارستانی کامیاران و بەرپرسی یەکێتی لاوان .

لە ساڵی 1360 لە لایەن پلۆنۆمی کۆنگەرەی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانەوە، پریار درا هێزیک بە ناوی بێستوون و کومیتەی شارستان کرماشان پێک

بهێنرێت. بۆ دانانی کومیتەی شارستانی کرماشان، چەند کادرێکیان دیاریکرد و ڕەشاد یەکێک لەو کادرانە بوو کە هەڵبژیردرا وەکوو ئەندامی کومیتەی شارستانی کرماشان و ئەندامی هەیئەتی ئیجرایی بەرپرسی بەشی تەشکیلات. هەر ئەو ساڵەش کۆنفەرانس گیرا بۆ کۆنگەرەی ٥ و ئەندامانی کومیتەی شارستانی کامیاران و روانسەر، لە کۆنفەرانسەدا ڕەشادیان وەک نوێنەری حیزب بۆ کونگەرە و وەک ئەندامی کومیتەی شارستانی کرماشان و بەرپرسی کومیتەی شاری کامیاران هەڵبژارد. سەرەڕای ئەوە کە ڕەشاد خۆی پێی خۆش نەبوو ناچاریان کرد لە هاوینی ساڵی 1362 ببێتە بەرپرسی بەشی تەبلیغات و چاپەمەنی لە ناوەندی ئازوان. هۆی سەرەکی ئەم گواستنەویە لەپێشدابوونی کۆنگرەی ٦-ی حیزبی دیموکرات بوو تا ڕەشاد نەتوانێت بەشداری کۆنگرە بێت. ڕەشاد یەکێک لە کادرەکانی حیزب بوو کە هەمیشە بە راشکاوی و نەترسانە راوبۆچوونی خۆێ دەر ئەبڕی. سەرکردەکانی حیزب بە پەراوێزکردنی ڕەشاد دەنگێکی ڕەخنەئامێزیان لە کۆنگرەی ٦- دا دوور خستەوە. لە ساڵی 1363 دووبارە گەڕایەوە کومیتەی شارستانی کرماشان وەک بەرپرسی تەشکیلات و فیرکردن. ڕەشاد هەروەها بۆ ماوەی 6 مانگ لە کلاسی بەرزی حیزبدا کە بۆ کادرەکانی حیزب دانابوو، بەشداری کرد. لە کۆنگەرەی 7 دا نوێنەر بوو و کاتێک دەفتەری سیاسی حیزب مەڵبەندی یەکی جنوبیان پێک هێنا، ڕەشاد بوو بە ئەندامی مەڵبەند و بەرپرسی بەشی فێرکردن . دیسان پاش ساڵێک لە سەر پێشنیاری دەفتەری سیاسی، کە داوایان لە مەڵبەند کردبوو کە گوایە پێویستیان بە ڕەشادە وەکوو کادری رادیو، ناوچەی بەجێهێشت بۆ دەفتەری سیاسی. ئەمە سەرەڕای ئەوە کە ڕەشاد خۆی پێیخۆش نەبوو پروات بۆ دەفتەری سیاسی و لەوێ کار بکا چونکە ئەو پێی وا بوو مەبەستێکی تر لە پشت ئەو بڕیارەی سەرۆکایەتیدایە. بۆ خۆی هەستی دەکرد کە قەت رێگای نادەن لە بەشی رادیو کار بکا و هەروەهاش وا دەرچوو. ئەویان برد لە کۆمیسیۆنی سیاسی نیزامی وەکوو دەستبەسەرکراو دایان نا. تەنیا کاری ئەو ئەوە بوو، گۆڤاری "جەنگ" لە کوردستان، کە گۆڤارێکی مانگانە بوو، بەستەبەندی بکا و ڕەوانەی کومیتەکانی حیزبی بکات. ئەمانە هەمووی سەرەڕای ئەوە ڕەشاد پێویست بوو لە ناوچە و لەوێ کادرێکی چالاک و دڵسۆز بوو و پەیوەندیکی نەپچڕاوی لەگەل خەڵکی ناوچەدا هەبوو و چەندین ساڵ لەوێ تێکۆشانی سیاسی و تەشکیلاتی هەبوو. بەڵام ڕێبەرانی ئەو دەمەی حێزب پێویستیان بە خەڵکانێک بوو کە بەڵی قوربانیان بۆ بکات و ڕەشاد یەکێک لەو کادرانە بوو کە ڕووراست و دایم هەڵویستی خۆی هەبوو و لە بەر ئەمەش ڕەشادیان لە ناوچە دوورخستەوە. هۆیەکی تریش ئەوە بوو کە کۆنگەرەی 8 لە پێشدا بوو. بەو جۆرە، ڕەشادیان هەم لە کۆنگەرە و هەم لە ناوچە دوور خستەوە. پاش کۆنگەرەی 8 ناکۆکی لە نێوان بەشێک لە سەرکردایەتی و بەدەنەی حیزبدا هەبوو کە بوون بە هۆی ئەوە لە حیزبدا لەتبوون روو بدا. ئەو باڵەی سەرکردایەتی و بەدەنەی حیزب بە ناوی "ڕێبەرایەتی شۆڕشگێری حیزبی دیموکراتی کوردستان" بوونی خۆیان راگەیاند و ڕەشادیش یەکیک لە بەرهەڵستکارانی کۆنگەرەی 8 بوو. ڕەشاد و بەشێک لە کادر و ئەندامانی کۆمیتەی شارستانی کرماشان و مەڵبەندی 1 هاتنە نێو ڕێبەرایەتی شۆڕشگێر. ڕەشادە لە کۆنفەرانسی 4 حیزبی دیموکراتی کوردستان ریبەرایەتی شۆڕشگێر، وەک راوێژکاری کومیتەی ناوەندی هەڵبژێردرا. ئەو

وەکوو بەرپرسی کومیتەی شارستانی کرماشان و ئەندامی مەڵبەندی 1، ئەرکی بەرپرسایەتی بە ئەستۆ گرت و درێژەی بە تێکۆشانی کاری تەشکیلاتی و سیاسی خۆی دا تا ئەو کاتە بە پێشنیاری خۆی و رەزامەندی رێبەرایەتی گەڕاوە بۆ ناوچە و تێکۆشانی سیاسی بە شێوەیەکی تر واتە لە رێگەی پەیوەندی راستەوخۆ لەگەڵ خەڵک. بەداخەوە بە شێوەیەکی نادیار لە لایەن هێزی ئیتلاعاتی رژیمەوە لە شاری سنە گیرا و پاش چەند مانگ زیندان و ئەنشکەنجە و ئازارێکی زۆر لە لایەن حکوومەتەوە، لە رێکەوتی 28 ی مانگی 10ی 1368 گیانی لێی ئەستێندرا.

## تایبەتمەندییەکانی رەشاد

ئەو هەر لە تەمەنی منداڵیەوە خەسڵەتی لێبوردوەی و دڵفراوانی تایبەتی تێدا بووە. کە پریاری لەسەر شتێکی بدایێت تا سەر بۆی تێدەکۆشا. راز و نهێنیپاراستنی ئەو هەر لە تەمەنیّ منداڵیەوە خۆی نواندبوو. ئەو سەرەڕای ئەوە کە بە شێلگیرانە بایەخی بە خوێندنی ئەدا، هاوکاتیش لە کاتی پشووی هاویناندا یێفیزانە یارمەتیدەری زۆر بوو بۆ کاروباری جوتیاری. پشتکاری رەفتاری باشی ئەو زۆر جار کار یگری بۆ لە سەر هاوڕ یکا نی دۆروبەر ی.

رەشاد هۆگرێکیی بێهاوتای بە خوێندنەوە بوو و سەرەڕای ئەو هەموو کەموکۆری و گۆشارانەی لە ناوچە کە لە سەر هێزی پێشمەرگە بوو، هیچ کات بیّ کتێب نەدەما و هەموو جار هاوڕێیەکانی خۆی بۆ خویندنەوە هان دەدا. هەموو جار لە دەرفەتێک ئەگەڕا کە کۆبوونەوە بۆ خەڵک یان پێشمەرگەکان بگریت. یەکیک لەو شتانە کە دایم لە سەر زاری بوو ئەوە بوو کە تا تێنەگەین پێناگەین. لە ماوەی پێشمەرگایەتیدا، چەندین بابەتی جۆراوجۆری لە سەر خەبات و تێکۆشانی گەلی کورد بۆ ئازادی و دیموکراسی نووسیوە. لە نووسراوەکانیدا بە جوانی دەرئەکەوێت کە چەندە شێلگیرانە باوەڕی بەوە بوو کە مافی چارەی خۆنووسینی گەلی کورد لە رێگاری دیموکراسییەوە بەدی دێت. بەشێکی زۆر لە نووسراوەکانی رەشاد، لە ساڵی 1388 لە شەڕی هەڵەبجەدا تێدا چوون و خۆی لە پشتی یەکێک لە کتێبەکانی خۆیەوە بەوە ئاماژەی کردووە.

ئەو نووسراونەی کە تا ئیستا ماون لە لای هاوڕێکی خۆشەویستێکی خۆیەوە پارێزراوە و ئەمانەی خوارەوەن، لێکدانەوەیەکی کاری تەشکیلاتی و رێنوێنی بۆ داهاتوو، باسێک لە سەر سۆسیالیزم، بەشێک لە جوگرافیای شارستانەکانی سەقز، شنۆ، مەهاباد، باسێکی درێژ لە سەر رێبازی یارسان و ئەهلی هەق، باسی زاراوە کوردییەکان، لە چەند زمانەوە وەرگێڕاوە، باسی بزووتنەوەی هەق و شێخ ئەبدولکەریمی شەدەڵە و شۆرشی چین، وەرگێڕاوە، ئەرکی کومیتەکان و دابەشکردنی کار، بە تایبەت کۆمیسیونی تەشکیلاتی فەرهەنگنامە، باسێکی تیوری و فەلسەفی لەسەر ناسین، باسێک لەسەر دیموکراسی کە تەنیا رێگەچارەی رزگاری گەلی کوردە، باسێک لە سەر بەشداری ژن لە شۆرشدا، دارستانێکی گلکۆ، دیمەنێکی دیکەی مێژووی گەلی کورد، باسێک لە سەر بەرنامە و ئەساسنامەی حیزب بۆ کۆنفەرانسی 4.

یەکێک لەو شتانەی کە رەشاد هەر لە سەرەتای هاتنی بۆ ریزی پێشمەرگایەتیەوە بە سەرسەختیەوە باوڕەوی پێ بوو خەباتی جەمار و رێکخستنی گەل بوو. بردنەسەرەوەی زانیاری سیاسی و رێکخراوەیی لە نێو خەباتی گەلی کورددا یەکێک لەو دروشمانە بوو کە دایم لەسەر زای بوو.

دامەرزاندنی چاپخانەیەکی سەرەتایی گەرۆک یەکێک لە داهێنان و دەسکەوتە گرنگەکانی دەستپێکی خەباتی راگەیاندنی ئەو سەردەمەی رەشاد بوو. لەم رێگەوە توانی زۆر لە راگەێنراوەکانی حیزبیی لە گوندەکانی ناوچەدا بڵاو بکاتەوە.

رەشاد هەروەها پێشەنگ بوو لە دامەزراندنی رێکخستنی نهێنی لە نێو خەڵکدا. ئەم کارەی رەشاد بەرهەڵەستیەکانی خەڵکیی دژ بە شۆرش رووانەدەوە و یەکێک لە هۆکارە گرنگەکان بوو بۆ راکێشانی جەماوەر بۆ لای حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران. خەباتی نهێنی رەشاد بووە هۆی زیادکردنی هەوادارانی جەماوەری و گەشەسەندنی خەباتی نهێنی لە ناوچەی ژاوەرۆ، جوانرۆ، کرماشان، سنە و پێڵەواردا.

ئەم بیروباوەری بۆخەباتی نەهێنی تا دوایین ساتەکانی ژیانی ئەو هەربەردەوام بوو.

## دیموکراسی و مافی دیاریکردنی چارەنووس بۆ گەلی کورد، ڕێگاچارەی کۆمەڵی کوردستان.

دیموکراسی وەک یاسایەکی کۆمەڵایەتی، یانێ یەکێک لە تایبەتمەندیەکانی کۆمەڵی مرۆڤایەتی، بریتیە لە دەستەڵاتی کۆمەڵانی خەڵك لە هەموو بوارەکانی ئابووری، کۆمەڵایەتی و سیاسیدا، بەشداربوونی بەربڵاوی کۆمەڵانی خەڵك لە دیاریکردنی چارەنووسی خۆیان و وەگەڕخستنی بیر و هێزیان بۆ پێشکەوتوویی وڵات، خەبات دژی ناڕەواییەکانی کۆمەڵایەتی و دواکەوتوویی و دابەزاندنی پێشکەوتوویی، دابین کردنی مافی ڕەوای گەلانی ژێردەست.

لایەنەکانی دیموکراسی (ئابوری، کۆمەڵایەتی، سیاسی) پێکەوە گرێیان خواردووە و پێوەندی دیالێکتیان پێکەوە هەیە و تەواوکەری یەکترن، لایەنێکیان بێ ئەوی دیکەیان وەڵامدەری داخوازەکانی کۆمەڵ نییە. دیموکراسی تەنیا لە نێوەرۆکی هەڵبژاردندا ڕەنگ ناداتەوە، نابێ دیموکراسی بە بەشداری خەڵك لە هەڵبژاردندا بەرتەسك بکرێتەوە، دیموکراسی ڕاستەقینە لە مەیدانی ئابوری و بوارەکانی دیکەدا خۆی دەنوێنێ. کاتێك نابەرابەرییەکانی کۆمەڵایەتی بەرەو لە نێوچوون پرۆن، کاتێك کرێکاران و زەحمەتکێشان بارودۆخی ژیانیان باش بێ، ئەم کاتەیە دیموکراسی ڕاستەقینە دەست پێدەکات. لە وڵاتێکی پێشکەوتوو و دیموکراتیکدا، دیموکراسی ڕاستی، واتا بەشداری کرێکاران و زەحمەتکێشان لە بەڕێوەبردنی کاروباری کۆمەڵایەتی، کارخانە و تەعاونیەکان، ناوەندی فەرهەنگی و لەم بابەتانە، بە گشتی دیموکراسی واتا بەشداری کۆمەڵانی خەڵك لە هەموو لایەنەکانی ژیانی کۆمەڵایەتیدا.

بۆ ئەوەی بچینە سەر باسەکەمان، پێویستە بە کورتی ئاوڕێك بۆ سەر کۆمەڵی کوردستان بدەینەوە، تا کەم وکورییەکانی کۆمەڵایەتی و ئابوری و سیاسی و ڕادەی

پێویستی ئەم کۆمەڵە بە دیموکراسی لەم بوارەدا بۆمان دەرکەوێ. مەبەست دەستنیشان کردنی دواکەوتوویی و داخوازیەکانی خەڵکی کوردستانە. مەبەست دیاریکردنی بەرنامەی ستراتیژیکی لەبار و وەڵامدەری بارودۆخی قۆناخی ئێستاو داهاتووی کۆمەڵەکەمانە.

خۆیدا جێگای بۆ دەکردنەوە. هەر دیمەنێك لە دڵرفێنی خۆیدا باسی تایبەتمەندێکی سروشت و ژیانی کۆمەڵایەتی خەڵکی ئەم نیشتمانەی دەکرد. مێژوو بە تێپەڕبوونی خۆی لەم دیمەنانە و هەزاران دیمەنی دیکە کە ڕوومەتی ڕاستیان بۆ ئێمە دەرنەکەوتووە، خۆی بێ بەش نەدەکرد و ئەمانەی بە لاپەڕەکانی دەسپارد.

دیمەنی گابەردێکی رووشەل و زیر و زێخیش کە یەکێك لەم دیمەنانە بوو، لە ئاستی خۆیدا دەپروانیە هەزاران دیمەن، لە دیمەنی خۆیدا باسی زۆر داستان و سەرگوزەشتی دەکرد. هەروەک چرچی ناوچاوان و قەڵەشی دەستی هەژارێك، باسی زۆر دەگێڕێتەوە. باسی جەرگەی مەیدانی شەڕی ناکۆکییەکانی سروشت و کۆمەڵ، پێك‌هاتن و قڵیش قڵیش بوونی، خۆشی و تاڵییەکانی سروشتی ئەم گەلە. باسی ژێر چەپۆکی ئەم گەلە، چەوسانەوە و زەبر و زوخاو هەڵڕشتنی بە دەستی زۆرداری سروشت و باری کۆمەڵایەتی، بە دەستی داگیرکەران، بە دەستی زۆرداری نێوخۆ. باسی دواکەوتوویی ئەم کۆمەڵە و هۆ و کۆسپە جۆراوجۆرەکانی، ژیانی کۆیلەیەتی ژنانی ئەم کۆمەڵە، ناڵە ناڵی هەژارەکان، چەوساوەکان، برسییەکان، ئاوارەکان، مناڵانی بێ‌سەرپەرشت و بێ‌ناز کەوتوو. باسی حەماسە و فیداکاریی، خوێن و قوربانی، گرمەی تۆپ و بۆمب و تانك و فڕۆکەی دوژمن. قەڵاچۆکردنی خەڵك و سوتاندنی شار و گوند و مەزرای ئەم وڵاتە. باسی شەهیدانی سەربەرزی ئەم گەلە، پێشەوا قازی، سەید ڕەزای دەرسیم، دکتور فواد، سمکۆ، شێخ محمود و مامە یارە، ئاوارە و شەریف زادە، عەلی عەسکەری و مامەڕیشە، عەباسی و ئەفشین و ئێقباڵ و هەژار، حسام و حەمەکەریم، حەکیم و خەلیل خەلەبان، شێخالی و قەیتەرانو شوان و... باسی بوکی بە ئاوات نەگەیشتوو، پتەوی و خۆڕاگریی، نووسینی مێژووی ئەم گەلە بە خوێنی هەژارەکان و چەوساوەکانی کورد، ئارارات و ئاگریداخ و قەندیل و پیرەمەگرون و ئاسنگەران و نەکەرۆز و شاهۆ و بێستون و پشتکۆ بە درێژای مێژوو. باسی لانکە و بێشکەی جوڵانەوەی کورد، سلێمانی و هەولێر، مهاباد و سنە و کرماشان، دیاربەکر و دەرسیم کە بە خوێنی لاوانی کورد نوسراوەتەوە. گوڵاڵەسوورە هەڵوەریوەکان، باسی شەڕی نابەرامبەر لە سەر بست بە بستی ئەم خاکە، خەبات و تێکۆشانی دوور و درێژی ئەم گەلە. باسی زرەی زنجیری دەست و پێی شۆڕشگێرانی کورد لە گرتووخانە، سێدارەی شارەکانی مهاباد و سەقز و بۆکان و سنە و کرماشان و ... ، باسی داستانی دەربەندی بازیان و مامەیارە و پشتکۆ و ئەیران، قەڵای دمدم و 12 سوارەی مەریوان و مەهەبادی 24، ئارات و هەکاری و دێرسیم و بارزان، خوێنڕژان لە بۆ ڕزگاری لە سەر بست بە بستی ئەم نیشتمانە، باسی نووسینی پڕ لە هەستناسکی شاعیر و نووسەران ، نیگارکێشی سروشت و نیگارکێشانەکانی ئەم گەلە کە بە پەنجەی خوێناوییان نیگاریان کێشاوە، دەنگ و ئاوازی پڕهەست و خۆشی هونەرمەندان، دەستکرد و بەرهەمهێنان، باسی ئاشتیخوازی ئەم گەلە، ڕێزگرتنی

هەواڵنامەی کێنێ

لە هەموو نەتەوەیەک، باسی هەموو جێگایەک، هەموو شتێک، دار و دەوەن، شاخ و بەرد، کێو و دۆڵ، کانیاو ڕووبار، شار و گوند، ڕێگا و بان لە هەموو کاتێك شاهید و بینەری هەڵسوکەوت و حەماسەکانی ژیانی خەبات و شۆڕشگێڕی ڕۆڵەکانی ئەم گەلەن، باسی هەموو جێگایەکی ئەم نیشتمانە ... بەربەرەکانی لەگەڵ داگیرکەران و زۆرداران، خەباتی جوتیاران و زەحمەتکێشان دژی دەرەبەگایەتی و خاوەن مڵکەکان، باسی هەموو ڕۆژێك بۆ ئەم گەلە هەر خەبات و بەربەرەکانی بووە، باسی مێژوو بۆ پێشەوە، هەڵتەکاندنی دیاردەی کۆنە و دروست کردنی دیاردەی نوێ، ڕاماڵینی زۆرداری و چەوساندنەوە، تاسە و ئارەزوو، دڕینی کراسی کۆن و لە بەرکردنی بەرگی نوێ، ئاسۆی ڕوون و سڕینەوەی ناهۆمێدی، باسی ئەم دارستانە چڕەی کوردستان، شوێنەواری گڵکۆی شۆڕەسوارانی شەهیدی، ڕێگای سەربەستی و ڕزگاری و بەختیاری گەلی کورد. دارستانی گڵکۆ بە خوێن ئاودراوە و مێژوو لە قووڵای خۆیدا جێی کردۆتەوە، بەڵگەنامەی مانەوە و خۆڕاگریی گەلی کوردە، چەقڵی چاوی دوژمنانە. هیچ تەوژمێك ناتوانێ شوێنەواری ئەم گەلە بسڕێتەوە، هێزی گەل مێژووی لە پشتە، ئەوە نییە مێژوویی خۆی، بە خوێن ڕەنگاندووە، ئەو نییە بە درێژایی مێژوو لە گڵکۆی شەهیدانی سەربەرز و لە بیرنەچووی، بەردی بناغەی مێژووی داناوە و دارستانی ڕازاندوەتەوە، بۆیە لە دیمەنی ئەم گابەردە و هەزاران دیمەنی دیکەی ئەم نیشتمانەدا دیارە کوردستان دارستانی گڵکۆیە و دیمەنێکی مێژووی ئەم گەلەیە. مێژووی گەلی کورد لە ڕوومەتی چرچ و لۆچ و دەست قەڵەشاوی چەوساوەکانی، وەک دیمەنی ئەم گابەردە و هەزاران دیمەنی دیکە وەک ئاوێنەی باڵانوێن خۆی دەنوێنێت. مێژووی ڕاستەقینەی گەل بەربەرەکانیە لەگەڵ زۆرداری و نارەوایی کۆمەڵایەتی خەباتە بۆ گەیشتن بە مافە ڕەواکانی گەل. شۆڕشە بۆ هەڵتەکاندنی پێوەندیەکانی دواکەوتوویی کۆمەڵایەتی و دابەزاندنی پێوەندی نوێی و پێشکەوتنخواز. خەباتە بۆ لابردنی هەموو چەشنە زوڵم و زۆرێك و دابینکردنی ئامانجەکانی چەوساوەکان و هەژارەکانی زۆربەی کۆمەڵی کوردەواری. گەلی کورد ئەم مێژووە ڕاستەقینەی لە پشتە، ئەوەیە مێژوو پێمان دەڵێ گەلی کورد بۆ ڕزگاری و بەختیاری خۆی دارستانی گڵکۆی دروستکرد، بۆیە دەڵێین ئەم دارستانە چڕەی گڵکۆ، جێگای شانازی و سەربەرزی گەلی کوردە و دیمەنی ڕاستەقینەی مێژووی ئەم گەلەیە.

ر.زاگرۆس 30/1- 66

## چەند وتەیەک لەگەڵ ڕوومەتی دیمەنێك

ئێوارەیە، ڕوومەتی گشت
کەژ و کێو و دەشت و ڕووبار و زەریا
لەگەڵ تیشکی ماڵئاوایی هەتاو
لە یەک ئاڵاندراوە
مزگینی بە یەک گەیشتنەوەی
ئەویندارن، ئازیزان،

بە یەک دەداتەوە
ڕوومەتی سوور هەڵگەڕاوی
ئەم دیمەنە،
دیمەنی لە ئامێز گرتنی
ئەویندااران لە ژوان
دوورخراوەکان، ونبووەکان،
لە بیرچووەکان، چاوبەڕێیەکان
لە کۆشکی ژیان،
بۆ هەموو جارێک و هەموو کاتێک
دووپات دەکاتەوە
زاگرۆس 65/11/24

**لینین نەمردوو و ناشمرێت، هەرچەند خۆشی نەمابێت**
دڵ پروایی نایەت هەرگیز
کە لینینی مەزن بمرێت
چۆن ڕەوایە باوەڕ بکرێت
هەتاوی درەخشان دەمرێت
ئاو لە دەریادا چۆن دەمرێت
لوتکە و کیلە سەختەکانی هیمالایا
چۆن تەخت دەبێت
بەڵام وایە،
کێشەی لینین، خۆرەتاوە لەو دونیایە
بیری قوڵ و مەنگ و بەرین، دەریایە
گوتەکانی ڕۆشنکەرەوەی ڕێگایە
بەرز، بڵند، پتەو، وەک چیایە
ئەستێرەیە وا لە ئاسمان ڕاوەستایە

ئاکوبیان

**بۆ ئەسرین،**
**وتەیەک لەگەڵ ئەسرین**

فرمێسک، ئەسرین
ئاخرین دڵۆپی ئاوی چاوم
ئاخرین هیوای ژینم
لە ئێوارەنگای ژیانم
لە ڕێبواری ڕێگای ژینم
بۆ رزگاری و بەختیاری
گەل، چەوساوەکان، هەژارەکان
بە چاوی پڕ لە تاسە و ئەوین،

هەواڵنامەی کتێب

پڕ لە ئەسرینی سەربەستی
بۆ دیتنەوەی تۆ، فرمێسکی چاوم
لەگەڵ تیشکی سوور هەڵگیراوی
هەتاوی ئەم ئێوارە ....
ئەم ڕێگایە بەرەو ئاسۆ
بەرەو سەربەستی گەل،
بەرەو چاوپێکەوتن،
یان دوایین چاوەڕوانی
ڕۆڵە ئەسرین، چەک لە شان
لە کۆڕی خەبات و تێکۆشان
لە کۆڕی پێشمەرگایەتی کوردستان
بەرەو ئاسۆی ژینی گەل دەڕۆم
تاکو لە بەربەیانی،
لە بەر پێشەنگای، ژیانی سەربەستی گەل
لە بارەگای بەختیاری چەوساوەکان
لە کۆمەڵگەی سەربەستی و بێ چەوساندنەوە
چاوی تۆ و هەزاران وەک تۆ
ماچ کەم
تۆ و ئەویش ماندوو نەبوونیم لێ بکەن
یان
لەم ڕێگایەدا
لە باتی تۆ و ئەوان
ماچ کەم چاکی کراسی دایکی
نیشتمان
رژی خوێنم
بۆ ڕەنگی سووری ئاڵای
سەربەستی و ڕزگاری
گەل و نیشتمان
بۆ ڕەنگی خەنەی
دەستی تۆ و هەزاران
وەک تۆ
بۆ نووسینی پیتی شاعیرەکان
یان ببمە
پردە بازی ڕزگاری چەوساوەکان
بەردی بناغەی کۆمەڵگەی نوێ
رۆڵە ئەسرین:
لە کۆڕی شۆڕشگێڕانی کوردستاندا
تێدەکۆشم
بۆ بەختیاری و ڕزگاری گەل

هەواڵنامەی کتێب

که هەموو منالەکان
ئەوانەی وەک تۆ
چاوەڕێی باوکیان
لە کۆڕی خەبات بۆ نەمانی چەوسانەوە
لە کۆڕی کار و دەریایی ژینی
هەژاری و پڕ لە چەوساندنەوە
لە ئاسۆی روانگەی ژینی
نوێدا، یەکتر لە ئامێزی
سەربەستی و خۆشەویستی
بگرن
ئەسرین ڕۆڵە
گەر لەو کۆڕە
من بەجێ مابووم
بزانە لە ڕێگا بەرەو ئاسۆی سەربەستی
بەرەو بەختیاری گەل و نیشتمان
لە دڵی دایکی نیشتمان لە بن
دایکیان هەر ماوم
و سەر لوتکەی شاخێك یان ماوزەردێك
لە گوێی ڕووبارێك یان کانیئاوێك
.... یان بن تاشە بەردێك
بۆی خەوتووم، خەوی یەکجاری و
ماڵئاوای لە کۆڕی خەبات و کاروانی ژین
تاکوو، ماندوویی ڕێگای پڕ هەوراز و نشێوی ژین
لە لەشم بسڕێتەوە
ئەسرین، ئەسرین لە چاوت
نێت بۆ من کە نیم
ئاڵای سووری سەربەستی
نیشتمان
کە هەڵکراوە
شەکاوەی بانگی منە
دەنگی منە، ڕەنگی منە
وێنەی منە، ئاوێنەی ژینی منە
بیپارێزە
ئاکامی تێکۆشانی
هەزاران، هەزار
وەک باوکی تۆیە
بە منالانی دیکەش
بڵێ، سووری ئاڵای هەڵکراوی
ڕزگاری گەل و نیشتمان

هەواڵنامەی کێتر

خوێنی باوکان و دایکەکانە
بیپارێزن، گەر هەڵنەکراوە، بۆ هەڵکردنی ڕێگایان بگرن
فرمێسکی چاوی باوکی
لێم مەڕەنجە کە نەهاتمەوە
بمبوورە، ئەسرین ، چاوی باوکی.

دەرەتفێ ر. زاگروس
65/11/22

## قۆناخی ئابوری ـ کۆمەڵایەتی کوردستان.

ئاڵوگۆڕی بنەڕەتی کۆمەڵایەتی لە ئاڵوگۆڕی بواری بەرهەم هێنان بە هۆی دەستەڵاتی سیاسیەوە سەرچاوە دەگرێ. کوردستان دەورانی دەرەبەگایەتی بەجێ هێشتووە و لە دەورانی سەرمایەداری دایە. بە واتایەکی دیکە لە سەرەتای قۆناخی سەرمایەداری دایە. دەرەبەگایەتی ئێستا وەک قۆناخی ئابوری، کۆمەڵایەتی لە کوردستان بەدی ناکرێ و تەنیا لە هەندێك ناوچە شوێنەواری فەرهەنگی دەرەبەگایەتی بە شێوەیەکی لاواز ماوە، لە شۆڕشی ساڵی٥٧ ١٣ و دەست- پێکردنی سەرلەنوێی بزوتنەوەی میللی ـ دیموکراتیکی خەڵکی کوردستان، بە ڕادەیەکی بەرچاو شوێنیان لە سەر بێکەڵكکردنی ئەو داب و نەریتە داناوە.

بەجێهێشتنی قۆناخی دەرەبەگایەتی و پێنانە قۆناخی سەرمایەداری لە کوردستاندا بە شێوەی شۆڕش و ئاڵوگۆڕی کۆمەڵایەتی نەبووە، چوون کوردستان لە ژێر فرمانڕەوایی گەلی خاوەن دەستەڵات دا بووە. دەستپێکردنی سەرمایەداری لە کوردستان، لە پەیوەندی لەگەڵ ڕیفورمی زەوی‌وزار لە ساڵی ١٣٤١دایە، کە ڕژێمی پاشایەتی لە بەر دوو هۆ جێبەجێی نەکرد. یەکەم لە ترسی یەکگرتنی خەباتی جوتیاران و وردە بورژوازی و بورژوازی تۆجاری و نەتەوایەتی دژی دەرەبەگایەتی و بە دەستەوەگرتنی دەستەڵات لە وڵاتدا. دووهەم بۆ ڕێگاخۆشکردن و هەنگاو هەڵگرتن بەرەو سەرمایەداری بەسراوەو پێشگیریی لە جووڵانەوە و خۆ رێکخستن لەگەڵ بازاڕی سەرمایەداری جیهانی و لە ژێر ڕکێفگرتنی هەر چەشنە ئاڵوگۆڕێک لە ئێراندا، جێبەجێکرد. ئەم ئاڵوگۆڕە کوردستانی بە ڕادەیەکی لاواز گرتەوە، شێوەی بەرهەم هێنای سەرمایەداری وەک بنەرەتی بەرهەم هێنان لە ساڵی 41 بەم لاوە لە ئێراندا ڕێگای گەشەکردنی خوش ببوو و بە پێی ئەو بارودۆخە کە ئێران بازاڕی ئیمپریالزمی جیهانی بوو، سەرمایەی بازرگانی و دەوڵەتی گەشەی کرد و پشتیوانی ئیمپریالیزمی ئامریکا لە دەستەڵاتی دیکتاتوری ئێران بەری ئەم رەوتە بوو. هەموو ئەمانە لە ڕاستیدا جێگا و رێگای بۆ دەستەڵاتی بورژوازی بەستراوە و فاشیستی خۆشکرد، لەم بوارەدا سەرمایەداری دەوڵەتی لە ژێر ڕکێفی چینی دەستەڵاتدار کە لە ڕێگای داهاتی نەوت دابین دەبوو، لە بەشی سەنعەتی و سەنعەتی مونتاژ بە تایبەت سەنعەتی مونتاژی نیزامی گەشەی کرد. سەرەرای ئەو بارودۆخە پاش تێپەربوونی 25 ساڵ لەو سەردەمە، سەنعەت لە کوردستان

بێجگە لە هەندێك شوێن، ئەویش بە ڕادەیەکی کەم، گەشەی نەکردووە و بە گشتی لە سەرەتای گەشەکردنی قۆناخی سەرمایەداری دایە.

لە کوردستان، بەشی زۆری خاوەن مڵکەکان بە فرۆشتنی سەرجەم زەویەکانیان بە جوتیاران و وەرگرتنی پووڵی زەویەکانیان لە دەوڵەت لە باتی جوتیاران و بەرەوروکردنی جوتیاران لەگەڵ دارودەستەی ڕێژیم، هاتنە کایەی بازاڕی سەرمایەداریەوە و ڕێگا خۆش بوو بۆ گەشەکردنی وردە بورژوازی و بورژوازی مامناوەندی بە شێوەی بازرگانی و پێك هێنانی کارخانە و کارگای بچوك و شیرکەتی ڕێگا و خانوو دروستکردن و دوکانداری و پیشەسازی و پێکهێنانی شیرکەتی هەرەوەزی کشتوکاڵ لە لایەن دەوڵەتەوە. بەم پێیە شێوەی بەرهەم هێنانی جوتیاری (وەرزیری)، سەرمایەدار لە کوردستاندا خۆی دەنوێنێ. شێوەی بەرهەم هێنانی جوتیاری (وەرزیری)، واتا شێوەی تێپەڕبوون، پایەی بەرهەم هێنانی کوردستان کە بەرەو سەرمایەداری دەچێ. ئەوەی لە کۆمەڵی کوردستان کرێکاران بۆ دابیین کردنی ژیانیان هێزی کاری خۆیان بە خاوەنی کەرەستەی بەرهەم هێنان دەفرۆشن و هیچ ڕێگایەکی دیکەیان بۆ دابین کردنی ژیانیان بێجگە لەوەنیە و خاوەنی هیچ کەرەسەیەکی بەرهەم هێنان نین. گەشەکردنی شارەکان مەسرەفی بوونی کۆمەڵی ئێران بۆ بەرهەمی وڵاتانی سەرمایەداری و ئەوەی کە کوردستان لە وڵاتێك دایە کە پێوەندیگەلی سەرمایەداری تێدا حاکمە. ئەمانە نیشانەی زاڵ-بـــوونی قـــۆناخی سەرمایەداریـــن لـــە کوردستاندا، گەشەکردنی سەرمایەداری لە کوردستان بە پێی بارودۆخی تایبەتی کوردستان و پەرەگرتنی کۆمەڵ هەر ئەوە بووە کە خۆی نیشان داوە.

## کوردستان لە بواری ئابوریدا

هەروەك باس کرا، شێوەی بەرهەم هێنانی ئەم بوارەی کوردستان، جوتیاری(وەرزیری)، سەرمایەدارییە. نێوەرۆکی ئەم شێوە بەرهەمهێنانە ڕوونە کە ناتوانێ وەڵامدەری داخوازییەکانی خەڵکی کوردستان بێ. کۆمەڵی کوردستان لە ئیمکاناتی ئابوری وڵات بێبەش بووە و چەوساوەتەوە. چاو خشاندنێک بە سەر لایەنەکانی بواری ئابوری (سەنعەت، کشتوکاڵ، ئاژەڵداری، بازرگانی) لە کوردستان ئەم ڕاستیانەمان بۆ دەردەخا.

## سەنعەت لە کوردستاندا

لە کوردستان سەنعەت بێجگە لە ڕادەیەکی کەم نەبێ بە بۆنەی نەوت لە ناوچەی کرماشان و دروستکردنی هێندێك کارخانە و کارگای بچوکی سەنعەتی لەوێ و لە ناوچەکانی دیکە، گەشەی نەکرووە. پرۆژەیەکی سەنعەتی لە کوردستان بەدی ناکرێ و لە لایەن ڕژێمە دەستەڵاتدارەکانەوە هەوڵیشی بۆ نەدراوە. بە کورتی کوردستان لە باری سەنعەتەوە دواکەوتووە. ڕژێمی ئیسلامی نە تەنیا هەوڵی بۆ سەنعەتیکردنی کوردستان نەداوە، بەڵکو تووشی قەیرانیشی کردووە.

## ٢- کشتوکاڵ لە کوردستاندا.

بەرهەمی بنەڕەتی و ژیانی خەڵکی کوردستان لە ڕێگای کشتوکاڵەوە دابین دەبێ، بە هۆی ڕیفۆرمی زەوی‌وزاری ساڵی41 و دەست‌پێکردنی سەرمایەداری هێندێك ئاڵوگۆڕ لە کشتوکاڵدا هاتەکایەوە. بەکاربردنی کەرەستەی میکانیکی لە چوونە سەری بەرهەمی کشت‌وکاڵدا شوێنەواری خۆی هەیە، بەڵام نەبوونی ئەو ئیمکانە کە جوتیاران لەو کەرەستانە کەڵك وەرگرن و بێدەرەتانی بۆ بەرگری لە ژیانی سروشتی و نەبوونی بەرنامەی بەرئاوکردنی زەوی بە دروستکردنی سەد، ئاڵوگۆڕەکە کەمتر قازانجی جوتیارانی تیابوو. مەسەلەی زەوی‌وزار هەروەك گرێکوێرە ماوەتەوە. لە لایەک بەشێک لە جوتیاران بوونەتە خاوەن زەوی و بەشێکی دیکەیان بێ زەوی ماونەتەوە، لە لایەکی دیکە نەبوونی ئیمکانات و کەرەستەی لەباری کشت‌وکاڵ لەبەردەستی جوتیاراندا و پیتاك بۆ وەرگرتن بۆ بەرەکانی شەڕ و ئەستاندوەی زەوی لە جوتیاران لەلایەن کۆماری ئیسلامی جێگای زوڵم و زۆری دەرەبەگایەتی گرتووەتەوە. دیارە لە هێندێك ناوچە کشتوکاڵ تا ڕادەیەک گەشەی کردووە، بەڵام وەڵامدەری ژیانی جوتیاران نییە، چونکە بە هۆی دەڵاڵی زۆر لە بازاڕ و گرانی ئامرازی کشتوکاڵ ورەنجۆ، بەرهەمی جوتیاران بە نرخێکی هەرزان و یان بە فێڵ و تەڵەکەی دیکە بە تاڵان دەچێ. هیچ بەرنامەیەك بۆ گەشەکردنی کشتوکاڵ بە شێوەی نوێ لە کوردستان بەرچاو ناکەوێ.

**3- ئاژەڵداری لە کوردستاندا.**

ئاژەڵداری یەکێ دیکەیە لە سەرچاوەکانی دابین کردنی ژیانی خەڵکی کوردستانە. ئاژەڵداری لە هێندێك ناوچە لە برەو کەوتووە. ئاژەڵداری لە کوردستان سەرەڕای جێگا و ڕێگای لەبار، بە هۆی ئەوە کە دەستەڵاتی ناوەندی بایەخی پێ‌-نەداوە، گەشەی نەکردووە، ئاژەڵ هەر بە شێوەی کۆن لە کوردستان بەخێودەکرێ. هیچ بەرنامەیەك بۆ گەشەکردنی ئاژەڵداری لە کوردستان بەرچاو ناکەوێ.

**4- بازرگانی لە کوردستاندا.**

بازرگانی کوردستان لەگەڵ نێوخۆی کوردستان و ئێران پێوەندی بووە و زۆرتر لە ژێر ڕکێفی بورژوازی بازرگانی گەلی خاوەن دەستەڵات دابووە. پێوەندی بازرگانی کوردستان لەگەڵ دەرەوەدا لە ڕێگای قاچاخدا بووە. بازرگانی کوردستان تا ڕادەیەک گەشەی کردووە، بەڵام بە گشتی لەلایەن دەستەڵاتی ناوەندییەوە بایخی پێ نەداوە. بە هۆی وەزعی جوگرافیای کوردستان، چەند ناوەندی بازرگانی (ورمێ لە باکوور، مهاباد لە ناوەند- سنە و کرماشان لە جنوب) پێك هاتووە، ڕێگای گەشەکردنی بازرگانی لە کوردستان بەرچاوە.

بە کورتی، کوردستان لە بواری ئابوریدا دواکەوتووە و هیچ پرۆژەیەکی لەباری پیشەسازی، کشتوکاڵی، ئاژەڵداری، بازرگانی، بۆ کەڵك وەرگرتن لە ئەگەرگەلی سروشتی کوردستان و دابین‌کردنی داخوازییەکانی کۆمەڵانی خەڵك دروست - نەکراوە و هەوڵیشی بۆ نەدراوە. داهاتی سەرانە لە کوردستان لە داهاتی سەرانەی زۆربەی بەشەکانی دیکەی ئێران نزمترە. لە دابەش‌کردنی داهاتی نەتەوەی بەشی کوردستان، هێندە نەبووە کە وەڵامدەری پێویستییەکانی بێ. پلەی ژیانی زۆربەی خەڵکی کوردستان نزمە. بە تایبەتی زۆربەی لادێیەکان، ژیانێکی

سەرەتاییان هەیە. کرێکاران و بەشێکی بەرچاو لە کرێکارانی کاتیی شار و دێ، تەنیا بە فرۆشتنی هێزی کاری خۆیان بە شێوەی بژی و مەمرە، ژیانیان دابین ئەکەن. بەشێکی زۆری زەحمەتکێشانی شار و دێ، لە بێ ئیمکاناتی دەژین و وەك مەسرەفکەر و لەشکری بێکارانی کۆمەڵن. جوتیارانی کەمداهات، بە هۆی ئەوە کە کشتوکاڵ و ئاژەڵداری ژیانیان دابین ناکا، دەبێ ماوەیەک لەساڵدا کرێکاری بکەن و بچن بۆ شارەکانی دیکەی ئێران. ئێستا بە هۆی شەڕی ئێران و عێراق (کاتی نووسینی ئەم بابەتە) و داخستنی کارخانە و شیرکەتەکان و لەشکری زۆری بێکاران، ئیمکانی ئەوەشیان نییە. جوتیارانی مامناوەندی و کاسبکار و دوکاندار و پیشەساز و وردە بورژوازی، لەم هەلومەرجەدا دەچەوسێندرێنەوە، بەڵام زۆربەیان وەزعیان بە نیسبەت زەحمەتکێشان باشترە. بە کورتی قەیرانی ئابوری بە تەواوی وڵاتی داگرتووە و ژیانی خەڵکی خستۆتە مەترسیەوە. ژیانی پڕمەترسی و گرانی و بازاڕی ڕەش، نەبوونی ئیمکاناتی ژیان، نزم بوونی ژیانی خەڵك، نیشانەی زەقی قەیرانی ئابورین.
پێویستە ئەوەش باس کەین، کە ژنانی کوردستان تەنیا بە شێوەی لاوەکی لە لادێ و بەشێکی کەمیش لە شار لە کاری بەرهەم هێنان، بەشدارن، ئەویش لە ژێر دەستەڵاتی پیاواندا. بە کورتی ژنانی کوردستان لە باری ئابوریەوە بە پیاوانەوە بەستراونەتەوە.

هەواڵنامەی کتێب

کوردستان لە بواری کۆمەڵایەتی‌دا.
بۆ دەرخستنی بارودۆخی کۆمەڵایەتی کوردستان لە چەند لایەنەوە دەیخەینە بەر باس:

1- باری کۆمەڵایەتی
2- باری نەتەوایەتی
3- باری فەرهەنگی و زمان
4- دین
5- تەندروستی و ئاوەدانی
6- ژنانی کوردستان لە بواری کۆمەڵایەتی‌دا.

1- باری کۆمەڵایەتی کوردستان: بە لەبەر چاو گرتنی ئەم ئاڵوگۆڕانە... 1- ئاڵوگۆڕی وەزعی زەوی‌وزار لە ساڵی41 بەم لاوە. 2- کۆچ کردنی خەڵك بۆ شارەکان. 3- پەیدابوونی کەرەستەی تازەی کشتوکاڵ. 4- باشتر بوونی دۆخی خوێندن. و لەشساغی.
بە کورتی دەست پێکردنی سەرەتای قۆناخی سەرمایەداری، باری کۆمەڵایەتی کوردستان. بەم شێوەیە : الف: لادێ 1- خاوەن مڵکی مامناوەندی بە ڕادەیەکی زۆر کەم (بورژوازی مامناوەندی) کە بەشی زۆری کەرەستەی تازەی کشتوکاڵ هی ئەوانە. 2- وردەمالك بە ڕادەیەکی بەرچاو (وردە بورژوازی لادێ). 3- جوتیاری مامناوەندی. 4- وەرزێری بێ زەوی. 5- کرێکاری کشتوکاڵ. توێژی دیکە چەرچی، پیشەسازی لادێ، پیاوی ئایینی و مامۆستاکان.

ب : شار : 1- خاوەن کارخانە و کارگا و بازرگانەکان، بە ڕادەیەکی زۆر کەم (بورژوازی گەورە و مامناوەندی). 2- کرێکارانی سەنعەتی بە ڕادەیەکی کەم. 3- تویژی دیکە، دوکاندار و پیشەساز و مووچەخۆری مامناوەندی، بازرگانی مامناوەندە گەڕوک و هێندێك کاسبکار (وردە بورژوازی شار). 4- توێژی مووچەخۆری بچووك و کرێکارانی کاتی، وردە دوکاندار، دەستفرۆش و هێندێك وەرزیر کە بەشی زۆریان پەراوێزنشینی شارەکانن.

بە کورتی کوردستان لە باری کۆمەڵایەتییەوە لە چین و توێژی جۆراوجۆر، کە بە پێی نیزیکی پلەی ژیانیان و باری چینایەتی دەکرێ بڵێین لە 1- بورژوازی بە ڕادەیەکی زۆر کەم. 2- وردە بورژوازی بە ڕادەیەکی بەرچاو. 3- زەحمەتکێشان بە ڕادەیەکی زۆر، کە زۆربەی دانیشتوانی دەگرێتەوە، پێكهاتووە. هیچ کام لە چین و توێژەکانی خەڵکی کوردستان دەستەڵاتدار نین. هێندێک وەک کارگێری گەورە و مامناوەندی لە ژێر دەستەڵاتی حکومەتی ناوەندی بە شێوەی پرش‌وبڵاو کاردەکەن. حکومەتی گەلی خاوەن دەستەڵات قەت دەرفەتی بە خەڵکی کوردستان نەداوە، بیر و هێزیان بۆ پێشکەوتن و لە نێوبردنی دواکەوتوویەکانی وڵاتی خۆیان وەگەڕ خەن، وەك هاووڵاتێکی دەرەجە دوو چاو لە خەڵکی کوردستان کراوە و هەموو کاتێك هەوڵ و تێکۆشانیان لە سەر داوای مافی خۆیان لە لایەن دەستەڵاتی ناوەندییەوە، سەرکوت کراوە.

2- باری نەتەوەیی: گەلی کورد لە ئێراندا لە لایەن دەستەڵاتی ناوەندییەوە، قەت وەك نەتەوەیەکی سەربەخۆ چاوی لێنەکراوە و حاشا لە بوونی نەتەوەی کورد دەکەن. هەموو کاتێك لەم بارەوە زوڵمی لێکراوە و مافی ڕەوای نەتەوایەتی کوردیان پێشێل کردووە. هەموو جارێك کە بۆ وەدەستهێنانی مافی خۆی خەباتی کردووە، بە دڕەندانەترین شێوە سەرکوتکراوە. گەلی کورد لەگەڵ هێرشی بەربڵاوی نیزامی و سیاسی بۆ قەلاچۆکردن، کاول و وێرانکردنی شار و گوندەکانی و دورخستنەوەی چالاکان و ڕەش‌بگیری و زیندان و ئەشکەنجە و ئیعدام کردنی ڕۆڵەکانی و ئەو شێوە بۆچوونە، بەرەوڕوو بووە.

3- باری فەرهەنگی (خوێندن، زمان، داب‌ونەریت، هونەر) : خەڵکی کوردستان بۆ گەشەکردنی فەرهەنگی خۆیان لە لایەن حکومەتی ناوەندیەوە هیچ ڕێگا و دەرتانێکیان پێنەدراوە، هەموو هەوڵ و تێکۆشانێکی فەرهەنگی ئەم گەلە، بە توندی سەرکوتکراوە و تەنانەت بۆ تواندنەوەشی هەوڵی بەرچاو دراوە کە دیارە لە چەوسانەوەی نەتەوەیی سەرچاوە دەگرێ.

- باری خوێندن : خوێندن لە کوردستان بە نیسبەت ڕابردوو، گەشەی کردووە، بەڵام بە گشتی لە بواری خوێندن لەم قۆناخەدا دواکەوتووە، بە تایبەتی بە هاتنە سەر کاری کۆماری ئیسلامی، تا ئێستاش زۆر شوێن بێ قوتابخانەیە یان قوتابخانەکەی داخراوە. ڕادەی خوێندن لە شار باشترە، پیاوان پتر لە نیوەیان خوێندەوارن. ژنان بە ڕادەی 1/4 خوێندەوارن. خوێندن لە لادێ وەزعی باش نییە. پیاوان کەمتر لە 1/2 یان خوێندەوارن، ژنان بە ڕادەیەکی زۆر کەم خوێندەوارن، دیارە لە نەخوێندەواربوونی ژنان داب و نەریتی دواکەوتوو ڕێ‌وشوێنی شێخایەتی شوێنەواری هەبووە.

- باری زمان : حکومەتی ناوەندی دەرەتانی بە گەلی کورد نەداوە بە زمانی خۆی بخوێنێ و بنووسێ، خوێندن و نووسینی بە زمانی زگماکی بۆ منالانی کورد قەدەغە کردووە، تەنانەت بە کوردی قسەکردن لە قوتابخانە و ئیدارەکان قەدەغە بوو. ئەوپەڕی هەوڵ دراوە کە نەهێڵن مندالانی کورد فێری زمانی زگماکی خۆیان ببن و لە بەر چاویان بخەن. بڵاوکردنەوەی کتێب و گۆڤار، بە زمانی کوردی قەدەغە بوو و هەر هەوڵ و تێکۆشانێك لەو بارەوە، بە توندی سەرکوت‌کراوە.

باری داب و نەریت : بە پێی ئەو بارودۆخ و ئاڵوگۆڕە کە باس کرا، داب و نەریتی خەڵکی کوردستانیش بە تایبەت لە شارەکان، گۆڕانی بە سەردا هاتووە، زۆر داب و نەریتی پیرۆز و جوان لە کوردستان هەروەک خۆی ماوە و ئێستاش هەر بەڕێوە دەچێ. شوێنەواری بەرچاوی لە پەیدا بوونی خورافات لە کوردستاندا هەیە. جلوبەرگی کوردی لە بەرکردن لە ئیدارەکانی دەوڵەتی قەدەغە بوو، باس و بڵاوکردنەوەی داب و نەریتی مێژوویی لە کورد قەدەغە بوو. لە کوردستاندا لە باری داب و نەریتەوە، شێوەی سوننەتی زاڵ و بەرچاوە.

- باری هونەری : لە کوردستان هونەر لە خزمەت کردن بە گەل، هیچ ڕێگای گەشەکردنی پێ‌نەدراوە، شانۆگەری، سینما .... هتد لە کوردستان گەشەی نەکردووە.

**4- باری دین**

بەشێکی زۆر لە خەڵکی کوردستان بە هۆی جیاوازی مەزهەبی لەگەڵ مەزهەبی دەستەڵاتدارانەوە چەوساوەتەوە. لە کوردستان مەزهەبی سوننی- شیعە- ئەهلی حەق یان ئایینی یارییرە، بەرچاو دەکەوێ کە بەشی زۆری سوننی و بەشی بەرچاوی شیعەیە. لە کوردستان لە ڕابردوودا تەنیا ڕێگای خوێندەوار بوون، خوێندنی دینی لە حوجرەی فەقیاندا بووە، ڕژێمە دەستەڵاتدارەکان زۆرجار لە ڕێ‌وشوێنی دینی بۆ فریودانی خەڵك و بەرپەچدانەوەی خەبات، کەڵکیان وەرگرتووە، شوێنەواری دین لە چەوساندنەوەی ژنان بە دەستی پیاوان لە نێو ماڵ و کۆمەڵ لە کوردستاندا، زەق و بەرچاوە.

ب- باری تەندروستی و ئاوەدانی : ئیمکاناتی پێویست لەم بارەوە بۆ خەڵکی کوردستان تەرخان نەکراوە و لە بێ‌بەشی و دواکەوتووی‌دا ماوەتەوە، هەموو دەرفەت و ئیمکاناتێکیان لێ داپڕیوە، ئیمکاناتێك نیمە و ناتەواویش کە تەرخان کراوە بە هۆی سیستمی دامودەزگای دز و بۆگەن و بەرتیل خۆری ڕژێمە دەستەڵاتدارەکان، ئەوەندەی بەکار براوە کە سمێڵی قوڵە جوماخەکانی پێ چەورکراوە. بۆ کۆمەڵی کوردستان ئیمکاناتی تەندروستی بەڕادەیەکە کە لانی کەمی نیازی خەڵك دابین ناکا. بۆ نزیك 7 ملیون کەس خەڵکی کوردستان ڕادەیەکی زۆر کەم نەخۆشخانە و دەرمانگا و زانستگا و دوکتور و دەرمان تەرخان کراوە. کوردستان لە باری ئاوەدان کردنەوە، تەنیا بە ڕادەیەکی کەم لە شارەکاندا نەبێت هەنگاوی بەرچاوی بۆ هەڵنەگیراوە. زۆربەی لادێیەکان تەنانەت جادەی سەرەتایی

هاتوچووی ماشینیان نییە. دیارە ڕژێمی ئیسلامی بۆ مەبەستە نیزامییەکانی جادەی زۆری کێشاوە.

**٥- ژنانی کوردستان لە بواری کۆمەڵایەتی‌دا،**

بەگشتی ژنان وەکو نیوەی کۆمەڵی کوردستان لە چەند لاوە دەچەوسێنەوە: یەکەم ئەوەی کە کوردن، دووەم ئەوەی کە ژنن لە نێو ماڵ و کۆمەڵدا، سێهەم لە باری ئابورییەوە بە پیاوانەوە بەسراونەتەوە. ئەم وەزعە بە هۆی بارودۆخ لە زەمانی ڕژێمی پاشایەتی تا ڕادەیەکی کەم، کە ئەویش بە مەبەستی دابینکردنی قازانجی خۆیان بوو، گۆردرا، بەڵام بە هاتنە سەرکاری ڕژێمی ئیسلامی چەوسانەوەی ژنان زۆرتر بوو، تەنانەت بە دڵخوازی خۆیان جلوبەرگ لەبەرکردنیان لێ قەدەغەکرا و ئەو مافە نیمە و ناتەواویش کە بە دەستیان هێنابوو، لە دەستیان دا. لە کۆماری ئیسلامیدا، ژن بووەتە داوەڵی ڕەش و خزمەتکاری پیاو و لە هەموو مافێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوری بێ بەش بوو. ئەمە دوواکەوتوویی و نارەوایییەکی زەقە سەبارەت بە ئێمە.

بە کورتی چارەسەرنەکردنی گیروگرفتی خەڵك و داماوی ڕژێم لە چارەسەکردنی ، نیشانەی قەیرانی کۆمەڵایەتییە کە ولاتی داگرتووە و ڕۆژ بە ڕۆژ پەرەدەگرێ. گیروگرفتی شەڕی ئێران و عێراق، ئاوارەیی، بێکاری، کەم بوونی شتومەکی خواردەمەنی و پێداویستی پزیشکی، بێزاری خەڵك لە ڕژێم، زیاتر دەکا. هێرش و پەلاماری سەرکوتکەرانی ڕژێم بۆ دامرکاندنی بێزاری خەڵکی ئێران بە گشتی و جولانەوەی چەکداری خەڵکی کوردستان بە تایبەتی، نیشانەی داماوی ڕژێم و قووڵتربوونی قەیرانی کۆمەڵایەتی‌یە لە ولاتدا.

**کوردستان لە بواری سیاسی‌دا:**

کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان لە مافی سیاسی بێ‌بەش بوون و هەموو کاتێك مافی سیاسیان وەک مافەکانی دیکە لەلایەن دەستەڵاتدارانەوە پێشل‌کراوە، مافی بڕیاردانیان لە دیاریکردنی چارەنووسی خۆیان و ولاتیان نەبوو. مافی پێکهێنانی کۆڕ و کۆمەڵی سیاسی نەتەوەیی ... پێ‌نەدراوە. لە ڕاستی‌دا خەڵکی کوردستان بێجگە لە ماوەی کورتی کۆماری مەهاباد نەبێ، مافی سیاسیان بە خۆیانەوە نەدیوە، مافی ئەوەیان نەبووە بۆ خۆیان بڕیاربدەن، چارەنووسی خۆیان دیاری بکەن، بۆ خۆیان بژین و ڕێگای داهاتووی ژیانیان لەگەڵ ڕەوتی مێژوو ... باری جێگای ژیان و نەوعی کار بۆ خۆیان دیاری‌بکەن، مافی هەڵبژاردن و هەڵبژاردنی ئازادیان نەبووە، مافی دەربڕینی بیروباوەڕی موخالیفی دەستەڵاتدارانیان نەبووە، مافی خۆپیشاندان و مانگرتن بۆ وەدەست هێنانی داخوازییەکانیان نەبووە. خەڵکی کوردستان وەك خەڵکی ناوچەکانی دیکەی ئێران چە لە دەورانی ڕژێمی پاشایەتی و چە لە دەورانی ڕژێمی ئیسلامی هەموو هەوڵ و تێکۆشانێکی بۆ پەسندکردنی داخوازییەکانی داوە. تەنانەت هێمنانەش بوو بێ بە دڕندانەترین شێوە سەرکوت کراوە. گرتن، لێدان، زیندانی کردن، ئەشکەنجە و لەسێدارەدانی بێپرسینەوە دەرحەق بە خەڵکی کوردستان و گەلانی ئێران کردەوەی سەرەکی دەستەڵاتداران بووە. لە ڕاستی‌دا هەموو کاتێك مافی سیاسی خەڵکی کوردستان لەلایەن ڕژێمە دەستەڵاتدارەکانەوە پێشێل‌کراوە.

خەڵکی کوردستان، دیموکراسییان بە خۆیانەوە نەدیوە، تەنیا ئەو کاتە نەبێت خەباتیان کردووە، تەنیا ئەو کاتە نەبێ دەست بە چەک لە کێوەکانی کوردستانەوە بوون، خەڵکی کوردستان شەڕیان ناوێ، دیموکراسی و خودموختاری و ئاشتییان دەوێ. ڕژیم، هەموو ڕێچکەیەکی بۆ وەدەستهێنانی ئازادی شکاندووە، ڕێگای خەباتی چەکداری دوایین ڕێگایە، کە هەلومەرج بەسەریدا سەپاندووە، کەوابوو یان دەبێ بێ دیموکراسی و ئازادی بژیی یان دەبێ خەباتی بۆ بکا تا دەگاتە ئازادی.

خەڵکی کوردستان سەرەڕای ئەو هەموو چارەڕەشی و چەوسانەوەیە، ڕابردوویەکی پڕ لە خەبات و تێکۆشانیان بۆ وەدەستهێنانی دیموکراسی و ئازادی ڕاستەقینە و دیفاع لە شانازییە نەتەوەیەکانیان هەیە، هیوای بە دۆستایەتی شۆڕشگێڕانی گەلانی دیکە هەیە. بۆیە ئاسۆی ڕوونە، ئەم ڕێبازە لە بواری سیاسیدا، ڕادەی پێگەیشتووی خەڵکی کوردستان دەستنیشان دەکا.

بە پێی ئەم لێکدانەوە کورتە سەبارەت بە کوردستان، دەتوانین بە کورتی بڵێین: کۆمەڵی کوردستان، کۆمەڵێکی زەحمەتکێشە، ڕێژەی زەحمەتکێشان لە شار و دێ زۆربەی دانیشتوانیپێک دێنن. لە باری کۆمەڵایەتییەوە لە چینوتوێژی جۆراوجۆر پێك-هاتووە. لە باری فەرهەنگی و دابونەریتەوە شێوەی سوننەتی بەرچاوە، لە باری قۆناخی ئابوری– کۆمەڵایەتیەوە، سەرمایەداری بەسەر کوردستاندا زاڵە.....، بەڵام لە سەرەتای گەشەکردنی دایە. شێوەی بەرهەمهێنان زۆرتر سەرمایەدارییە. کوردستان لـــە بواری ئـابوری و کۆمەڵایەتیدا، دواکەوتووە. لە باری سیاسییەوە هیچ مافێکی دابین نەبووە. کرێکارانی سەنعەتی ڕادەیان کەم و پرشوبڵاون، کرێکارانی سادە ڕادەیان زۆرە و زیاتر دەبێ، زەحمەتکێشانی شار و دێ لە چەند لاوە لە ژێر تەوژمدان. بێکاری، گرانی، دابین نەبوبی خەرجی ژیانیان، دەردی گرانی هەموویانە، زۆربەی خەڵکی کوردستان پلەی ژیانیان نزمە، لادێیەکان زۆربەیان لە سەرەتاییترین ئیمکاناتی ژیان کەڵكوەدەگرن. بەم پێیە هێزی سەرەکی ئەم کۆمەڵە، کرێکاران و زەحمەتکێشانی شـــار و دێ و ڕوونـــاکبیران و شۆڕشگێڕ و هەروەها وردە بورژوازییە تەجاری، زەحمەتکێشان و کرێکارانی کوردستان سەرەڕای باری ئابوری و کۆمەڵایەتی لەگەڵ چینوتوێژەکانی دیکە کۆمەڵ تێکڕا لە باری نەتەوەیەوە دەچەوسێتەوە، ژنان چەوساوەترین بەشی کۆمەڵی ئێمەن، کۆمەڵی ئێمە لە چەند لاوە، دەچەوسێتەوە، کە بناغەی هەموویان لـــەم قۆناخەدا چەوساندنەوەی نەتەوایەتیە.

## ڕێگاچارەی گشتی:

ڕزگاری گەلی کورد وەک گەلانی دیکەی ئێران لە ناڕەواییەکانی کۆمەڵایەتی، ئابوری، سیاسی بەستراوەتەوە بە ڕوخاندنی ڕژێمی دژی گەلی و کۆنەپەرستی کۆماری ئیسلامی و هاتنە سەر کاری ڕژێمێکی دیموکراتی گەلی و دابینکردنی مافی نەتەوایەتی گەلانی ئێران، کە یەکێک لە بوارە سەرەکیەکانی دیموکراسی لـــە ئێـــران دایە. ڕێگای گەیشتن بەم ئامانجە، واتا ڕوخاندنی ڕژێمی ئیسلامی لە ڕێگای یەک گرتنی هێزی کۆمەڵانی خەڵك لە دەوری بەرەیەکی دیموکراتیك- دژی ئیمپریالستی لە هێزی سیاسی و شۆڕشگێڕ و دیموکراتە.

ڕێگاچارەی سیاسی و کۆمەڵایەتی : ڕوخاندنی ڕژێمی دژی گەلی ئیسلامی، هاتنە سەرکاری ڕژێمێکی دیموکراتیکی گەلی ...خۆبواردن لەم ڕاستیە کردەوەیەکی ناڕەوا و ڕووهەڵچەرخاندن لە شۆڕشگێڕی و کارێکە دژی ئامانجەکانی گەلانی ئێرانە. بەشداری کۆمەڵانی خەڵك لە دەسەڵات بۆ خاشەپڕکردنی شوێنەواری دواکەوتوویی کۆمەڵایەتی و بەرگری کردن لە بەرەو سەرمایەداری چوون، واتا هەوڵدان بۆ چوون بەرەو ڕێبازی سوسیالیزم کە ئەمە لەم بوارەدا لایەنی خەباتی چینایەتی زەحمەتکێشانی کوردستانە. ئاڵوگۆڕی دیموکراتیک، کە داخوازییە بنەڕەتیەکانی زۆربەی کۆمەڵ دەستەبەر دەکا ئامانجی خەباتی ئەم قۆناخەیە. دیموکراسی بۆ کوردستان لە بواری سیاسی و کۆمەڵایەتی‌دا بە کورتی ئەوەیە کە خەڵکی کوردستان بە باشترین شێوە بە (مافی دیاریکردنی چارەنووس) و هەروەها بە مافی نەتەوایەتی خۆیان بگەن و هەست بە ئەمنیت و ئاسایش و هێمنی بکەن و ئیمکانی ئەوەشیان هەبێ داخوازیە دیموکراتییەکان وەدەستبینن. بۆ دابین‌کردنی ڕێگا بۆ گەشەکردنی فەرهەنگ و زمان و ئەدەبیاتی کوردی و هەوڵدان بۆ بردنە سەری ڕادەی خوێندەواری و خاشەپڕکردنی نەخوێندەواری لە کوردستاندا، پێویستە هێزی کۆمەڵانی خەڵك بۆ پێشکەوتنی وڵات وەگربخرێت. دەستەڵاتی حکومەتی ناوەندی دابەش‌بکرێ، ئۆرگانەکانی یاسادانان و بەڕێوەبردن و دادپەروەری بە شێوەی هەڵبژاردن بێ. هەڵوەشاندنەوەی ئەرتەش و سوپای پاسداران و دامودەزگا دژی گەلییەکان و پێك‌هێنانی ئەرتەشی گەلی، بەشێک بێ لە بەرنامەی راسورێسکردنی وڵات. لە کوردستان، هێزی پێشمەرگە وەک هێزی سەرەکی گەل تەیار و ڕێکوپیک بکرێ، ئەمە ڕێبازی دەستەبەرکردنی ئەم ئامانجەیە.

دابین کردنی ئازادییە دیموکراتییەکان (ئازادی بیروباوەڕ و مافی هەڵبژاردن و هەڵبژێران، مافی دیاری کردنی جێگای ژیان و شێوەی کار، بەرابەری ژن و پیاو، پێکهێنانی ڕێکخراوەی سیاسی و فەرهەنگی و یەکێتی کرێکاران و جوتیاران، ئازادی هەموو چەشنە خۆپیشاندان و مانگرتنێك، و بەشداری هەرچی زیاتری کۆمەڵانی خەڵك لە دەستەڵات، تەنیا ڕێگای دەستەبەرکردنی دیموکراسی ڕاستەقینەیە. لە نێوبردنی چەوسانەوەی مرۆڤ بە دەستی مرۆڤ و گەیشتن بە دیموکراسی سیاسی ڕاستەقینە بە شێوەیەکی دروست و زانستیانە لە قەوارەی سوسیالیزمی ڕاستەقینەدا دابین دەبێ.

**ڕێگا چارەی ئابوری** : دیموکراتیزەکردنی ئابوری، دانانی بەرنامەیەکی ئابوری زانستی پێشکەوتوو بۆ سەنعەتی‌کردنی کوردستان کە نیازە بنەڕەتیەکانی خەڵك دابین بکا، ئاڵوگۆڕێکی وا لە شێوەی بەرهەمهێنان پێك بێ کە ڕێگای هەنگاونان بەرەو سوسیالیزم خۆش بکا. تەرخان‌کردنی بودجە بە ڕادەی پێویستی و دوواکەوتووی لە بودجەی گشتی وڵات بۆ کوردستان، دانان و دابەزاندنی پرۆژەی سەنعتی و میکانیزە کردنی کشتوکاڵ، بایەخدان بە بازرگانی و ئاژەڵداری، دابینکردنی هەلومەرجی لەبار بۆ وەگەڕخستنی هێزی کرێکاران و زەحمەتکێشان و جوتیاران. بە کورتی خاشەپڕکردنی بێکاری. هەروەها بەشداربوونیان لە بەڕێوەبردنی کارخانە و کارگا و کۆروکۆمەڵ و دابین‌کردنی ژیانی لەباری ئەم سەردەمە بۆ زەحمەتکێشان و کرێکارانی کوردستان، بە نەتەوەیی کردنی ئیمکاناتی سروشتی و

کارخانە و بانک (سەرمایەگەورەکان) ی وڵات. دابەش کردنی زەویوزار لە نێوان جوتیاران و هەڵوەشاندنەوەی یاسای چەوسێنەرانە لەو بارەوە، دابینکردنی ئیمکاناتی لە باری کشتوکاڵ و ئاژەڵداری، پێكهێنانی شیرکەتی هەرەوەزی کشتوکاڵ و ئاژەڵداری و یارمەتیدان بە پێكهێنانی شیرکەتی هەرەوەزی جوتیاران کە خۆیان پێکی دێنن و بەشداربوونیان لە بەڕێوبردنیدا. بەشداری بورژوازی مامناوەندی لە سەنعەتیکردنی کوردستاندا واتا: پێسپاردنی ئەو پرۆژە سەنعەتیانە بە بەشی تایبەتی کە جێبەجێکردنیان بە هۆی بەشی گشتییەوە لە هەلومەرجێکدا قازانجی بەرچاوی نابێ و کرێکاران ئەچەوسێنەوە.... دانانی نرخ وماڵیات لە سەر بەرهەم هێنانیان بۆ بەرگری لە پەرەگرتنی سەرمایەداری و کەمکردنەوە بەشدارییان لە دەسەڵاتدا.

بە کورتی ئەو کاتە کوردستان لە بواری ئابوریدا پێشکەوتووە و دیموکراسی بە خۆیەوە دەبینێ کە بەرەو سوسیالیزمی راستەقینە بڕوا. تەنیا لەم ڕێگایەوە داخوازییەکانی کرێکاران و زەحمەتکێشان و وەرزێران بە دروستی دابیندەکرێ. بە واتایەکی دیکە، ئاڵوگۆڕی بنەڕەتی لە شێوەی بەرهەمهێنان وهەروەها خاشەبڕکردنی خاوەنیەتی تایبەتی کەرەستەی بەرهەم هێنان (ڕیشەی چەوسانەوە) و دابینکردنی خاوەنیەتی گشتی لە کۆمەڵدایە، کە نیشان دەدەن، ڕەوتەکە بەرو سوسیالیزم دەڕوا. ڕەنگدانەوەی خەباتی چینایەتی کوردستان لەگەڵ خەباتی نەتەوەیدا، دەبێ بەم بوارانەدا تێپەڕێ تا بە ئاکام بگا. ڕێگای دیکە بێجگە لە گرێدانی خەباتی نەتەوەیی و چینایەتی لەم بوارەی کوردستاندا وەڵامدەریرەوتی بەرەوپێشچوونی کۆمەڵی ئێمە نییە. پێویستە بزوتنەوەی ڕزگاریخوازانەی میللی دیموکراتیکی خەڵکی کوردستان بەرەو دێموکراتیزە بوونی هەرچی زیاتر بچێ تا چینی تازە پێگەیشتووی کرێکاری و سەنعەتی و کشتوکاڵ و کرێکاری وەرزی بەرەو لای خۆی ڕابکێشێ و بەم جۆرە ڕەنگی چینایەتی لە خەباتی ئەمجارەمان لە بەرنامە و بە کردەوە پتر دیاربێ وهەروەها بە جیدیی بایخی پێبدرێ، و هەروەها بەرنامەی بزوتنەوە ڕزگاریخوازانەی خەڵکی کوردستان ڕەنگدانەوەی خەباتی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوری کرێکاران و زەحمەتکێشانی کوردستان بێ و هەروەک هێزی سەرەکی و بزوێنەری بزوتنەوە، بیروباوەڕی کرێکاران، ڕێبەری و ڕێنونین بزوتنەوە سیاسی – ئابوری بێ. هیچ هێزێك بێجگە لە کۆمەڵانی تێگەشتوو و ڕێکخراوی فراوانی خەڵکی کوردستان نییە ئەو دیموکراسیە دابین بکا.

نیزیك بە نیو سەدەیە کە بزوتنەوەی خەڵکی کوردستان بە شێوەی نوێ بۆ دابینکردنی ئامانجەکانی درێژەی بووە و دەبێ و نەخشێکی مێژوویی گرنگی تا ئێستا گێراوە بۆ ئەوە تا سەر ئەو شانازییە مێژووییە بە ئاکام بگەیێنێ. بزوتنەوە دەبێ هەرچی زیاتر بەرنامەی ستراتیژیکی خۆی لەگەڵ بارودۆخ و داخوازییەکانی خەڵکی کوردستان و هەلومەرجی ئێران و ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و جیهان و بەرەی هێزەکانی دژی ئیمپریالستی دەوڵەتانی سوسیالستی ڕێک بخا.

جوڵانەوەی ڕزگاریخوازی و دیموکراتیکی گەلانی ژێردەست و خەباتی کرێکارانی وڵاتانی سەرمایەداری یەکبگرنەوە. هێزی ئێمە دەبێ زیاتر لە جاران کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان وەک پایەی بنەڕەتی جوڵانەوە و هێزی پێشکەوتن، لە دەوری

بەرنامەی خۆی ڕێک بخا. تا بەرنامەکەی ببێتە هێزێکی ماددی و مەعنەوی بە وزە و توانا بۆ دابین‌کردنی ئامانجەکانی خەڵك. تەنیا ڕێگای گەشەکردن و پێشکەوتنی خەباتی دیموکراتیکی کوردستان، دابین‌کردنی دیموکراسی گەلییە و لە ڕاستی‌دا تەنیا دیموکراسییەکی ڕاستەقینەیە کە لە هەموو بوارەکانیدا دەتوانێ کوردستان لەم دواکەوتوویە ڕزگار بکا. دیموکراسی و مافی دیاری کردنی چارەنووس بۆ گەلانی ئێران بۆ ئەم قۆناخە وەک گرنگترین و سەرەکی‌ترین ڕێگاچارەی ئێران بە گشتی و کوردستان بە تایبەتی لە قەڵەم دەدرێ. ئەم ڕاستییە نیشانەی تێڕوانینی دروست و واقیعبینییە لە هەلومەرج و بارودۆخی ئێران و کوردستاندا.

66/3/10

زاگروس

## ئەرکی کۆمەڵانی خەڵک لەم قۆناخەی خەباتدا

بزوتنەوەی حەقخوازانەی کوردستان وەک دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی بە پێی یاسای پەرەگرتن, بوار و قۆناخ گەلێکی تێ‌پەڕاندووە و بە پێی بارودۆخی کۆمەڵاپەتی بەرەو قۆناخێکی نوێ دەچێ. بزوتنەوەی گەلی کورد لە مێژووی خۆیدا هەڵسوکەوتی جۆراوجۆری بەخۆیەوە دیوە. لەم قۆناخەی خەباتی خەڵکی کوردستاندا، داخوازی نەتەوەی و کۆمەڵایەتی وەک کۆڵەکەی داخوازییە بنەڕەتیەکانی، خۆی دەنوێنێ کە نیشانەی گرنگی خەباتی گەلی ئێمەیە. دەست پێکردنی سەرلەنوێی بزوتنەوەی خەڵکی کوردستان لە ساڵی١٣٥٧ی هەتاویدا، لە بواری چەکداریدا، لە گەشەکردندا بووە و هەیە، ....شێلگیربوونی بزوتنەوە لە مەیدانی خەبات و پشت بەستن بە خەڵکی کوردستان و پشتگیری لە داخوازییەکانیان، تاکتیکی لەبار بۆ درێژەپێدان بە خەبات، بەربەرەکانی و فیداکاری هێزی پێشمەرگە لە مەیدانی خەبات دایە. هەموو ئەمانە لە لایەک، دەرکەوتنی ڕووی دزێوی ڕژێمی ئیسلامی بە کردەوە دەرحەق بە گەلانی ئێران بە گشتی و خەڵکی کوردستان بە تایبەتی، داسەپاندنی شەڕی ناڕەوا و نابەرامبەر بە سەر خەڵکی کوردستاندا، هەر چەشنە داخوازییەکی خەڵک تەنانەت بە شێوەی ئاشتی، بە توندترین و دڕندانەترین شێوە بە ئاور و ئاسن و زیندان و ئیعدام و ئەشکەنجەکردن وەڵامی دراوەتەوە. چارەسەر نەکردنی قەیرانی هەموو لایەنەی سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابوری و نیزامی کە تەواوی وڵاتی تەنیوەتەوە، شپرزەی ژیانی زەحمەتکێشان و کرێکاران و دەیان و سەدان ناڕەوای کۆمەڵایەتی دیکە کە لە نێوەڕۆکی ڕژێم سەرچاوە دەگرێ، لە لایەکی دیکەوە ڕێگای بۆ پەرەگرتنی سەر لە نوێ خەباتی جەماوەر خوش‌کردووە.

کۆمەڵانی خەڵک، هێزی بنەڕەتی هەر بزوتنەوەیەکی شۆڕشگێڕین، فێرکردن و بارهێنان و ڕێکخستنیان لە هەموو بوارێك کە ئەرکی ڕێبەری بزوتنەوەیە بۆ وەگەڕخستنی ئەو هێزە پێویستە. لە هەر بوارێکی تازەدا، ڕێبەری بزوتنەوە و کۆمەڵانی خەڵك بە پێی بارودۆخ ئەرکی تازەیان ئەکەوێتە سەر شان. خەباتی خەڵکی کوردستان لەم بوارەدا بە گشتی ڕێگای گەشەکردنی خۆش بووە و بەرەو قۆناخێکی نوێ دەچێ. ئەرکی ڕێبەری جووڵانەوە و خەڵک لە جاران گرنگتر و ئاستەمترە کە دەبێ بە تەواوی تواناوە هەوڵی بۆ بدەن.

ئەرکی ڕێبەری بریتیە لە دیاریکردنی بەرنامە و ستراتیژێک و سیاسەت و تاکتیکی لەبار بۆ ئەم بوارە و خۆئامادەکردن بۆ قۆستنەوەی هەر هەل و دەرفەتێك. بە گشتی ڕێبەریکردنی خەباتی کۆمەڵانی خەڵك لە هەموو مەیدنێكدا.

ئەرکی کۆمەڵانی خەڵك لە خەبات دا بە گشتی بە دوو شێوەیە :

1- شێوەی تاکەکەسی 2- شێوەی جەماوەری یان گشتی.

شێوەی تاکەکەسی: هاوکاری نەکردن لەگەڵ ڕێژیم وەدرۆ خستنەوەی تەبلیغاتی ڕژێم لە سەر جووڵانەوە و هێزی پێشمەرگە لە نێو خەڵك و هەر کورد و کۆمەڵێکدا. تەبلیغات کردن بۆ جووڵانەوە و هاندانی خەڵك بۆ بەشداری و هاوکاری لەگەڵ بزووتنەوە. گوێدان بە ڕادیو کوردستان و بڵاوکردنەوەی دەنگوباسی بزووتنەوە و هێزی پێشمەرگە لە هەموو جێگایەك بە تایبەتی شار و ناوچەکانی دیکەی ئێران بە شێوەی چڕوپڕ وەک چوون بۆ کارکردن و موسافرەت و سەردان لە خزم و کەس، بڵاوکردنەوەی بڵاوکراوە و نووسراوە و تراکت و دروشمەکانی حیزب، پێوەندی گرتن بە ئۆرگانەکانی حیزب بۆ بەشداری لە خەبات بە شێوەی نهێنی یان ئاشکرا. واتا ڕێکخستن. ڕوون کردنەوە ئەفرادی ڕژێم لە ئۆرگانە دەوڵەتیەکان و هەڵخەڵەتاوەکان لە سەر نێوەڕۆکی ڕژێم و جووڵانەوە. کۆکردنەوەی زانیاری لە سەر دوژمن. لە هەموو بارێکەوە و لە ئەختیارنانی ئۆرگانەکانی حیزب، دوریکردن لە ئەفراد و هاوکارانی ڕژێم، پاسدارەکان و جاش و جاسوس و تەسلیمییەکان، هاندانی خەڵك بۆ دەرپڕینی بێزاری لە ئاستی ئەوان بە شێوەیەک کە هەست بە کاری ناحەزی خۆیان بکەن و دەست لەو کارە هەڵگرن. وەدەستخستنی چەک بە شێوەی نهێنی بۆ کاتی پێویست، زەرەر و زیان گەیاندن بە دەموودەزگای ڕژێم، هاندانی بە کرێگیراوان بۆ هەڵهاتن لە ڕیزی دوژمن و هاتن بۆ ڕیزی شۆڕش و تەقەنەکردن لە پێشمەرگە و تەسلیم بوون لە کاتی شەڕدا، هاندانیان بۆ خراپ کردن و تەقاندنەوەی تەقەمەنی مۆڵگە و پادگاکان و یارمەتیدان بە جووڵانەوە. هاندانی لاوان بۆ نەچوون بۆ سەربازی و هاتن بۆ ڕیزی پێشمەرگایەتی. دانی یارمەتی ماڵی و تەداروکاتی بە جووڵانەوە، تەیارکردنی هێزی پێشمەرگە لە باری جلوبەرگ و پێڵاو و دەرمان و خواردەمەنی و تەقەمەنی لە هەموو کاتێکدا. کۆکردنەوە و شاردنەوەی ئەو کەرەستانە بۆ پێشمەرگە لە جێگای لەباردا. فریودانی دوژمن و شوێن گومکردنی جێگای پێشمەرگە لە کاتی پێویستدا. پێك هێنانی متمانە و باوەڕکردن بە خۆ و هێزی خەڵك. ئەم تێکۆشانە فەردیانە و زۆرکاری دیکە لەم بابەتانە، دەتوانن لە بزووتنەوەدا کاریگەر بن.

## شێوەی جەماوەری و گشتی:

پێکهێنانی مانگرتن و خۆپیشاندان و ڕێگاپێوانی هێمنانە لە سەر داخوازییە سیاسی و سینفی و کۆمەڵایەتی و ئابوری و فەرهەنگییەکان. وەک داوای ئازادکردنی زیندانی و دیل و گیراوەکان، وەك داوای لابردنی مۆڵگەی جاش و پاسدارەکان لە نێو ئاواییەکان و گەڕەکەکانی شاردا. وەک داواکردنی دەست تێوەرنەدان لە ژیانی شەخسیدا. داوای کرێکاران و زەحمەتکێشان بۆ زیادکردنی حەق دەستیان. وەک داوای موچەخۆران بۆ زیادکردنی داهاتیان. وەک داوای هەڵبژاردن بۆ شۆراکانی شار

و دێ، وەک داوای دابین‌کردنی ئیمکاناتی خوێندن لە قوتابخانەکان. دەربڕینی ناڕەزایەتی دژی درێژەی شەڕی ئێران و عێراق  بە شێوەی مانگرتن و خۆپیشاندان. فرێدانی چەکی زۆرەملی خەڵکی گوندەکان بە شێوەی گشتی و مان‌گرتن لە سەر داخوازییەکان. پێکهێنانی کۆڕ و کۆمەڵی نهێنی و ئاشکرا لە پەیوەندی لەگەڵ حیزب و لەبەرچاوگرتنی ڕێنوێنییەکانی حیزب لەوبارەوە بۆ پشتیوانی لە بزووتنەوە بە شێوەی جۆراوجۆر و هاوئاهەنگ کردنی خەباتی سیاسی جەماوەر لەگەڵ خەباتی چەکداری وەک کاتێک کە پێشمەرگە لە شار یان گوند یان هەر جێگایەکی لەبار چالاکی دەکا و ئەم رەوتە ئەو چالاکییە سەرکەوتوو دەکا، ئەنجامدانی ئەم کارانە بەشێوەی نووسینی دروشم و مانگرتن و خۆپیشاندان لە سەر داخوازییەکانیان لەو کاتەدا. پێك هێنانی رێورەسم و یادکردنەوە لە شەهیدان بۆ دەربڕینی بێزاری لە ڕژێم و بڵاو کردنەوەی دەنگوباسی جووڵانەوە، پێکهێنانی خۆپیشاندان و مانگرتن و دەستەلەکارکێشان و داخستنی دوکان و بازاڕ، مانگرتنی گشتی هەر یەک لە ماڵی خۆی لە سەر داخوازی حیزب کە لە هەلومەرجی تایبەتیدا بانگەواز دەکا. وەڵام دانەوەی بانگەوازییەکانی حیزب لە هەر کات و ساتێكدا بە گشتی، هێز و توانایيەکی تازە بە جووڵانەوە دەدا، ئەمانە گشتی ئەرکی پیرۆز و شۆڕشگێری کۆمەڵانی خەڵکە.

مانگرتنی کرێکاران لە سەر کەمکردنەوەی سەعاتی کار و داواکردنی کار بۆ بێکاران، مانگرتنی جوتیاران لە لادێیەکان بۆ دابەش‌کردنی زەویوزار و بەربەرەکانی لەگەڵ ڕژێم لە سەر ئەستاندنەوەی زەوی جوتیاران، خۆپیشاندانی زەحمەتکێشان، پەراوێزی شار بۆ باشتربوونی وەزعی ژیانیان. مانگرتن و خۆپیشاندانی مامۆستاکان و قوتابیان لە سەر نەچوون بۆ بەرەکانی شەڕ و دانی دروشم لە پشتیوانی بزووتنەوە بە ڕێبەری حیزب بە شێوەی جۆراوجۆر. مانگرتن و خۆپیشاندانی ژنان دژی یاسای ڕووبەند و پەچە (حیجاب) و بەخێر کردنیان  لە چوارچێوەی ماڵدا. خۆپیشاندانی ئاوارەکان دژی شەڕ و داواکردنی دابین‌کردنی ژیانیان، خەباتی مەنفی و ئاڵۆزکردنی دەم ودەزگاکانی ڕژێم. ئەم شێوە تێکۆشانە و زۆر خەباتی دیکەی جەماوەری لە سەر داخوازییە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوری و فەرهەنگییەکان، پیویستە. هەرچەند دابینبوونیان لە نێوەڕۆکی ڕژێمی ئیسلامیدا نیە و نایش بێ، بەڵام دەتوانن هۆ و ڕووپۆشی خەباتی جەماوەری بێ لە دژی دیکتاتوری و ڕەشەکوژی، دەتوانێ ڕژێم بخاتە ژێر فشار و تەنگەبەرییەوە و ببێتە هۆی کەم بوونەوەی هێرشی ڕژێم بۆ سەر خەباتی چەکداری لە کوردستان و گەشەکردنی هەرچی زیاتری ئەو خەباتە. گرێخواردنی تەواوی شێوەکانی خەباتی کۆمەڵایەتی خەڵك، دەبێتە هێزێکی بە وزە و توانا بۆ قووڵترکردنی قەیرانە کۆمەڵایەتی‌ییەکان کە ڕێگا بۆ ڕوخاندنی ڕژێمی کۆنەپەرستی ئیسلامی خۆش دەکا و بزووتنەوەی خەڵکی کوردستان بە سەرکەوتن دەگەیێنێ. دیارە گرێخواردنی خەباتی هەموو لایەنەی گەلانی ئێران بە ڕێبەری بەرەیەکی دیموکراتیک دژی ئیمپریالستی لە هێزە شۆڕشگێرە پێشکەوتنخواز و دیموکراتەکانی ئێران، دەتوانێ ئامانجەکانی گەلانی ئێران، واتا ڕوخاندنی ڕژێمی دژی گەلی ئیسلامی و هاتنەسەرکاری  ڕژێمێکی دیموکراتیکی گەلی و دابین‌کردنی ماف و دیاریکردنی چارەنووس بۆ گەلانی ئێران جێ‌بەجێ بکا.

زاگروس 66/3/1

## بۆ بەشداری ژنان لە جووڵانەوەدا

بەشداری ژنانی کوردستان وەک نیوەی کۆمەڵ لە جووڵانەوەی ڕزگاریخوازانەی گەلەکەماندا، جێگا و شوێنەواری خۆی هەیە. بەڵام بەداخەوە هەتا ئێستا پەرەی نەسەندووە و وەک گرێکوێرەیەکی کۆمەڵایەتی لە جوڵانەوەدا ماوەتەوە. بێگومان ئەم خاڵە لاوازەی بزووتنەوەی گەلەکەمان لە کۆمەڵێک هۆ سەرچاوە دەگرێ کە لێرەدا چەند هۆیەک لەو هۆیانە بۆ ڕوونکرنەوە بە کورتی دەست نیشان دەکەین و باری دواکەوتووی ئابوری کوردستان.

ژنان لە باری ئابورییەوە بە پیاوانەوە بەستراونەتەوە. دابونەریتی کۆن و دەمارگرژیی فەرهەنگی عەشیرەیی و مەزهەبی و ڕێوشوێنی شێخایەتی سەبارەت بە ژنان، نەخوێندەواری و ناشارەزای زۆربەی ژنان بە مافی خۆیان و نەزانینی ڕێگای گەیشتن بە مافەکانیان، هەست پێنەکردنی ژنان بە چەوساندنەوەیان لە نێو ماڵ و کۆمەڵدا، بە ڕادەی پێویست و... وەک بەشێک لە هۆیەکان، دیاری دەکرین. دیارە بناخەی هەموو ئەم هۆیانە لە دواکەوتووی باری ئابوری و پێوەندییە نارەواکانی زاڵ بە سەر خەڵکی کوردستان دایە.
ڕێگاچارە بۆ هەر گیروگرفتێکی کۆمەڵایەتی، دەبێ بە پێی بارودۆخ و گەشەکردنی کۆمەڵ و ڕێگای گەشەکردنی بدۆزرێتەوە. سەبارەت بە بەشداربوونی ژنان لە بزووتنەوەی شۆرشگێڕانەی گەلەکەماندا، زۆر جار باسکراوە، بەڵام ئەوەی کە تا ئێستا سەرکەوتنی بەرچاو لە بواری بەشداری ژنان لە بزووتنەوەدا بەدی نەهاتووە، خۆی نیشانەی ئەوەیە کە چارەیەک سەبارەت بەم مەسەلەیە، نەدۆزراوەتەوە. ئەم مەسەلەیە، بە شێوەی توند و چەپڕەوانە، بێ لە بەرچاو گرتنی بارودۆخی کۆمەڵایەتی یان بە شێوەی بایەخ نەدان بە مەسەلەی ژنان و پەیڕەوی کردن لە داب و نەریتی کۆن و ترس لە خەبات دژی ئەو داب و نەریتە بە شێوەی لە باری خۆی چارەسەر ناکرێ.
هەر چین و توێژ و کۆمەڵێکی چەوساوە چەوسانەوەی بۆ نەبێتە ئەزموون، واتا هەستی پێ نەکەن و تەجروبەی لێ وەرنەگرن پەرەسەندنی خەبات تیایدا زۆر سەخت و دژوارە. ژنانی کوردستان زوڵم و چەوساندنەوەیان و ڕێگای ڕزگار بوونیان خۆیان دەرک نەکردووە و نەبۆتە ئەزموون، زۆربەی ژنان پێیان وایە ئەوەی دەرحەق بەوان دەکرێ، ڕەوایە و لە چارەیاندا نووسراوە و بڕیارە و دەبێ قبوڵیبکەن. بە ڕاستی ئەوەیە لە کۆمەڵێکی دواکەوتوودا کە هەموو دەرەتانێکی لێ بڕاوە، لەوە زیاتر چاوەڕوان ناکرێ. ئەم بارودۆخە لە بەر هێندێك هۆ وەک گەشەکردنی قۆناخی سەرمایەداری و گەشەکردنی شارەکان و شۆڕشی ساڵی١٣٥٧و بزووتنەوەی میللی – دیموکراتیکی خەڵکی کوردستان، ئاڵوگۆری بەسەردا هات و ڕێگای گەشەکردنی بەشداری ژنانی لە بزووتنەوە و کاروباری دیکەی کۆمەڵایەتی و سیاسی تا ڕادەیەک خۆش کردووە، بەڵام خۆ دەست لە سەر دانان و چاوەڕێ بوون بۆ ئەوەی هەل پرەخسێ، کاری حیزبێکی شۆرشگێر نیە.

شۆڕشگێڕان وەک پێشڕەوانی کۆمەڵ ئەرکی سەر شانیانە کە ڕێگای ڕەخساندنی هەرچی زۆرتری پێشکەوتنی کۆمەڵ خۆش بکەن. ڕزگاری ژنان و گەیشتن بە مافی خۆیان، بە دەستی خۆیانە، دەبێ بۆ خۆیان خەباتی بۆ بکەن. خەباتی ژنان دژی ناڕەواییەکانی کۆمەڵایەتیە. چەوساندنەوەی ژنان بە هۆی پیاوان لە سروشتی پیاو سەرچاوە ناگرێ، بەڵکوو لە پێوەندییە کۆمەڵایەتییە کان سەرچاوە دەگرێ. ڕزگاری ژنان و گەیشتن بە مافی خۆیان لە دابیین کردنی دیموکراسی ڕاستەقینە و دامەزراندنی پێوەندییەکی کۆمەڵایەتی پێشکەوتوو و لە نێوبردنی پێوەندی کۆن و دواکەوتوونەدایە. خەباتی ژنان بەشێکە لە خەبات بۆ دیموکراسی و داخوازییە دیموکراتییەکانی کۆمەڵانی خەڵک و خەبات بۆ لە نێوبردنی دواکەوتوویی و دابەزاندنی پێوەندی کۆمەڵایەتی پێشکەوتوو لێک جیا نین. ژنان وەک نیوەی کۆمەڵی کوردستان لە چەند لایەنەوە، لە باری نەتەوەیی، لە باری جنسی، چەوساوەتەوە. مافی ژنان لە دابین بوونی داخوازییەکانی کۆمەڵدا دەستەبەر دەبێ، هیچ شۆڕش و بزووتنەوەیەک، بە بێ بەشداری ژنان سەرناکەوێ، ئەگەریش سەرکەوێ زۆر بە سەختی و دژواری ڕێگاکەی تێپەڕ دەکا.

کاتێک باسی بەشداری و خەباتی ژنان لە بزووتنەوەی خەڵکی کوردستاندا دەکەین، مەبەستمان ئەوە نیە بەشدارییان نەکردووە، مەبەستمان تەنیا ئەوەیە کە بە شێوەی ڕێکوپێك ڕێک نەخراون و سازماندەهی نەکراون و لە بزووتنەوەدا نەخشی بنەڕەتی خۆیان نەگێڕاوە.

بۆ بەشداری ژنان لە بزووتنەوەدا، دەبێ ڕاستییەکانی بارودۆخ و ڕادەی گەشەکردنی کۆمەڵایەتی لە شار و دێی کوردستان لە بەرچاو بگرین و ڕێگای لەباری ئەم بارودۆخە و ئاسۆی داهاتووی بۆ بدۆزینەوە. لەم هەلومەرجەدا دەبێ هەوڵ بدەین بۆ : ڕوون کردنەوەی ژنان لە بارودۆخی ژیانیان و ئاشناکردنیان بە نەخش و جێگای خۆیان لە ماڵ و کۆمەڵدا. ڕوون کردنەوەی ژنان لە سەر ئەو ناڕەوایگەلە کە سەبارەت بەوان ئەنجام دەدرێ، هۆیەکانی چەوساندنەوە لە کۆمەڵ-دا. ئاشناکردنی ژنان بە مافەکانیان و تێگەیاندنیان کە وەدی هاتنی ئەو مافانە لە دابین بوونی داخوازییە دیموکراتیکەکان  کە بەشێکیشی لە مافی نەتەوایەتی دایە، دەستەبەر دەکرێ. فێرکردن و بارهێنانی ژنان بۆ گەیشتن بە مافەکانیان و شێوەی پارێزگاری کردن لە مافی خۆیان و .... پێك هێنانی باوەڕ و متمانە بە هێز و نەخشی خۆیان لە بزووتنەوە و کۆمەڵدا.

ڕوونکردنەوەی کۆمەڵانی خەڵك لەو بارەوە کە ڕزگاری و ئازادی ژنان، ڕزگاری و ئازادی پیاوانیشە، ئازادی ژنان و گەیشتن بە مافی خۆیان لە ڕزگاری گشتی کۆمەڵ لە هەموو مەیدانێکدا دێتە دی. خەبات دژی بیرتەسکی و کورتبینی و تەعەسوبی کۆن و دواکەوتوویی هێندێك لە پیاوان.

پێكهێنانی ڕۆحی باوەڕ بە هێز و توانا و لێهاتوویی ژنان لە هەموو مەیدانێك لە کۆمەڵ و بزووتنەوەدا. پێکهێنانی دەرەتان بۆ وەگەڕخستنی وزە و لێهاتوویی ژنان لە مەیدانی خەباتدا. ڕێکخستن و ڕێکوپێک کردنی خەباتی ژنان بە پێی بارودۆخ.

دەرخستنی ڕووی دزێوی کۆماری ئیسلامی لە هەموو بارێکەوە، بە تایبەت هەڵوێستی سەبارەت بە ژنان، کە بە هەموو شێوەیەک مافی ژنان سەرەڕای پیاوان پێشێل دەکا. ڕژێمی ئیسلامی، ژن وەک هۆی خۆشگوزەرانی و نیعمەتی خودایی

بۆ پیاوان چاو لێدەکا. بە ناوی پاراستنی بنەماڵەوە دەڵێ کاری ژنان ماڵداری و منداڵ بەخێوکردن و خزمەتکردن بە پیاوانە. بەم شێوەیە هەوڵدەدا ژنان لە کاروباری کۆمەڵایەتی و سیاسی و بـــەرهەمهێنان، دوربخاتەوە، بۆ ئەوەی ژنان پاڵپشتێکی مادییان نەبێ بۆ پاراستنی مافەکانی خۆیان، بەڵکو هەمیشە لە باری ئابورییەوە بە پیاوان بەسراوە بن. قەدەغەکردنی جلوبەرگ لەبەرکردن بە دڵخوازی خۆیان، هێشتنەوەی ژنان لە چوارچێوەی ماڵ و ئاشپەزخانە لە ژێر دەستەڵاتی پیاو و دەیان ناڕەوایی دیکە دەرحەق بە ژنان لە کردەوەکانی کۆماری ئیسلامین. بڵاوکردنەوەی دەنگوباسی خەباتی ژنان لە شار و دێ دژی دامودەزگا و ئەفرادی ڕژێم لە کوردستان، هاندان و تەشویق کردنیان بۆ پەرپێدان بە خەباتی خۆیان، بەشێک لە ئەرکی شۆرشگێرانە.

ژنان لە خەباتی چەکداری خەڵکی کوردستان لە ماوەی نزیک بە 10 ساڵ بە شێوەی پرشوبڵاو بەشدارییان کردووە. بە ڕاستی ئەوەیە دواکەوتوویی داب و نەریتی سوننەتی کۆن لە کوردستاندا. زیاتر لەوە ڕێگای بە گەشەکردنی بەشداری ژنان لە خەباتدا نەداوە، زۆربەی ژنان باوەڕیان بە لێهاتوویی خۆیان لە خەبات و کار-وباری سیاسی وتەشکیلاتی  دا نیە. پێیان وایە خەبات و کاری بەڕێوەبردن، کاری پیاوانە، کە ئەوەش نیشانەی ناشارەزایی سیاسی ژنانی کۆمەڵی ئێمەیە.

به هۆی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی خەڵکی کوردستان بۆ بەرگری لە دابی ناحەز سەبارەت بە ژنان و پارێزگاریی و پاراستنی مافی ئەوان و کاری تەبلیغی لەو بارەوە، ئێستا نیسبەت بە جاران پلەی تێگەیشتنی ژنان باشترە. بەڵام هیچ جێگای ڕەزامەندی نیە. ژنان لە بزووتنەوە و پەرەپێدانی خەبات و تێکۆشانیان بۆ وەدیهێنانی داخوازییەکانی گەل، کە بریتیە لە تەبلیغ و ڕوونکردنەوەی کۆمەڵانی خەڵك بە گشتی و ژنان بە تایبەتی، سەبارەت بە مافی ژن و گرنگی بەشداری ئەوان لە بزووتنەوە، نەخشی ئەوان لە پێشکەوتنی کۆمەڵدا، دەوریان بەرچاونیە. دانانی بەرنامە بۆ ڕێکخستنی ژنان لە ئۆرگانەکانی حیزب، بە پێی هەلومەرج لە شار و دێ، فێرکردنی ژنان لە باری هۆنەر و شێوە و تەکتیکەکانی خەبات لە مەیدانە جوارجۆرەکاندا وهەروها، دانانی دەورەی ئامۆزشی بۆ ژنانی بەشدار لە بزووتنەوە، بارهێنانی کادری ژن، واتا وەگەڕخستنی توانا و لێهاتوویی ژنانی حیزبی بۆ ڕێکخستن و پەرەپێدانی بەشداری ژنان لە بزووتنەوە، دەبێ بکرێتە بەرنامەی کاری خەباتگێران. بڵاوکردنەوەی وتار سەبارەت بە وەزعی ژنان لە ڕادیۆ و گۆڤارەکانی حیزبی بە تایبەت لە ئۆرگانەکانی ناوەندی حیزب، دانانی سمینار بۆ هاوڕێیانی کادر لە سەر مەسەلەی ژنان، پەرەپێدانی باس لە سەر مەسەلەی ژنان لە کۆبونەوەی پێشمەرگە و ئەندامانی حیزبیدا ، ڕێنوێنی بەکەڵک و لەبار لە سەر کار و تێکۆشان و ڕێکخستنی ژنان لە نامیلکەی نێوخۆی حیزب بۆ تەواوی کادر و ئەندام و پێشمەرگەکانی حیزب پێویستە. ڕێکخستنی ژنان لە خەباتدا تێکۆشانی هاوڕێیانی حیزبی بە تایبەت ژنان لەم ڕێگایەدا سەرکەوتن دەستەبەر دەکا.

ڕێبەری بزووتنەوەی میللی دیموکراتیکی خەڵکی کوردستان (ح.د.ک ا) دەبێ ئەوپەڕی هەوڵی خۆی بۆ بەشداری ژنان لە بزووتنەوەدا بدا. بەڵام ڕاست ئەوەیە کە ئەم هەوڵدانە لایەنێکی چارەسەری مەسەلەی بەشداری ژنان لە خەبات دایە. لایەنێکی دیکە ئەوەیە ژنان تێبکۆشن، پلەی تێگەشتنی سیاسی و کۆمەڵایەتی

خۆیان بەرنە سەرێ، جێگا و پلەی نەخشی خۆیان لە کۆمەڵدا بزانن. بە کردەوە لە خۆیاندا باوەڕ و متمانە بە لێهاتوویی و توانای خۆیان پێك بێنن و باوەڕی کۆمەڵانی خەڵکیش بۆ لای خۆیان ڕابکێشن کە لە کۆمەڵ و بزووتنەوە نەخشی کاریگەریان هەیە. ژنان دەبێ هێزیان وەکاربخەن و غیرەت وەبەر خۆیان بدەن، بە هەموو شێوەیەک بۆیان دەکرێ بەشداری و پشتیوانی لە بزووتنەوە بکەن. لە پڕیارەکانی حیزبی پێڕەوی بکەن، ڕێبازەکانی حیزب لە دیفاع و خەبات بۆ مافی ژنان بکەنە ڕێبازی خەباتی خۆیان، بەو شێوەیە کە لە باری ڕێنوێنی دژی داب و نەریتی کۆن بە گوێرەی توانای خۆیان خەباتی بۆ بکەن. ژنان نابێ لە هیچ چەشنە خەباتێك، خۆ ببوێرن، دەست لە سەر دەست دانەنێن و نەڵێن خەبات کاری ئێمە نیە. ژنان دەبێ چاك ئەوە بزانن کە هەر شتێك تا بۆی تێنەکۆشن، عارەقی بۆ نەڕێژن سەخڵەت و کوێرەوەری بۆ نەچێژن، فیداکاری بۆ نەکەن بەدی نایت، ژنان بۆ ئازادی خۆیان، ڕزگاری کۆمەڵەکەیان، ڕزگاری گەلەکەیان، دەبێ شان بە شانی پیاوانی شۆڕشگێڕ، لە ڕیزی حیزبدا خەباتی بۆ بکەن. ژنانی شۆڕشگێڕ لە تانە و تەشەر و قسەی پڕو-پوچ ناسڵەمێننەوە نابێ بیش سەڵەمێننەوە. دەبێ قۆڵی بۆ هەڵماڵن ڕێی خەبات و تێکۆشانیان و ڕاستیەکان، بە کردەوەی خۆیان  بە کۆمەڵ بسەلمێنن. خەباتی ژنان بە پێ بارودۆخ و گەشەکردنی بزووتنەوەی کوردستان بە  ڕێبەرایەتی (ح.د.ک. ژ ڕێگای پەرەگرتنی خۆش بوە. ژنان نابێ ئەم دەرفەتە لە دەست بدەن، تا لە ڕەوتی پێشکەوتنی بزووتنەوە و کۆمەڵ بەجێ‌نەمێنن. ئازادی و گەیشتن بە ماف، خۆ کەس بۆ کەسی بە دیاری ناهێنێ، بەڵکو دەبێ هەرکەس لە ئاستی خۆی لە دەوری ڕێبازێکی سیاسی دروست و ئووسولی‌دا هەوڵی بۆ بدات. دەست بە ئەژنۆ دانیشتن زۆرتر لە داوێنی ژێر چەپۆکیدا دەمێنێتەوە.

خەبات و بەشداری کردن لە بزووتنەوەدا، سەخڵەتێکە، بەڵام ژیانی کۆیلەیەتی و ژێرچەپۆکی ناڕەوایی‌یەکانی کۆمەڵ دەیان و سەدان سەخڵەتی ژیانی ژنانە، خەبات بۆ لە نێوبردنی گیروگرفت و ناڕەوایی‌یەکانی ژیان، ڕێگا چارە بە مرۆڤی چەوساوە-دەدا لە  چەوسانەوە خۆی رزگار بکا.

ئێمە وەک نەتەوەی کورد دەمانەوێ خۆمان لە دواکەوتوویی و ژێرچەپۆکی ڕزگار بکەین، ئەمە کاری تەواوی کۆمەڵانی خەڵکە. دەبێ هەمووومان هەوڵی بۆ بدەین. خۆ تەنیا بە پیاوان ناکرێ، هیچ بزووتنەوەیەکی شۆڕشگێڕانە بێ بەشداری هەموو لایەنێکی کۆمەڵانی خەڵك بە تەواوی سەرناکەوێ، ژنانیش وەک نیوەی کۆمەڵ، بێ بەشداری ئەوان  بزووتنەوەیەکی ڕاستەقینە، ناتوانێ لەئارادا بێ.  ڕزگاری ژن و پیاو پێکەوە گرێ خواردوە. بە خەباتی هەموو لایەنەی هەر دوو لایان، دابیین و دەستەبەر دەبێ، لەم بوارەدا ئازادی ژنان لە ڕوخاندنی ڕژێمی دژی گەلی ئیسلامی و دابین-بوونی دیموکراسی لە ئێران و خودموختاری لە کوردستان دایە. بە گشتی مافی ژنان لە دابەزاندنی پێوەندییەکی کۆمەڵایەتی پێشکەوتوو لە کوردستاندا دابین دەبێ.

## ئامۆزش لە جووڵانەوەدا

مەبەست لەم باسە، دەرخستنی گرنگیی ئاموزش لە جووڵانەوە دایە. ڕوون بوونەوە لەم بارەوە، یارمەتیمان دەدا کە گرنگیی پێویست بە ڕادەی خۆی بۆ ئاموزش شۆرشگێرانە لە حیزب و جووڵانەوەکەمان لەبەرچاو بگرین.

ئاموزش وەک ئەرکێکی گرنگ و بنەڕەتی حیزبێکی سیاسی و شۆرشگێر لە جووڵانەوەدا دەبێ بخرێتە بەرچاو، ئاموزش واتا و نێوەڕۆکێکی گشتی هەیە، بەڵام لە هەر مەیدانێکدا بە ڕادەی پێویست، گرنگی مەبەست، نێوەڕۆکی جیاواز بە خۆیەوە دەگرێ. دەکرێ بە شێوەیەکی سادە و ساکار بڵێین ئاموزش بۆ مرۆڤ کەرەستەیەکی پێویستە بۆ گەیشتن بە ئامانجی دیارکراو: واتا ئاموزشی شۆرشگێرانە لە بۆ گەیشتن بە ئامانجی کۆمەڵە.

مەبەست لە ئاموزش لە جووڵانەوەدا، ئاموزشێکی شۆرشگێرانەیە و واتا پەروەردە و فێرکردنی هەستی فیداکاری و لە خۆبردوویی بۆ خزمەت بە حیزب و گەل و دابین-کردنی داخواز و ئامانجەکانی بزووتنەوە. ئاموزش ئەزموونی بە کردەوەی مرۆڤ لە کۆمەڵ دایە، فێرکردن و بارهێنانێکە بۆ مەبەستی دیاریکراو لە سەر بناخەی ئەزموونی ڕابردوو بۆ دابینکردنی ئامانجەکانی کۆمەڵانی خەڵک. بەگشتی دەتوانین بڵێین هەموو ئەزموونێك چە سەرکەوتوو، چە سەرنەکەوتوو بۆ شۆرشگێران ئاموزشێکە.

هەر جۆرە جووڵانەوە و شۆرشێک بە سەرکەوتن و سەر نەکەوتنیەوە، ئەزموون و ئاموزشێکی بە کەڵکی سیاسی و کۆمەڵایەتی‌یە بۆ کۆمەڵانی خەڵک لە ڕەوتی خەباتدا. کەڵک وەرگرتن و لە بەرچاوگرتنی هەر ئەزموون و ئاموزشێك بە هەلومەرج و بارودۆخی کۆمەڵایەتی و کات و جێگای بەکار بردنی پێوەندی هەیە و بەرنامەی فێرکردن وەک قانونێکی گشتی، دەبێ لەگەڵ هەلومەرج و ڕادەی گەشەکردنی کۆمەڵ لە هەموو مەیدانێکدا ڕێك بخرێ.

ئاموزشی سیاسی، سەرچاوەیەکی بنەڕەتییە بۆ پەروەردە و سازماندەهی کردن لە ڕێکخراوەیەکی سیاسی‌دا، وزە و توانای سیاسی و کۆمەڵایەتی و شۆرشگێری لە هەلسووران و دیسپلینی هەر ڕێکخراوەیەک لە ڕادەی تێگەیشتنی سیاسی و کۆمەڵایەتی ئەو ڕێکخراوە سەرچاوە دەگرێ. چوونەسەری ڕادەی شارەزای هەر کەس لە خەبات و تێکۆشانی سیاسی‌دا، بە پێی ئاموزشی سیاسی، حیزبی و سازمانی، دەچێتە سەرێ. بردنە سەری ڕادەی شارەزایی سیاسی و کۆمەڵایەتی هەر کادر و ئەندام و پێشمەرگەیەک، بە باشتر بەڕێوەبردنی کاروباری حیزبی و نیزیک بوونەوە لە سەرکەوتن یارمەتی دەکا. ئەوەی ئێمە بە سەرکەوتن دەگەیەنێ شارەزایی باش و دروست لە بەکارهێنانی ئووسوڵ و ستراتیژێک و تاکتیکێك لە شێوە جۆراوجۆرەکانی مەیدانی خەبات دایە. ئاموزش یارمەتیمان دەکا بۆ هەر گیروگرفتێك شێوە بۆچوونی تایبەت بە خۆی بۆ لابردنی بدۆزینەوە. ئاموزش سەرچاوەی پلەی پرنسیپی حیزبی و تەشکیلاتیە.

ئاموزش ئاکامی ژیریێژیی پەرەگرتنی داخوازییەکانی کۆمەڵە. بزووتنەوە، وەک دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی، پێویستی بە پەروەردە و فێرکردن هەیە، کە لە داخوازییەکانی بزووتنەوە و کۆمەڵ سەرچاوە دەگرێ. بزووتنەوەی گەلی ئێمە هەروەک بزووتنەوەی گەلانی دیکە، خۆی ئەزموون و ئاموزشێکی زۆر بەنرخە بۆ شۆرشگێرانی شێلگیری ڕێگای ڕزگاری. بەڵام لە ڕەوتی ڕووداوەکانی مێژووی

خەباتی گەلی ئێمە ئەوەیان بۆ دەرکەوێ کە شۆڕشگێڕانی خەڵکی کوردستان بە ڕادەی پێویست گرنگییان بە ئاموزش لە بزووتنەوەدا نەداوە. ئەم خاڵە خۆی ئەزموونێکە دەبێ لەبەرچاو بگیری و هەنگاوی بۆ هەڵگرین.

دەست پێکردنی جووڵانەوەی خەڵکی کوردستان بە شێوەی نوێ، واتا لە ژێر ڕێبەرایەتی حیزبی سیاسی و حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، گرنگێکی تایبەتی بۆ ئاموزش داناوە. بەڵام بە پێی هەلومەرج، حیزب لە ماوەی تێکۆشانی تا ساڵی 57 بە هۆی دواکەوتوویی کۆمەڵی کوردستان لە هەموو بارێکەوە و نەبوونی دەرفەت و ئیمکان، نەیتوانیبوو ئەم لاوازییە قەرەبوو کاتەوە و ئێستایش کە نیزیک بە 8 ساڵە خەباتی سەر لە نوێی خەڵکی کوردستان هەڵگیرساوەتەوە شوێنەواری ئەم لاوازییە بە ڕادەی بەرچاو ماوە.

ئاموزش، ڕێکخراوەی شۆڕشگێڕ لە هەڵسەنگاندنی بارودۆخی کۆمەڵ و دیاریکردنی بەرنامە و ئامانج، ستراتیژیک و هەڵبژاردنی تاکتیکی لەبار لە خەباتدا بە بیر و هێز دەکا. کەڵک وەرگرتنی دروست لە دەرفەتی لەبار بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی جووڵانەوە، لە ڕادەی تێگەشتووی و پلەی بەرزی ئاموزشی شۆڕشگێڕانە سەرچاوە دەگرێ. بە کورتی کاتێک دەتوانین لە کار و تێکۆشانی حیزبیماندا سەرکەوتوو بین کە تێگەیشتوو و پێگەیشتوو بین. ئەم فەسڵە لە خەبات و تێکۆشانماندا لە کارایی پەروەردە و فێرکردنمان بەدی دێ.

ئەگەر خۆمان لەگەڵ ئەم ئەسڵەدا، هەڵسەنگێنین بۆمان دەردەکەوێ هاوڕێیانی کادر و ئەندام و پێشمەرگەی حیزبەکەمان تا چە ڕادەیەک لەم بارەوە هەوڵیان داوە. بەداخەوە ئێستایش زۆر لە هاوڕێیانی حیزبی گرنگێکی ئەوتۆ بە کاری ئاموزش نادەن. ڕێبەری حیزب لە ماوەی 8 ساڵی خەباتی چەکدارانە، بە پێی هەلومەرج بە ڕادەیەکی بەرچاو لە باری فێرکردن و بارهێنان لە ڕێگای دانانی دەورە و سمیناری سیاسی و تەشکیلاتیی بۆ کادرەکان و پاشان دانانی زانکۆی سیاسی- نیزامی لە ساڵی 63 بەم لاوە بۆ کادر و پێشمەرگەکان بە گوێرەی توانای خۆی، هەوڵی بۆ داوە.

بەڵام ئاشکرایە لە بزووتنەوەیەکی سیاسی- نیزامی وەک بزووتنەوەی خەڵکی کوردستان تەنیا بەم شێوەیە کاری فێرکردن (ئاموزش)ی بە شێوەی دڵخواز و پێویست پێش ناچێ.

کاری ئاموزش لە جووڵانەوەدا بە گشتی دوو بەشە :

١. پەروەردە و فێرکردنی کادر و ئەندام و پێشمەرگە لە هەموو مەیدانەکانی سیاسی، کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی، نیزامی وتەشکیلاتی، بە گشتی شارەزابوون لە هەموو بوار و کەرەستەیەک بۆ بەکارهێنانی لە خزمەت بزووتنەوەدا.

٢. فێرکردن و بارهێنانی کۆمەڵانی خەڵك بۆ بەشداری و پشتیوانیکردن لە بزووتنەوە بە هەر شێوەیەک کە بۆیان دەکرێ. پێویستە هەر کام لەم دوو بەشە بە شێوەی خۆی و لە ڕێگای موناسب و لەباری خۆیەوە جێبەجێ بکرێ.

کاری ئاموزش لە شۆڕش و بزووتنەوە و حیزبدا وەک خۆراکی ڕۆژانەیە و تەنیا بە کاری بەشێك لە حیزب جێبەجێ نابێ. بەڵکو دەبێ تەواوی تەشکیلاتی حیزبی هەرکەس لە ئاستی خۆی هەوڵی بۆ بدا.

لە تەشکیلاتی حیزبیدا دەبێ وەک ئەرکی حیزبی و بزووتنەوە، کە لە پەیڕەوی نێوخۆی حیزبیشدا هاتووە، چاو لە فێرکردن و ئاموزش و بەڕێوەبردنی بکرێ. هەوڵدانی هەموو لایەنی تەشکیلاتی حیزبی لە باری ئاموزشەوە واتا گۆڕینەوەی بیرورا و ئەزموونی ڕۆژانەی مەیدانی خەبات و تێکۆشانی لە نێو یەکتردا، دەست نیشانکردنی خاڵە لاواز و بەهێزەکانی مەیدانی حیزبی خەبات و تێکۆشان، کەڵکوەرگرتن لە چەکی ڕەخنە و ڕەخنە لە خۆ بۆ بەرگری لە هەڵە و چەوتی لە ڕێگای تێکۆشان و پێشنیاری بەکەڵك لەو بارەوە لە جێگا و کاتی خۆیدا. بەرپەرچ دانەوەی بیر و ڕای چەوت و لێپرسینەوە بە کردەوەی دوور لە یاسای شۆرشگێری، هەست بە مەسئولیەت کردن سەبارەت بە ئاموزش لە حیزب و جووڵانەوەدا یەکێک لە ئەرکەکانە. هەروەها خوێندنەوەی گۆڤار و بڵاوکراوەکانی حیزبی و کتێب و ئەزموونی خەبات و جووڵانەوەی گەلانی دیکەی جیهان. خوێندەواریکردنی هاورێیانی نەخوێندەوار و بۆ ئەم مەبەستە پێکهێنانی ڕۆحی فێربوون و فێرکردن و دەستنیشان کردنی ئاموزش لە ژیانی حیزبیماندا. دووهەمین هەنگاو دانانی بەرنامەی فێرکردنی حیزبی بە پێی پێویستی و بارودۆخی خەباتی ئێستای گەلەکەمان و ئووسول و یاسایەک کە لە پەرەگرتن و پێشکەوتندا بێ. سێهەمین هەنگاو شێلگیر بوون لە سەر جێبەجێ کردنی بەرنامەی ئاموزشی حیزبیمان بە گوێرەی ئیمکان و وزە و توانامان.

فێرکردن و بارهێنانی خەڵك لە شۆرش و بزووتنەوەدا ئەرکی هەرە بنەڕەتی (ئەساسی) حیزبی شۆرشگێرە کە بە هۆی وزە و توانای فکری و کردەوە لە ڕێگای کاری ئاموزشی لە تەشکیلاتی خۆیدا بە لە بەرچاوگرتنی بارودۆخی کۆمەڵ و پلەی تێگەشتوویی کۆمەڵانی خەڵك، هەنگاوی بۆ هەڵدەگرێ. فێرکردنی ئاموزشی کۆمەڵانی خەڵك بۆ کەڵك وەرگرتن لە کەرەستە و ڕێگا و ڕێچکەی لەبار بۆ بەشداری لە خەبات و ڕزگاری خۆیان لە چەوسانەوە و زوڵم و زۆری نەتەوایەتی ، یەکێکیتر لە ئەرکی شۆرشگێرانەی حیزبە.

فێرکردنی کۆمەڵانی خەڵک بۆ بەشداری لە بزووتنەوەدا دەبێ لە سەر ئەساسی داخوازییە بنەڕەتیەکانیان کە بووەتە ئەزموون، بە لە بەرچاوگرتنی ئامانج و ستراتیژی تاکتیکەکانی حیزب و بزووتنەوە بێ.

لێرەدا مەبەست دەرخستنی گرنگی ئاموزش لە تەشکیلاتی حیزبی و نێو کۆمەڵانی خەڵك دایە، تەشکیلاتێکی سیاسی ئەوە کە دەتوانی لە باری ڕامیاری و کۆمەڵایەتییەوە کۆمەڵانی هەراوی خەڵک بۆ بەشداری لە شۆرش و بزووتنەوەدا هان بدا و یەکیان بخا و سازماندەهیان بکا، کە بنەیەکی پتەوی لە پەروەردە و فێرکردنی بەرچاو لە مەیدانی خەباتدا هەبێ. ئێمەش وەک حیزبێکی شۆرشگێر بۆ وەدیهێنانی داخوازییەکانی خەڵکی کوردستان، ئەرکێکی مێژوویی و کۆمەڵایەتیمانە. دەبێ پلەی ئاموزشی سیاسی و کۆمەڵایەتی حیزبیمان لە هەموو مەیدانێکدا بەرینە سەر تا بتوانین لە هەموو هەلومەرج و بارودۆخێکدا جووڵانەوەی گەلەکەمان باشتر لە جاران بەرەو پێش و سەرکەوتن بەرین، گەل چاوەڕوانی تێکۆشانی بێوچانی ئێمە لە هەموو مەیدانێك دایە. شارەزایی و زانیاری لەگەڵ تێکۆشانی بەکردەوەی حیزبی، ئێمە بە سەرکەوتن دەگەیەنێ.

زاگرۆس 66/3/10

## باسێك لەسەر ئەخلاقی شۆڕشگێڕی

شۆڕشکردن و هەوڵدان بۆ گۆڕانی کۆمەڵی کۆنە بە کۆمەڵی نوێ، کارێکی پڕ لە شانازییە و هەر لەوکاتەدا ئەرکێکی لە ڕادەبەدەر گرنگ و خەباتێکی گرێ و گوڵدار و درێژخایەن و دژوارە. تەنیا ڕێبوارێکی بەتوانا، دەتوانێ ڕێگای دوور و درێژی خەبات بە تەواوی گیروگرفت و هەوراز و نشێو و سەختییەکانی ببڕێ و بەتەواوی ئەرکی شۆڕشگێڕی خۆی بە جێ بگەیەنێ، کە بناخەیەکی پتەوی لە ئەخلاقی شۆڕشگێڕیدا هەبێ.

ئێمە کە هەموومان لە کۆمەڵێکی دواکەوتوو لە دایک بووین و پەروەردە کراوین، لە بیرکردنەوە و ئاکار و کردەوەمان فرە یان کەم شوێنەواری دواکەوتوویی کۆمەڵەکەمان لەگەڵ خۆمان هێناوە. نالەبارترین نیشانەی کۆمەڵی دواکەوتوو، تاکگەرایی، خۆویستی و نەزانینە، تاکگەرایی بەراوژووی ئەخلاقی شۆڕشگێڕی‌یە، شوێنەواری تاکگەرایی لە هەوەڵین کاتدا گەشە دەکا و شوێنەواری خراپ لە سەر تایبەتمەندییەکانی شۆڕگێڕی دادەنێ و دەبێتە کۆسپێکی وا کە بە دڵ و گیان بۆ ئامانجەکانی بزووتنەوە و شۆڕش خەبات نەکەین.

بۆ سڕینەوەی شوێنەواری خراپی کۆمەڵی کۆن و بارهێنانی تایبەتمەندی شۆڕشگێڕی، پێویستە بە شێوەیەکی شێلگیرانە موتاڵا بکەین و بۆ خۆپەروەردە کردن و ئیسلاحی خۆمان هەنگاو هەڵهێنین تا بتوانین لە سەر ئەم بناخەیە بەرەو پێش بچین، بێجگە لەم ڕێگایە ڕێگایەکی دیکە نیە، ئەگەر وا نەکەین لە ڕەوتی بەرەوپێش چوونی کۆمەڵ بەجێ دەمێنین. لێرەدا مەبەست ئەوە نیە کە تەنیا بە چوون بۆ قوتابخانە و بەشداری لە دەورەی فێرکردندا، دەتوانی موتاڵا و خۆپەروەردە و ئیسلاح بکەی، بەڵکو دەتوانی لە هەر تێکۆشانێکی شۆڕشگێڕی لە کۆمەڵدا ورد بیتەوە(موتاڵا) و خۆپەروەردەبکەی و زۆر پێویستە وایش بێ، هەموو بوارێکی گۆڕەپانی خەبات قوتابخانەی بەرزن کە دەکرێ تیاندا، تایبەتمەندیەکانی شۆڕشگێڕی بە دەست بێنی و لە ڕاستیشدا تەنیا لەم ڕێگایەوە بە دەست دێ.

ئەو کەسانەی تایبەتمەندی شۆڕشگێڕییان هەیە، لە سەختی و تاڵی‌یەکانی ڕێگای خەبات دوودڵی لە خۆیاندا ڕێگا نادەن، لە سەرنەکەوتنەکانی ترسیان نیە، لە بیروباوەڕ و کردەوەدا دوودڵ نین، هەنگاوێك لە بیروباوەڕ و ئامانجیان پاشەکشە ناکەن. شۆڕشگێڕانی ڕاستەقینە، قازانجی خۆیان فیدای قازانجی حیزب و شۆڕش و بزووتنەوە و کۆمەڵانی خەڵک و بە گشتی مرۆڤایەتی دەکەن و هیچ کات لەوە دووگومان نین و تەنانەت ئەگەر پێویست بێ، گیانی خۆشیان فیدا دەکەن. ئەمەیە واتایەکی ڕوون و پڕ بەپێستی ئەخلاقی شۆڕشگێڕی.

ئەو کەسانەی ئەخلاقی شۆڕشگێڕییان هەیە، مرۆڤی سادە و خاکی دەمێنەوە و ئامادەن لەگەڵ زۆر هەوراز و نشێوی پڕ لە مەترسی بەرەوڕووبن، ئەو کەسانە کە تەنانەت کاتێك لەگەڵ هەلومەرجێك بە ئاواتی خۆیان و بۆ وەدەست هێنانی سەرکەوتنێك بەرەوڕوو دەبن، لە کەسانی دیکە پتر لە نرخی کارەکە دان و دوای ئەوە لە فکری داهاتوو دان، لەم بیرە دان کە چۆن ئەرکی خۆیان بە شێوەیەکی ڕێکو-پێك جێبەجێ بکەن، نەک ئەمە کە گەورەترین پاداش بۆ خۆیان بەدەست بێنن.

مرۆڤی شۆڕشگێر، لـــە خۆهەڵکێشان، بـــە تایبەت لە دەستکەوتەکانی ڕابردوو و ئیدیعای ئیمتیازاتی تایبەتی و خۆگرتن و شێوەی ئیداری و خۆبەزلزانین و بەدبینی و فەساد، دووری دەکا. ئەخلاقی شۆڕشگێری بریتیە لەوە ژیانی خۆت بە کاری خەبات بۆ بزووتنەوە و شۆڕش، بۆ حیزب تەرخان بکەی، بەو پەڕی لێهاتوویی بۆ حیزب تێبکۆشی، نەزم و دیسپلین بپارێزی و سیاسەت و ڕێبازەکانی حیزب بەڕێوەبەری. قازانجی حیزب و کۆمەڵانی خەڵکی لە پێش چاو بێ، نەک قازانجی خۆی، بە گیان و دڵ خزمەت بە خەڵك بکا، خەبات و تێکۆشانی بۆ حیزب و خەڵك، بێ لەبەرچاوگرتنی قازانجی خۆی بێ. هەموو کاتێک موتاڵای شۆڕشگێری بکا و تێبکۆشێ بە کەڵک وەرگرتن لە ڕەخنە و ڕەخنەگرتن لە خۆ بە مەبەستی گەشەکردنی ڕادەی بیروباوەڕ و پلەی شارەزایی سیاسی و کۆمەڵایەتی و باش بوونی کار و تێکۆشانی خۆ و بەرە پێشچوونی لەگەڵ هاوڕێیانی، بەرەوپێش بچێ. مرۆڤی شۆڕشگێر دەبێ بە کۆمەڵانی خەڵك پشتئەستور بێ تا بتوانێ لە سەر ئەم بنەڕەتە بۆ ئامانجەکانی خەڵک بە تەواوی هەست و وجودیەوە خەبات بکا.

ئەو کەسانەی کە ئەرکی پێ ئەسپێردراویان لە لایەن تەشکیلات بە مەیلی خۆیان جێبەجێ دەکەن و بە بۆچوونی خۆیان کارەکان بەڕێوە دەبەن و بە سەرکەوتنەکان لە ڕادە بەدەر دڵخۆش دەکەن مەبەستیان لەو کارە خۆش گوزەرانییە و لەهەستی شۆرشگێریی دووری دەکەن، چالاکی وزە و لێهاتوویی تایبەتمەندییەکانی شۆڕشگێڕییان تووشی نەخۆشی دەبێ و ئەم ئەسڵە بنەڕەتییە لە بیر دەبەنەوە، کە هەڵسەنگاندنی کاری شۆڕشگێرێک باوەڕ و ئیرادەی شێلگیری ئەو لە خەبات بە درێژای تەمەنی بۆ کۆمەڵانی خەڵک، بۆ شۆڕش، بۆ بزووتنەوەیە. ئەخلاقی شۆڕشگێریی لە هەلومەرجێکدا بریتیە لە خەباتی شێلگیرانە دژی تەواوی دوژمنانی گەل و بزووتنەوە و شۆڕش، پاراستنی هۆشیاری بە ئامادەبوون بۆ بەربەرەکانی و دووریکردن لە تەسلیم بوون و چۆکدادان، تەنیا پشتئەستوری بە جێبەجێ بوونی ئەم پەسنانە دەکرێ. دوژمن لە نێوبەری و ئەرکی شۆڕشگێریی بە کردەوە بە ئاکام بگەینی. کردەوەی ئەندامانی حیزب یان ڕێکخراوی سیاسی شوێنەوارێکی یەکجار گەورەیان لە سەر توێش و بزووتنەوە هەیە. چون لە نێو جەماوەری خەڵکدا ئەوان شوێنەواری فراوان بەجێ دەهێڵنەوە، ئەوەی کە دەستەیەک لە هاوڕێیان بە مەیلی خۆیان دەیانەوێ هەر کارێک بکەن و ڕێگایەکی جیا لە ڕێبازی تەشکیلات و دسیپلینی حیزبی بگرنە بەر، کردەوەی ئەوان چە بە شێوەی هەلی و چە بەشێوەی دڵخواز، بە پرنسیپ و ئێعتباری حیزب زیان دەگەیەنێ، بەرگری لە کارکردن دەکا و دەبێتە کۆسپی سەر ڕێگای پێشکەوتن. کاتێک تەواوی ڕێباز و بڕیار، بەرنامە و سیاسەتەکانی حیزب لە خزمەتی قازانجی خەڵک دایە و ئامانجی دابین‌کردنی ئاوات و ئارەزووەکانی کۆمەڵانی خەڵکە، لە سەر ئەم بنەڕەتە ئەخلاقی شۆڕشگێری بۆ ئەندامێکی حیزب بریتی‌یە لە بەڕێوەبردنی شێلگیرانەی ئەرکەکانی حیزبی، هەرچەند دژوار و سەخت بێ، تا لە کار و ژیاندا بۆ کۆمەڵانی خەڵک ببنە سەرمەشق. هەر ئەندامێکی حیزب، پێویستە لە پێناوی حیزب و خەڵکدا هەستی بە بەرپرسیاریەتی خۆی بەرز کاتەوە، دژی دوژمنانی حیزب و گەل وەک تاک و کۆ هەڵویست بگری و بە شێوەیەکی شێلگیرانە لە ژیاندا خەبات بکا و ساتێ لە چالاکی وچان نەدا. ئەندامی حیزب بە ناوی حیزب

نوێنەرایەتی قازانجی کۆمەڵانی خەڵکی بە ئەستۆیە، لەم بارەوە قازانج و زیانی ئەو لە زیان قازانجی حیزب و گەل دایە، نەک جیا لەو، سەرکەوتنی حیزب و گەل، سەرکەوتنی خەباتگێرانەی هەموانە، هەر کەس جیا لە حیزب و خەڵک تێکۆشانی هەبێ. هەرچەند لێهاتووش بێ، هیچ شتێک وەدەست ناهێنێ.

ئەخلاقی شۆڕشگێری بۆ ئەندامی حیزب، بریتییە لە قازانجی حیزب کە لە هەموو هەلومەرجێكدا لە هەر شتێکی دیکە بەرزتری بزانێ و لەبەر چاوی بگرێ. ئەگەر قازانجی تاکەکەسیی لەگەڵ قازانجی حیزب لە ناکۆکی دابوون، دەبێ قازانجی حیزب لە بەرچاو بگیردرێ. ئەو ئەندامانەی حیزب کە ئەخلاقی خۆیان لە باری تاکگەراییەوە نەپاڵاوتووە و لە خۆیاندا نەیان کوشتووە و لە خزمەتی خۆیاندان، بە حیزب خۆ هەڵدەکێشن و خوازیاری ئەوەن کە حیزب قەدردانی لە ڕادەبەدەریان لێ بکا و لە ئەحواڵ و شانازی و پلە و پایە قازانجی حیزب کەڵکی فرە وەرگرن، هەرکات داخوازییەکەیان جێبەجێ نەبێ، نەزەریان سەبارەت بە حیزب دەگۆڕدرێ. هەراو هوریا وەڕێ دەخەن کە داهاتوویێکیان نیە و قوربانی بوون. بەرە بەرە لە حیزبدا پاشەکشە دەکەن و لەمە خراپتر لە سیاسەت و دسپلینی حیزبیدا، پێنەزمی نیشان دەدەن. ئەمانە شوێنەواری لاوازی ئەخلاقی شۆڕشگێرین کە پێویستە بە توندی و لێبڕاوییەوە بۆ لە نێوبردنیان بە تەواوی و بە شێوەیەکی بێوچان خەبات بکەین. لە ڕەوتی خەباتی گەلەکەماندا، زۆر کادر و پێشمەرگەی حیزبەکەمان لە تەواوی مەیدانەکانی خەباتدا بەو پەڕی لە خۆبردووییەوە لەگەڵ هەموو چەشنە سەختی و تاڵی و سوڵییەکدا بەرەرەکانیان کردووە، گیانی خۆشیان بۆ حیزب و گەل فیداکردووە و چاوەڕوانی هیچ پاداش و سوپاسێك نەبوون، ئەوانەیان بە ئەرکی پیرۆزی خۆیانیان زانیووە، کاتێك تێکۆشان و خزمەت بە حیزب و گەل ئەرکی شۆڕشگێرە، پاداشی ناوێ، پاداشی شۆڕشگێڕ سەرکەوتنی گەلە. ئەو هاوڕێیانەی کە دەزانن هێندێك لە هاوڕێکانیان تووشی هەڵە بوون و خەڵک بە ڕێگایەکی هەڵەدا دەبەن، پێویستە بۆ پێشگیری لە هەر چەشنە هەڵەیەک ، هەوڵ بدەن و ڕێگا نەدەن هەڵە چکۆلەکان لە سەر یەک کۆببێتەوە، ڕەخنە و ڕەخنەگرتن لە خۆ بە شێوەی دۆستانە بە کار بەرن. ئەم کارە، دەبێتە هۆی ئەوە کە هەمووان پێکەوە بەرەو پێش بچن و کەم و کورییەکان لە ناو بەرین. حیزبی ئێمە لە ماوەی 42 ساڵ لە گۆڕەپانی خەباتدا، سەرەڕای دیکتاتۆری و سەرکوت کردن، لەگەڵ گیروگرفت و مەترسی زۆر بەرەوروو بووە. بە تێپەڕبوونی هەر ڕۆژێك لە ڕەوتی خەباتدا بەرەو پێش چووە و گەشەی کردووە، بزووتنەوەی گەلەکەمانی ڕێبەری کردووە. خاڵێکی بەرچاو کە لە چەکی کاریگەری ڕەخنە و ڕەخنەگرتن لە خۆ و ئەزموونەکانی مەیدانی خەبات سەرچاوە دەگرێ، بۆ هاوڕێیانی حیزبی بناخەی ئەخلاقی شۆڕشگێرییە.

ئەو دەستە لە ئەندامانی حیزبی کە ناتوانن خۆیان لە گیرۆدەی تاکگەرایی ڕزگار بکەن، خۆبەزلزانن و خودرەیی دەبن و سەبارەت بە لێهاتوویی خۆیان خۆهەڵدەکێشن. لە کاتێکدا، ئێراد لە خەڵکی دەگرن و تانە و تەشەر بە خەڵکی دەڵێن، پێیان خۆش نیە بکەونە بەر ڕەخنەی کەس و لە ڕەخنەگرتن لە خۆ دووری دەکەن. یان بە لێبڕاوی و جددیەت و نیازپاکییەوە، ڕەخنە بە کار نابەن و گوێ لە بیرورای خەڵک ناگرن، بۆ هاوڕێیەکانیان ڕێز و حورمەت دانانێن، نازانن تووشی هەڵە بوون لە کاردا شتێکی سەخت نیە، بەڵکوو دووری کردن لە هەڵە لە تێکۆشانی و

کاردا، شتێکی دژوار و ئەستەمە. ئێمە نە تەنیا لە هەڵەی ئێحتمالی بەڵکوو لە کۆتاییکردن بۆ لە نێوبردنی شیلگیرانەیان، دەبێ ترسمان هەبێ. بۆ لە نێوبردنی هەڵەکان، پێویستە گوێ بە ڕەخنەی کۆمەڵانی خەڵک بدەین، لە خۆ ڕەخنە بگرین، ئەگەر وا نەبێ لە ڕەوتی پێشکەوتن بەجێ دەمێنین، بێگومان ئەگەر ئەرکی خۆمان بە باشی بەجێ نەگەیەنین، بێ ئەملاوئەولا کۆمەڵانی خەڵک وەلامان دەنێن، ئەمە ئاکامی دووری نەکردن لە تاکگەراییە وهەوڵدانە بۆ پەروەردەکردنی ڕۆحی ژیانی بە کۆمەڵ.

هێزی کۆمەڵانی خەڵک زۆر و لەبن نەهاتوویە، بۆ ئەوەی لە خەباتدا سەرکەوێین، دەبێ بە هۆی حیزبێکی سیاسییەوە ڕێبەری بکرێین، هەر لەو کاتەدا بۆ سەرکەوتنی بزووتنەوە و شۆرش، حیزب دەبێ لە پێناوی وەدیهێنانی ئامانجی کۆمەڵانی خەڵکدا، رابۆستی،وەکاری بۆبکا . بە تێروانینی دروست کۆمەڵانی خەڵک ڕێک بخا، سازماندەهی و ڕێبەرییان کا.

ئەخلاقی شۆرشگێری لە سەر ئەم بنەڕەتەیە کە حیزب لەگەڵ کۆمەڵانی خەڵک لە یەک پەیکەردا یەک بگرێ. متمانەیان پێ بکا و بۆ بیر و باوەڕیان ڕێز دابنێ و سەرنجی بدا. ئەندامان و کادر و پێشمەرگە و لایەنگرانی حیزب، دەبێ بە پشتئەستوری گونجاو و کردەوەی خۆیان متمانە و ڕێز و حورمەت و خۆشەویستی گەل نیسبەت بە حیزب ڕاوێنن و لە دەرەوەی حیزب بە شێوەیەکی پتەو و چالاکانە یەکیان خەن و سازماندەهییان بکەن، ئاموزشیان بدەن و ئامادەیان بکەن تا بتوانن سیاسەت و بڕیارەکانی حیزب بە هەستەوە جێبەجێ بکەن. ئەو هاورێیانە کە پێیان خۆش نیە لە خەڵك شت فێرببن بەڵکوو دەیانەوێ ماموستا بن، لە بەئەستۆ گرتنی بەرپرسایەتی لە کاری تەبلیغی و فێرکردن لە نێو کۆمەڵانی خەڵکدا کەمتەرخەمی نیشان دەدەن. شێوەی ئیداری و دەستور دانیان پێ خۆشە، ئەمە دەبێتە هۆی ئەوە کە خەڵک متمانەیان پێ نەکەن و ڕێز و حورمەت و خۆشەویستیان دەرحەق بەوان دەرنەبڕن و لە ئاکامدا هیچ کارێکی وایان لە دەست نای و زەرەر بە تێکۆشانی حیزب دەگەیەنن. پێویستە دژی ئەو شێوە بیر و بۆچوون و کردەوانە بە لێبڕاوییەوە، خەبات بکەین. خەبات دژی تاکگەرایی لە ژێرپێنانی قازانجی فەردی نیە. هەرکەس خەسڵەت و هونەر و ژیان و تایبەتمەندی بنەماڵەی تایبەت بە خۆی هەیە، کاتێك قازانجی تاکیی دژی قازانجی گشتی نەبێ، زیانێکی نیە، بەڵام پێویستە ئەوەمان لە پێش چاو بێ کە تەنیا لە پێناوی قازانجی گشتیدا. هەر کەس دەتوانێ ژیانی تایبەتی خۆی بەرەو پێش بەرێ و شەخسیەتی خۆی گەشە پێ بدا. تەنیا کاتێك قازانجی گشتی دابین بێ، قازانجی تاکیش بە گشتی دابین دەبێ. قازانجی تاکیی لەگەڵ قازانجی گشتی پێوەندی نیزیکیان هەیە. ئەگەر لە نێوانیاندا ناکۆکی بێتە پێش، ئەخلاقی شۆرشگێری بڕیار دەدا، کە قازانجی تاکیی بۆ قازانجی گشتی ملکەچ بکا.

کاری شۆرش و بزووتنەوە هەزاران ئەرکی گران و دژوار دەگرێتەوە، بۆ ئەوە بتوانین تەواوی بارودۆخی مەیدانەکانی خەبات هەڵسەنگێنین و کەم و کوری-یەکانی بە ڕوونی بخەینە بەرچاو بابەتی جۆراوجۆر بە شێوەیەکی دروست چارەسەر بکەین، پێویستە بۆ بردنە سەری پلەی ئاموزش و زانیاری سیاسی و کۆمەڵایەتی شۆرشگێرانەی خۆمان، تێبکۆشین. تەنیا بە جێبەجێ بوونی ئەم ئەسڵە دەتوانین

بناخەی ئەخلاقی شۆڕشگێری خۆمان پتەو بکەین و پەرەی پێبدەین و جێگا و نەخشی کۆمەڵایەتی خۆمان بپارێزین. ڕادەی تێگەیشتنی سیاسی خۆمان بەرز کەینەوە و ئەرکی پێ سپێردراو لە لایەن حیزبەوە، بە تەواوی و بە ڕێکوپێکی بە کردەوە جێبەجێ بکەین، پێویستە بۆ ئەوەی کردەوەی دروستمان هەبێ، فێر بین و موتاڵا بکەین. موتاڵا و لەبەر کردنی وشە، ناتوانێ خزمەت بە مرۆڤ بکا، بەڵکوو پێویستە بە شێوەیەک موتاڵا بکەی کە بتوانی ئەوەی فێری دەبی، لەگەڵ هەلومەرج و بارودۆخدا ڕێکی بخەی و بە شێوەی لەباری ئەو بارودۆخە کەڵکی لێوەرگری. ڕێک نەخستنی زانیاری لەگەڵ بارودۆخ و زانیاری خۆ بە ڕووی کەسدا کێشان ومەزەنخۆازی، نیشانەی تاکگەراییە، فەردگەداییە. خۆبەزلزانی نەخۆشییە و جێی مەترسییە. بەڕێوەبەری وەک شێوەکاری ئیداری و دەستوردان و ئەمر و نەهی کردن لە کاردا، تاقمگەرایی، و بیرتەسکی، زەینگەرایی، فەساد، خەرجی بێرەویە لە راپەڕاندنی کاری حیزب و گەلدا وەک فەساد خۆ دەنوێنێ. هەموو نەخۆشییەک لە کۆمەڵدا، ڕیشەی کۆمەڵایەتی هەیە و ڕێگاچارەی بنەڕەتی هەر نەخۆشینێک لە کۆمەڵدا، ئاڵوگۆری کۆمەڵایەتییە بە لایەنی ئەرینیدا. تاکگەرایی وەک نەخۆشینێکی کۆمەڵایەتی و دژی پێشکەوتنە، دژی دێموکراسی و دادپەروەرییە. شۆڕشگێڕان پێویستە خۆیان لێ دوورخەنەوە و بۆ لە نێوبردنی هەوڵ بدەن. خۆویستی و هەڵە، دوژمنی شۆڕشگێڕە و لە بن دەستی مرۆڤدا خزمەت بە دوژمنانی کۆمەڵانی خەڵک دەکا. با تەواوی کادر و ئەندام و پێشمەرگەکانی حیزب، هۆشیارانە ژیانیان لە ڕێگای خزمەت بە حیزب و گەلدا بەخت و فیدا بکەن. ئەمەیە تایبەتمەندی بنەڕەتی شۆڕشگێری، ئەمەیە ئەخلاقی شۆڕشگێری، ئاوایە ڕۆح و هەستی حیزب و گەلێکی شۆڕشگێڕ، کە سەرکەوتنی حیزب و گەلیش دابین دەکا. ئەخلاقی شۆڕشگێری بە هۆی خەبات و تێکۆشانی شیلگیرانە، بەهێز دەبێ و گەشە دەکا. ئەخلاقی شۆڕشگێری وەک بەردی پەشم وایە، هەرچی فرەتر ساف دەبێ، پرشنگدارتر دەبێ. چە شتێك دەتوانێ گەورەتر لە بارهێنانی شۆڕشگێری تاک سەرچاوەی بەختیاری و شانازی بێ، تا بتوانێ بۆ ڕزگاری گەلەکەی، بۆ ڕزگاری کۆمەڵانی زەحمەتکێش، بۆ ڕزگاری مرۆڤایەتی و لە نێوبردنی چەوساندنەوەی مرۆڤ، بەشی گەورەتر وەدەست بێنێ و ئەرکی خۆی بەجێ بگەیەنێ.

زاگروس 66/5/10

## ناسین

مرۆڤ، بەشیک لە بوونی بێ لێوارە، و بە ناچار بەستراوەتە بە بەشەکانیتری بوونەوە و لەگەڵیان پێوەندی هەمیشەیی هەیە. ئەگەر بوونی بێ مرۆڤ، ناو بنینە"سرۆشت"، ئەتوانین بێژین، مرۆڤ و سرۆشت، هاورەگزن و هەمیشە شوێن لەسەر یەکتر دادەنێن. لە رەوتی ژیانی هەر مرۆڤێکدا، پێوەندیگەلی بەگرێ و گوڵی زۆر لە نێوان ئەو و ژینگەدا(سروشت و مرۆڤەکانی دی) دادەمەزرێ. ئەم پێوەندیگەلە کە مرۆڤ بە سرۆشت و مرۆڤەکانیترەوە پیوەند دەدەن، هەرکە لە ئورگانیزمی لەشەوە رەنگیان دایەوە، ناوی"زەین" بە خۆیانە وەدەگرن.

ئورگانی لەشی مرۆڤ، لە سەرەتای کارەوە، تەنیا دەتوانێ چالاکیگەلی ساکار لە خۆی نیشان بدا. ئەمانە، کە کردەوەگەلی زکماکی یان غەریزین، نیسبەت بە گۆڕانکاریگەلی ژیانی تاکی مرۆڤ، بێ نەگۆڕ، خۆ نیشان دەدەن. سەرەرای گشت ئەمانە، لە رەوتی کاتی درێژدا، بە پێی دۆخی ژینگە، کەم و زۆر گۆڕانیان بەسەردا دێ.
بەرەورووبوونی ئۆرگانیزمی لەشی ئینسان لەگەڵ دەوروبەر، سەر ئەکیشێتە لای ئاڵوگۆری ھەردووکیانەوە، دەوروبەر، بە ھۆی کاری ئینسانی دەگۆڕدرێ، مرۆڤ بە ھۆی بزوێنەری دەوروبەر، گەشە دەکا و کردەوەی خۆرسک (غەریزەیی) بە شێوەی کاردانەوەی مەرجی یان کارکردی ناخۆرسک (غیرە غەریزەیی) دەردێ. ناسین، ئاکامی ئەم کار و کاردانەوە یانەیە.

## قۆناخەکانی ناسین:

ناسین، خاوەن دوو پلەیە، پلەی ھەست پێکردن (حسی) و پلەی ژیربێژیی (منطقی). لە پلەی ناسینی حسی بزوێنەرە- کانی ژینگە (محیط) لە ڕێگای ھەستەکان (حواس) لە سەر ئۆرگانیسمی لەش شوێن دادەنێن. بزوێنەری ژینگە، لە سەرەتاوە، بە شێوەی ناڕوون لە مێشکدا رەنگ دەداتەوە و بەمە دەگوترێ" ھەستکردن". پاشان بە شێوەی دیاریکراو دەردێ و دەبێتە ئیدراك، واتە دەرك دەکرێ. ئینسان بە ھۆی ئیدراك، لە چەند لایەنی دیاردەیەکی بچوك (جزئی) ئاگادار دەبێ. ئیدراك بە پسانی بزوێنەری دەرەوە، لە بەین دەچێ، بەڵام شوێنەواری ئەو دەبێتە ھۆی بوونی شكڵ و شێوەیەکی زەینی. شکڵە زەینییەکان، ئەگەر بە پێی بزوێنەرەکانی ژینگە بە شێوەی ئەسڵی خۆیان سەرھەڵ بدەنەوە، وەبیر ھێنانەوە بە دەست دێ و ئەگەر لەگەڵ ڕوخساری گۆڕدراو سەرھەڵ بدەنەوە، خیاڵ (تخیل) پێش دێ.
ئورگانیسم، ھەمیشە لە بەرانبەر دەرك کراوەکاندا و ھەروەھا لە بەرامبەری نیگارەکانی زەینی، کاردانەوە لە خۆی نیشان دەدا و شێوەیەك بە خۆی دەگرێ کە لە عورفدا، ناوی دەروونناسی عاتیفەیە.
لە پلەی ناسینی ژیربێژیی (منطقی)دا، ئیدراکەکان یان شکڵ و شێوەکانی زەینی کە نوێنەری ئاشکرای جوزئی دنیای دەرەوەن، بە ھۆی بەرەورووبوون لەگەڵ ئیدراکات یان نیگارەکانی پێشتری زەینی، ھەڵسەنگاندن و ردەبەندی دەکرێن. دوایی رەگەزە تایبەتی و بە دەگمەنی (ئیستثنائی) ئیدراك یان نیگارەکان لە بەین دەچن و رەگەزی ئەسڵی و گرنگی ئەو، بە شێوەی ناوەند مەداری خۆ دەنوینێ. لە ئاکامدا، ئیدراك یان نیگارەی چوکی سەرەتایی کە ھی یەکێك لە دیاردە ڕوونەکانە و بریتیە لە ڕوومەتی ئەو شتە، بە یاری نیگارە یان ئیدراکەکانی پێش، قووڵ دەبێ و بەرە بەرە، لە ژێر ناوێکی گشتیدا خۆی دەنوێنێ و ئەساس و نێوەڕۆکی ئەو شتە یان وەك ئەو، نیشان دەدا. ئیدراك و نیگارە، دوای تێپەڕکردنی ئەم رەوتە، پێدەگوترێ "مەفھوم یان چەمک" لە بەرەورووبوون و پەرەگرتنی چەمکەکان، ئەو جار لە پلەی یەکەمدا، حوکم و لە دواییدا ئیستنتاج (ئاکام وەرگرتن) بەدەست دێ. حوکم راگەینەری پێوەندێکی تا ڕادەیەك دوور و قووڵی راستییە و ئیستنتاج لە کۆبوونەوەی

حوکمە جۆراوجۆرەکان و گەیشتن بە حوکمێکی گشتیتر بەدی دێ ئەمەش ناوی (ئیستقرا یان گوندگەڕیی)یە.
ئەو حوکمە بەرێنانەترە بە هۆی لێکچوونێک کە بە حوکمەکانی دیکەی پێشتری زەینی هەیانە، ئەو حوکومگەلە لە بەر دەگرێ. بەم هۆیە دیقەت و ڕەوانی یان ڕوونێکی زۆرتر پەیدا دەکا و دەبێتە (قیاس).
بەم پێیە گوندگەڕیی بریتییە لە گەیشتن لە نمود یان دیاردەگەلی (جزئی)، بە چەمکێکی گشتی ، و قیاس بریتییە لە وەبەرگرتنی چەمکی گشتی، بە سەر واتاگەلی ئەودا و ئەمانە لە هەر ئیستنتاجێکدا دەوریان هەیە و لە یەك جیا ناکرێنەوە.
دوای ئاکام وەرگرتن، ئورگانیسم لایەنی دیاریکراو بە خۆی دەگرێ و بە ناو "دەخوازێ" و بە هۆی ئەو، بە تێکۆشانی درێژە دەدا، لەم بارەدا دەکرێ بگوترێ کە کردەوە، سەرەتا و کۆتایی ناسینە و ژیانی زەینی، مەودای نێوان ئەم دووانەیە.

ناسین بە دوو شێوەیە، ناسینی پلە بە پلە و، ناسینی لە ناکاو.
پلەی یەکەمی ناسین (ناسینی هەستی)، بە کردەوە سەر ئەکێشیتە لای ناسینی پلەی دووەم واتا ناسینی ژیریێژیی. بەڵام لە ژیانی ڕۆژانەدا، زۆرجار، لە نیوان ئەم دووپلەدا، مەودا دروست دەبێ یان لە بنەرەتدا، ناسین لە پلەی یەکەم، تێناپەڕێ. سەرەرای ئەمە، ڕەوتگەلی هەر پلە، وەک یەک بە توندی، تێناپەڕن. ئیدراک، جاری وایە درەنگ و جاری وایە زوو، وەدەست دێ. جاری وایە سۆز یان عاتێفە، بە پەلە دەڕوا و جاری وایە، ئیدراک پێش عاتێفە دەکەوێ. ڕەوتگەلی ناسین جاری وایە، بە ڕێکوپێکی تێپەڕ دەبن و جاری وایە لە یەکێکیاندا، ڕاوەستانێک دێتەپێش. لەوانەیە یەکێک دوای ئیدراکی دیاردەیەک، نەتوانێ ئاکام وەرگرێ و دوای ماوەیەکی درێژ، لە نەکاو لە خەو یان بێداریدا، ئاکام وەرگرێ. بەم شیوە لەوانەیە کەسێک لە بابەتێکدا بە پەلە، ڕەوتە جۆراوجۆرەکانی ناسینی بابەتێکی بەگرێوگول، تێپەڕبکا و بگات بە چارەسەرکردنی، لەوانەشە لە بابەتگەلی دیکەدا، توانای ئەنجامدانی ئەم کارەی نەبێ...
ناسینی لە ناکاو چە هۆگری توندکارکردنێکی بە دەگمەن چە ئاکامی دوایی، تیرامانگەلی پێشتر بێ، لە ڕوانگەی ئەوانەوە، پەرجۆ (معجزە) بینن، کردەوەیەکی ڕەوشت شکێنە. بەم جۆرە خەڵک، پێیان وایە ناسین دوو شێوەیە: هۆشیاریی و تیشکدانەوە. بە گومانی ئەمانە، ناسینی هۆشیی ئاکامی هەستکردنەکان و ئیدراکات و ئاکام وەرگرتنە و ناسینی تیشکدانەوە ناسینێکی لە نەکاو لە جیهانی هەستکردن دوورە. و تەنیا بە یارمەتی بەندەگیکردن یان گۆشەگیریی، بەدەست دێ. خافڵ لەوە، ناسینی لە نەکاو، لایەنێک لە ناسینی پلە بە پلەیە، بەم جیاوازییە کە پلەگەلی پێشەکی ئەو، بە پەلە تیپەڕ دەبێ یان لە نێوان پێشەکییەکان و ئاکامی دوایی ئەودا، مەودا دروست دەبێ.

## ناسینی ئیدراکی و ناسینی عاتێفی.

هەر ناسینێک، خاوەن دوو ڕەگەزی ئیدراکی و عاتێفییە. لەبەر ئەوە ناسین، ئاکامی بەرەورووبوونی ئورگانیسم و ژینگەیە، بە ناچاری هەردووکیان لە پێک



هەوڵنامەی پێنج

هێنانیدا دەوریان هەیە. هەم لە دیاردە دەرەوەییەکان، خەبەر دەدا و هەم لە دیاردەکانی بارودۆخی دەروونی. ئیدراك، ڕەنگدانەوەی ڕاستەقینە (واقعیت) دەرەوەیە و عاتێفە لە کاردانەوەی ئینسان لە بەرانبەر ئیدراکدا دروست دەبێ. ئەمە نیشانەی زیندووبوون و ئاکتیڤبوونی ئۆرگانیسم لەشی مرۆڤە.

عـاتێفەکان، نیشان دەدەن کە زەین، ناچالاک نیە و پێوەندیگەلی زەینی مرۆڤیی، لە وینەگەلی مردوو و ماشینی، پێک نایێن. ئۆرگانیسم لە بەرانبەر هەر ئیدراکێکەوە، دژکردەوە نیشان دەدا و بەم دژکردەوە، لەگەڵ عاتێفە دەستە و ملان دەبێ.

عاتێفە، کە راگەێنەری پەیوەندی تازەی نێوان ئۆرگانیسم و ژینگەیە، بە ئیدراکەوە بەستراوەتەوە. ئیدراك، واتە رەنگدانەوەی بزوێنەری دەرەوە لە زەیندا، هەمیشە لەگەڵ عاتێفە واتە دژکردەوەی ئۆرگانیسم لە بەرامبەری بزوێنەری دەرەوە، پیکەوەن: ئەوەی ئیدراک دەکرێ، بێ ئەملاوئەولا، لە ئۆرگانیسمدا، گۆرانکاریگەلێک پێک دێنێ و سەر ئەکێشیتە لای عاتێفەوە. ئەو عاتێفە کە لە ئێمەدا پەیدا دەبێ، بێ ئەملاوئەولا، لەگەڵ ئیدراکێک دایە. کە وابوو لە سەریەک ناسین هەم ئیدراکی و هەم عاتێفییە. تەنیا پێوەندی ئەم دووانە لە بابەتگەلی جۆراوجۆردا، جیاوازە. جارێک عاتێفە بە سەر ئیدراکدا زاڵ دەبێ و جاری وایە بە پێچەوانە. عاتێفەی سەد لە سەدا، لە ئارادا نیە، چونکە ئەو عاتێفە کە دوور بێ لە دنەدەری ئیدراکی، بۆ تێگەیشتن نابێ. ئیدراکی بە تەواوی" پاقژ" یان "دەرەوەیی"یش، هیچکات پێش نایت، چونکە ئیدراک، کاتیک دێتەپێش، کە دنەدەرێکی دەرەوەیی لەگەڵ ئۆرگانیزم بەرەورووبێ و شوێن لە سەری دابنێ و شوێن هەڵگری. لە سەریەک ناسینی هەستیی( حسی)، پتر لە ناسینی ژیربێژیی، لەگەڵ عاتێفە تێکەڵاوی هەیە، چونکە مرۆڤ لە نێوان دیاردەگەلی هەستپێکراوی جوزئیدا، گەمارۆ دراوە و لە گەڵیاندا هەمیشە لە پەیوەند دایە، هەر بۆیە ئەو ئیدراکگەلە کە لە دیاردە جوزئییەکان وەری دەگرێ، بۆ ئەو پرواتا و بەنرخ و تێکلاون لەگەڵ عاتێفەکاندا، لە کاتێکدا، چەمکە داماڵراوە (انتزاعی) گشتییەکان، بە سەختی دەتوانن، ببنە بابەتی عاتێفەکانی ئەو.

**پێوەری ناسین: ڕاستی (حقیقت)**

لەبەر ئەوە ناسین، بەرهەمی بەرەورووبوونی ئینسان لەگەڵ ژینگەدایە، چۆنیەتی ناسینی هەر کەس لە هەر بابەتێکدا بەستراوەتەوە بە چۆنیەتی بەرەورووبوونی لەگەڵ ژینگەدا. لەم بارەدا هەر کەس بە پێ تاقیکارییەکانی ژیانی خۆی واتا ئەو بەرەورووبوونگەلەی لەگەڵ ژینگەدا، دەگاتە پلەیەک لە ناسین. ناسینی کەسێک دەگاتە پلەیەک بە پێی داب، پێدەگوترێ "دروست"، و ناسینی کەسیکی دیکە، دەگاتە پلەیەک کە بە "نادروست" یان نازا، پەسن دەکرێ. هەروەها دێتەپێش کە ناسینی کەسێک سەبارەت بە بەباتێک "دروستتر" لە ناسینی کەسێکی دیکەیە سەبارەت بەو بابەتە.

لە وشەگەلی دروست و نازا و دروستتر، وا دەرئەکەوێ کە، دەکرێ ناسین پێوانە بکرێ. بۆ پێوانەی ناسین، لە مێژە لە ترازوویەک کەڵک وەرگیراوە. ئەم ترازووەش کە ناوی "راستی"یە، دەقاودەقبوونی ناسینە لەگەڵ بوون یان راستەقینە. ئەو ناسینە کە دەقاودەق بێ لەگەڵ چوارچێوەی بوون، شیاوی پەسنی"راستی"یە. ناسینێک

کە لە راستی دوور بێ، ناسینی "نازا" یان دوور لە راستییە. هەر بۆیە "راستی" یەکێک لە چلۆنایەتییەکانی ناسینە.
ئەوش دەزانین کە گشت "بوون" لە گۆڕانکاری هەمیشەیی دایە. مرۆڤ کە ناسێنەری راستییە، خۆیشی هەمیشە لە گۆڕانکاری دایە و ژینگە کە بابەتی ناسینی مرۆڤە، هەر چرگە، گۆڕانی بەسەردا دێ. لەبەر ئەوە ناسێنەر و ناسراو، هەردووکیان لە گۆڕاندان، پێوەندی ئەو دووانە کە بریتییە لە "ناسین"، لە سەر بارێک نامینێ، و لە ئاکامدا، "راستی" کە پەسنی ناسینە، ناتوانێ چلۆنایەتییەکی سەقامگیر و دیاریکراو بێ. هەروەک هەستیی هەرمان وهەتاهەتایی، لە گەڕی گۆڕانکاریدایە، راستییەکانیش، گۆڕانیان بە سەردادێ. سەبارەت بە هەر دیاردەیەکی تاکانە، ئەوەی دوینێ، راستی بوو، ئەوڕۆکە جێگای خۆی بە راستییەکیتر دەدا، و ئەوەی ئەوڕۆ راستییە، سبەی، دەبێتە راستییەکی گەورەتر. کەوا بوو، راستی، هاوڕێ لەگەڵ گۆڕانکاری، هەمیشەیی راستەقینە، هەمیشە خەریکی ئافراندنە، و ئەم ئافراندنە بیگومان، لە کاتدا، روودەدا. کات خاوەن دوو لایەنە: رابوردوو و داهاتوو، و ئێمە، کە هەمیشە لە نێوان ئەوانە داین، بە خاڵی جیاکەرەوەی رابوردوو و داهاتوو، دەبێژین "ئێستا"، و تێدەکۆشین تا لە کاتی ئێستادا، بە یارمەتی راستییەکانی رابوردوو، راستییەکانی داهاتوو، پێشبینی بکەین و بەر لە هەنگاونان، رێگای خۆمان ببینین و ساماڵی بکەین. لەم بارەدا "راستی" خاوەن کاتە. راستی بێکات، پووچەل و خەیاڵییە. راستی، بریتییە لە رەنگدانەوەی بوونێکی چالاک و رەوتێکی بەرەوگەشەکردن.

## جۆرەکانی ناسین

ناسینی ریکوپێک، لە مێژووی مرۆڤدا، بە دوو شێوەی بنەڕەتی، خۆی نیشانداوە: ناسینی زانستی و ناسینی هونەری و لەئاکامدا، هەردووکیان دەبنە ناسینی فەلسەفی .

## ناسینی زانستی :

هەرکەسێک لە ژیانی خۆیدا، بە یارمەتی هەستەکان، لەگەل ژینگەدا بەرەورووەدەبێ، هاوئاهەنگ لەگەڵ ئەو ئیدراکە پرژوبڵاوگەلەدا کە لە دیاردەکانی دەوروبەری، وەری دەگرێ، پلەی یەکەمی ناسین تێپەڕدەکا و تا رادەیەک، ئەگا بە ناسینی "بوون". ناسینێکی لەو چەشنە، کە ئامرازی پێویستی ژیانی بەکردەوەیە، ساکار و رووکەش و جوزئییە و خاوەن لایەنی سۆزێەکی (عاتێفی) بەهێزە بەڵام مرۆڤ دەتوانێ، بە تێپەڕکردنی پلەی دووهەم، کە ئیدراکاتی خۆی بە شێوەی چەمک دەربێنێ و ناسینی خۆی قووڵ و پەرەگرتوو بکاو و بە ڕاستی نیزیکتر ببێتەوە. ناسینێکی وەها کە بێ ئەملا و ئەولا نیزیك بە ڕاستییە، ناوی "زانستە". ئامانجی زانست وەک چالاکییەکانی دیکەی مرۆڤیی، زاڵبوون بە سەر راستەقینە و ئاسانکاری لە ژیانی مرۆڤدایە. زانست واتە ناسینی یاساکانی واقیعیەت یان راستەقینە. ئەو، هێزە بە مرۆڤ دەدا کە پێشبینی بکا و ببێتە خاوەن گەڵالە و بە سەر راستەقینەدا زاڵ بێ لەبەر ئەوە ناسینی راستەقینە بەری تاقیکارییە، گشت زانستەکان، لەسەر بنەمای تاقیکاری ورد دامەزراون. بەم جۆرە دەتوانین بێژین:

زانست ناسینی واقیعیەتە لە ڕێگای ئەزموونەوە و گومان لـــەوەدا نیە کـە تاقیکاری زانستی، نیازی بە شیکردنەوەیـــە، بـــەم بـــۆنەوە، شێوەی بیرکردنەوە یان فەلسەفەی زانایانیش، بەستراوەتەوە بە تاقیکاری ئەوان. هەر بۆیە دەبێ بڕێژین: زانست ناسینی واقیعیەتە لە ڕێگای ئەزموون بە پشت بەستن بە فەلسفەیەك ناسینی مرۆڤ لە هەر بابەتێکدا، دوو لایەنی دیاریکراوی هەیە. لایەنی ئیدراکی و لایەنی عاتێفی. لایەنی ئیدراکی خەبەر لە ژینگە دەدا، لایەنی عاتێفی نیشاندەری بارودۆخی دەرونی ئۆرگانیسمە. ناسینی زانستی بە ناچاری هەردووکیان لەبەر دەگرێ، ئیدراکی پاقژ نیە، بەڵکوو لایەنی عاتێفیشی هەیە. بەم جۆرە، ناسینی زانستی، لەبەر ئەوە لە ناسینی هەستییەوە دوورە و پێگەی لەسەر چەمکگەلی هەڵماڵراو (انتزاعی)، دامەزراوە، لە باری عاتێفییەوە، بەهێز نیە. زانا، تێدەکۆشێ، تا ئەو جێگا کە دەتوانێ، خەریک بێ، دوور لە چلۆنایەتیگەلی دەروونی و لەشیی، ژینگە هەڵسەنگێنێ و بیناسێ. بە وشەیەکیتر، زانست لە سەر لایەنی چەندایەتی واقیعیەت پێ دادەگرێ، ناسینی واقیعیەت لە ڕێگای ئەزموون و بە پشتیوانی فەلسفەیەك لەگەڵ پێ داگرتن لە سەر چەندایەتی، بە دەست دێ. ناسینی زانستی لە کردەوەدا لەگەڵ ڕاستیدا یەك دەگرنەوە. زانست و کردەوە، پێویست و تەواوکەری یەکن لە نێوان لایەنی ئیدراکی و عاتێفی ناسیندا، پیوەندیەک لە ئارادایە، و ئەم پێوەندییە، سەبارەت بە هەموو زانستەکان، یەکجۆر نیە، هەروەک لایەنی ئیدراکی زانستەکانی مەتماتیک، لە زانستەکانیتر زیاترە. بەڵام هیچ زانستێک نیە کە بە گشتی لە لایەنی عاتێفی واتا سەربەخۆ لە چلۆنایەتیگەلی ئۆرگانیزمی لەش، دوور بێ. تەنانەت زانستە مەتماتیکییەکان کە" ئیدراکیترین" زانستەکان لە قەڵەم دەدرێن، بریتین لە تێکۆشانگەلی مرۆڤیی و بێگومان، لەگەل ژیانی دەروونی یان عاتێفی ئێمەدا، پیوەندییان هەیە. زانست وەک هەر ناسینێکی دیکە، لە ڕەوتی کاتدا، بە پێی نیازەکانی مرۆڤ، گۆرانی بەسەردا دێ و بە هۆی زیادبوونی تاقیکاریگەلی بەرەکان، هەمیشە دەبێتە خاوەن وردەکاری و بەرفراوانی زیاتر. کەوا بوو زانست، جۆریک ناسینی بە ڕێژەیی یان خاوەن گۆرانکارییە. بەڵام ناسینی زانستی لە کردەوەدا، لەگەل ڕاستەقینەدا دەقاودەق دەبێ. کەوا بوو لە هەمان کاتدا کە ڕێژەییە، ڕاستی و خاوەن نرخ و ڕەهایە. بە وتەیەکیتر، زانست تا ئەو پلە کە لەگەل ڕاستییدا دەقاودەقە،ڕەهای

**ناسینی هونەری**:

وەک لە باس لەسەر زانست، گوترا، ئەگەر بۆ وەرگرتنی ڕاستەقینە، بچینە سەر پلەی ناسینی ژیربێژیی و بە وتەیەکیتر، پێ لەسەر لایەنی ئیدراکی ناسین دابگرین، دەگەینە ناسینی زانستی و لەگەڵ چەندایەتیدا بەرەوڕوو دەبین. ئێستا ئەگەر لە پلەی یەکەمی ناسین واتا ناسینی هەستیدا، کەمیك هەڵوێستە بکەین و لەسەر لایەنی عاتێفە یان سۆز یان چلۆنایەتی پێ داگرین، دەگەینە ناسینی هونەری. هەر وەک زانا بە پشت بەستن بە چەمکە هەڵماڵدراوەکان، تا ڕادەیەک ڕاستی دەروونی لە بارەکانی ئورگانیزمی لەش، جیا دەکاتەوە، و بە زمانی چەندایەتی، باسی دەکا، هونەرمەند، بە شێلگیری لە سەرنیگارە جۆرئییە زەینییەکانی ڕاستەقینەی دەروونی تا ڕادەیەك پەردە لە ڕاستی دەرەوە هەڵدەماڵێ و بە زمانی چلۆنایەتی ڕایدەگەیێنێ. هەر بۆیە لە کاری هونەریدا نەزمی

ڕاستەقینەی دەروونی پتر لە یاساکانی ڕاستەقینەی دەرەوە، جێگای سەرنجە، و بە پێچەوانەی ئەوە لە کاری زانستیدا، راستەقینەی دەرەوەیی، زیاتر لە راستەقینەی ناوەوە، پێ لە سەردادەگیردرێ.

سەرەرای ئەم پەسنە، خاوەن هونەر، هەر وەك زانا لە پرسوجۆی ناسینی دەقاودەق لەگەڵ راستەقینە دایە و بێ پسانەوە، بێجگە لە زاڵبوون بە سەر راستەقینەدا، ئامانجێکی دیکەی نیە. ناسینی هونەری وەک ناسینی زانستی، پێویستی بە ئەزموون هەیە، و تاقیکارییەکانی خاوەن هونەریش، رەنگ و بۆی زەمینەی فەلسەفی ئەوەیان هەیە. لە ئاکامدا دەتوانین، هونەر ئاوەها پێناسە بکە: هونەر، جۆرێک لە ناسینی ڕاستییە، لە ڕێگای ئەزموونەوە و بە پشت بەستن بە فەلسفەیەك و پێداگرتن لە سەر چلۆنایەتی .

هونەر، هەروەك زانست لەگەڵ هەلومەرج و پێویستی و ئیمکانی ژیانی ئینسان دەگۆڕدرێ. ئینسان لە کردەوەدا بە ئاڵوگۆڕکردنی ژینگە شارەزایی بە دەست دێنێ و بە ناسینی ئەو، بە سەر خۆیشیدا، ئاڵوگۆڕێك دێ.

بەستنەوی عاتێفە بە ئیدراکەوە، لە گشت هونەرەکاندا یەکسان نیە، هەروەک لایەنی عاتێفی موسیقا، لە هۆنەرەکانی دی زۆرترە. بەڵام بێگومان هیچ هونەرێک نیە، کە یەکسەرە لە راستەقینەی دەرەوەیی، بێگانەبێ و هەروەها زانستێکیش نیە، کە لە راستقینەی دەروونی هەواڵیک نەنێرێ، تەنانەت موسیقا کە عاتێفیترین، هۆنەرەکانە، خۆی لە پێوەندی لەگەل ئورگانی لەشدا، هۆیەکی دەروونییە و ناچار لەگەڵ راستەقینەی دەرەوەییدا، پێوەندی هەیە. هونەری سەد لە سەدا قووڵ یان دەروونی، ئەگەر دەسکەوێ، فرمۆڵێکە لە چالاکی لەشیی کە لە دەروونی لەشەوە، روو دەدا و هیچکات بۆ ئێمە ئاشکرا نابێ. زانستی سەد لە سەداپاقژ یان دەرەوەییش ئەگەر هەبێ، هاوسەنگییەکە لە جموجۆڵگەلی پەرێشان کە بە هیچ شێوە ناتوانێ، ببێتە بابەتی سۆزی ئێمە.

هونەر وەک زانست، هاوئاهەنگە لەگەڵ باروۆخی ژیانی مرۆڤ، گۆرانی بەسەردا دێ و لە هەر کاتێکدا، ناسینیکی تازە بەرهەم دێنێ. ئەم ناسینەش بە نۆرەی خۆی، هەلومەرجێکی تازەی کردەوەیی دەخوازێ و سەر ئەکێشیتە لای گۆرانکاری ژیانی کۆمەڵایەتییەوە. خاوەن هونەر و زانا، هەردووکیان راستەقینە ئەگۆڕن، زانا لە ژێر تیشکی راستەقینە دەروونی، راستەقینەی دەرەوەیی ئەدۆزێتەوە. خاوەن هونەر لە ژێر تیشکی راستەقینەی دەرووییدا، راستەقینەی دەروونی دەناسێت. هەردووکیان، دۆزینەری راستین: یەکیک ئەکەوێتە شوێندۆزی راستی زانسی، ئەویتر خوازیاری راستی هونەری یان جوانییە.

مرۆڤ، بە کردەوە، بە پێکهێنانی گۆرانکاری لە ژینگەدا، ئەیناسێ و لە ئاکامی ناسینیدا، خۆیشی گۆرانی بەسەردا دێ. هەرکە گۆرا، بە تێڕامانێکی تازەوە، پێشوازی لە ژینگە دەکا، و لەودا گۆرانکاریگەلی نوێ پێک دێنێ و بە ناسینگەلی تازە دەگا و جارێکیتر، خۆێشی گۆرانی بەسەردا دێ...

هونەر لە جیهانی تێڕاماندا، کەسایەتی ناسێنەر (ئینسان) ئەکاتە خاوەن چوارچێوەیەکی چالاک و لە دنیای کردەوەدا، بابەتی ناسین (ژینگە یان راستەقینەی دەرەوەی زەین)، رێکوپێک دەکا.

زانست: لە دنیای تێرامان‌دا ، کەسایەتی کارکەر (فاعل) بە کردەوە دەهێنێتە ژێر چوارچێوەیەکی ئیدراکی و لە دنیای کردەوەدا، ڕێکخراوی ئیدراکی بەسەر بابەتی کردەوەدا (ڕاستی دەرەوە)، دادەسەپێنێ. هاوئاهەنگی زانست و هونەر لێرەدایە کە بکەری کردەوە، هەمان ناسێنەرە و بابەتی کردەوە، هەمان بابەتی ناسینە. ئەم هاوئاهەنگییەی زانست و هونەر، ، ئەگەری "بوون" بە فەلسەفە پێشکەش دەکا...

## ناسینی فەلسەفی

هەموو ئینسانێک لە ڕەوتی ژیاندا، بە هۆی کۆمەڵێك ئیدراکات و سۆزگەلەوە کە بە دەستیان دێنێ، دەبیتە خاوەنی بۆچوونێکی گشتی کە بریتیە لە تەواوی ناسێنەکانی. ئەم بۆچوونە گشتییە، یان جیهانی بینییە، دەکرێ بڵێین فەلسفەیە. وشەی فەلسەفە، چەواشەکردنەوەیەکە لە وشەی یونانی(philosophia)، بە واتای" زانست خۆشەویستی"، بەڵام لە مێژووی زانستدا، ئەم وشە لە واتای کۆی زانیارییەکانی کەسێک یان گروپێک یان کۆمەڵگایەک یان دەورەیەک، کەڵکی لێوەرگیراوە.

هەر کەسە چە بیهەوێ و چە نەیهەوێ، بۆ خۆی تێڕوانێک یان فەلسفەیەکی هەیە و چۆنیەتی فەلسەفەی ئەو بەستراوەتەوە بە چۆنیەتی شارەزایی و ناسینی ئەو یان لەسەر یەك بەستراوەتەوە بە بارۆدۆخی ژیانی ئەو کەسەوە، یان شارەزایی فەلسەفی ئەو. لەبەر ئەوە هەر جۆرە ناسینێک، کەموزۆر، پەردە لەسەر راستی هەڵدەداتەوە. فەلسەفەی هەر کەسە تا رادەیەک راست یا دروستە. سەرەرای گشت ئەمانە، بە کردەوە، دروسترین فەلسەفەکان، هی فیلسوفانە. لە مێژووی مرۆڤایەتیدا، ئەو کەسانە کە زانیارییەکانی خۆیان بە وردی هەڵسەنگاندووە و جیهان بینی خۆیان، لەسەر پشتی ناسینگەلی راست دامەزراندووە، بوونەتە "فیلسوف". کاری فیلسوفگەل، هەمیشە، بریتییە لە رێکوپێککردن و گشتیکردنی زانیارییە زانستی و هونەرییە هەبووەکان. بەم جیاوازییە کە لە رۆژگارەکانی پێشتردا، فەلسەفە، نەک تەنیا ئەو کارەی دەکرد، بەڵکوو بە کردەوە ئەرکی زانستەکان و هونەری ئەخستە سەر شانی خۆی و فەلسەفەی دروست دەکرد. بەڵام دوای چەرخی رینسانس(هۆرێزان)ی ئورووپا، داوینی ناسین، بەرفراوانتر بوو و پسپۆری زانستیی هاتە ئاراوە، بەرەبەرە، زانستەکان سەربەخۆ بوون، و لەوەبەدواوە، تەنیا ئەرکی گشتگرکردنی زانستەکان و هونەر، بۆ فیلسوف مایەوە، هەروەک ئەورۆ بە پێچەوانەی پێشوو، فەلسەفە وەبەرگری زانستەکان و زانستی زانستەکان یان لە سەرەوەی زانستەکان نیە. ناسینی فەلسەفی ئێستا، ئەو ناسینەیە کە لە تێکڵاو کردنی(ترکیب) و گشتیکردنی شارەزاییەکانی زانستی و هونەری کاتی ئێمە، بە دەست دێ و بۆ دەرکی سروشت و جێگا و ڕەوتی کۆمەڵی ئینسانی پێویستە. بە جۆرێک دەزانین هیچ کەسێک نیە کە خاوەن فەلسەفەیەک نەبێ. کەوا بوو بە پیچەوانەی گومانی گشتیی، بابەت ئەوە نیە کە تاچە پلەیەک دەتوانین فەلسەفەی خۆمان بە دروست لە قەڵەم بدەین و پشتی پێ ببەستین، فەلسەفەی خوازراو فەلسەفەیەکە کە لە دوایین دۆزینەوەکانی زانستەکان و هونەرەکانی کاتی ئیمە، سەری هەڵدابێ. فیلسوفی ئەم چەرخە، بێجگە لەوە کاریکی نیە کە بە پشتیوانی زانستەکان و هونەرە جۆراوجۆرەکان، تێراونینێکی گشتی و دروست پێک بێنێ و

خەڵک هان بدا کە بچن بە دوای جیهانبینی ئەودا و بەم هۆیە، ببێتە هۆی باشتربوونی ژیانی کۆمەلایەتی.

زانستی فەلسەفی، لـــە بەر ئەوە گشتیگرە، هەم ڕاستی دەروونی و هـــەم ڕاستی دەرەوەیی لـــە بەر دەگرێ. بە واتایەکی دیکە هەم دابینکەری شارەزایی زانستی وهەم ناسینی هونەرییش وەبەردەگرێ. لایەنی چەندایەتی و چلۆنایەتی کە لە زانست و هونەردا لێک جیادەبوونەوە، لە فەلسفەدا یەك دەگرنەوە.

ناسینگەلی شتگەلی راستی دەرەوەیی (تاک، کۆمەڵ، سرۆشت) کە بە هێزی زانست و هۆنەر بەرهەم دێن، پرژوبڵاو و بە ریژە بەرتەسکن. چونکە ئەم ناسینگەلە، بە یارمەتی خیاڵکردنی ژیربێژیی، پێوەند دەکرێن و دەخرێنە چوارچێوەوە و گشتگردەکرێن، ئەوکات ناسینی فەلسەفی بەرهەم دێ.

ناسینی فەلسەفی لە ژیانی مرۆڤدا، گرنگی زۆری هەیە، چونکە لە لایەک رێنوێنی کردەوەی مرۆڤە و لەلایەکی دی، زانست و هونەر رێبەرایەتی دەکا. هەرکەسە بەپێ فەلسەفەی خۆی، ریگاوشوێنی ژیانی خۆی هەڵدەبژێرێ و دەس بە تێکۆشان دەکا و هەر خاوەن هونەر و زانایەک، بە پێ ناسینی فەلسەفی خۆی، سەیری دنیا دەکا و جیهان شیدەکاتەوە. کەوا بوو ناسینی فەلسەفی، وەک رێوشوینێکە کە هەم چارەنووسی ژیانی تاکی ئاسایی، دیاری دەکا و هەم خاوەن هونەر و زانا، هان دەدا بکەونە سوێندۆزی، شتە نەناسراوەکان و هەروەها مەودای نێوان زانیارییەکان پر بکەنەوە.

فەلسەفە لە هەمان جۆردا کە خۆی بەرهەمی ناسینگەلی زانستی و هونەرییە، زانست و هونەر بەرەو پێش دەبا. هەروەک زانست و هونەرەکان بەرەوپێش دەچن و بە دۆزینەوەگەلی تازەدەگەن، گشتگرگەلی تازە پێویست دەبن، و فەلسەفەگەلی نوێ، بەرهەم دێن، ئەو فەلسەفە نوێگەلە کە خەریکی لەسەرپێ راوستانن، زانست و هونەرەکان بەرەو ناوچەگەلی نەناسراو و تازە، پاڵ پێوەدەنن و دەبنە هۆی دۆزینەوەگەلی نوێ. کەوا بوو هەرچێ فەلسەفەی تایبەتی زانا یان خاوەن هونەر، راستی زیاتر بپێکێ، ناسینی زانستی یان هونەری ئەوە قووڵتر و پربارتر دەبێ.

## پێوەندییەکانی فەلسفە و زانست و هونەر

فەلسەفە بەرهەمی زانست و هونەرە. زانست ناسینێکە کە لەسەر چەمکە گشتییەکان دامەزراوە و لایەنی ئیدراکی بەهێزی هەیە. هونەر، ناسینێکە کە لەسەر بنەمای نیگارە جۆزئییەکان دامەزراوە و لایەنی عاتفی بەهێزی هەیە. هۆنەر بە پێچەوانەی زانست، زیاتر لە راستی دەرەوەیی، راستی دەروونی، ئەخاتە بەرچاو. هونەر پشتیوانی زانستە، چونکە ناسینی عاتێفی تازە، ئەبێتە هۆی سەرهەڵدانی عاتێفەگەلی تازە. ئەم دووانە بە یەکەوە، پێوەستن و پێکەوە بەرەوپێش دەچن، چونکە هەردووکیان بە یەک مەبەستێ دوایی، لە کۆمەڵگادا پەروەردە دەبن.

**شێوەکانی ناسین:**

یەکەم- زانستی فیزیک: زانستی مادەی بێ گیان – فیزیکناسین – شیمیناسین – زەویناسین و ئەستێرهناسین.

دووەم- زانستی ژیانناسین: زانستی مادەی گیاندار- ژیان (زیست) ناسین- لەشناسین – گیاناسین - گیانلەبەرناسین.
سێیەم- زانستی کۆمەڵایەتی: زانستی مرۆڤیی: مێژووناسین – ئابووریناسین – دەروونناسین – کۆمەڵناسین.

## قۆناخەکانی توێژینەوەی زانستی :

شێوەکانی زانستی، سەرەڕای ئەوە کارکرد و قۆناخەگەلی جۆراوجۆری هەیە ، لەسەر یەك دەکرێ بێژین، ئەو قۆناخانە کە توێژەر لە سەرەتاوە تا دۆزینەوەی ڕاستی دەیپێوێ ئەمانەیە:
-1دیاریکردنی بابەت. 2- ئەزموونی سەرەتایی. 3- گەلالەی گۆمانە (گریمانە)، یان فەرزیی یە. 4- ئەزموونی بەرین، بۆ داڕشتنی گومانە. 5- دۆزینەوەی یاسا (کشف قانون). 6- ڕێك و پێك کردنی بۆچوون یان نەزەرییە.
ئەزموونی بەرین، بۆ دارەشتنی گۆمانە، بریتیە لەم کارانە: دیتن، تاقیکاری، دابەشکردن (تجزیە) ، ئاوێتەکردن (ترکیب)، ئەندازەگیری، پێناسە کردن، سەرژمێریی، پێوانە، داچنین.
شێوەکانی تایبەتی زانستی کۆمەڵایەتی: لە قۆناخی تەجرەبەدا لە دوو شێوە پێك دێ. شێوەی تاقیکاری و شێوەی دیتنی (مشاهدە). شێوەی تاقیکاری زۆرتر هی زانستی فیزیك و ژیانناسین و شیمی یە.
شێوەی دیتن، تایبەتی زانستی کۆمەڵایەتییە کە دوو بەشە. شێوەی تەوسیفی، شێوەی بەڵگەیی. شێوەی تەوسیفی ڕاستەوخۆیە. شێوەی بەڵگەیی ناڕاستەوخۆیە (پروانە زەمینەی کۆمەڵناسی، اقتباسی دوکتورئاریانپور، ل١-٣٦).

هەوالنامەی کتێب

## کۆمــــــەڵ

زانستی کۆمەڵناسی، بەشێکە لە زانست بە گشتی. زانست، ناسینێکی رێکوپێکە، کە بە هۆی رەوشگەلی دیاریکراوە بە دەست دێ و یـــاساگەل یـــان پێوەندیگەلی راستینەکان رادەگەیێنێ. ئەم زانستە خاوەن چوارچێوەی زانستییە. لە سەر رێوشوێنگەلی زانستی دامەزراوە و یاساگەلی زانستی دەسنیشان دەکا.
هاوکاری یان یەکبوونی دوو یان چەند کەس بۆ گەیشتن بە ئامانجێکی دیاریکراو و هەروەها هاوئاهەنگیکردنی کەسێک لەگەڵ پێوەرەکانی ژیانی کۆمەڵایەتیدا، پێدەگوترێ " خۆگونجاندن لەگەڵ کۆمەڵ"دا (کۆمەڵناسی، ئاریانپورل٣٨).
مرۆڤەکان، بە هۆی کەڵک وەرگرتن لە زمان و ئامرازی بەرهەمهینان، پێکەوە پێوەندییان هەیە. و لەم پێوەندییە کۆمەڵ پێک دێ. کۆمەڵ، گرۆپیکی بەرفراوان و درێژخایەنە کە پێک هاتووەلە لە خەڵکێکی فراوان لە پیاو و ژن کە خاوەن شتگەلی زۆر هاوبەشن و بۆ مانەوە و درێژەدان بە ژیان پێکەوە هاریکاری دەکەن و چەندین رێکخراو، پێک دێنن. ئەو پێوەندییانە پێش لە هەر شتێک بە هۆی دابینکردن و بەرهەم هێنانی کەرەستەی ژیانەوەیە، هەروەك دەستەی مرۆڤ سەرەتاییەکان و کۆمەڵی بنەماڵەیی، هەر بەو هۆیە پێکەوە ژیانیان دەبردە سەر، چون ناچار بوون بە کۆمەڵ پێداویستی ژیانی خۆیان دابین و بەرهەم بێنن، لەم پێوەندییەدا کە ئینسان گیانلەبەرێکی کۆمەڵایەتییە. بناخەییترین پێوەندی کە پرپرەی پشتی کۆمەڵە،

پێوەندی ئەوانە لەگەڵ یەکتر لە بەرهەم هێنانی  خێر و بەیری مادی و پێوەندی ئەوان لەگەڵ کەرەستەی بەرهەمهێنان کە بە هۆی ئەو کەرەستانە، شتەکان بەرهەم دێنن.
هەر کۆمەڵێك لە کۆمەڵ و دەستەیەك مرۆڤ هەروەها کۆمەڵێك پێوەندی پێك هاتووە، کە مرۆڤەکان بە یەکتر نیزیك دەکەنەوە و لە پێوەندیدا دەبن. ڕوونە کە پێوەندی کۆمەڵایەتی مرۆڤەکان، هەمیشە لە ئاڵوگۆڕ و گەشەکردن دایە، بۆ ئەوەی بمانەوێ لە بنەما و نێوەڕۆکی پێوەندی کۆمەڵایەتی تێبگەین یان لە یاساکانی جمۆجۆڵ و گەشە کردنی کۆمەڵ ئاگادار بین، دەبێ پەنا بەرینە بەر کۆمەڵناسی.

## کۆمـــــەڵناسی (سوسیولۆژی:(sociology).

کۆمەڵناسی زانستی گەشەکردنی کۆمەڵە. لێکدانەوە و هەڵسەنگاندنی ڕاستینەکانی نێو کۆمەڵ، کۆمەڵناسی پێ دەڵێن کە نیزیك٤٠٧ ساڵ لەمەوبەر، دەستی پێکردووە و لە سەرەتای چەرخی نۆزدەهەمەوە لە زانستەکانی دیکە جیا بووتەوە.
بۆچوونی کوالسکی خەڵکی ڕوسیا:
کۆمەڵناسی: کاری بنەرەتی ئەم زانستە، هەڵسەنگاندنی ئاڵوگۆڕە کۆمەڵایەتییەکانە کە لە کۆمەڵە جۆراوجۆرەکاندا پێك دێ، لەگەڵ ئەو شوێنەوارانانەی کە ئەم ئاڵوگۆڕانە لە سەر کۆمەڵ هەیانە.
بۆچوونی ماکس و پر:
تەنیا کۆمەڵناسی دەتوانێ بارە زانستییەکانی کۆمەڵایەتی دەرخا.
بۆچوونی ئاگوست کونت:
کۆمەڵناسی، زانستێکە کە بە پێك هێنانی ڕێکوپێکی لە کۆمەڵدا، یارمەتی دەکا.

بۆچوونی ئەسمال :
کۆمەڵناسی، بە لێکدانەوەی کار و کاردانەوەکانی (انفعالات) کۆمەڵایەتی دەناسێنێ. کۆمەڵناسی زانستی هەڵسەنگاندنی پێوەندییەکانی بەرهەمهێنان و خوو و ڕەوشتەکانی پەیدابوو بە هۆی ئەو پێوەندییە کۆمەڵایەتییانە.

بۆچوونی دوکتور ئاریانپور:
کۆمەڵناسی بریتیە لە لێکدانەوەی زانستی دیاردە کۆمەڵایەتییەکان، شێوەی پێکهاتن و یەکخستنی ئەوان و میکانیزمەکانی ئاڵوگۆڕە کۆمەڵایەتییە کان.

چۆنێتی پەیدابوون و مێژووی کۆمەڵناسی:
کۆمەڵناسی، ئەگەر بە شێوەیەکی ساکاریش بڵێین، هەر لەگەڵ پەیدابوونی کۆمەڵە سەرەتاییەکاندا دەبێ هەبوو بێ، بەڵام  وەك زانستێك، سەرەتا کۆمەڵناسی کە بەشێک بووە لە فەلسفە، هەروەك پێشتر گوترا، دەگەڕێتەوە بۆ 400 ساڵ لەمەوبەر کە ئاخر و ئۆخری سەدەی هەژدیەم و سەرەتایی سەدەی نۆزدیەم لە سەر دەستی پایەداڕێژەرانی  وەك زانستێکی سەربەخۆ پەیدا بوو. هۆی

ئەوە کە خەڵک خۆیان بە مەسائیلی کۆمەڵایەتییەوە خەریککرد، ناڕەوایی و نالەبارییەکانی کۆمەڵ بوو. دەستەیەك بارۆدۆخی کۆمەڵیان ئەوجێ دەکرد. دەستەیەك دۆخی کۆمەڵیان لێکدەدایەوە و ڕەخنەیان دەگرت و لایەنی خەڵکیان دەگرت.

بە هۆی ئاڵوگۆڕە کۆمەڵایەتییە جۆراوجۆرەکان، دنیای تاریکی چەرخەکانی نێوەڕاست (میانە) ڕووخا و جیهانی کە بە تازەبوون و گەشەکردنی ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ باوەڕی هەیە، پێك هات. ئەم ئاڵوگۆڕە هەروەک باسکرا لە 400 ساڵ لەمەوبەر مەسەلەی کۆمەڵایەتی لە چوارچێوەی نیزامەکانی فەلسفی دەیاندایە بەر لێکدانەوە بەرە بەرە دەرکیان کرد کە بۆ چارەی ئەم مەسەلەیە، دەکرێ لە ئەزموون و شێوەکانی زانستی کەڵك وەرگیرێ کە بوو بە کۆمەڵناسی و بوو بە تەوەرەی زانستە کۆمەڵایەتییەکانی دیکە.

کۆمەڵناسی، بە رواڵەت لە قەرنی نۆزدەهەم بە هۆی زانایەکی فەرانسەوی ئاگوست کەنت، دامەزرا. بەڵام بیروڕایەك کە ئوگوست کەنت لە کۆمەڵناسی بووی، بە تەواوی زانستی نەبوو، چون لە باتی لێکدانەوە و ئەزموونی زانستی دیاردە مێژوویی- کۆمەڵایەتییەکان تەنیا بە شیکردنەوەی ئەوە کە هەیە خۆی خەریك دەکرد و لە توێژینەوە لە نێوەرۆکی دیاردەکان کە کاری هەر زانستێکە، خۆی دەپاراست، ناوبراو، کۆمەڵناسی بە سێ بەش داناوە:

1- کۆمەڵی راوەستاو کە گۆرانی بەسەردا نایێت، کۆمەڵی چینایەتی لێکداپراوە. 2- کۆمەڵی سست. 3- کۆمەڵی چالاک.

2- ئاگوست کەنت لە ساڵی 1842 زایینی بە بڵاوکردنەوەی دەورەی فەلسفەی سەلماندنی، سەربەخۆیی کۆمەڵناسی ڕاگەیاند کە لە سەر ئەزموون دامەزراوە.

3- هێربرت سپێنسر، فیلسوفی ئینگلیسی لە 1876، یەکەمین بەرگی توێژینەوەی گەورەی خۆی بناخەکانی کۆمەڵناسی بڵاوکردەوە. بە بۆچوونی گەشەکردنی سروشت و کۆمەڵایەتی باوەڕی هەبوو و لەم بارەوە هەوڵی دا کە لەگەڵ شارەزایی کۆمەڵایەتی بەرین کە لە بارەی نەتەوە، قەومە جۆراوجۆرەکانی جیهان بە دەستی هێناوە بیروڕای گەشەکردنی کۆمەڵایەتی بچەسپێنێ.

4- لێستری ئەمریکای لە ساڵی 1882 کتێبی کۆمەڵناسی چالاک (پۆیا) دینامیکسوسیولوژی بڵاوکردەوە. ئازادی، دەستەڵات بە پێی ناسین.

کۆمەڵناسی لە ڕەوتی گەشەکردنییەوە و بە شەرحی گەشەکردن و دۆزینەوەی یاساکانی ئەو دەست بەکاربووە، بەڵام لەو سەردەمەدا لە چوارچێوەی ڕێکوپێك (منظم) کردنی مەفاهیمی ئەسڵی ..... چی تر نەچووە پێش.

لە قەرنی نۆزدەهەم سێ ڕووداوی گرنگی کۆمەڵایەتی و هەروەها سێ ڕەوتی گەورەی فیکری (معرفتی)، شارەزایی بە سەرهەڵدانی کۆمەڵناسی زانستی یارمەتییەکی فراوانیان گەیاند. لە ڕاستیدا کۆمەڵناسی زانستی لە نێو جەرگەی ئەم ئاڵوگۆڕە کۆمەڵایەتی و زانستی و فکرییانە هاتەدەر.

سێ ڕووداوی گرنگی کۆمەڵایەتی ئەمانەن:

١-چەند ڕاپەڕینێکی کرێکاری بۆ باشتر بوونی دۆخی ژیانی ئەم چینە ڕەنجدەرە هەورشێم بانەکانی شارلیۆن ساڵی 1832-1833-1839
2- بزووتنەوەی چارتیستی لە ئینگلستان، کە ئامانجی باشتر بوونی دۆخی کرێکارانی ئینگلیسی بوو.
3- ڕاپەڕینی پارچەبافەکانی سیلیزی لە ئاڵمان، کە بووە هۆی قەیرانێکی گەورە لەو وڵاتەدا. ئەم ڕووداوە کۆمەڵایەتییانە بوون کە ناکۆکی نێوان چینە کۆمەڵایەتییەکانی پتر لە جاران خستنە ڕوو، کە هۆکاری فرەیەك لە ئاڵوگۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ڕوون دەبێتەوە.

## سێ ڕەوتی گەورەی بیرمەندی

1- فەلسفەی کلاسیکی ئەڵمان، کە بیروڕای هێگل و فویرباخ فرە پرنێوەڕۆک بوو و لەسەر لەپەیدا بوونی کۆمەڵناسی زانستی، شوێنەواری زۆری دانا. ئەمە کورتەکەیە:
مێژووی جمۆجۆڵی گەشەکردنی کۆمەڵ.
2- ئابووری سیاسی بریتانیا بـــە نۆرەی خۆی ڕەوتی گەشەکردنی کۆمەڵناسی توندتر کرد. ئادام سمیث و ڕیکاردو کە ئەمە کورتەکەیە : سامان ئاکامی کارە.
3- بیروباوەڕی سان سیمۆن و فوریە لە فەرانسە و ئاون لە بریتانیا. سەرەڕای ڕەخنە لە کۆمەڵی هەبوو، پێشنیارێکی خەیاڵیان بۆ کۆمەڵێکی باشتر دا و داواکاری جێبەجێبوونی (بوون)، واتە سوسیالیزمی خەیاڵی- ئوتوپیا.

کۆمەڵناسی کتێب

## پێگەی زانستی کۆمەڵناسی:

زانست: بەشێکە لە ناسینی ئێمە. ئەو بەشە کە هەستی یان راستینەکان وردتر شی بکاتەوە. ئەزموون، بەنرخ و خاوەن نرخترین کەرەستەیە بۆ ناسینی راستینەکان. زانست زمانی ڕاستییەکانە، هەر زانستێك لە رەوتی زەماندا گەشەدەکا، یاسای تازە دەدۆزێتەوە. یاساکانی پێشوو قووڵ و بەرینتر دەکا و لە تێکەڵکردنی یاساکان، بۆچونێکی نوێ بە دەست دێنێ.

تایبەتمەندی یەکانی زانست:
زانست، ناسینێکی ڕێکوپێکە کە بە شێوەکانی دیاریکراو بە دەست دێ و یاساکان یان پێوەندییە پایەدارەکانی ڕاستی یەکانرا دەگەینێ. هەر یاسایەك هەر لەو کاتەدا کارکردی بەنرخی ڕاستییە بە پێی ڕەوتی زەمان گەشە دەکا و بەرینتر و قووڵتر دەبێ و هەستی بە شێوەی ڕەوانتر بەیان دەکا.

## نرخی زانستی کۆمەڵناسی:

کۆمەڵناسی نەزمی زانستی هەیە. کۆمەڵناسی لە سەر بنچینەی ڕەوش و شێوەی زانستییە. هەر زانستێك ڕەوشتی تایبەتی خۆی هەیە. کۆمەڵناسی لە رەوتی تویژینەوەی خۆیدا، لە قۆناخەکانی توێژینەوەی زانستی خۆیدا بە هێندێك جیاوازی لە پلەگەلی جۆراوجۆردا تێدەپەڕێ.

کۆمەڵناسی لە سەرەتاوە بە پشت بەستن بە ئەزموونەکان و زانیاریگەلی هەبوو بۆ دۆزینەوەی ڕێگاچارەی بابەتێک، گۆمانە (فرضیە) دادەنێ، ئەو دەم بۆ متمانە لە دروستی یان نادروستی گۆمانەی خۆی لە چوارچێوەی کردەوەدا، دەست دەداتە ئەزموون و ئەگەر ئەزموونەکە گۆمانەی تەئید کرد ئەوە خاوەن نرخە، دەبێتە یاسا. دوایی لە تێکەڵ و قووڵ و نەزم پێدانی ئەو یاسایە، بۆچوون بە دەست دێ و ڕاستییە بەرینەکان بەو یاسایانە رادەگەیندرێ، و ڕێگای کردەوە و گۆرانکاری هەستی کۆمەڵایەتی نیشان دەدا. ئەزموون یان تاقیکاری(ئازمایشگای) کۆمەڵناسی، "کۆمەڵ"ە. یاسا کۆمەڵایەتیەکان لە بەر ئەوە لەسەر بنچینەی ڕاستین و بۆچوونە کۆمەڵایەتییەکان تا ئە و جێگایە کە لەگەڵ ڕاستی یەکانیەك بگرن، وەك یـــاسا و بۆچوونە زانستییەکانی دیکە، نرخیان هەیە.

کۆمەڵناسی یاساگەلی زانستی ئەدا بەدەستەوە. کۆمەڵناسی لەبەر ئەوە خاوەن نیزام و شێوەکانی زانستییە، بێ ئەملاو ئەولا، ئەگاتە دۆزینەوەی (کشف)ی یاساکانی ژیانی کۆمەڵایەتی.

هێندێك لە یاساکانی کۆمەڵایەتی گشتییە و هێندێکیان لق و پۆپییە و گیرۆدەی سنووری کات و شوێنن و تەنیا لە دەستە و گرۆپێکی تایبەتیدا، دەقاودەق دێنەوە.

**تایبەتمەندییەکانی کۆمەڵناسی:**

کاتێک دەکرێ شتێک بە دروستی بناسرێ کە لە بەرینایی و سنووری ناسیندا هەبێ.

**بەرینایی کۆمەڵناسی:**

بابەتی کۆمەڵناسی: کۆمەڵناسی، زانستێکە کە لە ژیانی کۆمەڵایەتی دەکۆڵێتەوە. واتە بابەتی کۆمەڵناسی ژیانی کۆمەڵایەتییە. ژیانی کۆمەڵایەتی: لە پێشدا ژیانی کۆمەڵایەتی ئینسان، پاشان ژیانی کۆمەڵایەتی هێندێک لە گیانلەبەرەکان. لەم بارەوە دوو جۆر کۆمەڵناسی هەیە: کۆمەڵناسی ئینسان و کۆمەڵناسی گیانلەبەران.

بابەتی کۆمەڵناسی ئینسانی: واتە ژیانی کۆمەڵایەتی ئاکامی ئەو پێوەندییانەیە کە تاکەکانی ئینسانی پێکەوە پێوەند دەدا. چون پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان بە هۆی دووپات بوونەوەیان، چەسپاندن و جێگیربوونیان جۆرێک رێکوپێکی یان چوارچێوەیان هەیە. لەم بارەوە بابەتی کۆمەڵناسی، ڕێکخراوە کۆمەڵایەتییەکانە. ئەرکی کۆمەڵناسییە کە لە ڕەوتی پێکهاتن و ئاڵوگۆربوون تێکچوونی ڕێکخراوە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵ شوێنی بکەوێ و یاساکانی زاڵ بەسەر بارودۆخەکەدا بدۆزێتەوە.

سنووری کۆمەڵناسی، زانستی کۆمەڵایەتی تایبەتی و گشتییە.

کۆمەڵناسی تایبەتی: لە چوارچێوەیەکی دیار لە ڕەوتی کۆمەڵایەتی دەکۆڵێتەوە. وەك ئابووریناسی، (بەرهەم هێنان و دابەشکردنی کووتاڵ)، سیاسەتناسی، بەکاروباری حکومەتی رادەگا، حقوقناسی، بە کاروباری یاسادانان و بەڕێوەچوونی خەریک دەبێ. دەروونناسی کۆمەڵایەتی یان دەروونناسی ئینسانی ، بارودۆخی دەروونی تاکەکان لە کۆمەڵدا دەخاتە بەر توێژینەوە.

## کۆمەڵناسی گشتی:
بە یارمەتی کۆمەڵناسی تایبەتی، ڕەوتگەلی گشتی کۆمەڵ و پێوەندییەکانی ڕێکخراوە جۆراوجۆرەکان، ژیانی کۆمەڵایەتی دەداتە بەر لێکۆڵیەوە. وەك خەڵکناسی، مێژووناسی، زانستی مێژوو. کۆمەڵناسی.
خەڵکناسی، زانستی ژیانی کۆمەڵایەتی ئینسانە لە پلەگەلی سەرەتاییدا. کۆمەڵناسی، زانستی ژیانی کۆمەڵایەتییە بە گشتی و بە پێدادەگرتن لەسەر ڕێکخراوە کۆمەڵایەتییەکان. مێژووناسی، زانستی ژیانی کۆمەڵایەتییە بە شێوەی گشتی و بە پێداگرتن لە سەر بەشگەلی کات و شوێندا.
خەڵکناسی، بە خوێندنەوەی شوێنەوارەکانی ئینسانە سەرەتاییەکان لـــە ژیانی کۆمــەڵە سەرەتاییەکاندا، لە هەوڵی ناسینی ڕەوتی گەشەکردنی ژیان(زیست)ی کۆمەڵایەتی ئینسانە و دوو بەش وەبەر دەگرێ: لەشیی و کۆمەڵایەتی یـــان فـــەرهەنگی.
مێژووناسی: ڕووداوە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵەکان یەك بە یەك و بە پێی(یەك لە دوای یەك هاتن)ی کاتی ئەوان بە شوێنیاندا دەگەڕێ. ڕووداوە کۆمەڵایەتییەکان زۆر جۆراوجۆرن، لە ئاکامدا، مێژووناسی جۆراوجۆرە. مێژووناسی سیاسی، مێژووناسی کۆمەڵایەتی، مێژووناسی ئابووری، مێژووناسی دینی، مێژووناسی زانستی و مێژووناسی هونەری.
کۆمەڵناسی، ڕووداوە کۆمەڵایەتییەکان بە بێ سەرنجدان بە کات و شوێنی ئەوان، لێکدەداتەوە و لەگەڵ هەڵسەنگاندن دەستەبەندی ڕێکخراوە کۆمەڵایەتییەکان ، بە دۆزینەوە و پێشبینی یاساکانی گۆرانکاری کۆمەڵگاکان دەگا.

## بوونی کۆمەڵایەتی- وجدانی کۆمەڵایەتی:
مێژووی کۆمەڵ بە شێوەیەکی بەرچاو لە گەشەکردنی سروشت جیاوازە. لـــە سروشتدا هێزێکی خاوەن شعور و ناسێنەر نیە، گەشەکردن لە سروشتدا بە شێوەیەکی خۆبەخۆ جێبەجێ دەبێ، هیچ ئاڵوگۆڕ و هیچ بزووتنەوەیەك لە سروشتدا لە ڕووی ئامانجێکی دیاریکراو نیە و تەواوی ڕووداوەکان لە سروشتدا بە شێوەییەکی بێ شعور و ناسین و ئیرادەیە. بەڵام لە کۆمەڵدا بەم شێوەیە نیە، چون لێرەدا مرۆڤ هەیە، کە خاوەنی شارەزایی و ئیرادە و ئارەزووە، مرۆڤ ئامانجگەلێکی دیاریکراو بۆ خۆی پێکدێنێ و هەوڵ دەدا کە بەم ئارەزوو و ئامانجە بگا. تەنانەت بوونی شعور لە کۆمەڵدا، بووتە هۆی ئەوە کە گۆمانەیەک پێش بێ کە شعور و بیرکردنەوە و ئامانجەکانە، پایە و بناخەی ژیانی کۆمەڵایەتییە، کە ئەمە ڕاست نیە، دیارە شوێنەواری تایبەتی خۆی هەیە (پروانە کۆمەڵناسی پێشوو،ل٧٦-٧٩).

## بوونی بیروڕای جیاواز:
جیاوازی لە شێوەی بیروڕای کۆمەڵایەتی، دەبێ بە شێوەیەکی گشتی لە نابەرابەرییە کۆمەڵایەتییەکاندا بدۆزێتهوە. جیاوازی بیرمەندی لە ناکۆکی و جیاوازی هەلومەرج لە کۆمەڵدایە. جیاوازی بیرکردنەوەی تاکەکان و تاقم و گروپ و چینەکۆمەڵایەتییەکان، لـــە جیـــاوازی هـــەلومەرجی ژیانی ئابووری ئەوان، سەرچاوە دەگرێ.



هەولێرنامەی ژیر

ئینسان، ناچارە بۆ درێژەدان بە ژیانی پێداویستییە مادییەکانی خۆی دابین بکا. ئەم پێداویستییانەیە کە مرۆڤ ناچار دەکەن کە لەگەڵ سروشت و ئینسانەکانی دیکە پێوەندییەکی دیاریکراو دابمەزرێنی. مرۆڤ بۆ جێبەجێ کردنی پێداویستی خۆی یان لەوەی لە سروشت بە شێوەیەکی ئامادە هەیە، کەڵك وەردەگرێ، یان بە ئاڵوگۆڕکردنی سروشت یان شتومەکی سروشتی ئامادە بۆ کەڵك وەرگرتن، کەڵک وەردەگرێ، و کەرەستەی بەرهەمهێنانی دروست بۆ بەرهەمی کاری خۆی، لەگەڵ هی دیکە دەگۆڕێتەوە. بە هۆی ئەم جۆرە تێکۆشانانەیە کە ژیانی ئینسان دەبێتە خاوەن شێواز، بەم شێوە تێکۆشانانەی بوونی کۆمەڵایەتی ئینسان دەڵین: "بوونی کۆمەڵایەتی". واتە تێکۆشانەکانی مادی مرۆڤ سەربەخۆ لە بیرکردنەوەکان(ئەندیشە) و بیروڕاکانی ئەو لە کۆمەڵدا. هەروەها هەمیشە خاوەن ڕەوتە. ئەمە بەو واتایەیە کە ئینسان خاوەنی هەر بیروباوەڕێك و رادەی بیرکردنەوەیەك لە هەر قۆناخێك بێ، پێویستی بە بەرهەمهێنان، واتە جێبەجێکردنی پێداویستی خۆی هەیە. بەم هۆیە ناچارە کە لە سەر بناغەی نیازی لەگەڵ ئینسانەکان و سروشت پێوەندی هەبێ. ئێوەڕۆک و بناخەی بوونی کۆمەڵایەتی مرۆڤ لە تێکۆشانەکانی کار و بەرهەمهێنانی ئەو کە ئامانجی بەرهەم هێنانی شتی مادییە، خۆی دەنوێنێ.

بە هۆی کار، مرۆڤ، لە دنیای گیانلەبەرەکان جیا بووەتەوە، کار، هەمیشە مەرجی نەپساوی و هەمیشەیی و سروشتی ژیانی مرۆڤە و پایەیی بنەرەتی بوون و گەشەکردنی کۆمەڵ بووە. بوونی کۆمەڵایەتی، دیاریکەری شعورە. تیوری کۆمەڵایەتی و کردەوەکانی مرۆڤ و هەروەها هەستی کۆمەڵایەتی، لە هەلومەرجی مادی ژیانی کۆمەڵدایە.

### ژیانی کۆمەڵایەتی مرۆڤ دوو بەشە:

١- تێکۆشانەکانی بەرهەمهێنان و ئابووری کە پێدەگوترێ بوونی کۆمەڵایەتی.

2- ژیانی میناکیی (مەعنەوی)، کە ویژدان یان شعوری کۆمەڵایەتییە. شعوری کۆمەڵایەتی بەگشتی، ڕێکخراوە لەگەڵ بوونی کۆمەڵایەتی، واتە هەلومەرجی مادی لە هەر کۆمەڵێکدا. زانست و هونەر و فەلسەفە، مەزهەب و سیاسەت لە بەشی تێکۆشانی مەعنەوی مرۆڤدا جێگا دەگرن و لە ڕاستیدا تێکڕا ڕەنگدانەوەی بەرهەمهێنانی کۆمەڵە.

بناخەی گەشەکردنی کۆمەڵایەتی لە ناسین و شعوری ئینسانەکاندا نیە، بەڵکوولە بوونی کۆمەڵایەتی یان پەرەگرتن و گەشەکردنی بەرهەمهێنانی نەعمەتە مادییەکاندایە. بە بوونی کۆمەڵایەتی دەگوترێ، ژێرخان و بە شعور و ناسینی کۆمەڵایەتی دەگوترێ، سەرخانی کۆمەڵ.

لە کۆمەڵی مرۆڤایەتیدا، زانست، فەلسەفە، سیاسەت، هونەر و هەستیاری (احساس)ی مرۆڤایەتی، نەقشی فرە گەورەیان هەیە. ئەوە نیە کە هەر کار و تێکۆشانێك بزوێنەرێک جگە لە قازانجی ئابووری شتێکیتر نیە. تێڕامانێک سەبارەت بە زانستی مێژوو دەڵێ، تێکۆشانی مەعنەوی مرۆڤ بە گشتی، گونجاوە لەگەڵ ڕادەی گەشەی بەرهەمهێنانی ئەو.

### هێزی بەرهەم هێنان:

ئەو شتانەی کە مرۆڤ تێکۆشانی بەرهەم هێنانی خۆی لە سەری کۆدەکاتەوە، بابەتی کارن. تەواوی ئەو کەرەستانە کە مرۆڤ بە یارمەتی ئەوانە شت بەرهەم دێنێ، کەرەستەی بەرهەم هێنانن. کەرەستە و ئامرازێك کە ئینسان بە هۆی ئەوانەوە بەرهەم دروست دەکا و ئەو مرۆڤانە کە ئەو کەرەستە و ئامرازانەی بەرهەم هێنان وەگەر دەخەن، پرێیان دەگوترێ هێزی بەرهەم هێنانی کۆمەڵ. هێزی بەرهەم هێنان، دیاریکەری پێوەندی مادی نێوان کۆمەڵ و سروشتە. بەم واتەیە کە گەشەی هێزەکانی بەرهەم هێنان و پلەی گەشە ئەو نیشاندەری پلەی زاڵ بوونی مرۆڤ بە سەر سروشتدایە..

### پێوەندی بەرهەم هێنان:

لە کۆمەڵە سەرەتاییەکاندا، تەواوی ئەندامەکانی کۆمەڵ بە هەلومەرجی وەك یەك، لە بەرهەم هێنانی کۆمەڵایەتی بەشدار دەبوون. بەم واتەیە کە هەموو لەگەڵ یەکتردا بە شێوەی کۆمەڵ، کەرەستەی ژیانیان بەرهەم دەهێنا. بەرهەم هی هەمووان بوو و بە یارمەتی هەمووان وەبەرهەم دەهات، و بە شێوەی کۆمەڵ کەڵکیان لێوەردەگرت. ئەم بوارە، هۆی ئەوە بوو کە کەرەستەی بەرهەمهێنان هی هەمووان بوو، لە کۆمەڵگەی گەشەکردوو و تێکچڕاودا، هەر کام لە چینەکانی کۆمەڵ لە پێوەندی لەگەڵ بەرهەمهێنانی کۆمەڵایەتیدا دۆخی تایبەتی پەیدا دەکەن، بە شیوەیەك کە لەگەڵ یەکتردا جیاوازن، وەک دەورانی کۆیلەداری. خۆی ئەو دۆخە ئەوەیە کە لەو کۆمەڵانە کە ئەمراز و کەرەستەی بەرهەمهێنانی هی چەند دەستەیەکی کەمە، هەر ئەم خاوەندارێتی (مالکیتی) کەرەستەی بەرهەمهێنان کە نیشاندەری پێوەندی بەرهەم هێنانە، واتە کەرەستەی بەرهەم هێنان هی کام یەك لە چینەکانی کۆمەڵە، لە ڕاستیدا، پێوەندی خاوەندارێتی کە سەبارەت بە ئامرازی بەرهەمهێنان لە کۆمەڵە جۆراوجۆرەکاندا پێك دێن، بە پێوەندی بەرهەمهێنان یان پێوەندیگەلی بەرهەمهێنانی ئەو کۆمەڵە دەژمێردرێ. پێوەندی بەرهەمهێنان، پێش لە هەر شتێک، گرێدراوی خاوەنداریە تییە، لە هەر دەورانێکی مێژووی دا، ئاڵوگۆڕو ڕووداو گەلێك شتی گونجاو لەگەڵ ئەو دەورانە ڕوودەدەن. لە دروست کردنی مێژوودا، تەواوی هۆکاری بیرمەندی و ئابووری بەشدارن و بوونی کۆمەڵایەتی هەمیشە بناخە و پێشینەی شعوری کۆمەڵایەتییە.

### یاسا کۆمەڵایەتییەکان:

یاسای زانستی، رەنگدانەوەی فرە یان کەمی وردی یاساکانی دنیای دەرەوەیە. هەروەها سەربەخۆ لە ئێرادە و شعوری ئێمە بوونی هەیە. یاساکانی زانستی بە شێوەیەکی گشتی خاوەنی ئەم تایبەتمەندییانەن:

١- یاسا، خۆی جۆرە پێوەندییەکە، بەلام نە هەر پێوەندیەك، بەڵکوو پێوەندییەکی بنەرەتییە بۆ دۆزینەوەی یاسایەکی زانستی کە دەبێ لە نێو دیاردەیەکدا، بە ناخیدا رۆ بچی و لە نێوەڕۆکی ئەو توێژینەوە، بکرێ. یاسا، پێوەندییەکی نێوەڕۆکی و یان پێوەندی نێوان نێوەڕۆکەکانە.

2 - یاسا، پێوەندییەکی گشتییە، یاسا شێوەیەك لە وەك یەک چوونی سروشتە.

٣ - یاسا، پێوەندیەکی بێ ئەملاوئەولایە، و پێویستی کاری بەرهەمهێنانە.

٤- یاسا، بە گشتی نەپساوە و نەگۆڕ و بنچینەییە. سەرەڕای ئەوە جمۆجۆڵ و گەشەی کۆمەڵ شێوەی بەرهەمهێنانە، کە ئاکامی هەوڵ و تەقەلای ئینسانەکانە. شێوەی بەرهەمهێنان بە هۆی هێزی دەرەوە لە کۆمەڵدا بە سەر ئێمەدا ناسەپێ، بەڵکوو بە هۆی مرۆڤەوە دروست دەبێ. شێوەی بەرهەمهێنان هەمیشە بە هەلومەرجی مێژوویی دیاریکراو بەستراوەتەوە. واتە تێکۆشانی ماکیی(مادی) مرۆڤ بۆ ژیان و ژیانی باشتر لە درێژایی مێژوودا گەشە دەکا، و ئەمرازسازی و گەشەی هێزەکانی بەرهەمهێنان، پێش هەر شتێک بە قۆناغی گەشەی مێژووی کۆمەڵەوە پێوەندی هەیە. بەم جۆرە ڕوون دەبێتەوە کە ئینسان، تەنیا دەتوانێ لە ڕادەی هەلومەرجی مێژوویی، بەرهەمهێنانی خۆی گەشە پێبدا. ئەگەرچی گەشە و ئاڵوگۆڕی و کامل بوونی شێوەی بەرهەمهێنان بە دەست مرۆڤ و بۆ خۆی دەبێ، بەڵام بە تەواوی لە ژێر دەستەڵاتی ئەوادا نیە و پێوەندی هەیە بە هەلومەرجی مێژووییەوە.

بە دۆزینەوەی یاسا ماکیی یان مادییەکان، ژیانی مرۆڤ سەقامگیر بووە کە گەشەی کۆمەڵ بە پێی یاساکانی عەینی ڕەوتی بەرەوپێشچووی هەیە. دوو جۆر پێوەندی کۆمەڵایەتی هەیە، ماکیی یان مادی و میناکی یان مەعنەوی.

پێوەندییە ئابوورییەکان(مادی) بە پێچەوانەی پێوەندییەکانی بیرمەندیی و مەعنەوییەکان لە ڕەدەی زەینی و ئیرادەی ئینسان پێوەست دەبێ و ئاکامی هەوڵ و تەقەلاییەکە بۆ ئەوەی دابینکردنی پێداویستیە مادییەکان، جێبەجێ بێ. پێوەندی ئابووری بەرهەمهێنان لە کۆمەڵدا خۆی ژێرخانی ئابووری کۆمەڵ و پلەی راستییەکان پێك دێنێ. لە کاتێکدا پێوەندییە مەعنەوی و هزرییەکان و شتێک جگە لە سەرخان بۆ ئەم پایە نیە. لە دۆزینەوەی قۆناغەکانی گەشەی هێزەکانی بەرهەمهێنان، تەنیا پایەی پتەو بۆ موتالا و لێکدانەوەی گەشەی کۆمەڵایەتی وەك پروسەیەکی مێژوویی سروشتی ڕوون بووتەوە و تەنیا پشت بەستن بەم پایەیە کە دەکرێ بڵێین مێژووی ئینسانی لە یاساکانی عەینی پەیڕەوی دەکا.

بە پێچەوانەی ئەوە کە لە سروشتدا ڕەوتی خۆی دەپێوێ، پێویستی مێژوویی، واتە ئەم ڕاستییە کە لە هەر دەورانێکی مێژوویدا، ئاڵوگۆڕ و گەشەکردنی دیاریکراو دەبێ ڕوودا، کە تەنیا لە تێکۆشانی ئینساندا خۆی دەنوێنێ و جێبەجێ دەبێ. مرۆڤ دەتوانێ بە پێی پێویستی مێژوو رەفتار بکا.

پێویستی مێژوویی، ئاڵوگۆڕی کۆمەڵایەتی بە هیچ شێوەیەك بە واتەی ئەوە نیە کە ئەم ئاڵوگۆڕە خۆبەخۆ و بێ مرۆڤ جێبەجێ و سەردەگرێ، بەڵکوو ئەم پڕیارە بە واتەی ئەوەیە کە رەوتی جمۆجۆڵی مێژوویی لە بنەرەتدا بەرەو ئاڵوگۆڕ ئاوالایە.

نەزەرییەی زانستی مێژوو، سەرچاوەی هێزەکانی کۆمەڵایەتی لە راستینەی کۆمەڵایەتیدا دەبینێتەوە. ئەمە بناخە و نێوەڕۆکی نەزەرییەی زانستی مێژوویییە کە بە شێوەی ئۆرگانێك، عەینی بوونی ئالوگۆڕەکان لەگەڵ تێکۆشانی زانایانەی مرۆڤ تێکەڵ دەکا. بە کورتی نەزەرییەی زانستی مێژوو:

١-گەشەی کۆمەڵایەتی پێوەندی بە دەرەجەی گەشەی شێوەی بەرهەم هێنانەوە هەیە.

٢- گەشەی شێوەکانی بەرهەم هێنان، خۆی چەمکێکی مێژووییە.

مەهاباد دیتر

٣- یاساکانی گەشەکردنی کۆمەڵایەتی عەینییە و سەربەخۆ لە ئیرادەی ئینسان لەقەڕاندایە.
هەروەها هەمیشە گەشەکردنی کۆمەڵایەتی بە هۆی تێکۆشانی مرۆڤ دەبێتە خاوەن شێواز.

## یاسا گشتی و تایبەتییەکانی گەشەکردنی کۆمەڵایەتی:

کۆمەڵی مرۆڤایەتی بێ پسانەوە لە باری گۆڕاندایە. ئەم گۆڕانە لەبنەڕەتدا، لە خزمەت گەشەکردندایە. جمۆجۆڵ و گەشەکردنی کۆمەڵ بە هەڵکەوت بێنەزم نیە، بەڵکوو لە یاسایەك پەیڕەوی دەکا. بەم یاسایانە، دەڵێن" یاساکانی گەشەکردنی کۆمەڵایەتی"، بەڵام یاساکانی گەشەکردنی کۆمەڵایەتی لە پرێك لاوە لەگەڵ یەکتر جیاوازییان هەیە. بە گشتی یاساکانی کۆمەڵ هەروەك پێشتر باسکرا دوو دەستەن. یاسا گشتییەکان و یاسا تایبەتییەکان. جیاوازی نێوان یاسا گشتییەکان و تایبەتییەکان، گەشەکردنی کۆمەڵایەتی پێش لە هەر شتێک لە جیاوازی لە ڕادەی بەرفراوانی زاڵ بوون و هەروەها لە نەپسانەوەی مێژووییدایە.
تەواوی یاساکان لە ڕادە و ئەندازە و سنوورێکی دیاریدا پریار دەدەن. بەڵام هێندێکیان لە سنوورێکی بەرفراوان و گەورەدا پریار دەدەن واتا لە جمۆجۆڵ و گەشەکردنی مادەدا.
لە نێوان یاساکانی گەشەکردنی کۆمەڵایەتیدا، ئەو دەستە لە یاساکان، کە بە شێوەی سەربەخۆ و بێ لە بەرچاوگرتنی فۆرماسیونە جۆراوجۆرە کۆمەڵایەتی و مێژووییەکان هەلومەرجی ژیانی کۆمەڵ ڕادەگەینن، گشتیین. بەرهەم هێنان یاسایەکی گشتییە و هەلومەرجی بنەرەتی هەستی کۆمەڵ باس دەکا ولە سنووریکی پان و بەریندا پریاردەداا، و بێ ئەملاوئەولا و بێ پسانەوە لە ڕەوتی مێژوودا فەرماندەرە.

## یاسای تایبەتی گەشەی کۆمەڵایەتی:

ئەم تایبەتمەندییانەی هەیە:
-1هەلومەرجی تایبەتی قۆناخێکە یان دەورانێکە مێژوویی دیاری باس دەکا.
-2لە حەدد و سنوورێکی بەرکورت (محدود) دا حوکم دەکا.
-3بێ پسانەوە (تداوم) ی مێژووی کەمە.
حەرەکەتی کۆمەڵ پێچاوپێچ ترین نەوعی حەرەکەتی مادیە و یاساکانی تێکچڕاوی زۆریان هەیە، یاساکانی گەشەی کۆمەڵایەتی پایەداری بێ پسانەوە (تداوم) یان هەیە.

## پێویستی مێژوویی و تێکۆشانی ئینسان:

یاساکانی مێژوو لە هەوڵ و تەقەلای مرۆڤدا خۆی دەنوێنێ و ئەمە هەر ئەو شتەیە کە ئەم یاسایانە لە یاساکانی سروشتی جیا دەکاتەوە. زەروورەتی مێژوویی بەو واتەیە نیە کە جەرەیاناتی تەقدیری سەربەجۆ لە تێکۆشانەکانی ئینسان هەیە. بەڵکو مەفهومی زەروورەتی مێژوویی ئەوەیە کە بەرهەم هێنانی کۆمەڵ لـــە هەر قۆناخێکی مێژوویی دیاریکەری تێکۆشانە کۆمەڵایەتییەکانی دیکەیە. زەروورەتی

مێژوویی هەروەها (هەوارە) لە تێکۆشان و هەوڵ و تەقەلاکانی ئینساندا سەرهەڵ دەدەن. ناسینی زەرورەتی مێژوویی........ بە مرۆڤ ئازادی کردەوەی مێژوویی دەدا. هەر کات ئێمە سەختی حەرەکەتی مێژوو بناسین و دەرکی کەین ، کە مێژوو لە چە بوارێکدا ڕێگا دەپرێ، بە ناسینی ئەم شتە بێ ئەملاوئەولایە دەتوانین بە ئاسانی لە ڕەوتی جمۆجۆڵی مێژوودا وەرێکەوین و تەنانەت ئینسانەکان دەتوانن بە ناسینی پێویستی مێژوو، سەرهەڵدانی توند تر ئەنجام بدەن. (هیگل) ئازادی، دەرکی پێویستی و راستینەیە .

## هۆکاری بەرهەم هێنان – سەرچاوەی سروشت:

هۆکاری گرنگ لە بەرهەم هێناندا، واتە ئەو شتانەی کە لە بەرهەم هێناندا نەقشی بنەرەتییان هەیە، کە بریتین لە کار، کەرەستەی کار، سەرمایە ، سروشت یان بابەتی کار.

ئاڵوگۆڕ لە سروشتدا بە مەبەستی دابینکردنی پێویستییەکانی ژیان ، بەرهەم هێنانە. لە نەزەری ئابوورییەوە سەرمایە بەو سامانانە دەگوترێ کە مرۆڤ بە مەبەستی بەرهەم هێنانی سامانی تازە بەکار دەبا. سەرمایە، خۆی جۆریک کارە. ئەم جیاوازییە کە خۆی کارێکە کە کۆ بوەتەوە لە بەر دەستی سەرمایەدار دایە. کەرەستەی کار، ئەو شتانەیە کە مرۆڤ بە هۆی ئەوانەوە لە سەر بابەتی کار کاردەکا. کار تەنیا هۆکاری بنەڕەتی سامان لە بەرهەم هێنان دایە.

## فۆرماسیونەکانی کۆمەڵایەتی و ئابووری:

فۆرماسیون، لە وشەدا، بە واتەی ریزبەندییە. بە واتەیەکی دیکە، کۆمەڵێك لە شێوە و شێوازەکان، قەوارە و فۆرمەکان، کە لەگەڵ یەکتریدا پێوەندی شیاویان هەیە. واتە هەر دیاردەیەک کە جۆریک هاوئاهەنگی هەبێ، پێدەوترێ "فۆرماسیون". لە کۆمەڵناسیدا فۆرماسیون بە شێوازی ئابووری، سیاسی و ئێدیولۆژیکی دەوترێ، کە لەگەڵ یەکتر پێوەندی هەبێ.

مێژوو بە وێنەی مێژووی گەشەکردن و پێشکەوتنی فۆرماسیونە ئابوورییەکان لە بەچاو دەگیرێ. چەمکی فۆرماسیونی ئابووری و کۆمەڵایەتی یەکێك لە گرنگترین دۆزراوەکانی کۆمەڵناسییە.

## جیاوازی و ناکۆکی نێوان کۆمەڵی سیاسی و مەدەنی:

چەمکی کۆمەڵی مەدەنی، لە تەواوی تیۆرییەکانی چەرخی 18 و 19دا بە کۆمەڵێك پێوەندی خاوەندارییەتی کۆمەڵ دەگوترێ.

ڕادەی شارستانیەتی کۆمەڵێك ناکرێ بە هۆی دامودەزگاکانی سیاسی ئەو کۆمەڵە رابگەیێندرێ. دۆخی کۆمەڵێك تەنیا بە دۆخی سیاسی ئەو لێکنادرێتەوە، چون بنکە و بنیادە سیاسییەکان، بە جێگای ئەوە کە خۆیان هۆ بن، ئاکامی

گەشەکردنی بارودۆخی کۆمەڵایەتیین. ئاوێتەی کۆمەڵ، شێوەی ژیانی ئینسانەکان، پێوەندی نێوان چینە جیاوازەکان و بە کورتی ژیانی مەدەنی.

دامەزرێنەرانی کۆمەڵناسی زانستی، لەم ڕێگایەدا ئەوەیان چەسپاندوە کە ڕیشە و سەرچاوەی پێوەندی دادوەریی و شێوازگەلی جۆراوجۆری دەوڵەت، دەبێ لە هەلومەرجی ژیانی کۆمەڵدا بدوزرێتەوە. دەکرێ بە کۆمەڵی ئەم هەلومەرجە مادییە بگوترێ "کۆمەڵی مەدەنی". باس و لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی ئەم کۆمەڵە، تەنیا بە هۆی ئابووری سیاسییەوە ئەگەری هەیە. چون کۆمەڵی مەدەنی، کۆمەڵێك پێوەندی مادی و ئابووری دیارییە کە لە نێوان مرۆڤەکاندا هەیە. کە وایە، ئەوە ئابووری سیاسییە کە لە پێوەندی ئابووری کۆمەڵ، لێکۆڵینەوە دەکا.

کۆمەڵناسی زانستی، تەواوی پێوەندی کۆمەڵایەتی و مەدەنی لە شێوەی بەرهەمهێناندا، لێکدەداتەوە. بەم جۆرە پێوەندییەك کە لە نێوان مرۆڤەکاندا دامەزراوە، لە دوایین لێکدانەوەدا لە سەر بناخەی پێوەندی ئابوورییە. لە نێوان پێوەندی جیاواز و جۆراوجۆردا کە لە کۆمەڵدا هەیە (دادوەریی، بنەماڵەیی و ......) گرنگترین و بناخەییترینی ئەوانە، پێوەندی بەرهەم هێنانە.

پێوەندیگەلی بەرهەم هێنان کە هەر ئەو پێوەندی خاوەنداریەتییەیە، لە پێوەندی لەگەڵ ئامراز و کەرەستەگەلی بەرهەم هێنان، گرنگترین پێوەندی ئابووری کۆمەڵە، بەڵام پێوەندیگەلی بەرهەم هێنان، واتە ئەم مەسەلەیە "کە کەرەستەی بەرهەم هێنان هی کێیە؟" خۆی دیاریکەری پێوەندییەکانی دیکەی کۆمەڵایەتییە. لە ڕاستیدا دەکرێ بگوترێ کە پایە و بناخەی کۆمەڵی مەدەنی بریتییە لە پەیوەندیگەلی بەرهەم هینان. هەر گرێبەستێکی بەرهەم هێنان ، گرێبەستی سیاسی و دادوەریی و ڕێکخراو لەگەڵ خۆی پێکدێنێ کە لەسەر یەك، ریزبەندیەک پێکدێنێ و هەر ئەم ریزبەندییە کە پێ دەگوترێ "فۆرماسیون".

بۆ ناسینی قۆناخە جۆراوجۆرەکانی گەشەکردنی کۆمەڵایەتی، دەبێ بە قەوارەی ئابووری و کۆمەڵایەتی سەرنج بدرێ. پێوەندیگەلی بەرهەم هێنان لە گشتی بوونی خۆیدا، ئەو شتەی کە پێکدێ، پێی دەگوترێ "موناسبات و پێوەندی کۆمەڵایەتی". لەسەر پایەی هەر ئەم پێوەندییە بەرهەم هێنانەیە کە کۆمەڵ لەگەڵ ڕادەی گەشەی دیاریدا خۆی دەنوێنێ.

فۆرماسیونەکان، هەروەها خاوەنی سەرخانێکن کە قەوارەی ئابووری کۆمەڵ وەك پایەی ئەو لە بەرچاو دەگیردرێ. بە وتەیەکی دیکە، چەمکی فۆرماسیونی کۆمەڵایەتی، تەواوی دیمەنی ژیانی کۆمەڵ لە قۆناخێکی دیاری و لە گەشەکردنی مێژووی خۆیدا، وەبەر دەگرێ. هەر فۆرماسیونێکی ئابووری و کۆمەڵایەتی بناخەی مادی و فەننی تایبەتی خۆی و هێزەکانی بەرهەم هێنانی تایبەتی خۆی هەیە.

پەیدابوونی هەر فۆرماسیونێکی تازە بە هۆی پەیدابوونی کەرەستەی بەرهەم هێنانی تازە و ئاڵوگۆری دۆخی هێزەکانی بەرهەم هێنان دێتە ئاراوە. هێزەکانی بەرهەم هێنان هەر لەو کاتەدا پایە و بناخەی هەر فۆرماسیونێکی ئابووری کۆمەڵایەتیین. بەڵام ناکرێ ئەوە بە تەواوی وەك بەشێك لە فۆرماسیونێک دابنرێ، چون ئەم هێزانە لە سەریەك توندتر لە گشتی بوونی فۆرماسیون جمۆجۆڵ دەکەن.

## نەقشی سەرخانیی ئیدیولۆژیک:

ژیانی کۆمەڵایەتی، شێوەی جۆراوجۆری هەیە. دەبێ بگوترێ کە تەنیا لە ئابووریدا، واتە تێکۆشانی مادی کورت ناکرێتەوە، بەڵکوو کۆمەڵ، کۆمەڵێك پێوەندی پێکەوە گرێدراوە وەک پێوەندی ئابووری، سیاسی، دادوەریی و هیتر، و بەم کۆمەڵە دەوترێ "پێوەندی فۆرماسیونی ئابووری، کۆمەڵایەتی". ڕوونە کە لەم نێوانەدا تێڕامان و بیروبۆچوونە کۆمەڵایەتییەکانی دەوری گرنگیان هەیە.
ئیدیولۆژییەك لە هەر یەك لە فۆرماسیونەکانی ئابووری- کۆمەڵایەتی، ئاوێنەی باڵانوێنی ڕژێمی ئابووری نیە. بەڵام هەر لەو کاتەدا ئیدیولۆژی ڕێنیشاندەری تێکۆشانی ئینسانە و لەم تێکۆشانەدا، دەوری هەیە. ئیدیولۆژی بە بارێکدا بە پێی پێویست و پێداویستی مێژوویی بێ، دەبێتە هێزێکی مادی لە نێوان بیری و بیروڕای جۆراوجۆردا، تەنیا ئەوانەی نەخشیان هەیە کە لە نێو ژیان و تێکۆشانی مرۆڤ ببنە خاوەن قەوارە پرێك لە بیروڕاکان لە پێشکەوتنی کۆمەڵدا دەوریان هەیە.
مرۆڤەکان بە پێی هەلومەرج و دۆخی مادی، لەگەڵ یەکتر دەکەونە گەردوونەی پێوەندی ئیدیولۆژیکییەوە، ئەم ئیدیولۆژییە بە نۆرەی خۆی لە هەلومەرجی مادی و ئابووریدا، شوێن دادەنێ. سەرخانیەتی ئیدیولۆژی واتە تێکۆشانی بیرمەندیی و مەعنەوی مرۆڤ، تەنیا ئاوێنەی باڵانوێنی ناچالاکی هەلومەرجی ئابووری کۆمەڵ نیە. بەڵکو لە تێکۆشانەکانی ئابووریدا، بە نۆرەی خۆی شوێنی هەیە، واتا یان توند یان شلی دەکا .
کۆمەڵ، کۆمەڵێك چڕوپڕ لە پێوەندییەکانی ئابووریدا دوەریی و فەرهەنگییە. ئیدیولۆژی هەمیشە ئاوێنەی باڵانوێنی ڕاستەوخۆی ڕژێمی ئابووری نیە، بەڵکوو ئیدئولۆژی بگرە بەو هێزە بەرهەم هێنانە و بەو هەلومەرجە ئابوورییانەوە پێوەندی هەبێ کە لە حاڵی سەرهەڵدان دابێ. ئیدیولۆژی سەبارەت بە قەوارەی ئابووری کۆمەڵ تا ڕادەیەك ڕێگای سەربەخۆی هەیە.

## چینە کۆمەڵایەتییەکان:

هۆی ئەساسی جیاوازی خاوەندارییەتی، بوون یان نەبوونی کەرەستەی بەرهەم هێنانە. تەواوی ئەو پیاو و ژنانە کە پێوەندی خاوەندارێتی وەك یەکیان نسبەت بە ئەمراز و کەرەستەی بەرهەم هێنان هەبێ، یەک چین پێك دێنن. هەلومەرجی چینایەتی هەرکەس ڕاگەێنەری هەلومەرجە کۆمەڵایەتییەکەیە.
جێگای هەر کەس لە ڕژێمی بەرهەمهێنانانی کۆمەڵایەتیدا، دەوری ئەو لە ڕێکخراوی کۆمەڵایەتی کار، دۆخی کەڵك وەرگرتنی لە سامانی کۆمەڵ، چۆنیەتی سیاسی، ئەخلاقی، دەروونی و ئیدیولۆژی ئەو ، هەمووی پێوەندی بە هەلومەرجی چینایەتی ئەوەوە هەیە، چینەکان تەنیا لەو جێگایە پێك دێن کە کۆمەڵە مرۆڤە جۆراوجۆرەکان سەبارەت بە ئەمراز و کەرەستەی بەرهەم هێنان سۆزی جیاوازیان هەیە.
پێوەندی کۆمەڵایەتی کە بەسەر دڵی کۆمەڵی چینایەتیدا زاڵە، یاسایەکە کە ئێرادەی چینی خاوەن دەسەڵات لە خۆیدا دەنوێنێ، و بەو جۆرە داڕێژراوە. تێکڕای ئەم بنەما و یاسایانە پێیان دەگوترێ "ماف". مەرجی پێویست بۆ بوونی چینێکی کۆمەڵایەتی، ئەو کەسانەی کە پێوەندی وەك یەکی ئابوورییان بێ، بەڵام نە هەر پێوەندێکی ئابووری. بەڵکوو بناخەییترین و پایەدارترین ئەو پێوەندییانە بوونی

هەوراز کتێب

هەلومەرجی یەکسان سەبارەت بە ئەمراز و کەرەستەی بەرهەم هێنانە. چینێك كە ئامراز و کەرەستەی بەرهەم هێنان لە لەژێر دەسەڵاتیدا بێ، چینی دەستەڵاتدارە. دەوڵەت ئاکامی کۆمەڵی چینایەتییە، کە بۆ پاراستنی قازانج و بەرژەوەندی چینایەتی دەوڵەتگەلی جۆراوجۆر پێك دێ. دەوڵەت، هەرچی بێ، دەبێ سەرنجی نێوەڕۆکی چینایەتی ئەو بدرێ. بە واتەیەکی دیکە، بۆ ڕوون بوونەوە لە سروشت و نێوەڕۆکی حکومەتەکان، دەبێ لێکۆڵینەوە بکرێ، ئەم حکومەتانە لە دەست کام چین دایە.

جمۆجۆڵ و گەشەی کۆمەڵ، پاش کۆمەڵی سەرەتایی، لە ناسازگاری و شەڕی چینایەتی سەرچاوەی گرتووە. کێشەی نێوان هێزەکانی بەرهەم هێنانی تازە و پێوەندیگەلی بەرهەم هێنانی کۆن لە خەباتی چینایەتیدا خۆی دەنوێنێ.

کۆمەڵی چینایەتی، ئاکامی گەشەی کۆمەڵ لە قۆناخێکی دیاریکراودایە. فەرهەنگ، ڕەووتی گەشەکردنی فەرهەنگی کۆمەڵی مرۆڤایەتی، پێش هەر شتێك بە هەلومەرجی کۆمەڵایەتی و مێژوویی و گەشەکردنی ئەوانەوە پێوەندی هەیە. جۆری پێوەندی، هاوکاری فەرهەنگی، ئاوێنەی باڵانوێنی تایبەتمەندییەکانی پێوەندی ئابووری و قەوارەی کۆمەڵایەتی و ڕێکخراوی سیاسی ئەم یان ئەو وڵاتەیە.

## بەشەکانی کۆمەڵناسی:

کۆمەڵناسی، یەکێك لە زانستە کۆمەڵایەتییە گشتییەکانە کە ڕێکخراوە کۆمەڵایەتییەکان بێ سەرنجدان بە کات و شوێن هەڵدەسەنگێندرێن و لە ئاکامدا یاساکانی ئاڵوگۆڕە کۆمەڵایەتییەکان وەدەستدێنێ.

کۆمەڵناسی بە پێی ئامانج و بابەت و ڕەوش بەم شێوەیە دابەشدەبێ:

1- کۆمەڵناسی لە باری ئامانجی ڕاستەوخۆ کە خۆی دوو شێوەیە: کۆمەڵناسی بیرورا و کۆمەڵناسی کردەوەیی.

کۆمەڵناسی بیرورا لە هەوڵی دۆزینەوەی یاساکانی ڕێکخراوە کۆمەڵایەتییەکاندایە. کۆمەڵناسی کردەوەیی لە شتە دۆزراوەکانی کۆمەڵناسی بیرورا کەڵکوەردەگرێ و لە تێکۆشانی کردەوەیی کۆمەڵایەتی وەك چاکسازیی کۆمەڵایەتی، شۆڕشی کۆمەڵایەتی، کەڵکی لێ وەردەگیرێ.

٢- کۆمەڵناسی لە بارەی بابەتەوە. بەم بەشانە دابەش دەبێ: کۆمەڵناسی ئابووری، کۆمەڵناسی سیاسی، کۆمەڵناسی حقوقی، کۆمەناسی پەروەردەیی، کۆمەڵناسی پیشەسازیی، کۆمەڵناسی ئیداری، کۆمەڵناسی هونەری، کۆمەڵناسی ناسین و زانیاریی، کۆمەڵناسی دینی، کۆمەڵناسی شار، کۆمەڵناسی دێ، کۆمەڵناسی خێزان، چینەکان و فەرهەنگی و... وەبەردەکرێ کۆمەڵناسی لە باری سنووری بابەتەوە بە دوو بەش دانراوە: کۆمەڵناسی گەورە کە هەوڵدەدا یاساکانی گەشەکردنی کۆمەڵەکان بدۆزێتەوە. و کۆمەڵناسی ورد، کە بابەتەکەی ناسینی ڕێگا و ڕەسمی پرێك لە گروپە کۆمەڵایەتییەکانە.

٣- کۆمەڵناسی لە باری ڕەوش و توێژینەوەوە، خۆی چەند بەشی هەیە. کۆمەڵناسی مێژوویی، کە بە کەڵك وەرگرتن لە دەستکەوتەکانی زانستی مێژوو، بە دۆزینەوەی یاسا خەریك دەبێ، و کاری کۆمەڵ هەڵسەنگاندنە کە بە شێوەیەك پێوەندی کۆمەڵایەتی ئینسان باس و شی دەکاتەوە.

توێژینەوە لە کۆمەڵناسیدا، بەم شێوەیە دیاری کردنی مەسەلە، هەڵبژاردنی پێوەر، نموونەگیری، هەڵ و تەقەلا بۆ دۆزینەوەی هۆیەکان، ڕاگەیاندنی وردی چەمکەکانی کۆمەڵناسی، باس لە هۆکارییەت، کە پێوەندییە لە نێوان دوو شت لە باری گۆڕاندا.
کۆمەڵناسی ئابووری: هۆیەکانی کار و هێزی ئینسانی لە باری چەند و چۆنیەتەوە باس دەکا. هەروەها نەخشی کەرەستەی خاو، سەرمایە، ئەمرازی بەرهەم هێنان و کار، واتە هێزی بەرهەم هێنان و داهات و دەرکەوت و شوێنەواری ئەوان لە سەر کۆمەڵ باس دەکا.

کۆمەڵناسی سیاسی: هۆیەکانی کۆمەڵایەتی کاریگەر لە سەر ئازادی ڕاگەیاندن و بیروڕا و ئاڵوگۆڕەکانی کۆمەڵایەتی باس دەکا و هەروەها پێوەندی نێوان حکومەت و خەڵک، دەوڵەت و گەل و هێزی دەستەڵات دەخاتە بەرباس. بێجگە لەوەش شێوەی کاری سیاسی لە نێو کۆمەڵدا دیاری دەکا.
کۆمەڵناسی مافی: ئامانجە کۆمەڵایەتییەکان، یاساکان، بە ڕێوەبردنی یاسا و پێویستی پێکهێنانی گۆڕانکاری لە یاسادا بە پێی هەلومەرج ، باس دەکا .
کۆمەڵناسی پیشەسازیی: هۆیەکانی کۆمەڵایەتی کاریگەر لە سەر گەشەکردنی پیشەسازیی و شوێنەواری ئەو لە کۆمەڵدا باس دەکا.
کۆمەڵناسی ئیداریی: پێوەندییەکانی نێوان کارگێڕان و کارکەران و ڕێکخراوە جۆراوجۆرەکان لە کۆمەڵدا باس دەکا.
کۆمەڵناسی هونەری: شوێنەواری هۆیەکانی کۆمەڵایە تی لە سەر پێشکەوتنی هونەر و هەروەها شوێنەواری هونەر لە سەر پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی باس دەکا.
کۆمەڵناسی زانیاریی: باری فکری و ئیدیولۆژیکی خەڵک باس دەکا. هەروەها ڕادەی شارەزایی پسپۆری دیاری دەکا.
کۆمەڵناسی دینی: شوێنەواری دین لەسەر کۆمەڵ، هەروەها شوێنەواری کۆمەڵ لەسەر دین باس دەکا .
کۆمەڵناسی شار: چۆنیەتی پەیدابوونی شارەکان و گەشەکردن و پێکهاتنی پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی شارەکان باس دەکا.
کۆمەڵناسی لادێ: گەشەکردنی دێ و چوارچێوەی ئابووری- کۆمەڵایەتی لادێیەکان باس دەکا، و هەروەها پێوەندی نێوان دانیشتوانی لادێ هەڵدەسەنگێنێ.
کۆمەڵناسی خێزان: نرخی خێزان لە کۆمەڵدا باس دەکا. هەروەها قازانجەکان و گیروگرفتەکانی خێزان بۆ کۆمەڵ باس دەکا.
کۆمەڵناسی چینەکان: پێکهاتنی چینەکان، پێوەندی چینەکان بە یەکترەوە و ناکۆکی و ناتەبایەکانی نێوان چینەکان باس دەکا.
کۆمەڵناسی فەرهەنگی: خوو و ڕەوشتی کۆمەڵایەتی، بێ بەندوباری، خورافات، بێبەشیی، لادانەکانی کۆمەڵایەتی و هەروەها ڕادەی خوێندەواری کۆمەڵ باس دەکا.

دەروونناسی، بە تایبەت دەروونناسی کۆمەڵایەتی. واتە ناسینی شوێنەواری ژیانی کۆمەڵایەتی لە سەرتاکەکان و کاردانەوەی تاکەکان لە بەرامبەر ئەو شوێنەوارەدا. یان بە واتەیەکی دیکە دەروونناسی یەکێك لەو زانستانەیە کە بە زانستەکانی

ڕەوشت ناسراوە، وەك فیزیولۆژی. دەروونناسی لێکۆڵینەوەیەکی زانستیانەی ڕەوشتە. ئامانجی دەروونناسی دۆزینەوەی پێوەندییەکانی نێوان دیاردە جۆراوجۆرەکانە. لە ڕاستیشدا دۆزینەوەی پێوەندییەکانی و تێگەیشتن و لێکدانەوەیەکی کردەوەییە. بەشەکانی دەروون یان

## بەشەکانی کۆمەڵناسی لە ئەمریکا:

دەروونناسی کۆمەڵایەتی، کۆمەڵناسی چەندی- بووم ( جێگا یان ناوچەناسی لە کۆمەڵناسی شار و دێ) کۆمەڵ فەرهەنگی دەروونناسی کۆمەڵایەتی، حەشمیەتناسی، کۆمەڵناسی لێکدانەوەیی، کۆمەڵناسی مێژوویی، فەلسفەی کۆمەڵناسی.

دەروونناسی کۆمەڵایەتی: بە پێداگرتن لەسەر لایەنی دەروونی تێکۆشانە کۆمەڵایەتییەکانی مرۆڤ، پێوەندیگەلی کۆمەڵایەتی دەداتە بەر لێکدانەوە و توێژینەوە. لایەنە جۆراوجۆرەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی لە چوارچێوەی لایەنی دەروونیدا لە بەرچاو دەگرێ.

کۆمەڵناسی چەندی: بە لاسایی کردنەوەی زانستی فیزیکی و ژینگەوەیی لە باری چەندییەوە، پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان ئەخاتە بەرچاو و ئەوان لەگەڵ راسورێسکردنگەل و فورمولی مەتماتیکی باس دەکا.

بوومناسی و هەروەها کۆمەڵناسی شار و دێ، پەیدابوون و گەشەکردنی شار و دێ و پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی نێوان دانیشتوانی باس دەکا.

کۆمەڵناسی فەرهەنگی، بە هاندانی خەڵکناسین، لە زەمینەی فەرهەنگەکانی قەومە جۆراوجۆرەکان توێژینەوە دەکا.

دەروونناسی کۆمەڵایەتی، بابەتی هەژاریی و تاوانەکان و گیروگرفتەکانی بنەماڵەیی و نەخۆشی دەروونی خەریك دەبێ .

حەشیمەتناسی، لە سەر حەشیمەت و هەلومەرجی کەمایەتییەکان بە هۆی گرنگییەک کە کۆمەڵی پێشەسازیی و ناتەباهەیەتی، لێکۆڵینەوە دەکا.

کۆمەڵناسی لێکدانەوەیی، یان هەڵگری چوارچێوە توێژینەوەیەکی نەزەری بەربڵاو و قووڵە لە بارەی کۆمەڵ و یاساکانییەوە.

کۆمەڵناسی مێژوویی، واتە لێکدانەوەی کۆمەڵەکەن لە بەرینایی و درێژایکات و دۆزینەوە یاسا گشتییەکانە.

فەلسفەی کۆمەڵناسی، واتە چوونە قووڵایی لە بارەی ڕەوشەکان و بناخەکانی کۆمەڵناسی. وەك کۆمەڵناسی لێکدانەوەیی، مێژوویی، فەلسەفە ڕەوشنناسین و زانیاریی ناسین.

## زاراوەکان و چەمکەکانی بناخەی کۆمەڵناسی:

بەرهەمهێنان (برودکشن): هەوڵدانێکە بۆ ئامادە یان دروستکردنی ئەو شتانەی کە لە سروشتدا بە گوێرەی ویستی ئینسان نین و ئینسان بە پێی نیازی خۆی ئاڵوگۆڕیان بەسەردا دێنێ. بەرهەم هێنان لە کۆمەڵدا دوو لایەنی هەیە. هێزی بەرهەم هێنان و پێوەندی بەرهەم هێنان.

هێزەکانی بەرهەم هێنان: ئەو هێزانەن کە بۆ بەرهەم هێنان پێویستن و لە کارێکەوە سەرچاوە دەگرن کە ئینسانەکان بە هۆی کەرەستەکانی خۆیانەوە لە سروشت ئەنجامی ئەدەن.
پێوەندییەکانی بەرهەم هێنان: ئەو پێوەندییانەن کە لە رەوتی کاری ئینسانەکان لە سروشتدا لە نێوان ئەواندا پێکدێ و لە چۆنیەتی دابەشکردنی کەرەستەی کار و ئاکامی بەرهەم هێنان لە نێوانیاندا خۆی دەوێنێ.
لایەنەکانی بەرهەم هێنان هاوبەش لە هەر کاتێکدا دەمساز لەگەڵ چۆنیەتی دوولایەنی بەرهەم هێنان دۆخی دیاریکراو بە خۆی دەگرێ. ئەم هەلومەرجە کە پەیدا بووە، رێکخستنی بەشەکانی جێبەجێکردنی شێوەکانی دوو لایەنی قەوارەی ئابوورییە.
ئاوێتەی ئابووری، قەوارەی ئابووری: بریتیە لە پێوەندییەکانی بەرهەم هێنانی هاوبەش لە نێوان کۆمەڵێك ئینساندا، کە بە پێی چۆنیەتی شێوەیەکی ئەوتۆ پەیدا دەکا، کە ببێتە هۆی پەیدابوونی ئیدیولۆژیکی هاوبەش.
قەوارەی ئابووری زەمینەی پێوەندی فکری و دام و دەزگاکانی ئینسانییە، کە وەك بنەما و ژێرخان، پێوەندی فکری و دام و دەزگا ئینسانییەکان، دەخاتە روو.
ئیدیولۆژی: کۆمەڵێك بیرورا کە زانست، هونەر، فەلسفە و باوەرەکانی دینی و ئەخلاقی دەگرێتەوە. ئەم بیرورایانە و قازانجی ئابووری هاوبەشی ئینسانەکان وا لێ دەکا، کە بۆ وەدی هاتنی بیرورا و قازانجەکانی خۆیان، هەوڵ بدەن. ئیدیولۆژییەکان بە پێی پێوەندی بەرهەم هێنانیان لێك جیا دەبنەوە.
ژێرخان: بریتیە لە پێوەندی هێزەکانی بەرهەم هێنەر لەگەڵ پێوەندییەکانی بەرهەم هێنان.
سەرخان: بریتیە لە پێوەندییەکانی بیرورا و دامەزراوە ئینسانییەکان.
مودارا: تەحەمول کردنی بیری دژەبەر.
پلەگەلی زەنجیرەیی (هێرارشی): پێوەندی رێکخراوەیی نێوان ئەندامانی رێکخراوەیەك.
چالاکی گروپی: هەوڵدانی هاوبەشی دەستەیەك لە ئینسانەکان بە مەبەستی وەدی هێنانی ئامانجێك.
کۆبەند: کۆمەڵێك لە ئینسانن کە پێوەندییەکی بەهێز لە نێوانیاندا هەیە و پەیرەوی یەك فەرماندەرن.
کۆی ئاژاوەگێر: ئەوانەن کە بۆ گەیشتنیان بە مەبەست ، زۆر و زەبروزەنگ بەکار دێنن و بە زۆر ویستی خۆیان دەسەپێنن.
کۆمەڵانی خەڵک: پێبەشان و چەوساوەکان و بێبەشکراوانی وڵاتێک یان شارێک یان ناوچەیەك، دەگوترێ.
رێکخراو: کۆمەڵێك ئینسان کە نەزم و دیسپلینێکی باشیان هەیە و خاوەنی بەرنامەیەکی رێکوپێکن و لە پێناوی ئامانجێکدا هەوڵ دەدەن.
خوو و رەوشتی کۆمەڵایەتی: بریتییە لە کار لە سەر یەکتر کردنێکی بەکۆ لە نێوان ئینسانەکان و رێورەسمێک کە لە کۆمەڵدا لە نێوانیاندا هەیە و شێوەی رەفتاریان لەگەڵ یەکتریدا.

نیزامی کۆمەڵایەتی: ئەو پێوەندییەی کە لە نێوان ڕێکخراو، بنیات و دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکاندا پێك دێ.
فەرهەنگ: بەو کۆمەڵە خوو و ڕەوشتە عەینی و زەینییانە دەگوترێ لە نێو ڕێکخراوە کۆمەڵایەتییەکاندا لە جەرەیان دایە و لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی دیکە دەگوێزرێتەوە. فەرهەنگ دوو بەشە: مادی و مەعنەوی.
فەرهەنگی مادی: ژێربەنای کۆمەڵە. فەرهەنگی مەعنەوی ڕووبەنای کۆمەڵە.
نەخشی کۆمەڵایەتی: ئەو کارەی کۆمەڵ، فەرد بەڕێوەی دەبا، واتە کارێکی دیاریکراو کە کۆمەڵ بە فەردێکی دەسپێرێ، نەخشی کۆمەڵایەتییە.

پێگەی کۆمەڵایەتی: ئەو نرخەی کە کۆمەڵ بۆ نەخشی فەردێک دایدەنێ.
توێژ: پێگەی کۆمەڵایەتی ئەندامانی کۆمەڵ دەبێتە هۆی ئەوە کە بەشێک لە ئینسانەکان لە یەك سەفدا قەرار بگرن کە مەرج نیە بۆ هەمیشە ئاوا بمێنێتەوە، دیارە ئاڵوگۆڕیش بەسەردا دێ، پێیان دەگوترێ توێژ.
چینی کۆمەڵایەتی: تاقمێکی تا ڕادەیەکی زۆر بەردەوامە کە ئەندامانی ئەو لە بەرهەم هێنان و بەهرە وەرگرتن لە سەرمایەی کۆمەڵایەتیدا ڕێگەیەکی نیزیك و یەکسانیان هەیە. یان بە وتەیەکی ڕوونتر، چین بەو تاقمە زۆرانەی ئینسانەکان دەگوترێ کە ناتەبایی ئەوان لە چوارچێوەیەکی دیاریکراوی مێژوویی بە پێی دۆخی ئەوان لە بەرهەم هێنانی کۆمەڵایەتی، بە پێی پێوەندی ئەوان لەگەڵ کەرەستەی بەرهەم هێنان، بە پێی نەقشی ئەوان لە ڕێکخراوی کۆمەڵایەتی کار و دواییەکەی بە پێی چۆنێتی وەدەست هێنانی سامانە کۆمەڵایەتییەکان و بەشێک کە لەوە کە ئەکەوێتە ژێر دەسەڵاتیان، دیاری دەبێ.
قەیران: لە ئاکامی تێکچوونی پێوەندییە ئاساییەکانی نێوان ڕێکخراوە کۆمەڵایەتییەکان بە تایبەت پێوەندییەکانی بەرهەم هێنان، پێکدێ، و بریتیە لە دۆخی نالەباری لایەنێکی ژیانی کۆمەڵ وەك ئابووری و سیاسی و هێندێك کاتیش تەواوی لایەنەکانی کۆمەڵ دەتەنێتەوە.
ئاڵوگۆڕی کۆمەڵایەتی: یانی گۆڕینی پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان کە دەبێتە هۆی دامەزراندنی سیستمی تازەی کۆمەڵایەتی .
شۆڕش: هەوڵدانێکی ڕێکوپێك و بەنەزم و بەکۆیە بۆ تێکدانی پێوەندییە کۆمەڵایەتییە کۆنەکان و دامەزراندنی پێوەندی تازەی پێشکەوتووتر و بەتایبەت لە بواری بەرهەم هێناندا.
دەرەبەگایەتی: خاوەن مڵکیەتی گەورە، کە ئامرازەکانی بەرهەم هێنان لە دەست ژمارەیەکی زۆر کەم لە خاوەن مڵکەکاندا دەبێ، کە بۆ خۆیان کاری لە سەر ناکەن. بەڵکوو جوتیاران و زەحمەتکێشان کاری لە سەر دەکەن و بەهرەکەشی بە مالکەکان دەگا.
سەپانی: ئەو کەسەی مڵک و ماڵی کەسێکی دیکە بە نیوەی یان بە هەر شێوەیەکی دیکە ڕەنێو دێنێ، پێی دەگوترێ سەپان .
کرێکار: ئەو کەسەی کە خاوەنی هیچ ئامرازێکی بەرهەم هێنان نیە و تەنها هێزی کاری خۆی دەفرۆشێ و ئازادە بە هەرکەسی بفرۆشێ. بەڵام چون تەواوی

ئیمکانات و کەرەستەی بەرهەم هێنان هی سەرمایەدارە، ناچارە بەوی بفرۆشێ وەگەر نە، ئەگەری ژیانی نیە.
کرێکاری کشتوکاڵ: ئەو کرێکارەی کە کاری کشاوەرزی دەکا.
کرێکاری فەننی: ئەو کرێکارەی کە کاری فەننی دەکا و لە کارەکەیدا پسپۆریی هەیە.
سەرمایەدار: ئەو کەسەیە کە ئامرازی بەرهەم هێنانی لە ژێر دەسەڵاتی دایە. بۆخۆی کار ناکا و نیروی کاری کرێکار دەگرێ و نرخی زیادی کە لە کاتی کاری زیادیدا کرێکار پێك دێ، بۆ خۆی دەبا، سەرمایەی خۆی دەباتە سەر. واتە سەرمایە بۆ خۆی کاری کۆکراوەیە لەژێر دەسەڵاتی سەرمایەدار دایە.
نەتەوە: کۆمەڵێك ئینسانن کە نیشتمان ، فەرهەنگ، زمان و ئابووری هاوبەشیان هەیە و بە درێژایی مێژوو کە بە مێژووی نەتەوەیی دەناسرێ ، ئەو تایبەتمەندییانەیان پێك هێناوە و پاراستوویانن.

سادەترین ڕەگەزی ژیانی بە کۆمەڵی مرۆڤایەتی، کارکردی (کنش)ی کۆمەڵایەتییە. کـــارکردی کۆمــەڵایەتی زنجیرە بزووتنەوەیەکی بەرچاوە کە مرۆڤ بۆ گەیشتن بە ئامانجی سەبارەت بە مرۆڤی دیکە ئەنجامی دەدا.
کارکردی کۆمەڵایەتی: ئاکامی بەرەورووبوونی کۆمەڵایەتییە. بەرەورووبوونی کۆمەڵایەتی یەکەمین جار شوێنەواری بەدەنی یان دەروونییە کە مرۆڤ لە سەر مرۆڤێکی دیکە دایدەنێ. بە هۆی بێ پسانەوەی کارکردی کۆمەڵایەتی بە پێویست جمۆجۆڵی بەرامبەری کۆمەڵایەتی دروست دەبێ. واتە مرۆڤێك بزوێنەری مرۆڤێکی دیکەیە. بزوێنەرە جمۆجۆڵی بەرامبەر دەبێتە پێوەندی دوولایەنەی کۆمەڵایەتی.
کارکردی(کنش) کۆمەڵایەتی دوو شێوەن: کارکردی بێپسانەوە کە کارکردێکە لە تاقە ڕێگایەك یان یەک لایەندا پەیرەو دەکرێ. کارکردی بچڕبچڕ: کارکردێکە کە لە تاقە ڕێگایەك یان لایەنێکدا نەبێ.
پەسندکردنی فەرهەنگ: هاوئاهەنگ بوونی کەسێك لەگەڵ ڕێورەسمەکان و ڕەوشت و باقی دیمەنەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگا.
پەسندکردنی کۆمەڵ: هاوئاهەنگ بوونی کەسێك لەگەڵ یاساکانی ژیانی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگا.
داوەری: نێوبژی لە نێوان دوو یان چەند کەس و لایەن کە لەگەڵ یەکتریدا ناکۆکیان هەبێ.
تاقم (گروپ)ی کۆمەڵایەتی: بە دوو یان چەندین ئینسان کە کارکردی دوولایەنە لە نێوانیاندا بەڕێوە بچێ، دەگوترێ. دوو جۆرن: کۆبەندی ڕەسمی- کۆبەندی غەیرە ڕەسمی. یەکەم، وەك قوتابخانەیە، دووهەمی وەك ئاپۆرایەك لە خەڵک کە چاو لە ڕووخانی ماڵێک دەکەن .
هەر گوروپێکی کۆمەڵایەتی، شێواز و قەوارەیەکی کۆمەڵایەتی دیاریکراوی هەیە. قەوارەی کۆمەڵایەتی گروپ، لە پێوەندێکی تا ڕادەیەك سەقامگیرە کە لە نێوان بەشەکانی دامەزراوە پەیدا دەبێ.

کارکردی دەورانی یان کارکردی دوولاینەیی دەورانی: کارکردێکە بە هۆی بزوێنەرێک لە کەسێکدا پێکدێ و دوایی دەبێتە بزوێنەری کەسانی دیکە و کاردانەوە لەواندا پێکدێنێ.
کۆمەڵ: کۆمەڵێك لە ئینسان کە لە زۆر بارەوە پێکەوە نزیکن و هاوئاهەنگییان هەبێ. بریتیە لە کەسانێک و هەروا لە جێگایەك کۆدەبنەوە و لەگەڵ یەکتر پێوەندی دەگرن و بە جۆش و خرۆش دەکەون. کۆمەڵ چەند جۆرە، بۆ وێنە، هەڵکەوتی، خۆنوێنیی، ڕاکێشراو، خاوەن چوارچێوە، چالاک...
گشتی: کۆمەڵێك کەم هاوئاهەنگ( تەجانس) و تێکەڵاو لە ئەفرادێک کە هەروا لە جێگایەك کۆ نابێتەوە، بەڵام بە هۆی قازانجی هاوبەشی خۆیان لەگەڵ یەکتر پێوەندی دروست دەکەن و دەبنە هۆی باوەڕ و بیروڕای گشتی.
ئاپوورەی جەماوەر: کۆمەڵێکی بەرین و هاوئاهەنگ و پێوەندی فراوانی هەیە و هەروەها پەریشانی و ناقیلیشی تێدایە.........
کۆمەڵ: دەستەیەکی بەرین بریتی لە ڕێکخراوە جۆراوجۆر و تێکەڵاو لە ڕادەیەکی زۆری ژن و پیاو و منالٌ، کە لە درێژەی کاتی زۆردا لە پشتئەستوری بە کارکردەکانی دوولایەنەی کۆمەڵایەتی و ڕێکوپێکی گروپی کەڵك وردەگرن.
ڕێکخراوە کۆمەڵایەتییەکان دوو شێوەن: ڕەسمی و غەیرە ڕەسمی. دامودەزگا (مؤسسە)ی کۆمەڵایەتی: ڕێکخراوەیەکە کە کارکردێکی کۆمەڵایەتی دیاری و یەك دەستە کارکرد و کاردانەوەی کۆمەڵایەتی ڕێکوپێك وەبەردەگرێ.
بنیات، نەهادی کۆمەڵایەتی: دامودەزگایەکی فرە پایەدارە کە کارکردی کۆمەڵایەتی ئەو بۆ کۆمەڵ، فرە گرنگە.
ڕەسمی کۆمەڵایەتی: کارکردی کۆمەڵایەتی دیاریکراوە کە بە هۆی دووپات بوونەوەی ڕێکوپێك لە کارکرد و کاردانەوەی دوولایەنەی کۆمەڵایەتی پێك دێ. ڕەسمێک کە لەگەڵ هاودەنگی بەشێك لە کۆمەڵدا دامەزرێ، پایەداری کۆمەڵایەتییە.
دابی کۆمەڵایەتی: پرێك لە ڕەسمە کۆمەڵایەتییەکانی بۆ بەخێر هاتن و بەڕێ کردنی کەسانی دیکەیە.
تەشریفات: ڕەسمێکی تایبەتییە.
درۆشمەکان و ڕێورەسمی کۆمەڵایەتی: تەشریفاتێکی گەورە و گرنگە، وەك مەراسمی دینی، شێوەی قەومی و نەتەوەیی: ڕەسمێکی جۆراجۆری کۆنە کە لە ژیانی ڕۆژانەی زۆربەی کۆمەڵدا جێگای هەبێ و بە هۆی هەموو خەڵکەوە بەڕێوە بچێ دیارە شێوەیەکی پڕ هاوئاهەنگ و ڕێکوپێکە.
سوننەتی کۆمەڵایەتی: ئەو رەسمانەیە کە ریشەدار و گشتیین بە پێی هەلومەرجی کۆن بوونیان، ریزێکی کۆمەڵایەتییان هەیە.
ئەخلاقی کۆمەڵایەتی: ئەو رەسمە کۆمەڵایەتیگەلە گرنگانەیە کە لە نێو ئەندامانی کۆمەڵدا گرنگیان هەیە و کەسێك بەڕێوەیان نەبات، ئەکەوێتە بەر تانە و لۆمە.
یاساگەلی کۆمەڵایەتی: ئەو ڕەسمانەیە کە کۆمەڵ بە پێویست و لە رووی ناسینەوە پێکیان دێنێ و بۆ ملپێچکەران، سزادیاری دەکا.
دادگەری کۆمەڵایەتی: ئەو رەسمانەیە کە گرنگیان کەمە. کۆمەڵ بە پێویست و شارەزایی دایدەمەزرێنێ. یاسایەکی کۆمەڵایەتی.

هەولێرامەوە پێتێر

مۆدی کۆمەڵایەتی: ڕەفتاری کۆمەڵێکی تازە کە بە رادەی رەسمی کۆمەڵایەتی جێگای خۆی نەگرتووە. ڕەفتاری کۆمەڵایەتی زۆرن، مودی کۆمەڵایەتی زوو تێپەڕی.
هەوەسی کۆمەڵایەتی، هەوەسی توند، کە کەسێك لە سەریەك دەخاتە وەسوەسە، جنونی کۆمەڵایەتییە، هەوەسی کۆمەڵایەتی بەردەوام کە لەگەڵ عاتیفەی قووڵ تێکەڵ بێ، شەیدایی کۆمەڵایەتییە.
هەراسانی کۆمەڵایەتی: کردەوەی کۆمەڵەیکی ترسهێنەر و ئاڵۆز کە بە هۆی هەست بە ترسکردن پێك دێ.
ڕێکخراوە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵ بە پێی کارکردنی خۆیان یاسا و کردەوە شیاوەکانی کۆمەڵایەتی دیاریکراو بۆ ئەندامانی کۆمەڵ پێك دێنێ. هەریەك لە ئەندامانی کۆمەڵ بە هۆی هەلومەرجی کۆمەڵایەتی، ناچارە خۆی لەگەڵیان ڕێك بخا.
نەزمی کۆمەڵایەتی: ڕێکخراوەکانی کۆمەڵ بە هۆی هاوئاهەنگی کۆمەڵایەتی لەگەڵ یەکتر پێوەندییان هەیە، کۆمەڵ بە پێی ئەم گرێبەست و پێوەندییە دوولایەنەی کۆمەڵایەتی، چوارچێوەی کۆمەڵایەتی پێک دێنێ.
فەرهەنگ: کۆمەڵێك رەگەزی عەیینی و زەینی و خوو و ڕەوشت کە لە ڕێکخراوە کۆمەڵایەتییەکاندا جمۆجۆڵی هەیە و لە نەسلێك بۆ نەسڵێکی دیکە دەگوێزرێتەوە. میراتی کۆمەڵایەتی یان نەزمی کۆمەڵایەتییە.
بزوێنەری کۆمەڵایەتی: بریتییە لە گواستنەوەی کەسێك لە پێگەی کۆمەڵایەتییەك بۆ پێگەیەکی دیکە. بە دوو شێوەیە، ئاسۆیی و ئەستونی.
گواستنەوە یان بزوێنەری کۆمەڵایەتی ئاسۆیی: گواستنەوە لە پێگەیەك بۆ پێگەیەکی دیکە، بێ ئاڵوگۆری نرخی کۆمەڵایەتی. گۆرینی شوێنێك.
گواستنەوە یان بزوێنەری کۆمەڵایەتی ئەستونی: گواستەنەوە لە پێگەیەك بۆ پێگەیەکی دیکە لەگەڵ گۆرینی نرخی کۆمەڵایەتی. لەم بارەوە بزوێنەری کۆمەڵایەتی ئەستونی دوو لایەنی هەیە.1- بەرەوژوورچوونی کۆمەڵایەتی، دەستەبەرکەری پێشکەوتنی پێگەیە.2- بەرەوخووار چوونی کۆمەڵایەتی، دابەزین و هاتنە خواری پێگەی کۆمەڵایەتی. گرنگترین وێنەی بزوێنەری ئەستوونی کۆمەڵایەتی، بزوێنەری چینایەتییە.
کۆمەڵگاکان لە بارەی بزوێنەری چینایەتییەوە بە سێ شێوەیە١- کۆمەڵگایکراوە یان سیستەمی چینایەتی کراوە، کە لەودا بزوێنەری چینایەتی بە شێوەیەکی دژوار نیە. کۆمەڵگای کراوە لەبەر ئەوە خاوەنی بزوێنەری زۆرە، کۆمەڵی چالاکە.
٢- کۆمەڵی بەستراو یان نیزامی چینایەتی بەستراو، کە لەودا بزوێنەری چینایەتی زۆر دژوارە. کۆمەڵی بەستراو لە بەرئەوە بزوێنەرێکی ئەوتۆی نیە، کۆمەڵی نیوەوەستاوە.
٣- کۆمەڵی کاستی یان نیزامی چینایەتی جیاواز(منفصل)، کە لەودا بزوێنەری چینایەتی بگرە نەگونج بێ، کۆمەڵی کاستی لەبەرئەوە جمۆجۆڵی نیە ، کۆمەڵی وەستاوە.
کۆمەڵی ئینسانی لە ڕەوتی مێژووی خۆیدا، بەرە بەرە لە شێوەی کاستی و بەستراوەیی دەبێتە کۆمەڵی کراوە. بە شێوەیەکی دیکە مرۆڤەکان لە کۆمەڵی چینایەتی بەرەو کۆمەڵی بێچین دەچن. لە هەر کۆمەڵێکدا هەریەك لە ڕێکخراوە

هەواڵنامەی کتێب

کۆمەڵایەتییەکان لەگەڵ ڕێکخراوەکانی دیکە جۆرێک سازگاری هەیە. ئەگەر سازگاری ڕێکخراوەکان و بە تایبەت سازگاری هێزی بەرهەم هێنان و پەیوەندی بەرهەم هێنان لە ڕادەیەکی دیاریکراو کەم بێتەوە، کۆمەڵ تووشی قەیران دەبێ.

پێوەندییەکانی دوولایەنەی کۆمەڵایەتی ئەوە دەستەبەر دەکەن کە ئاڵوگۆڕەکانی لە نوێ کردنەوە لە ڕێکخراوەیەك بۆ ڕێکخراوەیەکی تر بگوێزرێتەوە، سەرچاوە دەگرێ. ئاڵوگۆڕ لە هەر ڕێکخراوەیەکدا بە نۆرەی خۆی لە ڕێکخراوەکانی دیکە کارکرد و کاردانەوە پەیدا دەکا، کە دەبێتە هۆی پێکهاتنی دەوری کۆمەڵایەتی.

دەوری کۆمەڵایەتی: هەمیشە سازگاری کۆمەڵایەتی تێکدەدا و کۆمەڵ تووشی کەمسازگاری یان ناسازگاری کۆمەڵایەتی دەبێ.

شۆڕشی کۆمەڵایەتی: گرنگترین هۆکاری سەرلەنوێ درووست کردنەوەی کۆمەڵە. شۆڕشی کۆمەڵایەتی بە راپەڕینێکی توند و تیژە کە تێکرا بە هۆی چینێکی کۆمەڵایەتی تازە پێگرتوو لە دژی خاوەن دەسەڵاتە کۆمەڵایەتییەکان دێتە ئاراوە پێناسە دەکرێ. واتە چینی دەستەڵاتدار جێبەجێ دەبێ، لە ڕەوتی کاتدا بە هۆی گەشەکردنی ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژی هێزەکانی بەرهەم هێنان ئاڵوگۆری پێوەندی بەرهەم هێنان پێویست دەبێ کە سەرچاوە و پایەی شۆڕشی کۆمەڵایەتییە.

## شـــوێنەواری ئورگانیسـم لە کردەوەی ئینسـانیدا

ئورگانیسم بریتییە لە ئەندامە جۆراوجۆرەکانی لەش یان کۆمەڵ بە پێی قەوارەی خۆیان، واتە پێوەندییگەلێک کە لە نێوان ئەندامەکاندا هەیە. تێکۆشانە ئینسانییەکان ئەکاتە خاوەن چوارچێوە. وەک شێوەی غەریزە، میرات، ڕەگەز.

غەریزە لە مرۆڤدا بە پێچەوانەی گیانلەبەرەکانی دیکە زۆر کزە و توانانی گۆڕانی هەیە و دەقاودەق لەگەڵ بزوێنەرە بێ ئەژمارکانی مەڵبەندی ژیان، دەبێتە هۆکاری هەزاران جۆر تێکۆشانی جۆراوجۆر. باس و شیکردنەوەی هۆکاری ژیانی ئینسان لە ژینگەدا دەبینرێتەوە. ئەو هێزێکی ئەفسووناوییە کە بە هۆی ئورگانەکانی لەشەوە، لە ژیانی گشت گیانلەبەراندا، دەوری هەیە. گیانلەبەر بـــە پێی غەریزەی خـــۆی بێ ئەوە هەڵیسەنگێنێ و بزانی، تێکۆشانگەلی تایبەتی و یەکجۆر کە بۆ مانەوەی پیویستە، ئەنجام دەدا.

**نژاد یان ڕەگەز:** بە کۆیەکی گەورە لە ئەندامەکانی ئینسانی کە لە نێوان ئەندامانی ئەودا، شێوازی جۆراوجۆر وەك شیوازی قەد و شکڵ و بارسایی (حجم)، جمجمە و ڕەنگی موو و پێستی وەك یەکیان هەبێ، دەگوترێ. سنووری تەواوی ڕەگەزەکان لە یەك جیا ناکرێتەوە، جیاوازی ڕەگەزەکان، جیاوازی ساکارە بەدەنیەکانە و شوێنی بەرچاو لە زەیندا دانانێ. جیاوازی ڕەگەزی پایەدار تا ئاخر نیە، بەڵکوو بە پێی هەلومەرجی ژینگە گۆڕانی بەسەردا دێ.

سەرەڕای بوونی شوێنەواری ئۆرگانیسم لە کردەوەی ئینسان و لە ئاکامدا لەسەر ژیانی ئینسانیش شوێنەواری هەیە. تایبەتمەندی ئورگانێکی ئینسان بە هەلومەرجی ژینگەوە بەستراوەتەوە. مەڵبەندی، ژیان نە تەنیا زەمینەی سەرهەڵدان و جێبەجێ بوونی ئیمکاناتی ئورگانێکە بەڵکوو گۆڕانە تایبەتمەندییەکانی ئۆرگانێکیشی هەیە.

مەڵبەندی ژیانی ئینسانی بە ڕادەیەك لە ئینساندا شوێن دادەنێ کە زۆر هەلومەرجی ئۆرگانیسمی ئەو دەگۆڕێ. خووی کۆمەڵایەتی و باقی شتەکان و بەشەکان و هەروەها ناکۆکی تاکەکان و کۆیە مرۆڤییەکان ڕاستەوخۆ لە پێکهاتەی ئۆرگانێکی ئەو دروست نابێ و سەرهەڵ نادا، بەڵکوو پەیدابوونی ئاڵوگۆڕێکە کە بزوێنەرەکانی مەڵبەندی ژیانی کۆمەڵایەتی لەسەر ئۆرگانیسم بووتە خاوەن دەسەڵات و شوێن دانەر.

غەریزە: ئەو کاردانەوە یان میکانیزمەیە کە فێر نەکراوە و سەقامگیرە بۆ دابینکردنی پێداویستیەکانی ژیانی گیانلەبەرەکان، کەڵکی لێوەردەگیردرێ.

میراتگریی: تایبەتمەندی ڕابردووەکان لەگەڵ ئەوە هۆکاری گەورەی ژیانی ئاژەڵییە. بەڵام لە ژیانی ئینسانیدا گرنگیکی ئەوتۆی نیە.

جیاوازی ڕەگەز: جیاوازی و هەروەها ئاڵوگۆڕە کۆمەڵایەتییە کان باس ناکا.

ئۆرگانیسم: زەمینەی کردەوەی ئینسانییە باس دەکا. بەڵام ناتوانێ ژیانی کۆمەڵایەتی رابگەیێنێ.

راگەیاندن و شیکردنەوەی تایبەتمەندییەکان و ئاڵوگۆڕەکانی کۆمەڵ، دەبێ لە مەڵبەندی ژیانی ئینسانەکان بدۆزرێتەوە.

## پێوەندی مەڵبەندی سروشتی و کۆمەڵ:

هەرکەس لە ژیانی خۆیدا تێکرا لەگەڵ ئاڵوگۆڕی ژینگەی سروشتی گۆڕانی بەسەردا دێ. بەڵام ئەمە بەو واتەیە نیە ببێتە پەیڕەوی سروشت. ئەوە کۆمەڵە کە تەواوی شێوەی ژیانی ئینسانی و تەنانەت چۆنیەتی و بەرییانایەتی شوێنەواری هۆکاری سروشتی دیاری دەکا. ئەە کۆمەڵە کە سەرەڕای هێزەکانی ژینگەی سروشتی، کەسێك بە تێکۆشانی بەکەڵکی دیاریکراو ببزوێنێ و تێکۆشانە ئینسانییەکانی لە ژێر هۆکاری سروشتی ئازاد بکا.

مەڵبەندی سروشتی لە سەرتای بە تایبەتمەندی ڕەگەزی شوێن دادەنێ. مەڵبەندی سروشتی لە سەر چونیەتی تێکۆشانی ئۆرگانیسم شوێن دادەنێ.

-ژینگەی سروشتی لە کۆمەڵگاکاندا بە تایبەت کۆمەڵگا سەرەتاییەکاندا شوێن دادەنێ. بەڵام هیچ کام لەم شوێنەوارانە قووڵ نیە، و لەم ڕووەوە (جوگرافیاگەرایی) واتە راگەیاندن و شیکردنەوەی کاروباری کۆمەڵ بە خوێندنەوەی سروشتی، نادروستە.

کۆمەڵگا، سەرەڕای بوونی پێوەندییەکانی خۆی لەگەڵ سروشت، لەو سەربەخۆیە، کۆمەڵ بە سەر سروشتدا زاڵە. هەروەها ڕۆژ بە ڕۆژ لە پەرەگرتندایە.

## کـۆمــــــەڵ و فـەرهـەنگ:

ئۆرگانیسم زەمینەی گشت کردەوەکانی تاك و کۆمەڵایەتی مرۆڤە، بەڵام دیاریکەری ئەوانە نیە. مەڵبەندی سروشتی لە هەموو لایەکەوە ئینسانی گەمارۆ داوە، بەڵام بەرهەمهێنەری کردەوەی ئەوینە.

## سەرهەڵدانی مرۆڤی ئەمرازئافرێنەر و وتەبێژ:

لە بەر کزی توانای شت دروستکردنی لە سەرەتاوە بەرەو هاوکاری بەکۆمەڵ، ملی نا. پێویستی ئەم ڕەوتە و ڕێکوپێك کردنی زمان هاتە کایەوە، لەسەرەتاوە بە شێوەی جووڵاندن، پاشان بە شێوەی دەنگ. ئاخافتن بووە هۆی ئەوە بیرکردنەوەی داماڵین یان ئینتیزاعی، زیاتر بێ.

ئامرازخولقاندن و قسەکردن، پێوەندی ئینسانەکان و هەروەها توانای بیرکردنەوەیان پەرەپێدا. مرۆڤ چوار تایبەتمەندی هەیە. کۆمەڵایەتی یان بە کۆمەڵ ژیان تێپەڕکردن ئەمرازخۆڵقاندن، ئاخاڤتن، بیرکردنەوە. هەر بۆیە بە مرۆڤ دەگوترێ "بەکۆمەڵ ژیانکەر". مرۆڤەکان بە هۆی زمان و بە یەکتر پێوەندییان دەبێ، ئەم پێوەندیانە کۆرو کۆمەڵ پێك دێنن.

کۆ: دەستەیەکە بریتییە لە دوو یان چەند کەس کە لەگەڵ یەکتر پێوەندییان هەیە.

کۆمەڵ، هەروەك باس کرا، کۆیەکی بەرین و دەوامدارە کە بریتییە لە فرەیەك پیا و ژن و منداڵ کە شتی هاوبەشی زۆریان هەیە و بۆ بوون و مانەوەی خۆیان هاوکاری دەکەن و ڕێکخراوە جۆراوجۆرەکان پێك دێنن. کۆمەڵ سەرەڕای ئەوە کە پێوەندی بە تاکەکانەوە هەیە، بەڵام لە تاکەکان جیایە. کۆمەڵ ئاکامی پێوەندییە کە لە نێوان تاکەکاندا سەقامگیرە. کۆمەڵ لە پێوەندی نێوان تاکەکان پێك دێ. کۆمەڵ کۆی ژمارەی تاکەکان نیە، بەڵکوو یەکەیەکە بە چونیەتێکی سەربەخۆی گشتییەوە، جیاواز لە بەشەکانی خۆی. بوونی چەند کەس لە بوونی تاکەکان سەرچاوە دەگرێ، بەڵام چۆنیەتی ئەو لە تاکەکان سەربەخۆیە.

کۆمەڵ بەشێک لە ژینگەی سروشتی نیە و یاسای جوگرافیایی لە تواناییدا نیە باس و شیبکاتەوە. هەروەها کۆمەڵ ئاکامی ئۆرگانیسم نیە و بە یاسای دنیای ئۆرگانیسم باس ناکرێ و لێك نادرێتەوە. ناسینی کۆمەڵ بە ناسینی مەڵبەندی جوگرافیایی یان ناسینی ئۆرگانیسمی مرۆڤایەتی بە دەست نایەت و بۆ ناسینی کۆمەڵ دەبێ لە ئاڵوگۆری ئەودا توێژینەوە بکرێ و بناخە و نیزامەکانی دەرک بکرێ و یاساکانی بدۆزرێتەوە. مەڵبەندی جوگرافیایی و ئۆرگانیسمی مرۆڤایەتی لە ژیانی کۆمەڵدا بەشدارن. بەڵام ڕەوتی کۆمەڵ پەیرەوی بزوێنەرێکە کە لە بناخەی ئەودا سەر هەڵدەدا. ڕەگزەکانی چەندی کۆمەڵ هەمیشە دەگۆردرێ، بەڵام چۆنیەتی کۆمەڵ بە ئاسانی ناگۆردرێ.

## فەرهەنگی کۆمەڵ:

کۆمەڵ بەهۆی میراتی کۆمەڵایەتی یان فەرهەنگی خۆی بە ئۆرگانیسمەکانی مرۆڤایەتی چوارچێوە دەبەخشێ، و ئەندامەکان بە ڕەنگی خۆی دەر دێنێ و ناچاریان دەکا کە کردەوەگەلێکی دیاریکراو ئەنجام بدەن.

تایلر، فەرهەنگی لە واتەی زانست، بیروڕوا و هونەرەکان و ئەخلاق و ڕێورەسمەکان و پاشماوەی دەسکەوتە کۆمەڵایەتییەکانی مرۆڤ بە کار دێنێ. لە سەردەمی ئێمەدا فەرهەنگ ئامرازەکان و ڕێورەسم و باوەر و زانست و هونەرەکان و ڕێکخراوە کۆمەڵایەتییەکانە. فەرهەنگ ڕاگەێنەری کردەوەی ئینسانی و هەوراز و نشێوەکانی ژیانی کۆمەڵایەتییە، بەڵام ژیانی ئاژەڵیی بە هۆی میراتگریی ئۆرگانێك ڕادەگەێندریت.

کۆمەڵە جۆراوجۆرەکان لەو تێکۆشانە وەك کەرەستە دروست کردن هاوکاری هاوسەرگیریی، میوانداری، چێشتلێنان، کات هەڵسەنگاندن، خۆرازاندنەوە و ئەوینداری، هەڵپەڕکێ، هونەر، خۆنواندن، ئەفسانە دروستکردن، جادوگەریی، کایەکردن، فێرکردن و بارهێنان، پاداش و سزا، هاوبەشن. سەرەڕای تایبەتمەندی تایبەت بە خۆیان وەك یەکن، خوو و ڕەوشتی کۆمەڵایەتی، لە غەریزەی هاوبەشی ئینسانی سەرچاوە ناگرێ، بەڵکوو لەو پێوەندییانە کە بێ ئەملاوئەولا ئینسانە کان بە یەکتر پێوەند دەدا، سەرچاوە دەگرێ.

کۆمەڵگەی ئینسانی کە بە ئینسان شێوەی کۆمەڵایەتی دەبەخشێ، لە گۆڕاندا مەڵبەندی سروشتی و ئورگانیسم دینێتە ژێر رکێفی خۆی. فەرهەنگ ڕیشەی (عصارە) ی ژیانی کۆمەڵایەتی و لە تەواوی بیروراکاندا و ئارەزوو و قسە و تێکۆشانەکانی ئینسانیدا خۆی دەنوێنێ. ئەو شتەی بۆ مرۆڤ پێویستە، سازگاری کۆمەڵایەتییە.

## فەرهەنگناسی:

هەوەڵین فەرهەنگ لە سەرەتای دەوری پارینە سەنگی لە 500 هەزار ساڵ لەمەوبەر پێك هات. و بە پێی شێوەی ژیان و بەرهەم هێنانی کۆمەڵایەتی، فەرهەنگ بە سێ دەورە دابەش دەبێ. فەرهەنگی دەورەی کۆکردنەوەی خۆراک، دەورەی بەرهەم هێنانی خوراک، دەورەی بەرهەم هێنانی ماشین.

بۆ ناسینی هەر کۆمەڵێك یان دەورەیەك، ناسینی فەرهەنگی ئەو کۆمەڵە یان دەورەیە پێویستە. بێ ناسینی فەرهەنگ بە هیچ ڕوویك ناکرێ گەشەکردنی کۆمەڵەکان باسبکرێ و لێکبدرێتەوە. هەروەك باسکرا لە باری فەرهەنگناسی، فەرهەنگی هەر کۆمەڵێك دوولایەنی هەیە، مادی و غەیرە مادی.

فەرهەنگی مادی، بریتییە لەو کەرەستانە کە بە دەستی ئەندامانی پێشین کۆمەڵ، دروست بووە و بۆ ئەندامانی ئێستا بە میرات ماوەتەوە.

فەرهەنگی غەیرە مادی، یان مەعنەوی یان داماڵراو (مجرد)، بریتییە لە ڕێورەسمگەل و بیروباوەڕ و زانست و هونەرێک کە بناخەدا بە هۆی زمان و خەت، فێری دەبین.

هەر فەرهەنگێک شێوە و شێوازێکی دیاری هەیە، کە بە هۆی ئەوانەوە لە لە فەرهەنگی کۆمەڵەکان و چەرخەکانی دیکە دەناسرێ. کەرەستە دروست کردن، گرنگترین و بناخەیی ترین تێکۆشانی ئینسانییە، دەکرێ قبووڵ بکەین کە ئینسان لە هەر دەورێکدا، زۆربەی تەقەلای بۆ باشتر بوونی کەرەستەکانی خۆی تەرخانکردووە. لەم بارەوە هەموو ئیمکاناتی فەرهەنگی ئینسان لە ئامرازسازیدا خۆی دەنوێنی . بەم پێیە دەبێ ئامرازەکانی هەر دەورە ڕووناکترین شێوە و شێوازەکانی فەرهەنگی ئەو دەورە لە قەڵەم بدرێ.

مرۆڤ بە بە پێ پێویست لە سەرەتاوە بە ئامرازسازی و قسەکردن و نوێ کردنەوە، خەریك بووە و کۆمەڵی پێکهێناوە. ئەو شتانەی کە کۆمەڵ پێکی دێنێ و بە مرۆڤی دەسپێرێ ، فەرهەنگە

## کۆی کۆمەڵایەتی:

چەمک و جۆرەکانی کۆی کۆمەڵایەتی کە ڕوخساری تەواوی کۆمەڵە، یەکەیەکی کۆمەڵایەتییە لە دوو یان ڕادەیەکی زۆرتری ئینسان پێک هاتووە کە بە هۆی رەفتاری دوولایەنەی کۆمەڵایەتی پێکەوە پێوەندییان هەبێ. رەفتاری دوولایەنەی کۆمەڵایەتی کردەوەیەکە لە نێوان دوو یان ڕادەی زۆرتری ئیساندا پێوەندی پێك دێنێ و لەواندا جۆرێک هاوئاهەنگی پێك دێ.
رەفتاری دوولایەنەی کۆمەڵایەتی، لە سەر پێوەندی دوولایەنەی کۆمەڵایەتی دامەزراوە. پێوەندی دوولاینەی کۆمەڵایەتی، پێویستی ئەوەیە کە دوو یان ڕادەی زۆرتری مرۆڤ بۆ یەکتر سەرچاوەی شوێنەواردانان بن و بارودۆخی دەروونی خۆیان بە هۆی کەرەستەگەلێکەوە بۆ یەکتر راگوێزن. قسەکردن، تەلقین، لاسایی کردنەوە لە هۆکاری پێوەندی دوولاینەی کۆمەڵایەتین. تەلقین، شوێنەوارێکی عاتێفییە کەم و زۆر و بێ ناوبژیی کەسێك لە کەسێکی دیکەدا دای دەنێ، لاسایی کردنەوە کردەوەیەکە کە کەم و زۆر بەئەنقەست کە دەقاودەق لەگەڵ نموونەی دیاریکراو، جێبەجێی دەبێ.
رەفتاری دوولایەنەی کۆمەڵایەتی دوو جۆرە: نەپساوە و پساوە.
گرنگترین خۆنیشاندانی وەك بوون، فەرهەنگ قەبووڵکردن و کۆمەڵ قەبووڵ کردنە.
فەرهەنگ قەبووڵ کردن: هاوئاهەنگ بوونی کەسێك لەگەڵ رێورەسمگەل و رەوشت و پاشماوەی بابەتەکانی ژیانی کۆمەڵایەتییە.
کۆمەڵ قەبووڵکردن، هاوئاهەنگ بوونی کەسێك لەگەڵ بنەما و پێوەرەکانی ژیانی کۆمەڵایەتییە.
پێشکەوتنخوازی یان وەپێشکەوتنخوازیی، تێکۆشانێکە کە تاکەکەس بۆ گەیشتن بە ئامانجێک کە مەبەستی کەسێکی دیکەشە، ئەنجامی دەدا.
کێبڕکێ: هەوڵێکە کە کەسێك دەیدا بۆ وەدواخستنی کەسی دیکە لە گەیشتن بە ئامانجێك کە مەبەستی ئەویشە.
هاوململانێ: ئەو کێبڕکێیەیە کە ئینسانەکان لە سەر قازانج و بەرژەوەندی خۆیان لەگەڵ یەکتر تووشی دەبن.
هەر کۆمەڵە خەڵکێک بەڕێوەبەری کارکردێک یان ئەرکێکە و تا ئەو کاتە کە ئەو ئەرکەی، پێویستی کۆمەڵایەتی بێ، درێژە دەکێشێ.
کۆی خەڵک، بۆ دوو مەبەستە: 1- هێندێك بۆ ئەوە پێك دێن کە پێداویستییەکانی تاکەکەسەکان کە بە تەنیایی تواناى جێبەجێ کردنیان نیە، جێبەجێ بکا (بنەماڵە) . 2- هێندێك بەو هۆیە پێك دێن کە بەرینایی تێکۆشانی کۆمەڵایەتی پەرە پێ بدەن.
کۆمەڵە مرۆڤییە کۆمەڵایەتییەکان هێندێکیان بە ناسینی تاکەکانی مرۆڤ پێکدێن و خاوەن زنجیرەیەک لە پلەوپایەی دیاری کراون و هێندێکیش خۆبەخۆ پێك دێن و خاوەن ئەو پەسنە نین.

## یەکێتی گرۆپی:

تێکەڵ کردنی کارکرد و کاردانەوە دوولایەنێک گرێدراوەکان و لێک هەڵبڕاوەکانی ئەندامانی گروپ، دەبێتە هۆی پێکەوە سازانی گرۆپ.

ئەم پێکەوەسازانە، هەوڵێکە بۆ لە ناوبردنی ناکۆکی کارکرد و کاردانەوە دوولایەنەکانی لێک گرێدرو لێک هەڵپراو یان لە نێوبردنی ناکۆکی تاکەکان یان هۆیەکانی ئەو کارکرد و کاردانەوە.

پێکەوەسازانی لەو چەشنە، ئەگەر بە ویست یان زانایی تاکەکان پێك بێ، پێکەوەسازانی کۆبەندییە. سازگاری کۆبەندیی کە شێوەی تەواوی سازگارییە، بەو هەوڵانە دەگوترێ کە ئەندامانی کۆ، لە بنەڕەتدا بۆ پێك هێنانی هاوسەنگی نێوان خۆیان و کۆدەیدەن و هەروەها بە هاوسەنگییەک کە بە دەست دێ،.

پێکەوەسازانی کۆ، لەو بابەتەوە کە هاوسەنگی نێوان بەشە جۆراوجۆرەکانی کۆ پێکدێنێ. چوراچێوەیەکی پایەدار پێك دێ کە ڕێکخراوە یان سازمانە.

یەکیەتی کۆبەندی توند، لێک گرێدانی کۆیە. هەر کۆیەک کە هاوکاریی خۆبەخۆی هەبێ،خاوەن لێک گرێدانی ماشینییە.

هاوکاریی زانیاریانە: لێکگرێدانی ئۆرگانێکە. یەکیەتی کۆ، هۆی زۆر هۆکاری جۆراوجۆرە، بەڵام دوو هۆکاری گرنگی تریان هەیە، قازانجی ئابووری هاوبەش و سازگاری کۆیی.

یەکیەتی کە پتر لە هاوبەشیی ئابووری و سازگاری فیکری، ئەندامانی کۆ پێك دێ، بە هۆی هۆکارییەکەوە، دەپارێزرێ و توند و پتەو دەبێ. یەک لەوانە چووکە بوون، پێوەندی سەرەتایی و هاوئاهەنگی گرۆپی.

بچووکی گرۆپی: هەر گرۆپێکی کۆمەڵایەتی بە پێی نەخشێ کە خستوویانە سەرشانی، خاوەن بەرینایەکی دیاریکراوە و ناتوانێ لە سنووری دیاریکراو کەم یان زۆر تێپەر بێ. پێوەندی سەرەتایی، پێوەندییەکە قووڵ و بەرین، کە تەواوی کەسایەتی تاک دەخاتە ژێر پەڕوباڵی خۆی، وەك پێوەندی منداڵ و بنەماڵە. دووەمین پێوەندی ئەو پێوەندییانەیە کە تەنیا بەشێک لە کەسایەتی تاک وەبەر بگرێ.

هەرکات کە فەرهەنگی گرووپێک لە ڕەوتی زەماندا لە باری قازانجی ئابووری و سوننەت و باقی شێوەکانی فەرهەنگی هاوجنسیی هەبێ، یەکێتی گرۆپ ڕیشەدارترە، بەم بۆنەوە دەبێ بڵێین هاوجۆریی گرۆپیی، مەرجی یەکیەتی گرۆپییە لە بنەماڵە وە بگرە تا وڵات و ئیمپراتووریی.

## چالاکیی گروپی:

لە بەرئەوە ژیانی گروپی ئاکامی کار و کاردانەوەی دوو لایەنەی گروپییە و لە هەمان کاتدا، ئەمانەش بەشێکیان لێکگرێدرا و بەشێکیان لێک بچراون، هیچ گرۆپێک ناگاتە سازگاری تەواو.

هاوکاری تێکۆشانێکە بۆ گەیشتن بە ئامانجێکی هاوبەش. کاری توندوتیژیی، تێکۆشانێکە دەبێتە هۆی نەگەیشتن بە ئامانجی هاوبەشی گرۆپی. بەم جۆرە لە نێودەرروونی هەر گرووپێکدا چەندین جۆر کارکرد و کاردانەوەی دوولایەنەی لێکگرێدراو و لێکبچڕاو خۆیا دەکرێ. هاوکاری وەك یەکبوون، وەپێشکەوتنخوازی، کێبڕکێ، توندوتیژیی، لە ئارادان. ئەم کارکرد و کاردانەوانە کە دوو ڕوو یان لایەنێکی چۆنیەتی دیاریین، ناویان، تێکۆشانی گروپییە و جمۆجۆڵێکی بە گرێوگۆڵ کە بە هۆی ئەوانە و لە گروپدا پێکدێ، ناوی چالاکی گروپییە.

چالاکی گروپی، سێ جۆرە:
١-رەوتی هاوکاری و وتوندوتیژیی گروپەکان لەگەڵ یەکتری.
٢- رەوتی هاوکاری و توندوتیژیی گروپە بچڕبچڕەکان لەگەڵ یەکتر، واتە بەشە جۆراوجۆرەکانی.
٣- رەوتی هاوکاری و توندوتیژیی گروپە بچڕبچڕەکان لەگەڵ گروپ. واتە بەشەکانی لەگەڵ خودی گروپ.
هەوڵدان بۆ وەپێشکەوتن، ڕەوتێکی ناتاکانەیە و لەسەر یەك بە ئەنقەست نییە، بەڵام کێبڕکێ ڕەوتێکی شەخسی و عەمددییە .
هاوسازی گرووپی: هەروەك باسکرا، هەوڵێکە بۆ هاوئاهەنگ کردنی کارکرد و کاردانەوە دوولایەنەکانی لێکگرێدرا و لێکبچڕاو. یەکێتی گروپی هۆی قازانجی هاوبەشی ئابووری و هاودەنگی گروپییە. بە هۆی کارکرد و کاردانەوەی دوولایەنە لێکگرێدراو و لێکپچڕاو. جەریانێکی تێکچڕاو لە گرووپێ پێك دێ و بە هۆی ئەوانە پویایی گرووپی دروست دەبێ.
خووگرتن بە ئەرێ و نەرییەکانی کۆمەڵگا:
خۆرێکخستنی گروپی، خاوەن چەند پلەیە. دەکرێ بە دوو بەش دابەش بکرێ، سادە و رواڵەتیی و بە گرێوگۆڵ و قووڵ. یەکەمین کۆمەڵ قەبووڵ کردن و دووەمین فەرهەنگ قەبووڵ کردنە.
کۆمەڵ قەبووڵکردن، خۆرێکخستنی کەسێکە لەگەڵ سازگارەکانی گرووپی. سازگاریی، کردەوەیەکی گرووپی دیارییە، لە سەربنەمای یەك یان چەند نرخی گرووپی دانراوە. نرخی گرووپی بە هەر دیاردەیەك (نمود) دەگوترێ کە کەم و زۆر بۆ گروپ جێگای ڕێز و سەرنجە. بە واتەیەکی دیکە کردەوە (سازگاری گروپی، کردەوەیەکە بە هۆی ئەوە کە سەرنجی پێدەدرێ، جێگای ڕێز و لە بەرچاو گرتنە و وێنەی ژیانە.
کۆمەڵ قەبووڵکردن، ڕەوتێکە کە تاك، بە کردەوە لەگەڵ ژیانی گروپی ڕێکی دەخا. تاکی خۆرێکخەر لەگەڵ کۆمەڵدا، کەسێکە کە بە هۆی خۆرێکخستن لەگەڵ کردەوە گرووپییەکان، ئەرکەکانی گروپ قەبووڵ دەکا و ڕێگای هاوکاری دەناسێ و بەمجۆرە دەبێتە خاوەنی کردەوەی گروپی.
خۆرێکخستن لەگەڵ کۆمەڵ، بە دوو شێوە جێبەجێ دەبێ. هێندێك کات کۆمەڵ، بە مەبەستی کۆمەڵایەتیکردنی تاك، خەریك دەبێ، هێندێك کاتیش ژیانی گروپی خۆبەخۆ، تاك پەروەردە دەکا.

هێندێك لە کارکردە سازگارەکانی کۆمەڵ: ڕەسمی کۆمەڵایەتی کردەوەیەکە کە بە هۆی دووپات بوونەوەی زۆر چەسپاوی کارکرد و کاردانەوەی دوولایەنە کۆمەڵایەتییەکان، پێکدێ. هەروەها لە دووپات بوونەوەی زۆر و چەسپاوی کردەوەکانی تاك، خووخەدە پێکدێ. ڕەسمی کۆمەڵایەتی لە سەرەتاوە بۆ دابینکردنی یەک یان چەند نیاز و پێداویستی ژیان هاتووەتە ئاراوە.

پەیمانی کۆمەڵایەتی: ڕەسمێکە کە بە هاودەنگی بەشێك لە کۆمەڵ دادەمەزرێ، دابی کۆمەڵایەتی، ڕێورەسمی کۆمەڵایەتی، دروشمگەلی کۆمەڵایەتی، شێوەی

قەومی کۆمەڵایەتی، سونەتی کۆمەڵایەتی، ئەخلاقی کۆمەڵایەتی، یاسای کۆمەڵایەتی، پڕیاراتی کۆمەڵایەتی، کە پێشتر لە بەشی زاراوەکانی کۆمەڵناسیدا، شیکرانەوە.
خۆڕێکخستنی کۆمەڵایەتی لەگەڵ کردەوە کۆمەڵایەتییەکان کە سەرمایەی کۆمەڵ قەبووڵکردنە، دوو لایەنی هەیە: خۆ ڕێکخستنی قنیات پێهێنان، یان خۆ ڕێکخستنی قووڵ.
خۆ ڕێکخستنی ساکار و ڕووماییی، تاک هان دەدا کە تەنیا بە مەبەستی ڕاگرتنی ڕواڵەت لە بەڕێوەبردنی سازگارەکاندا هەوڵ بدا.
خۆڕێکخستنی قووڵ، تاک هان دەدا کە بنەمای کردەوە سازگارەکان پەسند بکا.
خۆڕێکخستی تەواو لەگەڵ کۆمەڵ، کاتێکە کە تاک بچێتە ناخ و دەروونی کردەوە سازگارە کۆمەڵایەتییەکانەوە. لەم بارەوە ئەگەری پێکهاتنی هاودەنگی لە نێوان تاک و کۆمەڵدا هەیە.
خۆڕیکخستن لەگەڵ فەرهەنگ: ئەگەر ڕەوتی خۆڕێکخستن لەگەڵ کۆمەڵ بە قووڵی جێبەجێ بێ و دەوام بهێنێ، تاکەکانی کۆمەڵ، وەك یەك چوونی زۆریان پێکەوە دەبێ و بەرەبەرە لە ژیانی هاوبەشی خۆیاندا بەشدار دەبن و لە ڕێورەسمی کۆمەڵ تێدەگەن و خۆیان لەگەڵیدا سازگار دەکەن و لە ئاکامدا، وەک یەکبوونیان لەگەڵ ئەندامەکانی تری کۆمەڵ زیاتر دەبێ. ئەمە، دەبێتە هۆی خۆڕێکخستن لەگەڵ فەرهەنگ.
ئەمە، ڕەوتێکە کە تاک بە دڵەوە و لە زۆر بارەوە لەگەڵ فەرهەنگی کۆمەڵ خۆی ڕێك دەخا. خۆڕێکخستن لەگەڵ کۆمەڵ، کاتێکە تا ڕادەیەك تاک لەگەڵ کردەوە کۆمەڵایەتییەکان سازگاری دەکا.
وەرگرتنی فەرهەنگی کۆمەڵی نوێ، بە دوو شێوەیە، وەلانانی فەرهەنگی پێشوو، وەدەست هێنانی فەرهەنگی تازە، دێتە ئاراوە. وەرگرتنی کۆمەڵایەتی، واتە کۆمەڵ لە هاتنی تاک پێشوازی بکا.

**دەستەڵاتی کۆمەڵایەتی** : مەرجی مانەوەی کۆمەڵ، یەکیەتی کۆمەڵایەتییە، تا کاتێک کۆمەڵ یەکیەتی هەیە وەك یەکەیەکی کەم و زۆر سەربەخۆ بە ژیانی خۆی درێژە دەدا.
دەستەڵاتی کۆمەڵایەتی لە ئوسووڵی کۆمەڵدا بە دوو واتەیە: 1- کۆمەڵێك هۆی هەستپێکراو و هەستپێنەکراو کە گروپێکی کۆمەڵایەتی بە مەبەستی پاراستنی یەکێتی خۆی لە ڕێگا. پێوانە پەسندکراوەکانی کۆمەڵە کە پێدەوترێ، شتە سازگارەکانی کۆمەل، هاوئاهەنگ دەبێ. دەسەلاتی کۆمەڵایەتی لە عورفدا، خاوەن دوو واتایە:١- کۆی هۆیە هەستپێکراوەکان و هەستپێنەکراوەکان کە گروپێکی کۆمەڵایەتی بە مەبەستی پاراستنی یەکبوونی خۆی، لە ڕێگای پەسند کردنی کۆمەل و فەرهەنگ و پەسند کردنی تاکەکانەوە، کەڵکی لیوەردەگرێ 2- کۆمەڵێك تەگەرە کە گروپی کۆمەڵایەتی بە مەبەستی پێشگرتن لە تاکەکان لە بەلاڕێدا چوونی کۆمەڵایەتی، لە ڕێگای ئەواندا پێکی دێنێ و مەبەستمان ئەم واتایەیە.
دەستەڵاتی کۆمەڵایەتی بە دوو شێوەیە: دەستەڵاتی زۆرەملێ کە بە ڕوونی و ڕاستەوخۆ بە هۆی دامودەزگاکانی حکومەتی بەڕێوە دەچێ وەك دادگا و پۆلیس.

دەستەڵاتی قنیات پێکردن: قنیاتکردن کە بە شێوەی ناڕاستەوخۆ لە تاکەکان و گروپە کۆمەڵایەتییەکان سەرچاوە دەگرێ. تەلقین، سەرکۆنە، ستایش، بەشێک لە هۆیەکانی قنیات پێکردنن.
دەستەڵاتی کۆمەڵایەتی لەگەڵ جۆرێک گوشارە کە کۆمەڵ بۆ بەڕیوەبردنی دەستەڵاتی خۆی بەسەر خەڵکدا بەکاری دێنێ. گوشاری کۆمەڵایەتی، سێ شێوەیە، گوشاری بەدەنی، گوشاری ڕەوانی و گوشاری ئابووری.
گوشاری کۆمەڵایەتی، بە پێی هەلومەرج ، دوو مەرجی گرنگی هەیە. 1- ئەگەر کەسێك بناخە سازگارەکان بشکێنێ، و بە کۆمەڵی خۆی دڵی خۆش بێ هەرچەند لە گوشاری کۆمەڵایەتی رەنج ببینێ، لەگەڵ کۆمەڵدا دوژمنی ناکا.
2- هەرچی یەکێتی کۆمەڵ پتر بێ نەزمی کۆمەڵایەتی باشتر دادەمەزرێ. سازگارەکان پتر ڕێزیان لێدەگیرێ. گوشاری کۆمەڵایەتی بە توندی شوێنی لەسەر مرۆڤ هەیە.
گوشاری کۆمەڵایەتی سەرەڕای ئەوە لە هەموو کۆمەڵەکاندا هەیە، لە هەر کات و جێگایەك لە لایەنێکی دیارکراوەدا بەڕێوە دەچێ و شتە سازگارە فەرهەنگییەکان ئەم لایەنانە دیاری دەکەن.
لە کۆمەڵدا کە هەندێک کردەوە و لادەری تا ڕادەیەکی دیاری کە بۆ ژیانی کۆمەڵایەتی مەترسی نەبێ، پەسند دەکرێ و ئەمە، مودارای کۆمەڵایەتییە و هۆکارێکە کە لە ڕادەی مودارادا گرنگن. لە نێوان ئەو هۆگەلەدا کە سنووری مودارا دیاری دەکەن، سێ هۆ گرنگن: هەلومەرجی کۆمەڵایەتی نفوزی ئەو کەسەی سازگارەکانی لە ژێر پێ ناوە، چۆنیەتی سازگارەکان.

هەواڵنامەی کتێب

چۆنیەتی وجۆرەکانی کردەوەی بە کۆمەڵ:
کردەوە یان ڕەفتاری بەکۆمەڵ ، شێوەیەکە لە کردەوەی گروپی کە لایەنی عاتێفی توندی هەیە و لەسەر کارکردە دەورانییەکان یان کارکردە دوولایەنەییە دەورانییەکان دامەزراوە.

## کۆمەڵی جۆراوجۆر:

هەڵکەوتی، خۆنیشاندەریی ڕێکوپێك، چالاک کە بۆ گەیشتن بە ئامانجی خۆی توندوتیژیی دەکەن، کۆبەندی یەك شوێن کە ئەندامانی ئەو نزیک یەکتر دەبنەوە و دەبێتە هۆی سازگاری عاتێفی و جوش و خورۆشی فرە دەبێ، لە بەرانبەر ئەمەدا کۆی پێکەوەنەبوو یان عامە کە بەکردەوە لە نێو ئەندامانی ئەودا پێوەندیەکی ڕاستەوخۆ نیە و لەم بارەوە سازگاری عاتێفی کەمی هەیە.

گشت و بیروڕا گشتی: کۆمەڵێك لە خەڵک کە خاوەنی قازانجێک واتە قازانجی هاوبەشی تا ڕادەیەك پایەدارن، لە ڕێگاگەلی ناڕاستەوخۆی جۆراوجۆر بە یەکتر پەیوەند دەدرێن و یەکێتی کۆمەڵایەتی گەورە پێك دێنن. ئەمە بە هۆی بەربڵاویی، لایەنی عاتێفی کەمە، بەڵام بە هۆی بەرژەوەندی و پێوەندییە فیکرییەکانی ئەندامانی، خاوەنی لایەنی ئیدراکی بەهێزە. ئەمە گشتی نایەک شوین نشین یان

گشتە ، ئاکامی کۆتایی تێکۆشانی کۆی گشت. بیروپروای گشتی و هاوئاهەنگی گشتییە. واتە خۆرێکخستن لە گەڵ هەلومەرجدا.
ڕووداوێک یان شتێک کە لە لایەن کۆمەڵەوە سەرنجی پێبدرێ، نرخی کۆمەڵایەتییە.
گرێدراوی کۆمەڵایەتی خۆووخەدەیەکی گشتییە کە لە تاکدا پێکدێ و ئیدراکات و عاتێفە و کردەوەی ئەو لە لایەنێک ڕوون دەکاتەوە. ئەمە، کە عەواتفی زۆر توندی لەگەڵ بێ "پروا"یە. ئەگەر لایەنی ئیدراکی ئەم گرێدراوییە کز بێ بەڵام بە توندی ڕیشەدار و پتەو بێ، "دەمارگرژیی" و هەروەها پێشداوەری دروست دەبێ. لە هەر بابەتێک لە تێکەڵ کردنی گرێدراوە جۆراوجۆرە کۆمەڵایەتیەکان ، بیروپروای گشتی پێک دێ.
پروای گشتی، دادوەرییەکە، عامە پەسەندی بێ، هەم لایەنی عاتێفی و هەم لایەنی ئیدراکی هەیە و لە دەمارگرژیی بە دوور نیە.
بۆ زاڵ بوون بە سەر بیروڕای گشتیدا، بە کارهێنانی چوار کەرەستە گرنگە: چارەسازیی ئابووری، چارەسازیی مافیی، چارەسازیی کاولکاریی و چارەسازیی تەبلیغی.
ئاوازەگەریی یەکێك لەو کارانەیە بۆ زاڵ بوون بە سەر بیروڕای گشتیدا، ئاوازەگەری یان بانگەوازی "تەبلیغ"، تێکۆشانێکە بۆ چەواشەکردنی بیروڕای گشتی لە ڕێگا ناڕاستەوخۆکانەوە و تەنانەت بە نهێنی بە هۆی کەرەستەگەلێك وەك زمان، خەت و وێنە و خۆنیشندان.

شوێنەواری فەرهەنگ لە کردەوەی جەمعیدا:
کردەوەیەك کە لە کۆیەکدا سەرهەڵ دەدا، بێ ئەملاوئەولا پەیرەوی هەلومەرجی فەرهەنگی کۆمەڵگایەکە کە ئەو کۆمەڵە، بەوەوە پێوەندی هەیە.

## چینبەندی کۆمەڵ:

دەوری کۆمەڵایەتی گرنگترین شێوەی جیاکردنەوەی کۆمەڵایەتی دابەشکردنی تاکەکانە لە باری دەوری کۆمەڵایەتی و هەروەها پێگەی کۆمەڵایەتییەوە.
تێکۆشانێکی دیاریکراو کە بە ئەستۆی کەسێك یان هێندێك لە ئەندامانی گروپێکدا بێ، دەوری کۆمەڵایەتییە. تەواوی دەورەکانی یەک کەس واتە، ئەرکگەلێك کە بە هۆی کەسێك جێبەجێ دەبێ ڕاستەوخۆ بە هۆی کۆمەڵەوە دیاری ناکرێ. بەم واتا هەرکەس خۆیشی لەم بارەوە دەوری هەیە، هەر بۆیە لەم بارەوە دوو جۆرن: 1- دەوری پێئەسپیردراو کە ئەو ئەرکانەیە کە کۆمەڵ بۆ هەر کەسی دیاری دەکا. 2- دەوری بێ ئەملاوئەولا، ئەو ئەرکە کە سەرەڕای ئەرکی پێئەسپێردراوی کۆمەڵایەتی هەر کەسێ، ئەرکی دیکە بۆ خۆی دیاری دەکا کە لەگەڵ ئەو جیاوازیان هەیە.
لە هەر کۆمەڵێکدا، ئەرکە کۆمەڵایەتییەکان، بە پێی بناخەگەلێک لە نێوان ئەندامانی کۆمەڵدا دابەش دەبێ. کۆنترینیان، دابەش بوون بە شێوەی تەمەن و نێرومێ، بەڵام لەم بابەتەوە دۆخی کۆمەڵایەتی تاک گرنگی هەیە.

## پێگەی کۆمەڵایەتی:

هەر کات کە ئەرکی کۆمەڵایەتی نرخی بۆ دابنرێ، پێگەی کۆمەڵایەتی ئەو ئەرکە دیاری دەبێ. پێگەی کۆمەڵایەتی نرخێکە کە گروپ یان کۆمەڵ بۆ ئەرکی کۆمەڵایەتی دای دەنێ.
چەمکی پێگەی کۆمەڵایەتی لەگەڵ دوو چەمکی ئابرووی کۆمەڵایەتی و لێوەشاوەیی کۆمەڵایەتیدایە. پێگەی کۆمەڵایەتی ئاکامی نرخدانانی کۆمەڵ بۆ ئەرکێکە، ئەگەر کۆمەڵ چاوی لە لایەنی کۆمەڵایەتی تاکەکەسێک بێ، چەمکی ئابرووی کۆمەڵایەتی، دێتە ئاراوە. کە واتە باشی و کارلێهاتوویی جێبەجێکەری ئەرکە کە شوێن لەسەر ئەندامانی کۆمەڵدا دەنێ ئەگەر کۆمەڵ به شوێندانانی خۆش یان ناخۆشی جێبەجێکەری ئەو دەورە کۆمەڵایەتییەی تاکەکەس لەسەر ئەندامانی کۆمەل، پێداگرێ چەمکی "لێوەشاوەیی کۆمەڵایەتی" دێتە ئاراوە. به واتەیەکی دیکە، ئابرووی کۆمەڵایەتی لە تایبەتمەندییەکان و شێوەکاری بەڕێوەبەری ئەرکەکە دروست دەبێ و لێوەشاوەیی کۆمەڵایەتی لە عاتێفەی کۆمەڵ سەبارەت بە تاکی بەڕیوەبەری ئەرکەکە، پەیدا دەبێ.
پێگەی کۆمەڵایەتی وەك دەوری کۆمەڵایەتی دوو جۆرە: 1- پێگەی کۆمەڵایەتی پێسپێردراو، ئەرزشێکی دیاری کە کۆمەڵ بۆ ئەرکێکی دیاری دایدەنێ. 2- پێگەی کۆمەڵایەتی وەدەستهاتوو، هەر کەس سەرەڕای ئەرکە پێسپێردراوەکانی خۆی بە کردەوە ئەرکی دیکە بۆ خۆی دیاری دەکا. لە ئاکامدا لە بەرامبەر پێگەی پێئەسپێردراوی خۆیدا، خاوەنی پێگەی دیکە دەبێ.

## چینی کۆمەڵایەتی:

بە هۆی چەسپاوی پێگەی کۆمەڵایەتی تاکەکان، گروپگەلی جۆراوجۆرکە هەرکامە ئاوێتەیەک لە تاکەکەسگەلی کەم و زۆر هاوپێگەن، پێك دێ و کۆمەڵ بە یەکەگەلێك دابەش دەبێ. ئەمانە، لە گشت کۆمەڵگاگەلی پێشکەوتدا تەنانەت ئەوانەی خوازیاری لابردنی خاوەن ملکایەتی تایبەتین، بوونیان هەیە. لەم کۆمەڵگایەدا. هەرکەس خاوەنی چەندین پێگەیە، بەڵام گرنگترین و شویندانەرترین پێگەی تاکەکان، پێگەی چینایەتییە و پێگەکانی دیکەی تاکەکان کەم و زۆر بەمەوە بەستراوەتەوە.
پێگەی چینایەتی، پێگەیەکە کە تاک بە هۆی ئەندام بوون لە چینێکدا بە دەستی دێنێ. جیاوازی چینەکان بە هۆی هۆکاری خاوەن ملککایەتی یان بە تایبەت خاوەن ملکایەتی کەرەستەی بەرهەم هێنان و دەستەڵات کە لەوەوە سەرچاوە دەگرێ، ناکۆکی و شەڕ بە هۆی خاوەن ملکایەتی لە نێوان خەڵکدا پێك دێ.
چینی کۆمەڵایەتی، گروپێکی تا ڕادەیەك بەرین و گەورە و بەردەوام و تێکەڵاو لە پیاو و ژن و مناڵ کە لە باری بەرهەم هێنانی کۆمەڵایەتی و خاوەن ملکایەتی کەرەستەی بەرهەم هێنان، دۆخیکی کەم و زۆر وەك یەکیان هەیە. هەر بۆیە هەر چینە، سەرەڕای بوونی کێشەی نێوخۆیی خۆی، لەگەڵ چینەکانی دیکە لە کێشە دایە و بە پێی پێگەیەکە لەباری بەرهەم هێنانی ئابوورییەوە هەیەتی، خاوەن گرنگی و دەستەلاتێکی دیاریکراوە. هەروەها بە پێی گرنگی و دەستەلاتی خۆی، چاو لە دونیا دەکا و فەرهەنگی تایبەت بە خۆی وەدەست دێنی. هێندێك تایبەتمەندی، چینی کۆمەڵایەتی لە گروپەکانی دیکە جیادەکاتەوە.

هەموو ئەلنامەی دیکە

١- پێوەندی چین بە بەرهەم هێنانی کۆمەڵ.
٢- فەرهەنگی تایبەتی چین، وەك یەكچوونی ژیانی ئەندامانی چینێك، دەبێتە هۆی ئەوە کە ئیدراکات و عواتیف و ویستی کەموزۆر وەك یەکیان هەبێ و سەر بکێشێتە لای سوننەت یان فەرهەنگی تایبەتەوە. فەرهەنگی چین، لە ژیان بە تایبەت بیرورای تایبەتی چین کە زانیاری یان شعوری چینە، پێك دێ. 3- جیاوازی چینە کۆمەڵایەتییەکان بە هۆی کۆسپ و تەگەرەی چینایەتی، مەودا دەکەوێتە نێوانیان. 4- کێشەی نێوخۆی چین. 5- نیشانگەلی چینایەتی، فەرهەنگی تایبەتی چینە کۆمەڵایەتییەکان، دەبێتە هۆی ئەوە کە ئەندامانی هەر چینێك، نیشانەی تایبەتیان هەبێ. 6- بەرفراوانی چین. 7- دەوامی چین، تا ئەوکاتە، گۆرانکارییێکی قووڵ لە کەرەستە و ئامراز دروست کردن و بەرهەم هێنانی کۆمەڵایەتی ڕوو ئەدا، هەر دەمێنێ .

## پەیدابوونی چینی کۆمەڵایەتی :

دیارە پێشتر کورتەیەکمان باس کرد، بە هۆی پەیدابوونی خاوەن مڵکایەتی تایبەتی، گەشەکردنی کەرەستەی بەرهەم هێنان بە هۆی پێشکەوتنی فەرهەنگی و فرەبوونی سامان و پتەوبوون و پەرەگرتنی خاوەن مڵکایەتی تایبەتی، جیاوازی چینایەتی سەری هەڵدا.

شوێنەواری پێگەی چینایەتی لە ژیانی مرۆڤدا:

پێگەی چینایەتی لە زۆر بارەوە لە ژیانی تاکەکاندا شوێن دادەنێ، شوێنەواری چین لە ژیانی تاکدا دەکرێ لە دوو بارەوە بخرێتە بەر لێکۆڵینەوە. باری ئەگەرەکانی ژیان و باری شێوەی ژیان.

شوێنەواری پێگەی چینایەتی لە ئەگەرەکانی ژیاندا:

ئەگەرەکانی ژیانی کۆمەڵێك، تواناییەکانی کەسێك یان گروپێکە بۆ کەڵك وەرگرتن لە ئەگەرەکان و دەسکەوتەکانی ژیان. وەك کاری دڵخواز و داهاتی باش و ئاسایش و گەشەکردن و عافیت و ئەمنیەت و ئازادی.

ئەگەرەکانی ژیان بریتیە لە چەند رەگەزێکی بنەرەتیی. ئەگەری زیندووبوون، ئەگەری پاراستنی تەندرۆستیی، ئەگەری بەدەست هێنانی زانست، ئەگەری دروستکارمانەوە، ئەگەری بە دەست هێنانی دەستەڵات، ئیمکانی بە دەست هێنانی پلەگەلی بەرز.

ئەندامانی هەر چینێك، بە پێی گرنگی کۆمەڵایەتی چینی خۆیان، لە دەستەڵاتی کۆمەڵایەتی کەڵك وەردەگرن.

## شوێنەواری پێگەی چینایەتی لە شێوەی ژیاندا:

لە بەر ئەوە، هەر چینێك یەکەیەکی کۆمەڵایەتی گەورەیە، کە پێوەندی کەم یان زۆر پایەدار و بەردەوامی لەگەڵ بەرهەم هێنانی کۆمەڵایەتی هەیە، سەرەڕای کێشەی نێوخۆیی خۆی بە ماوەیەکی زۆر لەگەڵ فەرهەنگی تایبەتی دەوام دێنێ و لە یەکە کۆمەڵایەتییەکان یان چینەکان جیا دەبێتەوە و هەر تیپێك خاوەنی شێوە ژیانێکە. ئەندامانی هەر یەك لە چینە کۆمەڵایەتییەکان، بە پێ شێوەی ژیانی چینی خۆیان بە شیوەیەکی دیاری چاو لە جیهان و دەوربەر دەکەن. هەر چینێك بۆ خۆی

جیهانبینی یان تێڕوانینێکی تایبەتی هەیە. چۆنیەتی نرخ و ویژدانی هەر کەس بە پێگەی چینایەتی ئەوەوە پێوەندی هەیە. بە وتەیەکی تر، نرخێک کە تاکەکەس بۆ خۆی و کەسانی دیکەی دادەنێ، بە پێی کردەوەیەك کە ئەندامانی چینەکانی دیکە لەگەڵ ئەو ئەنجامی دەدەن، لە نرخی کۆمەڵایەتی خۆی تێدەگا. بەو ڕادەیە بۆ خۆی نرخ دادەنێ و متمانە بە خۆی، بە دەست دێنێ.

## جمۆجوڵی کۆمەڵایەتی:

گواستنەوەی کەسێك یان گروپێک لە پێگەیەکی کۆمەڵایەتی بۆ پێگەیەکی دیکە، جمۆجوڵی کۆمەڵایەتییە. دیارە ئەم گواستنەوە لە هەموو کۆمەڵێکدا وەك یەك نیە.
بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی، دوو جۆرە. ئاسۆیی و ئەستوونی.
بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی ئاسۆیی، گواستنەوەیە لە پێگەیەك بۆ پێگەیەکی کەم و زۆر وەك خۆی.
بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی ئەستوونی، گواستنەوە لە پێگەیەك بۆ پێگەیەکی جیاواز لە خۆی. هەر بۆیە دوو لایەنی هەیە: 1- بەرەو هەورازچوون کە وەبەرگری پێشکەوتنی پێگەیە. بەرەو خوارچوون، دابەزینی پێگەی کۆمەڵایەتییە.
گرنگترین نموونەی بزوانی ئەستوونی، بزوانی چینایەتییە. واتە گواستنەوە لە چینێکی کۆمەڵایەتی بۆ چینێکی دیکەی کۆمەڵایەتی. لە باری بزوانی چینایەتییەوە، لەگەڵ سێ جۆر کۆمەڵ ڕووبەڕوو دەبین:
1- کۆمەڵی کراوە، یان چوارچێوەی چینایەتی کراوە. لەم کۆمەڵەدا، بزوانی چینایەتی واتە ئاڵوگۆڕ لە پێگەی چینایەتیدا، ئاسانە.
٢- کۆمەڵی داخراو، یان نیزامی چینایەتی داخراو. لەم کۆمەڵەدا، بزوانی چیانیەتی زۆر دژوارە.
3-کۆمەڵی لێکجیاواز، یان نیزامی چینایەتی جیاواز. لەم کۆمەڵەدا بزوانی چینایەتی، دەکرێ بێژین، نەگونجە.
لە کۆمەڵی کراوە و بەستراودا، تاکەکەس، دەتوانێ تا ڕادەیەك لە باری پێگەی کۆمەڵایەتی و تەنانەت پێگەی چینایەتییەوە خواروبان بکا. بەڵام لە کۆمەڵی لێک جیادا، دەکرێ بوترێ ئەگەری هیچ ئاڵوگۆڕێکی پێگەیی لە ئارادا نیە. کۆمەڵی کشتوکاڵی زۆربەی کۆمەڵی بەستراو بوون. کۆمەڵی پیشەسازیی ئێستا، کۆمەڵی کراوەیە. کۆمەڵی داخراو، لە دەورانە زۆر کۆنەکاندا بووە.

## زەمینەی کۆمەڵایەتیی کەسایەتیی:

بۆ ناسینی کەسایەتی هەر کەسێك، پێویستە هۆکاری جۆراوجۆری ژیان، بە تایبەت ژینگەی کۆمەڵایەتی، ئەو بخرێتە بەر لێکۆڵینەوە.
کەسایەتیی جۆراوجۆری ئینسانی، ناکرێ بە بەڵگەهێنانە و بە ڕەگەز و سروشت، بخرێتە باس. مرۆڤ بە پێچەوانەی فرەیەك لە گیانلەبەرەکان لە سەرەتای لە دایکبوونیەوە، خاوەنی تایبەتمەندی ژیانی کۆمەڵایەتییە، و بێ یارمەتی کەسانی دیکە ، ناتوانێ بژی.
لە بەرامبەردا پێداویستی سەرەتایی ئەو، واتە پێداویستی ئۆرگانێکی، پێداویستیی تازەیە کە تەنیا لە ژیانی کۆمەڵایەتی ئەودا لە دایك دەبێ.

هەواڵنامەی پێشڕەو

**ڕێگرتنی شەخسیەت:**

منداڵ لە ئاكامی پێوەندی دوولایەنە ئەو و مەڵبەندی ژیانیدا، دادەمەزرێ، لە سەرەتاوە وێنەگەلێكی تاریك و ناڕوون لە شتەكانی دەوروبەری خۆی هەڵدەگری. دوایی لە چوارچێوەی شتەكان ئاگادار دەبێ یان تێدەگا و بە هۆی ئەو دەرك دەكا كە ئەندامەكانی لەشی لە شتەكانی دیكە جیاوازە و بە یەكتر پێوەندیان هەیە. باوەڕ یان قەزاوەتی دەوروبەری منداڵ، نیسبەت بە ئەو لەو نەقشانەی كە لە بەرامبەر ئەو جێبەجێ دەكەن، و ئەركگەلێك كە بەو دەسپێردرێ ئاشكرا دەبێ. دوایی لە منداڵدا خۆی دەنوێنێ و خۆیشی دروست دەكا. لە سەر یەك بە هۆی ئەو كۆمەڵە نەقشانە یان ئەركانە كە بە نیسبەت ئەو جێبەجێ دەكا و ئەو ئەركانە كە بە خۆی دەسپێردرێ، شەخسیەتی دیاریكراو پەیدا دەكا. منداڵ لە كۆمەڵێك نەقشە كۆمەڵایەتییەكانی خۆی و دەوبەری لە بوونی خۆی ئاگادار دەبێ و وێنەنگارێك لە خۆی بەدەست دێنێ. بە وتەیەكی دیكە لە خۆئاگابوونی منداڵ ئاكامی ئەو دەركەیە كە نیسبەت بە ئەو داوەریانە كە كەسانی دیكە لە بارەی ئەووەوە دەیكەن.

منداڵ لە نێوان ڕایەڵەی ئەو نەقشانە كە كەسانی دیكە بە نیسبەت ئەو جێبەجێ دەكەن و ئەو ئەركانە كە بە ئەو دەسپێردری لە بارەی پەروەردەیی شەخسیەتدا، چەند قۆناخ دەبڕێ. قۆناخی لاسایی كردنەوەی كوێرانە، قۆناخی كایەی تاكەكسیی، قۆناخی كایەی گروپی و لە دوای تێپەڕكردنی ئەم قوناخانەیە كە شەخسیەت پەیدا دەكا.

كەسایەتی بوونێكی زگماكیی و بەردەوام نیە. شەخسیەت یان كۆمەڵ بە هۆی ئەو نەقشانە كە بە نیسبەت تاكەوە جێبەجێ دەكا و ئەو ئەركانەی كە بە ئەستۆی تاكی دەسپێرێ بەو، شەخسیەت دەدا. شەخسیەت دیاردە یان نمودێكی كۆمەڵایەتی و پڕەوەی پێوەندییەكانی مەڵبەندی ژیانی تاكەكەسە و لەو بارەوە دەقاودەق لەگەڵ گورانكاری كۆمەڵایەتی، دەگۆڕدرێ و دەبێتە خاوەن تایبەتیگەلێكی جیاواز.

كولی ناوێك دەبێژێ: خۆدی هەركەس، كاردانەوە (انعكاس)ی كردەوەگەلێكی دەوروبەری ئەو وەك وێنەیەكە، كە لە دەرەوەی ئاوێنە، لەودا خۆی نیشان دەدا.

ئەو دەبێژێ: ناسینی هەر كەس بە نیسبەت هۆی لەدایكبوونی سێ هۆكاری هەیە. دوو كاری وێنەهەڵگریی و هۆكارێكی عاتێفییە.

١- بۆچوونی كەسێك لە شێوازێك كە ئەو لای كەسانی دیكە هەیەتی.

٢- بۆچوونی كەسێك لە دادوەرییەك كە كەسانی دیكە لە بارەی شێوازی ئەودا ئەنجامی دەدەن.

٣-عاتێفەی تایبەتی خۆش یان ناخۆشی كەسێك سەبارەت بەو شێوازە.

ڕەنگدانەوەی فەرهەنگ لە كەسایەتیدا:

كەسایەتی هەم لە ڕایەڵەیەكی پێوەندی عەینی و هەم لە ڕایەڵەیەكی پێوەندی زەینی نامادی كۆمەڵ، شوێن هەڵدەگرێ. واتە لە كەسایەتی ئەودا شوێن دادەنێ. بەڵام چون دەورەی شوێندانانی پێوەندی عەینی لە سەردەمی لەدایكبوون دەست پێ دەكا، پێوەندی عەینی یەكەمین و گرنگترین هۆكاری دروستكەری كەسایەتی ئینسانە.

شوێندانانی شتەکان و کەسەکان لە منداڵدا و کاردانەوەکانی ئەو لە بەرامبەر ئەواندا، ئیدراکات و عەواتێفی دیاری لەودا پێك دێنیٚ و بنەمای کەسایەتی ئەو دادەمەزرێنیٚ.
بە پێی هۆکاری دوولایەنە کە کەسایەتی ئینسان دروست دەکا، دەکریٚ بڵێین کە کەسایەتی هەر کەس دوو لایەنی هەیە، لایەنێکی تا ڕادەیەك قووڵ و پەنامەکی و پابەرجاییک کە لە پێوەندی عەینی دەورەی منداڵی سەرچاوە دەگریٚ. لایەنی دیکە تا ڕادەیەك ڕوون و کەم و زۆر لە گۆڕاندایە، کە بە بزوێنەری هۆکارگەلی زەینی ژیان دێتە ئاراوە.
لە ئاکامدا کەسایەتی هەر کەس نیشاندەری هەر دوو لایەنی فەرهەنگییە. واتە تایبەتمەندییەکانی کەسایەتی ئەو لەگەڵ تایبەتمەندییەکانی فەرگەنگی یەك دەگرنەوە.
١- شوێنەواری فەرهەنگی ماددی: ڕاستییە عەینییەکان بە تایبەتی ڕاستییە عەینییەکانی دەوروبەری ئینسان لە کەسایەتی ئەودا، شوێن دادەنیٚ.
٢- شوێنەواری فەرهەنگی نامادی: هۆکاری فەرهەنگی نامادی وەك دین و ئەخلاق و فەلسفە و زانست و هونەر لە کەسایەتی ئینساندا، شوێن دادەنێن.
بە واتەیەکی دیکە کەسایەتی ڕێکخراوەیەکە کە بە پێی هەلومەرج هۆکاری کۆمەڵایەتی لە ئۆرگانیسمدا پێکی دێنیٚ. تەواوی ئەو هۆکارییانە کە لە ژیانی تاکدا پێش دێن، لە کەسایەتی ئەودا شوێنیان هەیە. بەڵام لەسەر یەك هەم هۆکاری عەینی پتر لە هۆکاری غەیرە عەینی و هەم فەرهەنگی مادی پتر لە فەرهەنگی نامادی لە کەسایەتیدا شوین دادەنیٚ.

## جۆراوجۆربوونی کەسایەتی:

دەکریٚ بڵێین کە هەر کۆمەڵێك دەقاودەق لەگەڵ هەلومەرجی فەرهەنگی خۆی، کەسایەتییەکانی تاکەکان، بە پێی تیپ و گروپگەلێکی دیاریکراو و تایبەتی، پەروەردە دەکا. پەیدابوون و چۆنیەتی پەرەگرتنی هەر کەسایەتێک دەبیٚ لە زەمینەی کۆمەڵایەتی ئەودا بدۆزرێتەوە.
تیپەکان (چەشن) بە پروای هێندێك کەس دوو جۆرن، پرشۆر و خۆڕاگر:
تیپی پرشۆر، جەسور و نائارامە و بە پێی قازانجی تایبەتی خۆی داکۆکی دەکا.
تیپی خۆڕاگر، کەمجۆش و خرۆش و ئارام و کۆمەڵایەتییە یان بە واتەی کەسێکی دیکە تیپێک لەگەڵ ژیانی کۆمەڵایەتی سازگارە. سینخیکی دیکە سازگار نیە.
کۆمەڵ یان فەرهەنگەکان لە باری پەروەردە و بەخێوکردنی منداڵ دوو جۆرن: 1- ئەوانەی کە لە منداڵ بەخێوکردندا توندن و کەمتەرخەم. 2- ئەوانەی دیکە کە بە ڕادەی پێویست لە منداڵ پارێزگاری دەکەن.
تیپەکانی کەسایەتی چەمگەلی بە تەواوی وشک و سەربەخۆ نین. هەروەها کە تێرامانەکانی فەرهەنگەکان بە تەواوی لە یەك جیاواز نین، هەر یەك لە کەسەیاتییەکان، تێکەڵاوێکن لە رەگەزە تیپەکانی دیکەیە.

## هۆکارگەلی پێکهێنەری کەسایەتی:

هەولێرنامەی گشتی

دەکرێ بە هۆی فەرهەنگی کۆمەڵ هەم جیاوازی کەسایەتییەکانی ئەندامانی کۆمەڵە جۆراوجۆرکان شی بکاتەوە و هەم لە ئەستۆنیە جیاوازیەکانی کەسایەتییەکانی ئەندامانی کۆمەڵێك بخاتە بەرباس.
بۆ ئەم مەبەستە، سێ شوێندانانی کۆمەڵایەتی هەیە دەبێ لە بەرچاو بگیرێ. 1- نفوزی ڕاستەوخۆی فەرهەنگ. 2- نفوزی ناڕستەوخۆی فەرهەنگ لە کەسایەتیدا.3- نفوزی ڕێنوێنیکەرە گروپیەکان لە کەسایەتیدا.

## نفوزی ڕاستەوخۆی فەرهەنگی:

فەرهەنگی زەقی کۆمەڵێك لەو کاتەدا کە گشتگرە و هەموو ئەندامانی کۆمەڵ دەگرێتەوە و کەسایەتییەکانی ئەوان دروست دەکا. شوێنەوارێکی وەك یەکی لە سەر کەسایەتی ئەندامانی کۆمەڵ نیە. کۆمەڵ هەم بریتییە لە جەریانی فەرهەنگی گشتی و هەم بریتییە لە فەرهەنگی تایبەتی. هەر گروپێک بە پێی هەلومەرجی فەرهەنگی لق و پۆپی خۆی چاو لە دونیا دەکا و لە پێوەندی کۆمەڵایەتیدا شەریك دەبێ.
فەرهەنگە لق و پۆپییەکان یان وردەفەرهەنگەکان، لە بنەڕەتدا پەیدابووی چینە کۆمەڵایەتییەکانن. بۆ دەرک کردن و تێگەیشتن لە جیاوازی کەسایەتییەکانی کۆمەڵێك دەبێ ئەو ناکۆکیانە کە لە نێوان چینە کۆمەڵایەتییەکان و هەروەها لە نێوخۆی هەر چینێکدا هەیە، بخرێتە بەر لێکۆڵینەوە.
شوێنەواری چینی کۆمەڵایەتی زۆر بەرینە و لایەنی جۆراوجۆرە و لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا خۆی دەنوێنی و لە پێکهاتنی کەسایەتی تاکەکاندا دەوری هەیە .
کارێک کە تاک هەڵی دەبژێرێ، دێر و زوو لە کەسایەتی ئەودا ئاڵوگۆرێک پێك دێنێ.
نفوزی ناڕاستەوخۆی فەرهەنگ: کەسایەتیەکان ئەندامانی هەر چینیك لەگەڵ ئەوە کە بە هۆی شوێندانانی ڕاستەوخۆی فەرهەنگی تایبەتی چین وەك یەکن، جیاوازیشیان هەیە، کە ئەویش ئاکامی ناڕاستەوخۆی فەرهەنگە.
کاریگەریی گروپە ڕێنوێنیکەرەکان وەك بنەماڵە هاوتەمەنەکان، مەڵبەندی بنەماڵەی نەشیاو، تەگەرەی ڕێگای پەرەگرتنی کەسایەتی ئینسانن. بە هۆی ژینگەی کۆمەڵایەتی شیاوەوە، دەکرێ تەنانەت کەسایەتی لاواز و کز و دواکەوتووش باش ببێ.
جەرگەی کۆمەڵایەتی، بریتییە لە چەند تاکێك وەك یەك و دڵسۆز کە بە مەبەستی هاتووچۆ و هەڵسان و دانیشتن لەگەڵ یەکتر، پێك دێ.
گۆڕینی کەسایەتی بەستراوەتەوە بە ئاڵوگۆڕی ژیانی کۆمەڵایەتی. کەسایەتی لە دایکبوونی کۆمەڵە. ئورگانیسم زەمینەی کەسایەتی و تەواوی کردەوەکانی ئینسانە، ئۆرگانیسم مادەیەکی خاوە کە بە هۆی هەلومەرجی کۆمەڵایەتی شێواز بە خۆ دەگرێ.

## لاڕێبوونی کۆمەڵایەتی:

خۆڕێکخستنی تاک لەگەڵ کۆمەڵ دەبێتە هۆی سازگاری کۆمەڵایەتی. خۆڕیکنەخستنی کەسێك لەگەڵ کۆمەڵدا دەبێتە تەگەرەی سازگاری کۆمەڵایەتی و سەرچاوەی کردەوەیەك کە لە روانگەی کۆمەڵدا باش نیە.

لە نیوان تاکە ناسازگارەکاندا، کەسێك کە لە ئەنجامدانی کردەوەی خراپ زوو تێپەڕ نەوێ و بۆ ماوەیەك درێژ دەوامی بێ، لاڕێ و ناسازگارە. ڕەفتاری ناسازگار سێ بەشە: دەروون نەخۆشی، دەروون شڵەژاو، دەروون پەرێشانیی.
یەکەم- بریتییە لە کردەوەگەلی ناسازگارکە لەگەڵ ئەوەدا بۆ کۆمەڵ باش نین. بەڵام لای ئەو کەسەی وا ئەو کردەوە ئەنجام دەدا، زیانهێنەر لەقەڵەم نادرێ. و لەبەر ئەوە کۆمەڵ هۆی بنەرەتیی ئەم جۆرە نەخۆشییەیە، باشترە بێژین دەروون نەخۆشیی کۆمەڵایەتی.
دووەم- بریتییە لە کردەوەگەلی ناسازگار کە هەم کۆمەڵ خۆشی لێ نایە و هەم ئەو کەسەی وا ئەو کارە دەکا دەبێتە هۆی ئەوە کە خۆڕێکخستنی تاک و کۆمەڵ دژوار بێ.
سێیەم- کردەوەگەلێکی ناسازگاری توند، کە تاک هان دەدا یەکسەرە لە ژینگە جیا ببێتەوە و ئەوە کە دەبێتە هۆی مەحاڵبوونی نەگونجاوی کۆمەڵایەتی، ڕەوان پەریشییە.
دەروون پەرێشانی و لە نێوخۆدابوون و پەریشانییە دەروونییەکان لە ناسازگاری تاک و کۆمەڵ سەرچاوە دەگرێ و بە نیشانەی ناسازگاری کەسایەتی دەژمێردرێ.
نزیک بە تەواوی دەروون پەرێشانییەکانی کۆمەڵایەتی لە هۆکارییە کۆمەڵایەتییەکان وەك هەژاری، زوڵم و چەوساندنەوە سەرچاوە دەگرێ. بەڵام پەریشانی دەروونی تەنیا لە هۆکاری کۆمەڵایەتی پەیدا نابێ. لەم بارەوە بۆ ناسینی یان دەبێ هۆکارگەلی جۆراوجۆرە لێك بدرێنەوە. لە سەر یەك دەروون پەرێشانی کە لەپێوەندی لەگەڵ هۆکارگەلی خۆی دوو بەشە. هۆکاری ئەندامی لەش و هۆکاری کارکردی.
پەرێشانی دەروونی، ئەگەر بە ڕوونی ئاکامی عەیب یان نەخۆشی یان فەسادی یەکێك یان پرێک لە ئەندامانی لەش بێ" ئەندامی" یە.
ئەم نەخۆشییە، ئەگەر بە ڕوونی لەگەڵ فەساد یان عەیبی ئەندامانی لەش نەبوو، و تەنیا لە ڕووی نابەجێ کارکردەکانی ئەندامانی بناسرێ، "کارکردی" یە.
لە سەر یەك سێ هۆ لە دروست بوونی دەروون پەرێشانی کارکردی و هەروەها لە دروست بوونی دەروون نەخۆشیدا دەوریان هەیە. 1- زەمینەی بەجێماوی (میرات). 2- تاقی کاریگەلی دژواری دەورەی منالیی. 3- ڕووداوە بنەرەتییە و گرنگەکانی ژیان. هەر لەو کاتەدا کە بۆ خۆی تایبەتمەندی گەلێکی هەیە، بەستراوەتەوە بە فەرهەنگی ئەو کۆمەڵە تێیدا دەژی و بێ ناسینی ئەو فەرهەنگە، ناناسرێ. بە واتەیەکی دیکە لادان و لادرییەکانی تاک لە چوارچێوەی کاریگەریی فەرهەنگی کۆمەڵ بەدەر نیە.
لەبەر ئەوە هەر یەک لە فەرهەنگەکان شێوەیەکی تایبەتییان هەیە و بە پێی ئەو یاسایانە کردەوەی تاکەکان هەڵ دەسەنگێنن، و نرخی بۆ دادەنێن، لادەری کۆمەڵایەتی لە تەواوی کۆمەڵەکاندا، یەکسان نیە. تەواوی لادەرە کۆمەڵایەتییەکان ڕێژەیین و بۆ ئەندامانی فەرهەنگە جۆراوجۆرەکان و تەنانەت ئەندامانی فەرهەنگە لقییەکانیش، کۆمەڵێك واتە و نرخێک لەبەرچاو ناگیردرێ.

فرەیەك لە سازگارییەکانی کەسایەتی و لادەرییەکانی کۆمەڵایەتی دەکرێ بە ئاکامی ئەو ناسازگاریگەلە کە لە نێوان کۆمەڵ و ئۆرگانیسم یان نێوان شێوەی ژیانی کۆمەڵ پێك دێ، بزانرێ.

## ناسازگاری کۆمەڵ لەگەڵ ئورگانیسم:

ڕەوتی پەسندکردنی سازگارییەکانی کۆمەڵ، پێویستهێنەری داسەپاندنی هێندێك باووبەندە لە سەر ئورگانیسم.

## خەبات لەگەڵ لادانی کۆمەڵایەتی:

بۆ دابین کردنی سڵامەتی کۆمەڵ دەبێ لەگەڵ لادانەکاندا خەبات بکرێ، بەڵام بە هیچ جۆرێک نابێ لادەرانی کۆمەڵ بکەونە بەر نەفرەت و دوژمنایەتی.
فەرهەنگی هەر قەومێک، لە ڕەوتی زەمان و مەکاندا گەشەی کردوە و بە گەشەکردو ترین شێوەیەك کە ئەگەری هەیە دەردێ، واتە خۆی دەنوێنێ.
هەرکات فەرهەنگی نامادی لە فەرهەنگی مادی دواکەوێ، تاکەکان ناتونن بە ئاسانی ڕاستی گۆڕانکاری هەڵگری ژیان بە سازگارییە بەردەوام و پێشگرەکاندا دەقاودەق بکەن، هەر بۆیە تووشی لادان دەبن. تاکەکان، لە ئاڵوگۆڕی ئابووری و نەگۆڕی پێوەندی کۆمەڵایەتییە. زۆر لە ناسازگارییەکان لە بواری ژیانی کۆمەڵایەتیدا پێك دێ. لەم بارەوە لادانگەلی کۆمەڵایەتی، نە تەنیا ڕەوا نیە، بکەوێتە بەر نەفرەت، بەڵکوو بە پێچەوانە پێویستە بۆلە نێوبردنی ئەو کەم و کورتییانە هەوڵ بدرێ. کەسی لادەر، واتە کەسێك کە نەیتوانیوە خۆی لەگەڵ شتە سازگارە کۆمەڵایەتییەکان ڕێك بخا و ڕەفتار بکا، تاوانی نیە، تاوان هی کۆمەڵە، کە نەیتوانیوە فەرهەنگی خۆی هاوسەنگ بکا. بە ڕاستی کۆمەڵ دەبێ بە جێگای ئەو کەسە، خۆی بە تاوانبار بزانێ و دەبێ ناتەباییەکان لە نێو بەرێ.
خەبات لەگەڵ لادانە کۆمەڵایەتییەکان، وەك خەبات لەگەڵ نەخۆشی، دوو ڕێگای هەیە، یەکەم لەڕێگای دەرمان و دووەم لەڕێگای پێشگیرییەوە.
فەرهەنگی کۆمەڵ لەگەڵ هەلومەرجی ئۆرگانێك و باری دەرونی فەرهەنگ لە گرنگترین هۆکاری لادان و لادەریی کۆمەڵایەتییە.

**کۆڕ و کۆمەڵی مرۆڤیی:** چەمککەلی بنەرەتی ناوچەناسی مرۆڤ. ئەسڵی بوون یا جێگا ناسینی ئینسانی. کۆمەڵ، تەوەرەی ناوچەناسییە. واتە ژیانی ڕێکوپێکی گرووپێك کە لە جێگایەك دانیشتووی تا ڕادەیەك دەوامدار.
کۆمەڵ واتە: ئەگەر شێوازەی پێوەندی گرووپێك مرۆڤ لەگەڵ زەمینەی جوگرافیایی ئەو لەبەر چاو بگیرێ بە چەمکی کۆمەڵ دەگەین. کۆمەڵ خاوەن سنوورگەلێکی دیاریکراو نیە، هەر بۆیە دەکرێ لە کۆبوونەوە خەڵکی گەڕەکێک یان هۆزیک و.. باسبکرێ. کۆمەلی جیهانی، وڵات، شار، دێ، قوتابخانە .... جێگاوشوێن ناسین، لقێکە لە ژیانناسی، کە ژیانی گیاکان و گیانلەبەرەکان کە لە زەمینەی ژینەگە پەرە دەگرێ، بوونی ئەوانە لێکدەداتەوە.
ناوچەناسی، زانستێکە کە زەمینەی مەڵبەندی ژیانی مرۆڤ دەداتە بەر توێژینەوە و هەر بۆیە چاوی لە کۆمەلگا مرۆڤییەکانە. هەر بەم بۆنەیەوە کە بە کۆمەڵناسیش

هەواڵنامەی کتێب

دەناسرێ، بابەتی ناوچەناسی، بریتییە لە مەڵبەندە جۆراوجۆرەکانی ژیانی مرۆڤیی. مەبەست لە مەڵبەندی ژیان هەم مەڵبەندی سروشتی و هەم مەڵبەندی کۆمەڵایەتییە. ناوچەناسی مرۆڤیی، پێوەندی گروپەکان لەگەڵ مەڵبەندی سروشتی خۆیان لە خاک، ئاوهەوا و خواردەمەنی و هەروەها پێوەندی گروپەکان لەگەڵ مەڵبەندی کۆمەڵایەتی خۆیدا (فەرهەنگ) دەخاتە بەر شوێندۆزیی.
ناوچەناسی لە ناوچەناسی گیایی و ئاژەڵیی ڕیشە دەگرێ و بە ژیانناسییەوە پێوەندی هەیە. یەکێك لە زانستە کۆمەڵایەتییەکانە و لە هێندێك ڕووەوە لە کۆمەڵناسی دەچێ. ناوچەناسی ئینسانی و کۆمەڵناسی هەردووکیان سەبارەت بە مرۆڤ و پێوەندییە دوولایەنەنی ئەو و مەڵبەندی ژیان، لیکۆڵینەوە دەکا. بەم جیاوازییە کە ناوچەناسی مرۆڤیی لە بنەڕەتدا ژیانی ئینسانی سەبارەت پێوەندییەک کە مرۆڤ لەگەڵ مەڵبەندی سروشتی هەیە، دەخاتە بەر باس.
کۆمەڵناسی لە بنەڕەتدا ژیانی ئینسانی لە زەمینەی مەڵبەندی کۆمەڵایەتی دەخاتە بەر لێکۆڵینەوە. ناوچەناسی لەسەر کۆمەڵ و کۆمەڵناسی لەسەر کۆمەڵگا پێدا دەگرن.
ناوچەناسی دوو بەشە : 1- تاکیی 2- گروپی.
ناوچەناسی تاکیی: پێوەندی دوولایەنەی تاکەکانی مرۆڤ و مەڵبەندی ژیانی ئەوان لێکدەداتەوە.
ناوچەناسی گروپی: پێوەندی دوولایەنەی گروپگەلی ئینسانی و مەڵبەندی ژیانی ئەوان لێکدەداتەوە. لە سەر یەك ئەو بابەتانە کە لە ناوچەناسیدا دەکەوێتە بەر باس، زیاتر پێ لەسەر کۆمەڵگا دادەگرێ.
چالاکییە ناوچەییەکان، رەوتگەلێکن کە لە نێو خۆ و دەرەوەی کۆمەڵگاگەلی ئینسانی پێك دێن و چۆنیەتی ژیانی جێگای گروپ و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵایەتی نیشان دەدەن. شویندۆزیگەلی ناوچەیی ڕەوتگەلێکن کە لە دەروون و دەرەوەدای کۆمەڵگاگەلی مرۆڤیی، سەرهەڵدەدەن و چلۆنایەتی دابەشکردنی شوێنی گروپ و ڕێکخراوەکان، نیشان دەدەن. شوێندۆزیگەلی ناوچەیی زۆرن. یەک لە وان هێرشبردنی مرۆڤەکان و ڕێکخراوەکانە بۆ شوینێکی بەرتەسک واتا زۆربوونی چروپریی و لابردنی ئەم بارە، یانی کەمکردنەوەی چڕوپریی.

## گەشەکردنی کۆمەڵگا:

بە پێی ناوچەناسی، بوونی کۆمەڵگاگەلی مرۆڤیی، چۆنیەتی پەرەگرتن و بەرفراوان بوونیان و گرنگی و دابین کردنی ئاسایشی ئەوان، پێوەندی بە پێوەندی دوولایەنەیی کە لە نێوان گروپە مرۆڤییەکان و ژینگەی سرۆشتیدا دادەمەزرێن. وەك ئەوە کە دەکرێ مێژووی گەشە کردنی ئینسان، تا ڕادەیەك بە پێی چۆنیەتی پێوەندی ئیسان لەگەڵ ژینگەی سروشتی لێکدەدرێتەوە و لە سەر ئەم بنەما دەکرێ بڵێین، مێژووی گەشەکردنی ئینسان سێ بەشە: 1- دەورەی سەرەتایی، کۆکردنەوەی خۆراک. 2- دەورەی بەرهەم هێنانی خۆراک، کە خۆی چەند دەورەیە، شار و لادێ. 3- دەورەی بەرهەم هێنانی ماشین.

**شارنشینی** : شارنشینی یەکسان نیە و جۆراوجۆرە وەك شارەک، وردەشار، کۆمەڵێکی بەرتەنگ و کەڵەکەیە کە حەشیمەتەکەی لە ڕادەیەکە، کە کەمتر لە 500 تا 2500 کەس نەبێ.

شار، کۆمەڵێکی بەرتەنگ و چڕوپڕە کە گروپ و حەشیمەتی لە شارەک زۆرترە.

شاری گەورە یان وردەشار.

شار، شاری ناوەندی، شارێکە کە لە کۆمەڵە پیشەسازییەکان پێك هاتووە و ناوەندی ژیانی، شارەک و شارەکانی دەورو بەری خۆیە.

شاری بەستراوە، شاری لق و پۆپی، شارێکە کە نیزیك شارێکی ناوەندییە، ژیانی پەیرەوی شاری ناوەندی و هەروەها بەشێک لە پێداویستییەکانی شاری ناوەندی شار بەستراوە دابینی دەکا.

شانە یان حەوزەشار، کۆمەڵێکی فرە گەورەیە، بریتییە لە شارێکی ناوەندی و دەوروبەر و لادێییەکان و شارە بەستراوەکان.

شار، کۆمەڵێکە سەرەڕای چەند جیاوازیەك لە باری چۆنیەتیەوە لە لادێ جیاوازە.

**تایبەتمەندی شار:** شار کۆمەڵێکی بێئارام و فرەیەك گروپی ئینسانی تێدا کۆدەبێتەوە و بە هۆی ڕێکخراوە کۆمەڵایەتییەکانی تێکچڕا و جۆراوجۆر بە تایبەت ڕێکخراوە ڕەسمییەکان لەگەڵ یەکتر پەیوەندییان هەیە.

پێگەکانی کۆمەڵایەتی تاکەکانی شار، گۆڕانی بەسەردا دێ و لەم بارەوە بزوێنەری کۆمەڵایەتی زۆرە، کۆمەڵی لادێ کۆمەڵیکی چووک، ئارام و کەم حەشیمەتە، پێوەندی دۆستانە و بنەماڵەیی لەوێدا پتەوە. بزوێنەری کۆمەڵایەتی زۆر کەمە.

پێوەندی نافەرمیی یان تایبەتمەندی لە کۆمەڵی شار کەم و لە لادێ زۆرە. کۆمەڵگای سیاسی، پیشەسازیی هەر یەك لە کۆمەڵەکانی ئینسانی بۆ خۆیان قەوارەیەکیان هەیە. قەوارە یان نەقشەی هەر کۆمەڵێك ئاکامی شێوەی دابەشبوونی حەشمیەت و ڕێکخراوە کۆمەڵایەتییەکانی ئەو کۆمەڵەیە.

شار لە ڕەوتی پەیدابوون و پەرەگرتنی بە سێ قەوارە خۆی نیشان داوە: تێکقرژاو و ناوەندگرا، بەش بەش و چەندبنەمایی .

شاری تێکقرژاو، بریتییە لە ناوچە جۆراوجۆرەکان کە یەك لە دوای یەك ناوەی شاریان لە ئاڵقەی خۆیان دەگرن .

شاری لق و پۆپی، لە بەشگەلێك کە لە دەوری بنەمای ناوەندی شارێکن، پێك دێ.

شاری چەندبنەمایی: لە ناوچە جۆراوجۆرەکان لە ڕەوتی پەرەگرتنی شار لە لای یەکتردا، دادەمەزرن.

**دابەش کردنی حەشیمەت**: حەشیمەتناسی، شیوەیەکی زانستییە بۆ لێکدانەوەی چۆنیەتی دابەشکردن و ئاوێتەبوون و جمۆجۆڵی حەشیمەت. ئەم زانستە سەربەخۆیە و هەر لەو کاتەدا بەستراوەتەوە بە کۆمەڵناسییەوە. مەبەست لە حەشیمەت کۆی تاکەکانی سەر بە شوێنێک یان قەومێک یان رەگەزێک یان یەکەیەکی سیاسی یان یەکەیەکی ترە. دابەشکردنی حەشیمەت لە باری تایبەتمەندی جێگا و تاکەکان، تەمەن و جنس وەك ئەمانە دابەشکردنی حەشیمەتە و شێوە و قەوارەی بە دەستهاتوو لەم دابەشکردنانە، ئاوێتەی حەشیمەتە. ئاڵوگۆڕی چەندایەتی یان کە لە حەشیمەتدا ڕوودەدا. جمۆجۆڵەکانی حەشیمەتە، دوو

جـــــۆرە، سروشتی و کـــۆمەڵایەتی. ئەوەی سروشتی، کە لە دایکبوون و درێژی تەمەن و مردنەوە سەر چاوەدەگرێ.
جمۆجولی کۆمەڵایەتی ئاکامی پرشوبڵاوی کۆچ کردنە. هەر کۆچێک دوو لایەنی هەیە. دەروون کۆچیی یان کۆچی نێوخۆیی. یان کۆچی دەرەوەیی، هۆکاری پێك هێنەری کۆچ و هەروەها پرشوبڵاوی لە دوو چەمک یان یاسادا خۆی دەنوێنێ. پاڵپێوەنان و سەرنجڕاکێشان.
ژینگەی جوگرافیایی تا ڕادەیەك لە چۆنیەت و چەندی ژیانی ئینساندا شوێن دادەنێ. پلەی فرە و کەم بوونی حەشیمەتی جێگایەك هەروەك باقی دیاردە کۆمەڵایەتییەکان، تەنیا ئاکامی هەلومەرجی سروشتی وەك ئاوهەوا و باقی هۆکاری جۆگرافیایی ئەو جێگایە نیە. هۆکاری کۆمەڵایەتی جۆراوجۆر بە تایبەت جۆر و ڕادەی بەرهەم هێنانی ئابووری لە کەم و زیادبوونی حەشیمەتدا بە توندی شوێن دادەنێ. لە ڕاستیدا ئەو شتەیە تایبەتمەندییەکانی ژیانی ئینسان دیاری دەکا، هێزەکانی سروشتی نیە، هێزە تێکچڕاوەکان، کە لە پێوەندی ئینسانی لە دایك دەبن و فەرهەنگ یان میراتی کۆمەڵایەتیین، تایبەتمەندییەکانی ژیانی ئینسانی باس دەکەن.

**جمۆجۆڵی سروشتی حەشیمەت**: جمۆجۆڵی حەشیمەت واتە فرە و کەم بوونی حەشیمەت لە دوو ڕێگاوە جێبەجێ دەبێ. یەکەم- بەرهەمی کەم و زۆری سروشتی، واتە درێژ یان کورت بوونی تەمەن و کەم و زۆر بوونەوە، منداڵ بوون، ژمارەی مردووەکانی کۆمەڵیك بە نیسبەت یەکترە. دووهەم لە ڕێگای فرە و کەمی کۆمەڵایەتی. واتە پەرەگرتنی ژمارەی کەسانێک کە لە کۆمەڵێکدا کە کۆچ دەکەن (دەرون کۆچ) و کەسانێك بۆ کۆمەڵێکی دیکە کۆچ دەکەن واتا کۆچ بۆ دەرەوە.
شوێندۆزی پەرەگرتنی سروشتی حەشیمەت، بریتییە لە سێ بابەتی بنەرەتیی، پەرەگرتنی زایین، کەمبوون و مردن، درێژبوونی تەمەن. پەرەگرتنی زایین، ئاکامی هۆکاری جۆراوجۆر بە تایبەتی باشتربوونی دۆخی ئابووری کۆمەڵە.
کەمبوونەوەی مردن، دوو هۆکاری هەیە کە لە حەشیمەتی کۆمەڵیك کەم دەکاتەوە، یەکێك مردن ئەوی دیکە کۆچ کردنە.

**پەرەگرتنی حەشیمەت** : لە کاتێک کە ئینسان لە دەورەی ئابووری کۆکردنەوەی خۆراک بۆ دەوری بەرهەم هێنانی خۆراک گوێزرایەوە و دەستی لە سەرگەردانی هەڵگرت و بە پێك هێنانی دێ و شار خەریك بوو، حەشیمەت دەستی بە گەشە کردن گرت.

**ناسینی دژوارییەکانی پەرەگرتنی حەشی**مەت: مالتوس، ئابووریناسی ئینگلیسی دەڵی: پلەی ژیانی هەر کۆمەڵێک پەیرەی دوو هۆکارە. ڕادەی حەشیمەت و ڕادەی خۆراک. لەم بارەیەوە پەرەگرتنی حەشیمەت زەمینەی کەم بوونەوەی خۆراک و هاتنەخواری پلەی ژیان دەژمێردرێ، دەڵی پەرەگرتنی حەشیمەت هیندسەییە، واتە 3،4،8 ، ... بەڵام پەرەسەندنی خۆراک ژمارەییە 1، 2، 3،....

**دوو گیروگرفتی گەورەی حەشیمەت** ، دابین کردنی خۆراک، دژواری دابینکردنی باقی کەرەستەی ژیانە.
مالتوس دەیگوت، ڕادەی ژیانی هەر کۆمەڵیك پەیرەوی دوو هۆکاری سەرچاوەی سروشت خۆراك و ڕادەی حەشیمەتە. بەڵام چوار هۆکاری شوێنیان هەیە: هۆکاری سەرچاوەی سروشتی، دۆزینەوە و داهێنانەکان، هاوئاهەنگی کۆمەڵایەتی، حەشیمەتە.
هاوئاهەنگی کۆمەڵایەتی، واتە، سازگاری شێوە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵ. بە تایبەت شێوەی ئابووری هۆی چوونەسەری ژیانی خەڵکە.

**ڕێکخراوە کۆمەڵایەتییەکان**: هەر یەك لە ڕێکخراوە کۆمەڵایەتییەکان، کارکرد یان کارکردگەلێکیان هەیە و بەم هۆیەوە ژیانی ئینسان بەڕێوە دەبەن. ڕێکخراوەیەك کە لە بەڕێوەبردنی کارکردی خۆی بە جێ بمێنێ، بێ نرخە و توانایی کارکردی ڕێکخراوەیەك لە سەر یەك و بە راتب لە توانایی کارکردی ئەو تاکانەی کە ئەو پێك دێنن، زۆرترە. بە گشتی ڕێکخراوە کۆمەڵایەتییەکان تا کاتێک کە کارکردەکانی ئەوان پێویستی کۆمەڵ بێ دەوام دێنن و دوایی کە کۆمەڵ پێویستی پێیان نەبێ وردە وردە لە نێو دەچن.
لە سەر یەك چۆنیەتی هەر ڕێکخراوەیەك بە پێی چۆنیەتی کارکردی ئەوە، لەم بارەوە هەروەك کارکردەکانی کۆمەڵایەتی جۆراوجۆرن، ڕێکخراوەکانیش جۆراوجۆرن. وەك حکومەت کە کردەوەیەکی سیاسییە، ڕێکخراوێکی سیاسی، کارخانە، کردەوەیەکی ئابووری. ڕێکخراوە لە باری ئامانجی کارکردەوە دوو بەشە :
١- کارکردی پڕێک لە ڕێکخراوەکان بەرەو لای دەرەوەیە. واتە سەرنجدان بە ڕیکخراوەکانی دیکە.
٢- کارکردی پڕێك لە ڕێکخراوەکان بەرەو لای نێوخۆیە. واتە سەرنجدان بە بەشەکانی هەر ئەو ڕێکخراوە.
ڕێکخراوبەندی کۆمەڵ لـــە باری چەمکەوە، دوو بەشە: ڕێکخراوەی ڕەسمی و ناڕەسمی.
ڕێکخراوەی ڕەسمی، کە بە پێی گەڵاڵەیەك پێك دێ و چوارچێوە و پلە بە پلەی ڕوونی هەبێ، پێوەندی ئەندامانی ڕێکخراوە پێوەندییەکی وشك و ڕەسمییە.
ڕێکخراوەی ناڕەسمی، ڕێکخراوەێکە بە پێچەوانەی ڕێکخراوەی ڕەسمی، بە پێی گەڵاڵەی دیاریکراو پێك نایێت و زنجیرەپلە و پێوەندی وشک نیە.
بنیاتە کۆمەڵایەتییەکان: کردەوەکانی کۆمەڵ، ڕەوتەکان یان هەوڵەتێکچڕا و خۆدەر خستنە جۆراوجۆرکان، پێك دێنن. تێکۆشان، دیاردەیەکە لەگەڵ گۆڕینی بێ پسانەوەی کاتە. بە زنجیرەیەك لە تێکۆشانە تێکچڕاوەکانی کۆمەڵایەتی کە چاوی لە ئامانج یان ئامانجگەلێکی گرنگە و یەک گشتی لە قەڵەم دەدرێ، ناوی بنکەی کۆمەڵایەتییە. بنکە و بنیاتە کۆمەڵایەتییەکان جۆراوجۆرن، ڕایەڵەی تێکۆشان یان چالاکی ئابووری و رایەڵەی تێکۆشانی بنەماڵەیی گرنگترین بنکە کۆمەڵایەتییەکانن.
لەسەر یەك چەند بنیاتی هاوکێش بە یەکترەوە پێوەند دەدرێن و چوارچێوەیەکی بنیاتی پێك دێنن، هەروەک لە وەك کۆمەڵە تازەکاندا چوارچێوەی بنیاتی ئابووری، تێکەڵاو لە بنیاتگەلی جۆراوجۆر وەك بەرهەم هێنان، کڕین و فرۆشتن بانکداری پێك

هەواڵنامەی کتێب

دێ، چوارچێوەی هەر بنیاتێک وەڵامدانەوەیەکی پێویستی ژیانی ئینسانییە. لەو بارەوە، دەکرێ چوارچێوەی بنیاتەکان، بە پێی پێویستییەکانی ئینسان ڕێکوپێک بکرێ. دوو لقی هەیە : بنەڕەتی و لق و پۆپی بنەڕەتی: چوارچێوەیەکی بنیاتییە کە بۆ لە نێوبردنی پێداویستی ژیانی ئینسان و مانەوەی کۆمەڵ پێویستە، وەك ئابووری، بنەماڵە، هەر بۆیە دیاردەی جیهانییە.
لقیی: چوارچێوەیەکی بنیاتییە بە پێداویستی پلەدووەمی ئینسان وڵام دەداتەوە و جیهانی نیە.
بنیاتە کۆمەڵایەتییەکان شێوەیەکی دیاریکراو یان زەمینەیەکی ڕوون بۆ تێکۆشان بە ئەندامانی کۆمەڵ پێشکەش دەکەن، دەبنە هۆی بنیاتیکردن و وەگەڕخستنی کارکردەکانی ئینسانی. بنیاتکردن ڕەوتێکە کە ئینسان لە سەرەتایی ژیانەوە لە بەر دەگرێ و هێزەکانی ئەو ئەخاتە ڕێگای گەلی ڕەوا و ئازادانەی کۆمەڵ، وەگەڕی دەخا و سازگارە کۆمەڵایەتییەکان جێ بەجێ دەکا. بەم پێیە دەکرێ بێژیین، بناخە و کردەوە سازگارە کۆمەڵایەتییەکان دوو جۆرن. 1- کردەوەی بنیاتی. 2- کردەوەی نابنیاتی.
کردەوەی بنیاتی، ئەوەیە کە خۆبەخۆ لە ڕەوتی کاتدا، لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا پێك دێ. ڕێوڕەسم و سوننەت و داب و نەریت، کردەوەی نابنیاتین .

**دامەزراوی کۆمەڵایەتی:** ڕێکخراوەیەکە ڕەسمی، کە دەوام و چوارچێوەی هەیە و ئەرک یان کارکردگەلێکی کۆمەڵایەتی دیاری بە ئەستۆیە. دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکان بە گشتی بەستراوەنەتەوە بە بنیاتە کۆمەڵایەتییەکانەوە. دامەزراوەکان و ڕێکخراوەکان چە ڕەسمی و چە نا ڕەسمی بە کارکردی خۆیان پێداویستە جۆراوجۆرەکانی ژیانی ئینسان دابین دەکەن و بنیاتە کۆمەڵایەتییەکان هەر ئەو کارکرد و کردەوە گرنگە مرۆڤیی ژیانی ئینسانییەن، کە بە شێوەی چالاکییە بەگرێ و گۆڵەکان خۆیان نیشان دەدەن. بەم هۆیە ڕێکخراوە کۆمەڵایەتی یە بایەخدارەکان، بە وێنەی کەرەستە یا هۆکاری بنیاتە کۆمەڵایەتییەکانن.
دامەزراو، ڕێکخراوەیەکە بۆ گەیشتن بە یەك یان چەند ئامانج و بنیات، چالاکیگەلێک کە بەرهەمی کاری دامەزراوە، لەخۆی نیشان ئەدا. لە باری ئامانجی کارکردی خۆی دوو جۆرە، یەکەم ئامانجی نێوخۆیە، واتە تەنیا بۆ دابینکردن و باشکردنی و ئاسایش ئەندامانی خۆی پێك دێ. دووەم بۆ دابین کردنی ئامانجی دەرەوەی خۆی، مەبەست، ڕێنوێنی کردن و پەروەردە کردنە .
دامەزراوەی کۆمەڵایەتی لە باری ڕادەی کارکردەکانی دوو بەشن. هێندێکیان تەنیا کارکردێکیان بە ئەستۆیە و پرێك چەند کارکردی بە ئەستۆیە.
ڕیکخراوە کۆمەڵایەتییەکان لەگەڵ ئەوە کە ڕەنگی چینایەتییان هەیە، لە بنەڕەتدا، چاویان لە قازانجی چینی سەرووی کۆمەڵە. کۆمەڵ بە هۆی سازگاری بەشەکانی خۆی لە چوارچێوە کەڵك وەردەگرێ و بە پێی ئەم چوارچێوە ڕێکخراو پێك دێ.

ڕێکخراوە ئابوورییەکان : ژیانی ئابووری ئینسان بریتییە لە تەواوی ئەو کارانەی کۆمەڵ بۆ مانەوەی ئەندامانی خۆی ئەنجامی دەدا. هەڵسوکەوت و ڕەوتی لەباری ئینسان لەگەڵ سروشت، کە لە ژیانی ئابووریدا پەیدا دەبێ، بریتییە لە سێ دەوری

جۆراوجۆر. دەوری کۆکردنەوەی خواردەمەنی، دەوری بەرهەم هێنانی خواردەمەنی، دەوری بەرهەم هێنانی ماشێنی.

دەوری کۆکردنەوەی خواردەمەنی: بریتییە لە دوو دەورە، دەورەی خواردەمەنی گیایی، دەورەی خواردەمەنی ئاژەڵیی.
دەورەی خواردەمەنی گیایی: لەم دەورەدا ژیانی ئینسان لە بنەڕەتدا لە دارەکان بەڕێوە دەچوو و خواردنیان تەنیا میوە و گەڵا و گۆپکە و ڕیشەی گیاکان بوو.

دەورەی خواردەمەنی ئاژەڵیی: لەم دەورەدا ئینسانەکان، وردە وردە دارەکان بەجێ دەهێڵن و گۆشت و باقی مەوادی ئاژەڵیی بە خواردنی خۆیان زیاد دەکەن.
لە دەورەی کۆکردنەوەی خواردەمەنیدا، ئینسانەکان لە تاقمی بچووکدا، کۆدەبنەوە و بە کۆمەڵ لە شوێن گیا و ئاژەڵ ، لە جێگایەك بۆ جێگایەکی دیکە کۆچ دەکەن. لەم دەورەدا  بە دوای خواردەمەنیدا لە حاڵی کۆچدان. هەر بۆیە فەرهەنگ پتەو و ڕیشەدار نابێ و کەرەستە دروست کردن، بە دەگمەن گەشە دەکا. ژیانی ئابووری کۆمەڵی کۆکرەوەی خواردەمەنی، لەگەڵ ئەوە کە زۆر لە خوارەوەیە، پشتئەستور بە خۆییە و پێویستی بە کەسی دی نیە. دوایی ئینسانی خواردەمەنی کۆکەرەوە، بە شێوەی ئینسانی ئاژەڵدار و کشتوکاڵیی دەر دێ و دەورەی بەرهەم هێنانی خواردەمەنی سەر هەڵدێنێ.
دەورەی بەرهەم هێنانی خواردەمەنی بە دوو دەورەی جیاواز دابەش دەبێ. دەورەی بێڵ لێدان، واتە بە بێڵ زەوی هەڵکەندن. دەورەی جفت یان جووت کردن. لە هەریەك لەم دوو دەورەی بەرهەم هێنانی خواردەمەنییەدا، فەرهەنگی تایبەتی پێك دێ. لەم دوو دەورەدا، دەکرێ لە دوو فەرهەنگی کشتوکاڵ، بێڵ لێدان و زەوی کێڵان ناوبەرین. لەم دەورەیەدا دابەشکردنی کار، بازاڕی کڕین و فرۆشتن، پەرەی گرت و پێك هێنانی شارەکانی خۆی نواند.
لە دەورەی کۆکردنەوەی خواردەمەنیدا، تەواوی ئەندامانی کۆمەڵی سەرەتایی تێکڕا بۆ مانەوەی خۆیان هەوڵیان دەدا. بەڵام لە دەورەی بەرهەم هێنانی خواردەمەنیدا، بەهۆی فرەبوونی بەرهەم و کەڵەکەبوونی سامان، تاقمێك لە لە خەڵک، دەیانتوانی بێ ئەوە کار بکەن، بژین. بەم هۆیەوە سەرەتای خاوەن مڵکایەتی تایبەتی دەستی پێکرد. بەرە بەرە جیاوازی چینایەتی هاتە کایەوە. لە دەورەی کۆکردنەوەی خواردەمەنیدا خاوەن مڵکیی گشتی  هەیە. بەڵام لە دەورەی بەرهەم هێنانی خواردەمەنیدا خاوەنداریەتی تایبەتی یان بنەماڵەیی هەیە و کۆمەڵ دەبێتە دوو چینی کۆمەڵایەتی، لە قۆناخی یەکەمدا، کۆیلە و کۆیلەدار و لە قۆناخی دوایی ئەم دەورەدا، دەورەی جووتیار و خاوەن زەوی  واتا دەرەبەگ دێتە ئاراوە.
 لە کۆمەڵی دابەشبوو بە چینە کۆمەڵایەتییەکان، بێدادی و نادادپەروەریی و ناڕەزایەتی و شۆڕش، سەر هەڵ دەدا و هێز یان حکومەتێک پێویست دەبێ بۆ ڕاگرتنی دۆخەکە و پاراستنی قازانجی، خاوەن ئیمتیاز. حکومەت بریتییە لە کۆمەڵێك بنیات و ڕێکخراوەی جۆراوجۆر بۆ ڕاگرتن و پاراستنی بارودۆخ بە قازانجی چینی خاوەن دەستەڵات .

دەورەی بەرهەم هێنانی ماشینی: ئەم دەورەیە لەگەڵ شۆڕشێکی گەورە کە ماشێن جێگای کەرەستە و ئامرازی سادەی کاری گرتەوە، دەستی پێکرد و شێوەی ژیانی ئابووری کارخانەیی جێگای ئابووری بنەماڵەیی گرتەوە.
ماشێن بە کەرەستەیەکی تێکچڕاو و تێکەڵاو لە بەشگەلێکی جۆراوجۆری لە یەك گرێدراو. لە ئابووری کارخانەییدا لە چەرخی ڕێنسانسەوە بەرەو ئەملا، بە هۆی گواستنەوەی فەرهەنگە جۆراوجۆرەکان بۆ ئۆروپا و گەشەکردنی ڕۆژ بە ڕۆژی کۆمەڵە ئۆروپییەکان و دروست کردنی کەرەستەی تێکچڕاوی ماشێن، ژیانی ئابووری ڕۆژئاوا، قووڵ بوونی شۆڕشی پیشەسازیی قەرنی هەژدەم ڕووی دا.
دەورەی بەرهەم هێنانی ئابووری یان کارخانە، بریتییە لە دوو دەورە:
لە دەورەی یەکەمدا، ژمارەیەکی کەم لە خەڵک بە شێوە و کەرەستەی جۆراوجۆر، دەست بەسەر مەواد و کەرەستەی بەرهەم هێنانی پێشەسازییدا دەگرن، و لە ئاکامی ئەوەدا سامانی بەرهەم هێنانی یان ئاکامی رەنجی ملیونەها ئینسان بێ مایە و بێ کەرەستە، ناچار دەبن، کاریان، واتە تەنیا سامانیان بە دامەزراوە پیشەسازییەکان بفرۆشن. لەم دەورەدا هەرکەس سەرمایە واتە شتێکی هەیە، کە کاریان دەستڕەنجی کەسانی دیکە دەڕفێنێ و بە سەر کەسانی دیکەدا سەروەری و دەسەڵاتدارەتی دەکا و بە وەگەرخستنی سەرمایە، و کۆڵەکەی بەرهەم هێنانی ئابووری کۆمەڵە لەژێر ڕکێف دەگرێ. لەم دەورەدا نە تەنیا لە ڕێکخراوە ئابوورییەکاندا، بەڵکوو لە باقی ڕێکخراوەکانی دیکەشدا ئاڵوگۆڕ پێك دێ و دەیان ڕێکخراوی دیکە دروست دەبێ. لە بواری چینایەتیدا، چینی کرێکار و سەرمایەدار، پێك دێ لە سیستەمی سەرمایەدارییدا، هەروەها کە پیشەسازیی جێگای کشتوکاڵ دەگرێتەوە و تەنانەت کشتوکاڵیش بە شێوەی پیشەسازیی دەردێ. تاک، جێگای بنەماڵە دەگرێ. لە نیزامی کشتوکاڵدا، تاک یەکەیەکی کۆمەڵگا نەبوو و بەشێک لە بنەماڵە بوو و بنەماڵە یەکەیەکی پێکهێنەری کۆمەڵگا لەقەڵەم دەدرا. لێرەدا، هەرکەس بتوانێ لەگەڵ شتە سازگارەکانی ئابووری خۆی ڕێك بخا، مافی ژیانی هەیە و هەرکەس کە بتوانێ پووڵی زۆر بە دەست بێنێ، دەستەڵاتدارە و جێگای ڕێزە.
نیزامی سەرمایەداری بە تایبەت لە چەرخی ئێستادا، توشی گیرگرفت و ناڕەواییگەلێکی گەورە بووە. زۆربەی زۆری رووداوە سامناکە جیهانییەکان، دەستکورتی، بێکاری بەربڵاو، خۆکوشتن، چەوساندنەوەی ترسهێنەر، خۆسەپاندن خوازی، شەڕە جیهانییەکان و لە شوێنەواری سەرمایەدارین.
لەسەر یەك لەو کۆمەڵانە کە نیزامی سەرمایەداری زاڵە، قەیرانە ئابوورییەکان، یەك بەدوای یەکدا ڕوو دەدەن، دەکرێ بگوترێ کە قۆناخێکی برەوی ئابووری تازە، بێ ئەملاوئەولا قۆناخێکی قەیرانی لە دواوەیە، بە وتەیەکی دیکە، سەوداگەریی تووشی دەورانی ناچاریی یان دیلی سەرهەڵدانی جارنەجاری برەو و قەیرانە، شوێنەواری بنەرەتی قەیرانی ئابووری بێکاریی، نەدارییە. بە هۆی راوەستانی بازاڕ، هەزاران کەس لە کار و کارخانە دەر دەکرێن .
دەورەی دووهەم، کە لە ئیستادا، گیروگرفت و مەترسییە گەورەکانی نیزامی سەرمایەداری دێتە ئاراوە، کە ئەمە ڕاست و دروستە. هێندێکی دیکەش، دەڵێن لە بارودۆخی ئێستادا ئەگەری ڕوخاندنی نیە کە ڕاست نیە.

ڕوونە کە گیروگرفتەکانی دەوری سەرمایەداری هەمووی لە هۆکاری سوودخوازی بێ سنوور و چەوساندنەوەی مرۆڤ بە دەستی مرۆڤ سەرچاوە دەگرێ. لەم بارەوە لابردنی تەواوی ئەوانە، کاتێك ئیمکانی هەیە کە نیزامی سەرمایەداری پڕۆخێ و ڕەوتی بەرهەم هێنان و دابەشکردنی سامان لە ژێر دەستەڵاتی چینی کرێکار و زەحمەتکێشدا بێ و بە دیکتاتۆری خۆیان بیپارێزن. واتە سوسیالیزم.
دەورەی ماشین، دوای دەورەی بەرهەم هێنانی خۆراکی دێ، لەم دەوروبەرەدا ئابووری لە ماڵ و مەزرای بنەماڵەیی، بۆ کارخانە دەگوێزرێتەوە. ناوەندی کۆمەڵ لە دێ بۆ شار دەگوێزرێتەوە.
لە دەورەی هەوەڵی بەرهەم هێنانی ماشێن، لە قۆناخی سەرەتایی خۆیدا، دەبێتە هۆی گەشەکردنی توندی کۆمەڵ، بەڵام لە قۆناخی دیکەدا کۆمەڵ تووشی قەیران دەکا.
لە دەورەی دووهەمی بەرهەم هێنانی ماشیندا، کۆمەڵ لە هەموو ناڕەواییەکانی دەورەی یەکەمی ڕزگار دەبێ.

**ڕێکخراوە حکوومەتییەکان**: حکومەت، کۆمەڵێك لە ڕێکخراوە کۆمەڵایەتییەکانە کە بۆ دابین کردنی پێوەندی چینە کۆمەڵایەتییەکان و پاراستنی ئاسایشی کۆمەڵ بە قازانجی دەستەڵاتدار پێك دێ.
کۆمەڵی سەرەتایی حکومەتی نەبووە، چون کۆمەڵێکی بچووکە خاوەنداریەتی گشتی هەیە و سوننەتپەرەستە. لە کۆمەڵی سەرەتایی رەگەزەکانی دروستکەری حکوومەت هەبوون. بنەماڵە وەك حکوومەت بە سەر ئەندامانی خۆیدا دەستەڵاتی هەیە. شەڕ تاقمە سەرەتاییەکانی کێشایە ژێر ڕێکخراوی حکوومەتی. هەروەها لە تەواوی کۆمەڵەکاندا هێرش و تاڵان کردنەکان لە کۆکردنەوەی هێزە کۆمەڵایەتییەکان و پێك هێنانی حکوومەت نەقشی گەورەیان هەبووە.

حکوومەت لە کۆمەڵی شارستانیەتدا: ڕێکخراوە حکوومەتییە راستەقینەکان، تەنیا لە کۆمەڵە شارستانیەکاندا پێك دێن. چون بە پەیدابوونی شارستانیەت تایبەتمەندییە سێیانەییەکانی کۆمەڵی سەرەتایی، واتا بەرتەسک بوونی گروپ، خاوەندایەتی گشتی، سوننەت پەرستی لە نێو دەچن و دامەزراوگەلێکی ڕەسمی بۆ بەڕێوە بردنی کۆمەڵ پێویست دەبێ.
گەشەکردنی کۆمەڵ، فرەبوونی بەرهەم هێنانی ئابووری دێتە کایەوە و دەبێتە هۆی ئەوە کە دەستڕەنجی بەشێك لە ئەندامانی کۆمەڵ بۆ ژیانی تەواوی کۆمەڵ بەس بێ. لە ئاکامدا بەشێك لە باتی بەشداری لە بەرهەم هێناندا، هەوڵ دەدەن بە شێوەیەك، کەسانی دیکە بچەوسێننەوە. بەم هۆیە بوونی حکوومەت پێویست دەبێ. لە سەرەتای شارستانیەتدا کۆمەڵ پەرەدەگرێ و یەکێتی و هاوئاهەنگی سەرەتایی لەنێودەچێ و کۆمەڵ دەبێتە دوو چینی ناسازگار. کێشەی نێوخۆ و دەرەوەی کۆمەڵ مایەی بناخەی بەهێزی حکومەت و پایەی دەوڵەت دادەمەزرێ.
دەوڵەت یان بە وتەیەکی دیکە، دەوڵەتی سیاسی، ڕێکخراوەیەکی کۆمەڵایەتی گەورەیە، بریتییە لە حکومەت و مەردم، سەرزەوی بە سنوور دیاری کراوە. دەوڵەت

بە هۆی حکومەت لە نێو مەردمێکدا کە لەسەر زەویەك ژیان دەبنە سەر و دانیشتوانی ئەوە دەژمێردرێ، پێوەندی یەکی ڕێك و پێك (منظم) دادەمەزرێنێ.
دەوڵەت بە هۆی سێ عونسرەوەیە، حکوومەت و مەردم و سەرزەوی، واتە ئەم سێ عونسرە زامنی بوونی دەوڵەتە، ئەگەر یەکێك لەم سێیانە نەبێ دەوڵەت پێك نابێ.
حکوومەت نیشاندەدرێ دەستەلاتی دەوڵەت، لە ژیانی ڕۆژانەدا، لە زۆر شوێندا لە جێگای یەکتردا بەکاردێن. بەڵام دەبێ لە توێژینەوەی زانستیدا، هەر یەك لەم دووانە لە شوێنێ خۆی بەکاربێن.
تایبەتمەندییەکانی حکوومەت لە چەرخی ئێستادا:
لە چەرخی ئێستادا، حکومەت بە شێوەیەکی زۆر تێکچڕاو (....) در هاتووە و زۆر ئەرکی گەورە و گرنگیان بە ئەستۆیە. لەم بارەوە سێ هۆکاری دەخاڵەتیان هەیە.
1- بەرینایی سنووری دەستەلات. (خطه). 2- تێکچڕاوی ژیانی کۆمەڵایەتی کەمتەر دەوڵەتێکی تازە هەیە، کە تەنیا بریتی بێ لە یەك نەتەوە. واتە کۆمەڵێکی هاوئاهەنگ و یەکگرتوو بە ڕابردووی مێژوویی وەك یەك و قازانجی کەم و زۆری وەك یەک و زمانی وەك یەك پێک دێ.

**ئاڵوگۆڕی هەمیشەیی:** لە ئاکامی قووڵتربوونی کاری حکومەتەکاندا، لە ئێستا ژمارەی ڕێکخراوە کارگێڕەکان فرە دەبن و کۆمەڵ دیلی دیوانسالاری و بوروکراسی و شێوە ئیداری دەبێ.
کارکردەکانی تازەی ڕێکخراوە حکومەتییەکان بەرینایەتی دەسەلاتی حکومەت و دەستتێوەردانی ئەو لە ژیانی ئەندامانی کۆمەڵ، لە سەر یەك پەرە دەگرێ، و هێندێك کەس دەڵێن کە حکومەت سەرەڕای کارکردەکانی لەمێژینەی خۆی بۆ دابین کردنی نەزمی کۆمەڵایەتی پێك دێ، ئامانجی دابین کردنی ئاسایش و زمانی گشتییە. واتە دەوڵەتی سیاسی، بەم شێوەیە دەوڵەتی خزمەتکار پێك دێ. بەم هۆیە کە ڕۆژ بە ڕۆژ دەستتێوەردانی حکومەت لە کۆمەڵەکاندا کە تاککەرایی ڕابردوویکی درێژی هەیە، کەمایەسییە دەسترۆیشتووەکان، بە ناوی پاراستنی ئازادی خوازیاری بەرتەسک کردنەوە دەستتێوەردانی حکومەت دەبن. بەڵام سوسیالیستەکان خوازیاری ئەوەن کە حکومەتی چینی کرێکار و زەحمەتکێش، سەرەڕای بە ئەستۆ گرتنی کاری خزمەتکاریی کۆمەڵایەتی، کاری بەرهەمهێنان و دابین کردنی کار بۆ لاوان و خزمەتکردن بە پیران و دابینکردنی دەرمان، لە ژێر دەستەلاتی ئەودا بێ. بەم شێوەیە دەوڵەتی ئاسایشهێنەر گەشە دەکا، دەبێتە دەوڵەتی بەرهەمهێنان لە خزمەت کۆمەلانی خەڵکدا. دیارە ئەمەش لە ڕەوتی تێپەڕبوون بەرەو قەوارەی کۆمۆنیستی ئەرکی خۆی بەجێ دەگەیەنێ و بەرە بەرە جێگای خۆی دەدا بە دەسەلاتی خوبەڕێوەبەر یان خود بەڕێوەبەری خەڵك. دیارە ئەم ڕەوتەش لە ئاکامی تێکدان و ڕوخاندنی نیزامی سەرمایەداری  و هاتنە سەرکاری نیزامی سوسیالیستی، دیکتاتوری پرولیتاریادا دێتە ئاراوە.

**چینی دەستەڵاتدار**: لە تەواوی دەورەکانی مێژوودا، حکومەت لە دەست چینێکدا نەبووە، لە دوای کۆمەڵی سەرەتایی، کۆیلەداری، زەویداری، سەرمایەداری و

ئێستاش لە بەشێکی دنیا سوسیالیزم، چینی کرێکار، خاوەن دەسەڵات بووگە. هەروەك گوترا، حکومەت، کۆمەڵێك لە ڕێکخراوە کۆمەڵایەتییەکانە بۆ دابین کردنی پێوەندی کۆمەڵایەتی و پاراستنی ئاسایشی ئەندامەکانی کۆمەڵ بە قازانجی چینی خاوەن دەستەڵات و خاوەن ئیمتیاز.
لە سەرەتای شارستانیەتەوە، بە هۆی پەرەگرتنی کۆمەڵ و تێکشکانی سوننەت و لە نێو چوون شیرازەی یەکێتی کۆمەڵ، حکومەت خۆی نواند. حکومەت لەگەڵ ئەوەشدا پێویستیەتی کۆمەڵە، بەڵام لە بەندی چینایەتی ئازاد نیە و بە خاوەن دەستەڵات و خاوەن ئیمتیازاتی کۆمەڵ پشت ئەستورە.

**شـــەڕ**: دەزانین کە لە پێوەندی دوولایەنەی کۆمەڵایەتیدا، دوو یان چەند کەس، ڕەفتارگەلی دوولایەنەی کۆمەڵایەتی ڕوو دەدا و ئەم کاردانەوانە یان ئەرێنیی و پێویستن، سەرئەکێشنە لای هاوکاری وەک یەکبوونەوە، یان نەرێنیی و لێکپچڕاون و بەرەی پێشبڕکێگەریی و ململانێ و دژایەتی کردن دەچن. تێکەڵکردنی کارکردی لێکگرێدراو، و لێکبچڕاو، دەبێتە هۆی هاوسازگاریی ، واتە هەوڵدان بۆ هەماهەنگی کردنی کارکرد و کاردانەوەی لێکگرێدراو و لێکبچڕاو.
**هاوئاهەنگی چەندجۆرە:** لە چوارچێوەی پێوەندییەکانی دەوڵەتەکاندا، ئەگەر کارکرد و کاردانەوەکانی ئەرێنی بە ڕادەی پێویست بە سەر کارکردەکانی نەرێنیدا زاڵ بن، ئاشتی پێك دێ و ئەگەر بە پێچەوانەوە بێ، دۆخێکی نالەبار و دشوارە، کە شەڕە.
شەڕ، واتا دژایەتی گروپیی. دژایەتی چ بە شیوەی تاکیی و چ بە شێوەی گروپیی، لە ژیانی گیانلەبەرەکاندا، تێکڕا زۆرە. لە جیهانی ئاژەڵیدا بە تایبەت کاتێك کە بەرژەوەندی ژیان لە گۆردا بێ، ناکۆکی و هەروەها ڕەقەبەریی بە شکڵی جۆراوجۆر خۆیان نیشان دەدەن.
بە پێی وتەی داروین ململانێ بۆ مانەوە یان مانەوەی شیاوترین، واتە تێکۆشان بۆ مانەوە و مانەوەی بەرە و وەچە، یاسای گشتی ژیانی ئاژەڵییە. دیارە ئەمە ئەو ڕاستییە ناچەسپێنێ کە چۆن ئینسان ڕەتەوەی ئاژەڵییە و لە گەوهەری خۆیدا شەڕانییە.
شەڕەکانی ئینسان، وەك شەڕی ئاژەڵیی، ڕەفتاری سروشتی و ئاکامی توند و تیژیی و غەریزەی شەڕخواز نیە. بەڵکوو لە هەلومەرجی ژیانی کۆمەڵایەتی سەرچاوە دەگرێ و یاساکانی دەبێ بە زانستگەلی کۆمەڵایەتی پەیجۆری بکەین.

ناکۆکی گروپیی لە کۆمەڵی ئینسانیدا: لە کۆمەڵی سەرەتاییدا زۆر کەم بووە و لەم هۆکارانەی خوارەوە پەیدابووە. 1- دەسکەوت و تاڵان2- ترس لە بێگانە. 3- خۆنیشاندان، تۆڵە ئەستاندنەوە.
لە کۆمەڵی شارستانیەتیدا، شەڕ، ئاکامی هۆکاری تێرامانی بیرمەندییە و کردەوەگەلی بەگرێ و گوڵی زۆرە. بەڵام گرنگترینیان، ناکۆکی چینایەتییە.
هەر شێوە ناکۆکێکی گروپی شەڕ بە حیساب نایێ، بەڵکوو لە زاراوەی زانستی سیاسەتدا، تەنیا بە ناکۆکییەکی گروپی دیاریکراوەوە پێوەندی هەیە. شەڕ ناکۆکییەکی توند و تیژی ڕێکوپێکە کە لە نێوان دوو یان چەند کۆمەڵگەی سەربەخۆدا

ڕوو دەدا. شەڕ لەم واتەیەدا، دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی تازەیە، درێژی تەمەنی لە دەورەی کشتوکاڵیی تێناپەڕێ. واتا شەڕ لە دەورەی زەوی کێڵاندا سەری هەڵ داوە. بۆ ڕوودانی شەڕ کۆبوونەوەی چەند هۆکاری پێویستن. 1- دوو یان چەند کۆمەڵگەی سەربەخۆ، کە هەریەك لە چوارچێوەیەکی دیاریکراودا نیشتەجێ بن. بەم پێیە ناکۆکی کۆمەڵگە ناسەربەخۆیەکان و تێکەڵاو، شەڕ نیە. 2- دەبێ ئەم کۆمەڵگانە لەگەڵ یەکتردا لە پێوەندیدا بن . نێوانی ئەو کۆمەلگایانە کە پێوەندی نەبێ، نە شەڕ ڕوو دەدا نە ئاشتیی. 3- دەبێ پێوەندی ناکۆکیهێنەر لە نێوان ئەو کۆمەڵگایانە دامەزرابێ. ئەگەر پێوەندییەکی توند و تیژ  کە ناکۆکی دەژمێردرێ پێك نەی، شەڕ ڕوو نادا.٤- دەبێ پێوەندی ناکۆکیهێنەری کۆمەڵگەکان بە ڕادەی پێویست  خاوەن چوارچێوە بن. لێکدانی نارێکوپێك شەڕ نیە.

**پێوەندی شەڕ بە پیشەسازییەوە:**    لە هەر کۆمەڵێکدا، چۆنیەتی شەڕ بەستراوەتەوە بە چۆنیەتی پیشەسازیی و کەرەستەکان، بە تایبەت چەك و کەرەستەی هاتووچۆ و گواستنەوە کە شوێنەواری گەورەیان لە توانایی شەڕدا هەیە. بۆ وێنە کیلۆیەك بەردی خەڵوز 3،5 کیلووات دەمژمێر هێزی هەیە. ئێستاکە ئورانیوم لە هەموو مادەیێک گرنگترە. ئەک پۆند ئۆرانیوم بە رادەی 1،300،000 کیلۆوات دەمژمێر هێزی هەیە .

**شوێنەواری شەڕ لە کۆمەڵدا:**  پێوەندی نێوان دەوڵەتەکان، جۆراوجۆرە ، کە شەڕ یەکێکە لە وانەیە. توێژینەوەیێک دەریخستوە کەلە 500 ساڵی پێش زایین تا ساڵی1935 لە سەر یەك 967 شەڕی گەورە و بچووك ڕووی داوە. ئەمریکا لە ساڵی 1750 تا ئێستا 13 شەڕی گەورە و 170 بچووکی ئەنجام داوە. بە وتەیەکی ئەو توێژەرەوە 40% لە ساڵگەلی مێژووی  ئوتریش، 38% لە ساڵگەلی مێژووی ئاڵمان، 36% لە ساڵگەلی مێژووی ئیتالیا، 44% لە ساڵگەلی مێژووی هۆلند، 50% لە ساڵگەلی مێژووی فرانسە، 56% لە ساڵگەلی مێژووی ئینگلستان، 58% لە ساڵگەلی مێژووی لەهستان، 67%  لە ساڵگەلی مێژووی ئەسپانیا. رووی داوە. بە چاوخشاندێك بە مێژوودا، ڕوون دەبێتەوە کە دەوڵەتەکان تەنانەت ئەو کاتەش لەگەڵ یەکتردا بە کردەوە لە شەڕدا نەبن و جۆرێك هەمسازی دوستانەیان هەیە، بە کەرەستەی جۆراوجۆر، وەك یاری سیاسی پروپاگەندە و بانگەشەو هەڕەشە و خۆچەکدار کردن، شەڕی سارد، بە کردەوە خۆیان بۆ شەڕ سازدەکەن.

هێندێك دەڵێن شەڕ دەبێتە هۆی بزوێنەری کۆمەڵ، و خێرابوونی گەشەکردنی کۆمەڵ و پیشەسازیی بۆ پێشەوە دەبا، و دەوڵەت پەرە پێدەدا و بە نەتەوەکان شێوەی تێکەڵاوی ژیان فێر دەکا و بۆ یەکێتی هانیان دەدا. دیارە ئەمە ڕەوتێکی تێپەڕیوە و زۆرتر بۆ داپۆشانی شوێنەواری شەڕ ئەم لایەنەی زەق دەکەنەوە.

**شەڕ لە چەرخی ئێستا:**   زۆربەی ئینسانەکان لە تەواوی دەورەکانی مێژوودا، بە هۆی شەڕەوە، زیانیان لێکەوتووە و خوازیاری ئاشتی بوون. بەڵام لە چەرخی ئێستادا، بە چەندین بەرابەر زیانی شەڕ زۆرتر بووە و پاراستنی ئاشتی پایەدار زۆرتر پێویستی خۆی دەنوێنێ. چەندین شت هۆکاری پەیدابوونی ئەم دۆخەن.

١-لە چەرخی ئێستادا بە هۆی پێشکەوتنی گەورەی پیشەسازیی، جۆرە چەککەلێکی وێرانکەر کە بۆ لە نێوبردنی کۆمەڵەکانی شارستانیەت بەسن، دروست بووە. دروستکردنی بومبگەلی ئورانیومی و هێدروژنی ئاسایی 350 میلی چوار گۆشە و 7،5 ملیون کەس دەکوژێ.
٢-حکومەتەکان تازە لە کاتی شەڕدا، تەواوی ڕێکخراوکانی بەرهەم هێنانی گرنگ بۆ کۆمەڵ لە ژێر ڕکێفی خۆیان دەگرن و لە خزمەت شەڕدا بەکاریان دەبەن و لەم بارەوە شەڕ بۆ کۆمەڵەکان خەرجی سەرسام هێنەر دێنێتە پێش.
٣--ژیانی ئابووری تازە و بەرهەم هێنان و دابەشکردنی زۆر بازرگانی و بازاڕی بەرین دەخوازێ. ئەمەش دەبێتە هۆی بەستراوەیی وڵاتەکان بە یەکترەوە. چون لەم بارەوە، ئەگەری هەر ناکۆکییەکی ناوچەیی هەیە و لەوانەیە قازانجی ئابووری دەوڵەتەکانی دەوربەریش بخاتە مەترسیەوە و ئەوانیش دەستی تێوەردەن.
٤-لە چەرخی ئێستادا هەموو دەستەڵاتە گەورەکانی پێشوو جێگای خۆیان داوە بە دەست دوو دەستەڵاتی گەورە، بە قەوارەی جیاواز. ئەمریکا سەرمایەداری و شوورەوی سوسیالیزم. واتە سیستمی کۆمەڵایەتی دژی یەکتریان هەیە.

**پێویستی بنەڕەتی ئاشتیی:** بۆ پاراستنی ئاشتیی، دەبێ کارێك بکرێ کە دەوڵەتەکان بە هۆی پێوەندی بەرزی ئینسانیيەوە، بە یەکتر پێوەند بدرێن و خوازیاری یەکێتی نەتەوەکان و هاتنە سەرکاری حکومەتێکی واحید، کە لەم هەلومەرجەی ئێستادا ناگونجە. لە ڕاستیدا تا کاتێك کە ڕیشەکانی ئابووری و سیاسی شەڕ وشك نەبێ، ئەگەری ئەمەش، ڕووخاندنی سیستمەکانی چەوساندنەوەی سەرمایەداری و سەرکەوتنی شۆرشی کرێکارییە.
هۆی بنەڕەتی شەڕی نەتەوەکان، سوودخوازی حکومەتە چەوسێنەرەکانە و لە جیاوازی و دەمارگرژیی قەومی و نەتەوەیی کەڵك وەردەگرن. لە کۆمەڵی شارستانیەتدا، چینی دەستەڵاتدار لە پێناوی قازانجی خۆیان نەتەوەکان گیرۆدەی شەڕ دەکەن. شەڕ لە ڕاستیدا تەگەرەی گەشەکردنی کۆمەڵایەتییە.

**جۆرەکانی بنەماڵە**: لە دنیای گیانلەبەرەکانی بەرزدا، وەك مەیمون کە لە کۆبونەوەی یەك یان چەند مێ و نێرێك و منداڵێك یان چەند منداڵ یەکەیێکی کۆمەڵایەتی پێك دێ، کە کاردی ئەو منالّ بوون و بەخێوکردنی منالّە ساواکانیانە، واتە دەبێتە بنەماڵەی ژیانییە.
بنەماڵەی ژیانیی، لە دنیای ئینسانیشدا پێك دێ، بەڵام تێکڕا بنەماڵەی ئینسانی پایەدارترە لە بنەماڵەی ئاژەڵیی. و پتر گۆڕانی بەسەردا دێ و جۆراوجۆری بە خۆیەوە دەبینێ. هەروها کارکردی بنەماڵەی ئینسانیدا، لە کارکردی بنەماڵەی ئاژەڵیی زۆرترە. بە وتەیەکی دیکە، بنەماڵەی ئینسانی لە شێوەی ژیانی تێدەپەڕێ و دەبێتە یەکەیەکی کۆمەڵایەتی. بەم هۆیە دەکری بنەماڵەی ئینسانی بە یەکەیەک بزانرێ کە لە ڕەوتی ژیانی کۆمەڵایەتیدا گورانی بەسەردا دێ و جۆرەکانی دروست دەبێ.
بنەماڵەی ئینسانی وەك ڕابردوو لە ئەرکی منداڵ بوون و بەخێوکردنی کارکردگەلێکی دیکەی هەیە. وەك بەرهەم هێنانی ئابووری، بارهێنان و فێرکردن. منداڵ دوایی گەورەبوونی جیانابێتەوە، بەڵکوو هەروەك ئەندامی بنەماڵە

دەمێنێتەوە. بەم هۆیەوە کارکردی کۆمەڵایەتی خۆی باشتر دەکا. بنەماڵەی ژیواریی، هەستەییە، یان سەربەخۆیە، کە بە ڕاگرتنی منداڵەکانیان بە شێوەی بنەماڵەی گەورە دەر دێ. بنەماڵەی سەربەخۆ لە پێوەندی ژن و شویی (سببی) پێك دێ پێ دەوترێ "بنەماڵەی ژن و شویی". بنەماڵەی گەورە لەبنەڕەتدا، لە سەر پێوەندییەکانی خوێنی (نسبی) یان وەچەیی و پشتاوپشتی دامەزراوە، بەم هۆیە بنەماڵەی هاوخوێنیشی پێ دەڵێن.

هەر کەس چ لە بنەماڵەی سەربەخۆ، چ لە بنەماڵەی گەورە لە دایك بێ، لە سەرەتاوە، ئەندامی بنەماڵەی دایك و باوکی خۆیە. بە پێی فێرکردن و بارهێنانێك لەوان فێر دەبێ، لەگەڵ ڕێگای ژیان ئاشنا دەبێ، کە بنەماڵەیەکی ڕێگادۆزەرەوەشە. لە جۆرێك بنەماڵە کە نێوەنجی بنەماڵەی سەربەخۆ و بنەماڵەی گەورەیە، بنەماڵەی پابەرجایی دەوترێ. بنەماڵەی پابەرجا، باوك لەگەڵ یەکێك لە کورەکانی ئەو لە بنەماڵەی بنەرەتی دەمێنێتەوە و باقی منداڵەکانی بۆ خۆیان بنەماڵەی سەربەخۆ پێك دێنن، بەڵام هیچ کام لە کورەکانی پێوەندی خۆیان لەگەڵ ماڵە بابی ناپسێنن و ئەگەر کورێك لەگەڵ باویدا بێ و بمرێ، یەکێکی دیکە لە کورەکانی لە ژیانی بنەماڵەی سەربەخۆی دەست دەکێشێ و لەگەڵ بنەماڵەی باوکی یەك دەگرنەوە.

لە بنەماڵەی گەورەدا، باوك و دایك بە یەك ئەندازە گرنگیان نیە، بۆیە منداڵەکان هێندێك کات بە بنەماڵەی باوك یان دایك بەستراونەتەوە، بە وتەیەکی دیکە، خزمایەتییەك لایەنییە. بنەماڵەی گەورە بە پێی ئەوە کە بە ژن یان مێرد بەستراوە بن، دوو شێوە بە خۆی دەگرێ. بنەماڵەی دایکی یان باوکی، هەریەك شێوەگەلێکیان هەیە. دایك تەباری، باوك تەباری، دایك ناوچەیی، باوك ناوچەیی ، دایك ناوی، باوك ناوی.

بنەماڵەی دایك تەباری، بنەماڵەیەکی گەورەیە، تێکەڵاو لە دایك و کچەکان و کوڕان و منداڵەکچەکانیان. تەباری بنەماڵە لەلایەن دایکەوەیە و باوك دەستەڵاتی نیە. برای دایک سەرپەرشتی بنەماڵەیە.

بنەماڵەی باوك تەباری، بنەماڵەیەکی گەورەیە کە دایك لەودا گرنگی نیە. لە باوك و کوڕان و کچان و منداڵانی کوڕان پێك دێ. بنەماڵەی دایك تەباری بە پێی خزمایەتی یەك لایەنەوە تێکڕا ناوی منداڵەکان لە دایك دەگیریی و دایك و نێوی بنەماڵەی باوك تەباری ناوی منداڵەکان لە باوك دەگیرێ، باوك ناوییە. هەروەها بەپێی خزمایەتی یەکلایەنی، کە بنەماڵەیەکی گەورە لە جێگای ژیانی دایك یان باوك نیشتەجێ بێ، ئەگەر لە نیشتمانی دایك بێ، دایك بوومی و ئەگەر جێگای باوك بێ، باوك بوومی.

بنەماڵە ئەگەر لە جۆری دایك تەباری و دایك بوومی و دایك ناوی بێ، حەتمەن دەستەڵات لە دەست ژن دایە کە دایکسالارییە، پێچەوانەی ئەمە، باوکسالارییە.

**ژن وشوویی**: لە کۆمەڵەکانی زۆر لەمەوپێشدا، ئەندامانی هەر بنەماڵە، تەنیا لەگەڵ یەکتر ژیانی هاوبەشیان پێك دەهێنا کە دەروون بەم شێوە ژنوشویی (همسری) یە، لە ڕەوتی گەشەی کۆمەڵایەتیدا، دەرون ژن و شویی، جێگای خۆی داوە بەم ژنوشویی یان ژنوشویی دەرەوە، و کۆمەڵ هێدێك و قەرەران دادەنێ کە هەر پیاو و ژنێك بۆ هاوسەر هەڵبژاردن لە دەرەوەی چوارچێوەی خزمانی نیزیکی خۆی بێ کە لە هەموو کۆمەڵێکدا وەك یەك نیە.

لە سەرەتایی مێژووی ئینساندا، ژن و پیاو ئازادانە، تێکڵاوییان هەبوو، و بێ بەندوباری لەگەڵ یەکتر تێکەڵاوی جنسییان دەکرد، دوایی لەم تێکەڵاوییە جنسییە تا ڕادەیەك نەزمی پەیدا کرد و بە شێوەی ژنوشویی گرووپی دەرهات. بە ژنوشویی گرووپی هیچ ژنێك یان پیاوێك هاوسەری ژن یان پیاوێکی دیاری نییە، یان ئەم ژنوشویی گرووپی پەیرەوی هەلومەرجی زەمان و مەکانە، پەیدابوونی خاوەندایەتی تایبەتی لەنێودەچێ .

ژنوشویی لەبارەی ژمارەی ژنانی پیاوێك یان شووەکانی ژنێك بە دوو شێوەیە، 1- چەند هاوسەری. 2- یەك هاوسەری .

چەند هاوسەری، بریتییە لە چەندانی و چەند شویی. یەك هاوسەری، بریتییە لە یەك ژنی و یەك شویی.

لە چەرخی ئێستادا، چەند شویی هەڵبژاردن زۆر دەگمەنە و چەند ژنی تایبەتی پڕێك لە کۆمەڵە کشتوکاڵییەکانە لەسەر یەك ژنوشویی لە دەورەکانی شارستانیتدا لە چەند هاوسەری بووتە یەك هاوسەری.

بنەماڵە لە دەرەوەی بەرهەم هێنانی خۆراکدا:

لە سەرەتایی دەورەی بەرهەم هێنانی خۆراك، تێکڕا لە نەوعی بنەماڵەی دایکبوومی بوو. ژنان کۆڵەکەی بنەماڵە بووە و پیاوەکان کات بە کات دەستیان لە سەرگەردانی و کۆمکردنەوەی خۆراك کێشاوە و هاتوونەتەوە بۆ لای ژنانی خۆیان. بەڵام کاتێك کشتوکاڵ و ئاژەڵداری گەشەی کرد، دەورەی زەویکێڵان، جێگای پێڵێدانی گرت. کۆمەڵ یەکسەرە لە کۆکردنەوەی خۆراك دەرهات. ئەو کات پیاوان لەباتی بەجێ هێشتنی ژنان و دۆزینەوەی شکار، لای ژنەکانیان مانەوە و بە کشتوکاڵ و ئاژەڵداری خەریك بوون. بەرە بەر بەسەر ژناندا زاڵ بوون.

بنەماڵەی ژیواریی بە گەورە بوونی خۆی بە شێوەی یەکەیەکی بەرهەم هێنان دەرهات و دەورەی ئابووری بنەماڵەیی دەستی پێ کرد و ئەندامانی هەر بنەماڵەیەك پێکەوە خەریکی بەرهەم هێنانی کشتوکاڵ و پیشەسازیی بنەماڵەیی بوون.

## بنەماڵە لە دەورەی بەرهەم هێنانی ماشێنیدا:

گەشەکردنی ژیانی ئابووری ئینسان بوو بە هۆی پسپۆریی، فەن و لە لایەك گرووپە فەنییە جۆراوجۆرەکان پێك دێ و لە لایەکی دیکەوە بەرینایەتی بەرهەم هێنانی ئابووری فرە دەکا، بەم دوو هۆیە، ئابووری بنەماڵەی دەگوترێ. بە هۆی پەرەگرتنی پسپۆریی ، گرووپە پیشەسازییەکان، یەکسەرە لە بنەماڵەکان جیابوونەوە، بنەماڵە گەورەکانی خوێنی تێك شکان و بوون بە بنەماڵەی بەرتەنگ و سەربەخۆ و کشتوکاڵ گرنگی بەرهەم هینانی خۆی لە دەست دا.

لە کۆمەڵە پیشەسازییەکانی تازەدا، بە تایبەت شارەکان ئیتر تەواوی ئەندامانی بنەماڵە پێکەوە بە کاری دیاری کراوەوە خەریك نابن، بە وتەیەکی دیکە، ڕێکخراوی بنەماڵەیی یەکەیەکی ئابووری نیە.

ئەنواعی بنەماڵە لە کۆمەڵەکانی شارستانیەتی ئێستادا:

بنەماڵەی باوکیی کە بنەماڵە لە ژێر ڕکێفی باوك دایە، بنەماڵەی دایکیی کە بنەماڵە لە ژێر رکێفی دایك دایە، بنەماڵەی بە بەرابەریگەیشتوو، یان بنەماڵەی یەکسان کە لەودا هەم دایك و هەم باوك نفوزیان هەیە. بنەماڵەی منداڵ نەدار یان بنەماڵەیەك کە بنەمای کارکردی ئەو بەرهەم هێنان و پەروەردە کردنی منداڵە و بەرژەوەندی باوك و دایك فیدای بەرژەوەندی منداڵ دەبێ.

تایبەتمەندییەکانی بنەماڵەی تازە:

بە شێوەیەکی گشتی بنەماڵە لە هەموو جێگایەك، بە تایبەتی لە شارەکان، وردەوردە بە شێوەی بنەماڵەی بە بەرابەری گەیشتوو دەردێن، خاوەن ئەو تایبەتمەندیانەی خوارەوەن:

١- بنەماڵە ڕێکخراوەیەکی کۆمەڵایەتی بچووکە، تێکەڵاو لە ژن و شوو و هەروەها منداڵێك یان چەند منداڵێك، تا کاتێك منداڵەکان گەورە نەبوون و پێویستیان بە باوك و دایك بێ، بەشێکن لە بنەماڵەن.

٢- بنەماڵە ئیتر یەکەیەکی ئابووری نیە، بەڵکوو ڕێکخراوێکە کە بۆ دابینکردنی بەختیاری ژن و شوو و پەیدابوون و بارهێنانی منداڵ، تێدەکۆشێ.

٣- باوك ئیتر دەسەڵاتی کاروباری بنەماڵەی لە ژێر ڕکێفدا نیە و بەرپرسی کردەوە تایبەتییەکانی ژن و منداڵەکانی نیە. هەموو ئەندامانی بنەماڵە بەشێك لە کۆمەڵی گەورەن و لە مافی کۆمەڵایەتی کەڵك وەردەگرن.

٤- ژن پێویستی بە پاڵپشتی پیاو نیە.

٥- دەستەڵاتی باوك بەسەر ئەندامانی بنەماڵە بەرەو کەم بوونەوە و دەسەڵاتی دایك بەرەو زۆربوون دەچێ. لە چینە نێونجی و خوارەکاندا دایك بەدەستەڵاتە.

٦- گیروگرفتەکانی دەرەوەی ژن و شوو بووەتە هۆی ئەوە کە بنەماڵە بەشێك لە کارکردەوە کۆنە پەروەردییەکانی خۆی بە ڕێکخراوەکانی دیکە، وەك شوێنی پەروەردەکردن و فێرکردن دەدا. سەرەڕای ئەمە، ئەرکی پەروەردەیی منداڵ بە ئەستۆی باوك و دایکە. لەم دەوروبەرەدا منداڵ پتر سەرنج دەدەنە دایك و باوك، چۆن بە پێی هەلومەرجی ژیان و گیروگرفتی ئابووری، لە بەرهەم هێنانی منداڵی زۆر پێشگیری دەکرێ. بە هۆی هەلومەرجی ژیانی نوێ، کۆچ کردن زۆرە هەر بۆیە مناڵ کەمتر لەگەڵ منالانی دەوروبەری تێکەڵ دەبێ.

٧- بنەماڵەی تازە، پتر لە بنەماڵەی کۆن تووشی جیابوونەوە دەبێ.

لەرزۆکی و دانەمەزراندنی ژن و شویی لە چەرخی ئێستادا:

دانەمەزراندنی ژن و شویی، ئاکامی کۆتایی ئەو جیابوونەویە، کە دەبێتە هۆی ئەوە بنەماڵە لە کارکردەکانی خۆی بەجێ ناگەینێ. جیابوونەوە لە نێوان هەموو ئەندامانی هەموو چینەکان و سینفەکان وەك یەك نیە. لە جیابوونەوەدا ئەم هۆیانە شوێنیان هەیە: 1- کەم تەمەنی واتە تەمەنی کەم. 2- بێ منداڵی. 3- ژیانی شارنشینی.

**بنەماڵەی تەندروست**: بە بنەماڵەیەك دەکرێ بگوترێ، "تەندروست" کە پەکەم ژینگە ئارام بۆ بەختیاری ژن و شوو و دووەم، ئەوەی ئارام بۆ پەروەردەی منداڵ پێك هاتبێ.

ژینگەی ئارام، بۆ بەختیاری ژن و شوو، سەرەڕای ناكۆكی ئابووری و سیاسی و دینی و ئەخلاقی و پەروەردەیی و تەمەنی ژن و شوو، هۆكاری گەلێك وەك، هێندێك خۆوخەدە و تایبەتمەندی دەروونی و جنسی، دەبێتە هۆی خراپ بوونی پێوەندی ئەوان. "تێرمەن" دەڵی بێمیهری، بێوەفایی، ئێرەیی، تورەیی، بەدزمانی، خۆ بە زل زانین، درۆوتن، خانەگومانی، مەی خواردنەوە، بەرەڵایی، پێوەندی توند بە خزمان و دۆستان، پێوەندی ژنوشوویی و كامەرانی و بەختیاری بنەماڵە تێك دەدەن.

٢- ژینگەی ئارام بۆ منداڵ بەخێوكردن، كردەوەی دایك و باوك دەبێ بە شێوەیەك بێ كە منداڵ بە ئاسانی بتوانێ لەگەڵ پێچ و خەمەكانی ژیان خۆی ڕێك بخا و ببێتە كەسێكی كۆمەڵایەتی. منداڵێكی ناسازگار، بەكردەوە دژ بە كۆمەڵ و خۆیشیەتی. دایك و باب، دەبێ بە خۆشەویستی لە منداڵی خۆیان پارێزگاری بكەن. عەلاقە و مەیلی كەم و كورت، یان كەم خۆشەویستی و پاراستنی كەموكورتی یان كەم پێراگەشتنی، هەروەك خۆشەویستی هەستیار و زۆر، پاراستنی هەستیار و فرە پێ ڕاگەشتن، تەگەرەی سازگاری منداڵ لەگەڵ ژینگە دایە. لە سەر یەك بنەماڵە، كاتێك بۆ منداڵ بەخێوكردن باشە كە دایك و باوك دەمارگرژ و تووڕە و وردەگیر نەبن. ژن و مێرد بە یەكتر و بە منداڵ متمانە بكەن. پێكەوە تەگبیر و بیروڕا بگۆڕنەوە و بە شێوەی نێونجی ناز بە منداڵ بدەن و بە خێوی بكەن.

**داهاتووی بنەماڵە**: بنەماڵە، ڕێكخراوێكی كۆمەڵایەتییە كە سەرەڕای ئاڵوگۆڕی هەمیشەیی خۆی لە درێژەی هەزاران ساڵدا دەوامی هێناوە. لە چەرخی تازەدا، ژیانی پیشەسازیی بووەتە هۆی كەم كردنەوەی كاركردی ئابووری بنەماڵە و پرێك لە كاركردەكانی كۆمەڵایەتی بنەماڵەی كەم كردووەتەوە، بەڵام چاوەڕوانی ئەوە ناكرێ كە بنەماڵە نەمێنێ. بەڵكوو لە داهاتوودا هەر دەمێنێ و پتر لە جاران لە بە ئەستۆ گرتنی دابین كردنی بەختیاری ژن و مێرد و پەروەردە كردنی منداڵ سەركەوتوو دەبێ.

لە كۆمەڵی كشتوكاڵیدا، بنەماڵە نە بەرینایی و نە پایەداری فرەی هەیە و كاركردی جۆراوجۆری بە ئەستۆوەیە، بەڵام لە كۆمەڵی پیشەسازیدا، بنەماڵە بچووكە و پایەداری و كاركردی كەمە.

**دین**: ئینسانی سەرەتایی، بە پێی پریاری ژیانی ناچارە كە دیاردەكانی بوون بناسێ و ڕووداوەكانی جیهان بخاتە بەر باس و لێكۆڵینەوە. لەم ڕووەوە هەم بە كردەوە و هەم بە بیروڕا هەوەلی دەدا، بەڵام چۆن ئەزموونی پێویستی نەبووە و نەیەتوانێ بە دیتن و تاقیكاری زۆربەی شتەكان و كاروباری دەوروبەری خۆی بناسێ، بە ناچاری بۆ ئارام كردنەوەی هەست و بێ سەرلێشێواوی خۆی، پەنای بردە بەر خەیاڵ و بە بیركردنەوەی سەرەتایی خۆی بوونی خستە بەر باس و لێكۆڵینەوە. و بە پێی ئەوانە بۆ زاڵ بوون بە سەر ڕووداوەكانی دەوروبەری خۆی دەست بە تێكۆشان دەكا، ئەم جۆرە تێكۆشانانە كە لە دایك بووی خەیاڵپەروەری و هیوان، بە پێی هاوئاهەنگ لەگەڵ كارگەلی ئەرێنی بەرهەم هێنان بەرەوپێش دەچێ، كە جادوی لێ پەیدا دەبێ.

لە كۆمەڵی سەرەتاییدا جادوو، لە هەموو ڕوخسای ژیان بە تایبەتی ڕواڵەتگەلی بەگرێ و گوڵی كە بە دژواری دەناسرێن و دەكەونە ژێر دەستەڵاتی ئێرادەی

هەواڵنامەی ڕێبەر

ئینسان، رێگای هەیە. هەموو شێوەیەکی کردەوەی ئینسانی بە تایبەتی زایین و ژن و شوویی و بەرهەم هێنانی ئابووری و دەرمانی نەخۆشی و مردن، لە هەمان کاتدا کە بابەتی ناسینی ئەزموونی ئینسانە لەگەڵ جادوودا تێکەڵە.
ئینسان جادوو- کاری سەرەتایی بۆ باس و راگەیاندن و شیکردنەوەی بزوێنەرەکانی خۆی و سروشت، باوەری هەیە کە بەشێك یان هێزێك لە هەموو شتێکدا، لەگەڕدایە و هەموو گۆڕانێك لەوەوە پەیدا دەبێ.
بە هۆی ئاڵوگۆڕی جۆراوجۆری کۆمەڵ، بەرە بەرە چەمکی "مانا"ی ئەفسووناوی بوون بەربڵاوکەر، بوونبەخش بەشێوەی چەمکی گیان یان هاوزا(anima) دەردێ. بەم واتەیە کە ئینسانی بیرساکاری سەرەتایی بۆ باس و راگەیاندنی رواڵەتی جۆراوجۆری سروشت، باوەڕ دەکا کە هەر شتێك خاوەنی گیان یان هاوزادە یان مانایەکی سەربەخۆیە و جمۆجوڵ و ئارامی ئەو لەگەڵ بوون و نەبوونی گیان یان هاوزا لە دایك دەبێ. کەوایە ئینسانی سەرەتایی بۆ زاڵبوون بە سەر رواڵەتی سروشتدا، تێدەکۆشی کە بە جادووکاری، هاوزاد یان گیان، دیاردەکان یان شتەکان لەگەڵ خۆی سازگار بکا. بە گەشەکردنی کۆمەڵ و تێك شکاندنی هاوجنسی کۆمەڵایەتی و بە هێزبوونی فیکری هەڵماڵراو و ئەندیشسەیی، چەمکی گیان یان هاوزا کە لە سەرەتاوە سەربەخۆ لەو دیاردەکان لە قەڵەم نەدەدرا، لە لەش جیابووەوە. ئینسان باوەڕی کرد کە گیان، شتێکی جیاوازە و سەربەخۆ لە لەش خاوەنی چوارچێوەی جۆراوجۆر لە چوارچیوەی شتە هەست پێکراوەکانە هێندێك لە تاقیکارییەکانی ژیان، وەك خەون دیتن و نەخۆشی، مردن کە بۆ مرۆڤی سەرەتایی ڕوون نین، بە جیابوونەوەی چەمکی گیان یارمەتی کرد. لە ئاکامدا چەمکی سادەی گیان بوو بە چەمکێکی قووڵ و تێکچڕاو و باوەڕ بە گیان یان هاوزا، بە شێوەی دین دەرهات.
سەرەتایی دین، مرۆڤی دینی سەرەتایی وای دەزانی کە مانەوەی لەش بەستراوەتەوە بە گیانەوە. واتە هۆکاری نامادذی و نالەشیی. مردن کاتێك ڕوودەدات کە گیان لە لەش جیابێتەوە و بە بناخەی خۆی بگا.
هەرکامە لە قەومە سەرەتاییەکان بە پێی هەلومەرجی دۆخی ژیانی کۆمەڵایەتی خۆیان، خودا یان شتگەلێکیان بۆ خۆیان دروست دەکرد و هەموو شێوەی خۆشی و ناخۆشی بوونیان یان لەوانەوە دەزانی. بەرە بەرە یەکێتی ئینسان و سروشت لە نێو دەچێ و بوونەوەر بە دوو بەش لەشیی یان زەویی و بەشی ڕۆحانی یان ئاسمانی دابەش دەبێ.
وشەی "دین" تێکرا لە دوو واتەدا بەکاردەبرێ: 1- لە واتەی تاکەکەسییدا، زنجیرەیەك و شێوەیەك بیروباوەڕی قووڵ بە هێزەکانی سەرەوە سروشت واتە ناسروشتە. مەبەست لە بیروباوەڕ، بۆچونێکی توند و بێ دەلیل، مەبەست هێزەکانی دەرەوەی سروشت، هێزەکانی دەرەوەی جیهانی هەست پێکراوە
٢- لە واتەی کۆمەڵایەتیدا، زنجیرەیەك و شێوەیەك لە ڕێکخراوە کۆمەڵایەتیەکان کە لە سەر بنەمای ئەو بیروباوەرە، رێکخراوگەلی کۆمەڵایەتی پێك دێ. دین لەم واتەیەدا لە سەر سێ هۆکاری دامەزراوە: 1- چەمکگەلێک لە بارەی چۆنێتی و چەندی هێزەکانی سەرەوەی سروشت. 2- پریارگەلێک لە بارەی پێوەندی و ئەرکە دوولایەنەکانی ئینسانی سروشتی و هێزەکانی دەرەوەی سروشت.

٣- رێورەسم و دابگەلێکی دەقاودەق لەگەڵ پریارگەل و چەمگەلەدا.
دین، لانی کەم لە سەرەتاوە زۆر وەك جادووی سەرتایی بوو. بەم واتەیە کە جادووکار و دیندار، هەردووکیان هەوڵ دەدەن کە بە هێندێك کار تێدەکۆشن، بە شێوەیەک بوونەوەر، لە بیننە سەرسۆز و خۆشی و هێمنی خۆیان دابین بکەن.
کاتێك کۆمەڵگاکان، لە دەورەی کۆکردنەوەی خۆراك بە دەورەی بەرهەم هێنانی خۆراك گەیشتن، دین دەستی بە گەشەکردن کرد. لە دەورەی کۆکردنەوەی خۆراکدا، هەموو ئەندامانی کۆمەڵ لە هەموو کارەکاندا و هەروەها لە جادووکاریشدا، بەشدار دەبن. بەڵام لەدەورەی کشتوکاڵیدا پرێك لە گروپەکان، لە جێگای بەشداری لە کاری بەرهەم هێنانی خۆراکدا، جادووکاری کە وردە وردە بە دین و تێکۆشانە فیکرییەکان دابەش بوو، لە چنگی خۆیان دەگرن.
یەکەمین دیندارەکان یان بەڕیوەبەرانی کاروباری دینی کۆمەڵ بەرابەری گەشەکردنی ڕۆژ بە ڕۆژی باری کۆمەڵایەتی، خەریکی ڕێکوپێکردنی چەمک و پریار و رێورەسمەکان بوون و ڕێکخراو گەلێکی تایبەتییان پێك هێناوە. لەم دەورەیەدا کە پسپۆریی گەشەی پێویستی نەکردبوو، ڕیکخراوە دینییەکان کارکردی زۆر جۆراوجۆریان بە ئەستۆگرت. یەکەم، دین یەکێك لە ڕێکخراوە کۆمەڵایەتییە کۆنەکانە، دووەم چەمکگەل و زاراوەگەل و رێورەسمی هەر دینێك بە هەلومەرجی کۆمەڵێك کە لەوێ لەدایك بووە، پێوەندی هەیە.

**دینە بەرینەکان**: لەگەڵ ئەوە کە دینە شارستانییەتەکان، تێکڕا لەو جێگایە کە لەدایك دەبن و پەلوپۆ دەهاوێن پەرەدەگرن. بەڵام هیچ کات ڕەنگی ئەو کۆمەڵەی لێ لەدایك دەبن، لەدەست نادەن. دینی کونفوسیوس، لە هەموو شوینێک بە پێی هەلومەرجی کۆمەڵی چینی کە لەسەر ڕێزگرتن لە باووباپیران، ڕاوەستا، بە دینێکی بنەماڵەیی لە قەڵەم دەدرا.
لە دنیای ئەوڕۆکەدا هەشت دینی گەورە هەیە. مەسیحی، ئیسلام، هندویزم، کونفوسیوس، بودیزم، تائویی، شین تو، و یەهودی.

پاشەکشەی دین لە چەرخی ئێستادا: پایەی دینەکان لە سەر شتی نادیار و دوور لە ڕاستی دامەزراوە. بەرەبەرە بە پێی دەرخستنی ڕاستییەکان بە هۆی زانستە جۆراوجۆرەکانەوە و کەم بوونەوەی کارکردە ڕەسمییەکانیان بەرەو کزی پرواى دینی دەڕوا. داستانی"سفری تەکوین" یان باسی ئافراندن، ناڕاست بوونی چەسپاوە. 2- کەم بوونەوی کارکردەکانی ڕێکخراوە دینییەکان، هەرچی کۆمەڵ گەشە بکا، ڕیکخراوە حکومەتییەکان، توانای زۆرتر وەدەست دێنن و کارکردە جۆراوجۆرەکانی ڕێکخراوە کۆمەڵایەتییەکان، کە ڕاستەوخۆ بە ئەستۆی دەگرن و ئێستا حکومەت لە دین جیاواز و سەربەخۆیە.
لە وڵاتە جۆراوجۆرەکاندا، ڕێکخراوە دینییەکان لە بەرامبەر ئاڵوگۆڕی ئەو سەردەمی کۆمەڵدا، دوو ڕێگایان گرتووە پێش، 1- سەختگیری و بەربەرەکانێ لەگەڵ زانست. 2- ڕێکخراوی دینی دووربین. هەوڵیان داوە کە بە پێی بارودۆخ بگۆڕێن. بەڵام دیارە نێوەڕۆکیان هیچ نەگۆڕاوە، هێندێك لە نیزامە دینییەکان، بوونەتە ڕێکخراوگەلی

ڕەوشتیی بۆ ڕێنوێنی کردن یارمەتیدان بەکۆمەڵ. ئەمانە دەتوانن بێ دەسدرێژی بە سنووری زانست، بەژیانی خۆیان درێژە بدەن.
ئەگەر ئامانجی دین بۆ بەڕێوەبردنی درۆشمگەلی دینییە، دەبێ بڵێین کە لە داهاتوودا، گەیشتن بەو بنەمایە بە هیچ جۆرێك ئەگەری بوونی نیە، چون مرۆڤی ئەزموونیی و خۆگر بەبەڵگە هێنانەوەی ئەو سەردەمە بە ڕیورەسمی رواڵەتی کە لە سەر بنەمای بیر و باوەڕی وشك پێك هاتووە، ڕازی نابی و نایەوێ، بەڵام ئەگەریمان بە گەورەیی بوونەوەر و ئەرکە بەرزەئینسانییەکان و فیداکاری لە ڕێگای بەختیاری وبەر کردنەوەی پلەی ژیانی کۆمەڵایەتی بنەماو و کۆڵەکەگەلی دین بێ کە هیچ پێویست ناکا بە شێوەی دینی دەربێ. ئەوکاتە دەتوانین بە ڕاشکاوی بڵێین داهاتووی ڕوونی هەیە، لەم بارەوە دین ئامانجێکی بەرز و پایەدار و ئینسانییە کە دەیبیە تەواوی ئیمکانەوە بەرەو لای ئەو مەبەستە بەرزانە ملی رێگا بگیرێ. مێژوو شاهێدی دەدا کە کۆمەڵەکان لە ڕووی گەشەکردنی خۆیانەوە وردە وردە بۆ ئەم ئامانجە مەعنەویە تێکۆشاون و تێکڕا ئەندامانی خۆیان بە زۆری و توندی ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ بۆ پیروا بە گەورەی بوونەوەر و ئەرکە بەرزەئینسانییەکان و فیداکاری لە ڕێگای پێشکەوتنی ژیانی کۆمەڵایەتی ئامادەیان کردووە.

## پەیوەندی دوولایەنەی ڕێکخراوە کۆمەڵایەتییەکان:

### ١- چەمکی پەیوەندی دوولایەنە.

بوون و خاوەن زاتێکی بەجمۆجۆڵە، و لەم بارەوە بەشەکانی لەگەڵ یەکتردا پێوەندی پەیدا دەکەن و لە سەر یەکتر شوێن دادەنێن. پێوەندی دوولایەنە یان پێکەوەگرێدانی دوولایەنەی ئەندامەکانی بوونەوەر، بە تایبەتی بەشەکانی گیانداری ئەو دەبێتە هۆی ئەوە کە جۆریک هاوسەنگی یان سازگاری لە نێوان ئەوانەدا پێک دێ.
بەکردەوە، گۆڕینی یەکێك لە هۆکارەکانی کۆمەڵێك یان رێکخراویک بە شێوەیەك لە شێوەکان، هۆکارەکانی دیکەش، هەم بە گۆڕانکاری هان دەدا و هەم سەرلەنوێ هاوسەنگی لە کۆمەڵ یان رێکخراوەکەدا پێك دێ.
لە کۆمەڵی ئینسانیشدا، چەندین جۆری پێوەندی دوولایەنە و هاوسەنگی یان سازگاریی لە ئارادایە. ڕێکخراوە جۆراوجۆرەکانی هەرکامە لە کۆمەڵە ئینسانییەکان، بێ ئەم لاوئەولا و بە ناچاریی لەگەڵ یەکتر، خاوەن پیوەندی دوولایەنەن. لەم بارەوە سەبارەت بە یەکتر، هاوسەنگ و سازگارن.
بێ گومان هەموو ڕێکخراوە کۆمەڵایەتییەکان کەم و زۆر لە سەر یەکتر، شوێن دادەنێن و لەم بارەوە جۆرێک هاوئاهەنگی لە نێوانیاندا هەیە. بەڵام لەبەر ئەوە کە شێوەکانی کۆمەڵایەتی لە هەمان کاتدا، پێوەندیان بە یەکترەوە هەیە، خاوەن بوونگەل و هەلومەرجی تایبەتی خۆیانن، ڕەوتی هەموو پلەوپایەگەلی کۆمەڵایەتی بە یەك شێوەی نیە، بەڵکوو پرێك لە ڕێکخراوەکان لە ڕەوتی خۆیاندا لە ڕێکخراوەکانی دیکە پێش یان دوا دەکەون.
پێوەندی دوولایەنەی کاروباری کۆمەڵایەتی بە یەکترەوە و دیاریکردنی چۆنیەتی ئەوان و دۆزینەوەی هۆیەکانی پێش و پاشکەوتنی ئەوان، کاری بنەرەتیی کۆمەڵناسییە. هاوپێوەندی ڕێخراوە کۆمەڵایەتییەکان داوا دەکا، کە ئەم زانستە بۆ

ناسینی هەر کامە لەو ڕێکخراوانە بە زەمینەی گشتی کۆمەڵ و شوێنەوار و وێنەییە فەرهەنگییەکانی سەرنج بدرێ و هەر بەشێک لە چوارچێوەیەکی گشتیدا و لە نێوان بەشەکانی دیکەدا شوێندۆزی بکا.

ئاکامی پێوەندی دوولایەنەی کۆمەڵایەتی: لە خوێندنەوەی پێوەندی ڕێکخراوە کۆمەڵایەتییەکاندا چەند ئاکام بە دەست دێ.

١- هەرکات سازگاری یان هاوئاهەنگی ڕێکخراوە کۆمەڵایەتییەکان لە نێو بچێ، کۆمەڵ تووشی پەریشانی دەبێ و ئەگەر نەتوانێ دووبارە بە هاوسەنگیی بگا، تێك دەچێ، ئەم ناهاوسەنگییە لە دەورەگەلی سەرەونخوونبوونی کۆمەڵدا بە جوانی ئاشکرا دەبێ.

٢- لەبەر ئەوە ئاڵوگۆری توند لە یەکێك لە ڕێکخراوە کۆمەڵایەتییەکان ڕوودا، هاوئاهەنگی ئەو ڕێکخراوە لەگەڵ رێکخراوەکانی دیکە لە نێو دەچێ، هاوسەنگیی کۆمەڵ لە مەترسی دەکەوێ. ئەگەر گۆڕینی باقی ڕێکخراوەکان ئەگەری نەبوو، ناهاوسەنگیی دەوام دێنێ، و کۆمەڵ دەروخێ. کۆمەڵی لادێ، کۆمەڵی بێجمۆجۆڵ واتە کەم جووڵاو یان کۆمەڵی وەستاو، بە چەند پلە کەمتر لە کۆمەڵی شار یان کۆمەڵی لە گۆڕاندا، یان کۆمەڵی ئاڵوگۆڕ قەبووڵکەر یان کۆمەڵی چالاک و زیندوو ئەکەویتە بەر پەلاماری پەریشانی و لە نێوچوون.

٣ - ڕێکخراوە کۆمەڵایەتییەکان هەم لە باری قەوارە و هەم لە باری کارکردەوە لەگەڵ یەکتردا پێوەندییان هەیە. بەڵام پێوەندییەکانی کارکردی ئەوان بەرچاو ترە لە پێوەندییە قەوارەییەکانیان.

٤- قەوارەی ڕێکخراوەیەکی کۆمەڵایەتی کەمترە لە کارکردی ئەو، تووشی گوران دەبێ. قەوارەی ڕێکخراوێك تا ڕادەیەك پەیڕەوی وەستانی کۆمەڵایەتی یان ماندگاریی کۆمەڵایەتی، یان وەستانی فەرهەنگی یان ماندگاریی فەرهەنگییە. کارکردی ڕێکخراوێك بەتوندی بەستراوەتەوە بە ئاڵوگۆڕی کۆمەڵایەتی یان فەرهەنگی. بەم پێیە هەر ڕێکخراو یان تێکۆشانی کۆمەڵایەتی، دەتوانێ لە ڕەوتی کاتدا، بێ ئەوە کە چەندانێك ئاڵوگۆڕ لە قەوارەی خۆیدا پێك بێنێ، کارکردی جۆراوجۆر بە ئەستۆ بگرێ.

٥- ڕێکخراوە کۆمەڵایەتییەکان چۆن دەتوانن لە ڕەوتی کاتدا کارکردی تازە بە ئەستۆ بگرن، هەر لەو کاتەدا کە خاوەنی قەوارەی سەربەخۆن، لە باری کارکردەوە شێوەی گشتی و هاوبەشیان هەیە.

٦- لەگەڵ هەموو ئەمانەدا، دەبێ بزانین کە هەر کامە لە ڕێکخراوە کۆمەڵایەتییەکان تا ڕادەیەکی دیاریکراو دەتوانێ لە کارکردەکانی ڕێکخراوەکانی دیکە خۆتێهەڵقورتێنێ. یان خەریکی کارکردەیەکی تازە بێ.

٧- ڕێکخراوە کۆمەڵایەتییەکان بەشێوەیەکی یەکسان لە سەر یەکتر شوێن دانانێن. هێندێك توندتر، ئارامترو... ڕێکخراوە گەلێك بە تایبەتی لە چەرخی ئێسادا، بە توندی بە سەر ڕێکخراوەکانی دیکە زاڵن . بریتین لە ڕێکخراوە ئابوورییەکان

**گۆڕینی کارکردی ڕێکخراوەکان لە چەرخی ئێستادا** :

ئاڵوگۆڕێکی بەربڵاو و بەرین کە دەبێتە هۆی گۆڕینی کۆمەڵی کشتوکاڵی سەدەکانی نێوەڕاست بەرەو کۆمەڵی پیشەسازیی ئەم سەردەمە، لە چلۆنایەتی و چەندایەتی کارکردەکانی ڕێکخراوە کۆمەڵایەتییەکان ئاڵوگۆری بەرچاو پێکهێناوە. ئەم ئاڵوگۆڕانە کە بەرەبەرە لە دەورەی ڕێنسانس یان تازە لەدایکبوون تا ئێستا ڕووی داوە، ئەمانەن :

١- لابردنی پرێك لە کارکردەکانی ڕێکخراوەکان. وەك کۆیلە پەروەردەکردن.
٢- قووڵتربوونی کارکردی پرێك لە ڕێکخروەکان. وەك فێرکردن و پەروەردە.
٣- فرەبوونی کارکردی هێندێك لە ڕێکخراوەکان.
٤- کۆبونەوە و کەڵەکە بوونی کارکردە کۆمەڵایەتییەکان.

هەلومەرجی کۆمەڵایەتی داوا دەکا، شێوە جۆراوجۆرە کۆمەڵایەتییەکان لە پرش و بڵاوی ڕزگار بن و بە تایبەت ڕێکخراوی سیاسی و ئابووری کۆمەڵگایەک کە هێشتا بە یەکێتی پێویست نەگەیشتوون، یەك بگرن. لەم بارەوە دەرکرێ چاوەڕووانی بین لە دەیەکانی داهاتوودا، حکومەتەکان هێزەکانی بەرهەم هێنان بخەنە ژێر دەسەڵاتی خۆیان. لە نێوان ئەو هۆیانەدا یەکێتی ئابووری و سیاسەت دابین دەکەن، سێ هۆ گرنگترن: 1- شەڕ و قەیران و تەنانەت ئاشتی چەکداری، حکومەتەکان هان دەدەدەن کە جڵوەی هێزەکانی بەرهەم هێنان بخەنە ژێر دەسەڵاتی خۆیان. 2- حکومەت لە بەر پاراستنی هاوسەنگیی کۆمەڵ و دابین کردنی بەرژەوەندی زۆربەی خەڵک، ناچارە کە لە چەوساندنەوە و سوودخوازی بێ سنووری خاوەنەکانی پیشەسازیی پێشگیریی بکەن و بۆ ئەم بابەتە، پەنا دەبەنە بەر کارگەلی جۆراوجۆر.
3- پێشکەوتنی توند جێی پەیوەندی گشت کۆمەڵگاگەلی هاوچەرخە، حکومەتەکان هان دەدا، کە پیشەسازیی کۆ بکەنەوە و هاوکات لەگەڵ نەخشە و چوارچێوەیەکی لێکدراوە کەڵکی لێ وەربگرن.
بە هۆی پێوەندی دوولایەنە و سازگاری ڕێکخراوە کۆمەڵایەتییەکان، ناسینی ڕێکخراوەیەك بێ سەرنجدان بە ڕێکخراوەکانی دیکە، نەگونجە.
کۆمەڵە بێ ئاڵوگۆرکان، کەمتر لە کۆمەڵە خاوەن ئاڵوگۆڕەکان ئەکەونە بەر مەترسی لە نێوچوون. چونکە، ئاڵوگۆڕ و سازگاری کەمتر لەواندا ڕێگا پەیدا دەکا.
ئاڵوگۆری کۆمەڵایەتی، پتر لە کارکردی ڕێکخراوەکان، شوێن دادنێنن تا لە قەوارەی ئەوان.

**نوێهێنەری کۆمەڵایەتی**: مرۆڤ بۆ پاراستنی ژیانی خۆی، ناچارە کە تێکرا لەگەڵ سروشتی دەوروبەری خۆی بەربەرەکانی بکا و لەباری تێرامان و کردەوە بەسەریدا زاڵ بێ. ململانێ مرۆڤ لەگەڵ سروشت لە رەوتی کاتدا، بەیەک شێوە درێژەی نابێ. بەڵکوو لە هەر دەورەیەکدا بە پێی پلەی ئابووری ئینسان و هەروەها تا ڕادەیەك هاودەق لەگەڵ هەلومەرجی سروشتی، شێواز بە خۆی دەگرێ. گۆڕینی هۆکاری دوولایەنە بە تایبەت گۆڕینی هۆکاری یەکەم، بە ناچار ئینسان بۆ، خەمخۆری تیوری و کردەوەیی تازە، هان دەدا. ئەم مشوورخواردنە، لە سەرەتای سەرهەڵدانیدا، دەبیتە نوێهێنەری کۆمەڵایەتی یان فەرهەنگی. ئەویش بە دوو شێوە خۆی دەنوێنێ: دۆزینەوە و دروست کردن.

دۆزینەوە، ناسینی شتێکە کە لە ڕابردوودا نەناسراوە. دروست کردن دروست کردنی شتێکە کە لە رابردوودا دروست نەکراوە. تازەهینان لە دووبارەوە، بەستراوەتەوە بە فەرهەنگ یان میراتی کۆمەڵایەتییەوە.
١-هەر رەگەزێکی نوێ لە رەگەزگەلێک کە بە کردەوە لە فەرهەنگی کۆمەڵدا هەن، پێك دێ، چونکە هیچ شتێك ناتوانێ لە هیچ لە دایك بێ .
٢- ئینسان کاتێك خوازیاری رەگەزێکی تازە دەبێ و بەشێوەیەک فەراهەمی دەکا کە فەرهەنگی کۆمەڵەکەی رێگای پێدەدا. هەر فەرهەنگێك بریتییە لە رەگەزگەلێکی جۆراجۆر و هەر رەگەزێکی فەرهەنگی کە ناوێکی دیکەی تایبەتمەندی فەرهەنگییە، کارکرد یان ئەرکێکی هەیە. هەموو پێداویستییەکانی کۆمەڵ بە هۆی کارکردەکانی رەگەزگەلی فەرهەنگی جێ بەجێ دەبێ.
١- بەکردەوە، هەر دۆزینەوە یان دروست کردنێك کاتێك دروست جێ بەجێ دەبێ کە هەم پێویستی کۆمەڵ و هەم لە توانای نەزەری و کردەوەی کۆمەڵدا بێ. 2- هەر دۆزینەوە و دروست کردنێك کە لەگەڵ پێداویستی و توانای کۆمەڵدا جۆر نەبێ، بەڵام لە دەرەوە گەیشتبێتە کۆمەڵگا یان لە نێو خۆی کۆمەڵدا بە شێوەیەکی دەگمەن پێك هاتبێ، زۆر کەم دەتوانی لە ژیانی کۆمەڵدا نەقشی تێکۆشەرانەی هەبێ و ئاڵوگۆڕێ قووڵ پێك بێنێ. بە پێچەوانە هەر تازەهێنەرییەک کە وەڵامدانەوەیەکی نیازێکی پێویست بێ، بەپەلە برەو پەیدا دەکا.
نوێهێنەرییە گەورە کۆمەڵایەتییەکان و توانای دروست کردنێك کە لە پڕێك لە دەورەکانی مێژووی کۆمەڵەیەکدا دەبینرێ لە دایك بووی هەلومەرجی کۆمەڵایەتین. کۆمەل لە کاتێکدا کە پێ دەنێتە قۆناخی مێژوویی تازە لەگەڵ پێویستی و دژواری تازە ڕووبەڕوو دەبێتەوە و ناچارە بۆ لە نێوبردنیان هەوڵ بدا. هەر نوێهێنەرێکی کۆمەڵایەتی، هەروەك خۆی پەیدابوو و بەستراوەی فەرهەنگی کۆمەڵە، بە نۆرەی خۆی پرباری دەکا و کۆکراوی فەرهەنگی پتر دەکا.

**بڵاوبوونەوەی فەرهەنگ**: بێگومان ئافراندنەکان و تازەهێنانەکانی هەر کۆمەڵێك لە زاتی ئەو کۆمەڵە سەرهەڵدەدەن. هەر لەوبارەدا، لە بنەڕەتدا خودی چالاکیی یان دەروون چالاکییە کە دەتوانێ تا ڕادەیەك لە چالاکییەکانی تر کەڵك وەربگرێ. کۆمەڵەکان لە رەوتی گەشەکردنی خۆیاندا لەگەڵ یەکتر دەکەونە ململانێ و لە فەرهەنگی یەکتردا شوێن هەڵدەگرن. لە نفوزی فەرهەنگی کۆمەڵێك لە کۆمەڵێکی دیکەدا، جۆرێک پێوەندی فەرهەنگی کە بڵاوکردنەوە فەرهەنگییە، پێك دێ.
بڵاوکردنەوەی فەرهەنگی دەتوانێ لەبنەڕەتدا، لە دروست کردن و تازەکردنەوەی کۆمەڵەکان شوێن دابنێ، بە مەرجی ئەوە کە ئەو شتە کۆمەڵێك لە کۆمەڵێکی دیکەی وەری دەگرێ لە هەلومەرج و داخوازەکانی دوور نەبێ. ئەگەر ئەم مەرجە لە بەرچاو نەگیرێ، بڵاوبوونەوەی فەرهەنگی، بێ شوێنەوار دەبێ یان شوێنی روومایی خەیرا تێپەڕێ دادەنێ. لە هێندێك بابەتدا، کە کۆمەڵ نیازی هەیە و ئامادەی ئاڵوگۆڕ بێ، دەکرێ لە رەگەزگەلی فەرهەنگی پێویست بۆ ئەو گۆڕانکارییە لە کۆمەڵێکی دیکەدا، کەڵك وەرگیرێ و بە جمۆجۆلی زۆرتر گۆڕانکاری جێ بەجێ ببێ.

**چۆنیەتی شوێنەواری تازەهێنەریی لە کۆمەڵدا:**
نوێهێنەریی فەرهەنگی بە سێ شێوەی بنەرەتی لە کۆمەڵدا خۆی دەنوێنێ. شێوەی پرژوبڵاوی فەرهەنگی بە شێوەی بەدوای یەکدا چوونی فەرهەنگیی یان پەیجۆری فەرهەنگیی، شێوەی خووبەیەکگرتنی فەرهەنگی.
شێوەی یەکەم- بە کردەوە، ئاکامی تازەهێنەرییە گرنگەکانی کۆمەڵایەتی بە بەشە جۆراوجۆرکانی کۆمەڵ دەگا، وەك ڕادیۆ.
شێوەی دووەم- لە شوێن یەکتر هاتنی فەرهەنگی، چون ڕەگەزگەلی فەرهەنگی کۆمەڵ بە یەکترەوە پێوەندییان هەیە. شوێنەواری تازەداهێنەرێکی فەرهەنگی تەنیا بە ئاکامێك کە ڕاستەوخۆ لەوەوە بە دەست دێ، نییە. بەڵکوو ئاکامی ڕاستەوخۆی هەر تازەهێنەرێک سەرئەکێشێتە لای زنجیرەیەك ئاکامی ناڕاستەوخۆ.
شێوەی هاوگیرۆدەبوونی فەرهەنگی- بە کردەوە پرێك لە تازەهێنەرییەکان، شوێنەواری وەك یەکیان هەیە و لەم بارەوە هاوبەش و پێکەوە دەبنە هۆی ئاڵوگۆڕێکی کۆمەڵایەتی.
**دەوری کۆمەڵایەتی:**
ڕەگەزگەلە فەرهەنگییەکان وەك تاکەکان و گروپەکان، لەگەڵ یەکتردا پێوەندی چالاکیان هەیە. گیرۆدەی پێوەندی دوولایەنە و نفوزی دوولایەنە و کاردانەوەی دوولایەنەی دەورانین. لەم بارەوە، هەر تازەهێنەرێکی کۆمەڵایەتی هەر لەو کاتەدا کە لە کۆمەڵدا ئاڵوگۆڕێك پێك دێنی، خۆیشی بە هۆی ئەو ئاڵوگۆڕەوە تووشی گۆڕان دەبێ. ئەوکات بە پێ ئیمکان و هەلومەرجی دۆخی تازەی خۆی، ئاڵوگۆڕێکی تازە لە کۆمەڵدا هان دەدا و دووبارە خۆیشی گۆڕانی بە سەردا دێ.
ڕەوتی بێ پسانەوەی شوێندانان و شوێن هەڵگرتنی هۆکارە کۆمەڵایەتییەکان، پێدەگوترێ" دەوری کۆمەڵایەتی".
دەوری کۆمەڵایەتی، جارجار تەنیا لە نێوان دوو هۆکاردایە و لە هێندێك بابەتدا لە نێوان چەند هۆکار دایە. هۆکاری دوولایەنە یان چەندلایەنە کە دەبنە هۆی دەوری کۆمەڵایەتی، بێگومان لە شوێنەواری پاشماوەی هۆکارە کۆمەڵایەتییەکان دوور نییە. لەم بارەوە ئیمکان هەیە دەور بە هۆی هۆکارگەلێکی دیکە، بەر ببێتە خاوەن چوارچێوە یان ڕابوەستێ.

**گرنگی تازەهێنەری ماددی** :دەزانین کە فەرهەنگ یان میراتی کۆمەڵایەتی، بریتییە لە دوو بەش: فەرهەنگی ماددی یان ئەو ئامراز و کەلوپەلانە و کۆشکانە کە لە بەرەیەک بە بەرەیەکی دیکە دەیسپێرێ. و فەرهەنگی نامادی یان ڕێورەسم و بیروباوەڕ و زانست و هونەرەکان بە شێوەی گشتی پیوەندییەکان و ڕێکخراوە ئینسانییەکان کە پتر بە هۆی زمان و نووسین و لە ڕێگای فێربوونەوە ئەکەونە ژێر دەسەڵاتی ئەندامانی تازەی کۆمەڵ. نوێهێنەرییە کۆمەڵایەتییەکان، هەم لە چوارچێوەی فەرهەنگی ماددی و هەم لە چوارچێوەی فەرهەنگی نامادی ڕوو دەدەن و ڕوونە نوێهێنەری هەر بەشێك لە بەشەکەی دیکەدا شوێن دادەنێ. لەم نفوزە دوولایەنە فەرهەنگییەدا، چوار شت بەدەست دێ:
١- هەر ئافراندنێکی نوێ کە لە فەرهەنگی ماددیدا جێ بەجێ بێ، دەبێتە هۆی گۆڕینی فەرهەنگی نا ماددی.

٢- هەر نوێهێنەرییەکی ماددی، دەبێتە هۆی نوێهێنەری ماددی دیکە.
٣- هەر نوێ دروست کردنێك که لە چوارچێوەی فەرهەنگی ناماددیدا ڕوودا، کەم و زۆر به ئاڵوگۆڕی فەرهەنگی ماددی دەکێشرێ.
٤- هەر نوێهێنەرییەکی ناماددی، نوێهێنەرێکی ناماددی دیکە لە شوێنەوەیە. لەگەڵ ئەوەدا، هیچ کام لە نوێهێنەرییە کۆمەڵایەتییەکان لە تازەهێنەرەکانی دیکە بە تەواوی جیا نین، جیا لە یەکتر و لە دەرەوە زەمینەی گشتی کۆمەڵ بۆ هەڵسەنگاندن و نرخدانان نین، دەکرێ تازەهێنەرییە ماددییەکان زۆرجار شوێندانەر تر لە ناماددییەکان لەقەڵەم بدەین. بینە سەر ئەو باوەڕە کە هەلومەرج و ئیمکانی فەرهەنگی ماددی تایبەتی گشتی فەرهەنگی ناماددی و بە شێوەی گشتی دۆخی مێژووی کۆمەڵ دیاری دەکا. مێژوو دروست کردن بە ئەستۆی فەرهەنگی ماددییە.

**ناسازگاری کۆمەڵایەتی**: هەر نوێهێنەرێیەکی کۆمەڵایەتی وەک چاوەڕوانی دەکرێ، گۆڕان لە ڕێورەسمی کۆمەڵدا پێك دێنێ. لە نێوان تازەهێنەریی و چالاکی کۆمەڵایەتی پێکەوە پێوەندییەکی ڕاستەوخۆیان هەیە.
چالاکیی فەرهەنگی، خوازیاری نوێهێنەری کۆمەڵایەتییە، و لە زات یان گەوهەری ژیانی کۆمەڵایەتی سەرچاوە دەگرێ. چالاکیی فەرهەنگی لە بنەڕەتدا لە ویستی تاک بەدەرە و بۆ خۆی چوارچێوە و یاسایەکی هەیە. وەك ئەوە کە لە سەرانسەری جیهانی بووندا، گشت لە هەمانکاتدا بە بەشەکانی خۆیەوە پێوەندی هەیە، لەوانە سەربەخۆ و دیاریکراوە. لەگەڵ هەموو ئەمانەدا، دەزانین کە چالاکیی زۆربەی کۆمەڵگاکان، تەنیا بە چالاکیی گەوهەریی خۆیان یان خودی چالاکی، ئەوان گرێنەدراوە، بەڵکو لە چالاکیی کۆمەڵگاکانی دیکە یان چالاکیی دیکە کەڵك وەردەگرێ. لێکدانەوەی چالاکیی فەرهەنگی یان چالاکیی کۆمەڵایەتی، کە پێشی دەگوترێ "کۆمەڵی چالاک"، یەکێك لە باسە گرنگەکانی کۆمەڵناسییە. واتە باسی چالاکیناسی فەرهەنگی یان چالاکیناسی کۆمەڵایەتی پێك دێنێ.
لەم باسانەدا، هەموو ئەو هۆکارانەی کە دەبنە هۆی گۆڕانکاری لە کۆمەڵدا، لێك دەدرێتەوە. وەك ئەوە کە لە دەروونناسیدا، هەم باسێك بە ناوی چالاکیناسینی دەروونی هەیە، و لە بارەی هۆیەکانی ئاڵوگۆڕی دەروونی، واتە چالاکیی دەروونی باس دەکا. لە بەرامبەر چالاکیی کۆمەڵایەتی یا چالاکییناسینی فەرهەنگی، باسێك هەیە بە ناوی راوەستاییناسی فەرهەنگی یان راوەستاویی کۆمەڵایەتی کە بابەتی ئەو هۆکارگەلی پایەداری و هاوسەنگی کۆمەڵ، واتە راوەستاویی کۆمەڵایەتی یان راوەساتاویی فەرهەنگی یان کۆمەڵ راوەستاوییە.

کۆمەڵگای چالاک و کۆمەڵگای پاسیڤ: لە بارەی چالاکیناسی کۆمەڵایەتی، هێچ کۆمەڵگایێك چ سەرەتایی و چ خاوەن شارستانییەت ، لە ئاڵوگۆڕ بە دوور نییە. بەڵام هەندێک لە کۆمەڵگاکان، چەندین پلە توندتر لە لە کۆمەڵگاکانی دیکە گۆرانیان بەسەردا دێ. کۆمەڵگا پڕئاڵوگۆڕەکان بەزاراوە، بە کۆمەڵگای چالاک یان کۆمەڵگای لە گۆڕاندابوو و کۆمەڵگای فرە کەمگۆڕاو بە کۆمەڵگای راوەستاو دەناسرێ.
کۆمەڵگای راوەستاو بە پێچەوانەی کۆمەڵگای چالاک، بە هۆی هۆکاری جۆراوجۆری مێژوویی و جوگرافیایی لە رەوتی بەرهەم هێنانی ئابووری لە ئاڵوگۆڕی بنەڕەتیی بە

جێ ئەمێنێ، ئاوا کۆمەڵگایێك بە کردەوە  خۆی  بە نوێهێنەرییەوە خەریك ناکا. و لە بڵاوبوونەوەی فەرهەنگی کەڵك وەرناگرێ. لە ئاوا کۆمەڵگایێکدا دەکرێ بوترێ ژیان راوەستاوە و ناجووڵێ. سوننەتەکان بە توندی  زاڵبوونی تەواو بە سەر خەڵکدا دەسەڵاتداریەتی دەکەن. بەرهەم هێنانی ئابووری بە شێوەی کۆن  جێ بەجێ دەبێ. تێڕوانین و بۆچوونەکانی حکوومەت و دین و بنیاتە کۆمەڵایەتییەکانی دیکە، گۆڕنکاریی پەسەند ناکەن. دۆخی بنەماڵەیی، و تایفەیی و چینایەتی نەقشی کۆمەڵایەتی و پێگەی کۆمەڵایەتی و تەنانەت ژن و شویی، مردنی هەرکەس دیاری دەکا. دەکرێ بێژین، جمۆجۆڵێ کۆمەڵایەتی نەگونجە، ئەخلاقی کۆمەڵایەتی دیلی عورفە. لە بەرچاو نەگرتنی سازگاریی کۆمەڵایەتی زۆرکەم ڕوو دەدا و ئەوەش لەگەڵ کاردانەوەی توندی کۆمەڵ ڕووبەڕوو دەبێ. پیرەکان خەزانەی سوننەتەکان دەژمێرن، کۆمەڵ بەڕێوە دەبەن، ژینگەی کۆمەڵایەتی هیچ جۆرە هاندانێکی تازە بە سەر تاکەکاندا ناسەپێنێ، و ئەوان بەرەو ڕەخنە گرتن و تازەهێنان هان نادا. هەر کارێك بە شێوەیەکی راوەستاو و بێ جمۆجۆڵ جێ بەجێ دەبێ، کۆمەڵگا، هیوا و چاوەڕوانی باش بوونی نییە و ژیان یەك جۆر و شێواوە.

پێش لە چاخی تازە لەدایك بوون (ڕێنسانس) ئوروپا، زۆربەی کۆمەڵگاکان لە زۆربەی تەمەنی خۆیاندا بە شێوەی راوەستاویی، ژیانیان تێپەڕدەکرد. لە سەر یەك کۆمەڵگاکان لە هەردوو قۆناغی دەورەی بەرهەم هێنانی خۆراك، کۆیلەداری و کشتوکاڵیدا، خاوەن تێڕامانگەلی راوەستاویان دروست بڵێین نیوە راوەستاوبوون و هێشتاش لە پرێك لە کۆمەڵگاکان کە پێیان بە دەورەی بەرهەم هێنانی ماشێنی نەناوە، بە شێوەی راوەستاویی دەژین. دەبێ بەداوی وێنەی تەواوی ژیانی راوەستاویی دەبێ لە کۆمەڵگا بچووك و کەم مایە و دوورکەوتووەکان کە نەیانتوانیوە قۆناخەکانی گەشەکردن تێپەڕ کەن و سەرەتاین بگەڕین . ئەوانەی لە قۆناخی کۆکردنەوەی خۆراکدا ماون. ژینگەی سروشتی و جوغرافیایی شیاو سەرەڕای ئەوە لە ئاڵوگۆڕی کۆمەڵە شارستانیەتەکان، بە شێوەیەك شوێنەواریان نییە، بەڵام جمۆجۆڵ بۆ دەست پێکردنی شارستانیەت و گواستنەوە بۆ قۆناخی بەرهەم هێنانی خۆاردەمەنی پێویستە.

لە بەرامبەری کۆمەڵگای راوەستاودا، کۆمەڵگای چالاك هەیە. وێنەی بەرچاوی کۆمەڵگای چالاک، کۆمەڵگای پیشەسازییە، شارەکان و وڵاتە خاوەن پیشەسازییەکان، تێکرا لە گۆڕاندان.  بنکە و بنیات و دامەزراوەکانیان، پایەدار نین. سوننەتەکان هێندە جێگای ڕێز نین. کارکردەکانی کۆمەڵایەتی وەک چوارچێوەگەلێکی وشك جێ بەجێ نابێ. جمۆجولی کۆمەڵایەتی و  چینایەتی تا ڕادەیەك بە ئاسانی جێ بەجێ دەبێ. بیری ڕەخنەگرانە و نوێهێنان و بتشکاندن و تەنانەت لادان لە شستە سازگارەکانی کۆمەڵایەتی، فراوانن، بیری نوێ و تاکە جوانەکان،  وەک ناوەندی کۆمەڵایەتی دەژمێردرێن و ژیانی پڕئاڵوگۆڕی کۆمەڵ هەموو کەس  بۆ تێکۆشان و چالاکی هان دەدا.

**راوەستاوییگەرایی:** لەگەڵ ئەوەدا کە ئاڵوگۆڕی کۆمەڵایەتی گەوهەری ژیانی کۆمەڵایەتییە، کۆمەڵگاکان یان لانیکەم گروپەکان لە کۆمەڵگاکاندا جاروبار، نە تەنیا لە ئاڵوگۆڕی کۆمەڵایەتی پێشوازی ناکەن، بەڵکوو لە زۆر باردا لە  بەرانبەریدا

بەربەرەکانی دەکەن. و ئەم شێوەیە کە لە بەرامبەر گورانکاریگەرایيدا هەیە. پیدەگوترێ " راوەستاویی گەرایی"، نموونەگەلی ئەم بارە لە کردەوەکانی خەڵی فرەیەك لە کۆمەڵگاکانی سەرەتایی و کشتوکاڵیدا، بە زۆری دەست دەکەوێ.

نوێهێنەریگەلی بەشی فەرهەنگی نامادی کۆمەڵگا، پتر لە تازە هێنەرەییەکانی بەشی فەرهەنگی ماددی لەگەڵ دژایەتی کۆنەپەرستان ڕووبەڕوو دەبێ. ئەم جۆرە دژایەتییە. لە دایك بووی چەند هۆکارە:

١- پرێك لە گروپە کۆمەڵایەتییەکان کە لە دەسکەوتگەلێکی فراوان کەڵك وەردەگرن، پاراستنی دۆخی هەبوویان دەوێ و لەگەڵ هەرچەشنە ئاڵوگۆڕێك دژایەتی دەکەن.

٢- بەکردەوە هەر کەسێکی ئاسایی سەبارەت بە کارە ئاساییەکانی خۆی ئاسانگر و گەشبینە، سۆزی بۆ لە دەستدان یان ئاڵوگۆڕ لەواندا نیە.

٣- فرەیەک لە خەڵک بە تایبەتی پیرەکان کە ئێستاو داهاتوو بە دژای دۆخی خۆیان دەبینن، بۆ ڕابردوو پەنا دەبەن

٤- زۆربەی دروست کردنە نوێیەکان و گەلاڵە نوێیەکان لە سەرەتای کارەوە، کەموکوڕی و کەمقازانجن، ناتوانن سەرنجی خەڵک بەرەو لای خۆیان ڕابکێشن. بە تایبەت کاتێك خەڵک ئەو شتەیان تاقی نەکردبێتەوە.

٥- فرەیەك لە تازەهێنەرییەکان، دەبنە هۆی ئەوە کە کۆمەڵگا مەسرەف و فشارگەلێکی تازە بخاتە سەرشانی.

**دواکەوتوویی فەرهەنگی**: لەگەڵ بوونی ڕاوەستانی پێداگرانەی راوەستاوییگەرا کۆمەڵایەتییەکان لە بەرانبەر گۆرانکاری کۆمەڵایەتیدا، کۆمەڵگا گەورەکاندا بە هۆی تازەهێنەریی فەرهەنگی هەمیشە لە گۆڕاندان.

کاتێك کە یەك یان پرێك لە رەگەزەکانی فەرهەنگی کۆمەڵێك دەگۆڕدرێ، بە ناچاری پێوەندی یەك کە لە نێوان ئەو رەگەزە و رەگەزەکانی دیکە دامەزراوە، لە نێو دەچێ، و لە ئاکامدا دواکەوتوویی فەرهەنگی پێك دێ. دواکەوتوویی فەرهەنگی کە یەکێك لە خاڵە گرنگەکانی چالاکییناسی فەرهەنگییە، بە دواکەوتوویی رێژەیی رەگەزێکی فەرهەنگی لە رەگەزێکی فەرهەنگیی دیکە، ناودێر دەکرێ و ئەم دواکەوتوویی رێژەییەی رەگەزێک یان ئاکامی دەخاڵەتی خاوەن مەبەستی ئینسان یان لە دایك بووی رەوتی ئارامی خودی ئەو رەگەزەیە..

لەبەر ئەوە، هەر یەك لە رەگەزە فەرهەنگییەکان لە هەمان کاتدا گرێدراوە بە چەند رەگەزی دیکەوە خاوەن گەوهەرێکی جیاواز و دۆخێکی تایبەتیین، ئاڵوگۆڕی رەگەزێك بە توندڕەوییەکی یەکسان لە رەگەزەکانی دیکەدا، رەنگ ناداتەوە. بەڵکوو هەر رەگەزێک بە پێی تایبەتمەندی خۆی و بە نیسبەت پێوەندییەك کە لە نێوان ئەو رەگەزێکی ئاڵوگۆڕکراودا هەیە، بە ڕادەیەکی دیار دەگۆڕدرێ. لەم بارەوە هەر یەك لە رەگەزە فەرهەنگییەکانی کۆمەڵگایێك بۆ ئەوەیە بگەنە رەگەزی گۆڕاو، و لەگەڵی سازگاربن. بە ڕادەی کاتێک پێستیانە کە بیگومان بۆ ئەوانە، یەکسان نیە. دواکەوتوویی فەرهەنگی لێرەوە سەرچاوە دەگرێ. دواکەوتوویی فەرهەنگی هەم لە کۆمەڵی راوەستاوداو هەم لە کۆمەڵی چالاکدا ڕوودەدا. لە کۆمەڵگا چالاکەکاندا کە گۆڕان زۆر بە توندی ڕوودەدا، دواکەوتوویی فەرهەنگی بە زۆری دەبینرێ.

دواکوەتوویی فەرهەنگی دیکە، دواکەوتوویی تری ڕێکخراوە سیاسییەکانی فرەیەك لە کۆمەڵگاکان سەبارەت بە گەشە کردنی ئابووری ئەوان. وێنەیەکی فرە گرنگی دواکەوتوویی فەرهەنگی، دواکەوتوویی پێوەندیگەلی بەرهەم هێنان لە هێزەکانی بەرهەم هێنانەرە. کەرەستە و ئەمرازگەلێك کە کۆمەڵ بۆ بەرهەم هێنانی ئابووری بە کاری دێنێ، بە توندی تووشی گۆران دەبن. بەڵام پێوەندیگەلێک کە بە سەر بەرهەم هێناندا زاڵن، وەك ئەوە کە کرێکار بە کارفەرماوە پێوەند دەدەن، بە هەڵسەنگاندن لەگەڵ گۆرانکاریی شۆڕشگێرانانەی بەرهەم هێناندا، گۆڕانیان بە سەردا نایە.

بە پێی ئاڵوگۆری شۆڕش، کەرەستەی بەرهەم هێنان ناگۆردرێ. هۆی بنەڕەتی دواکەوتوویی، پێوەندی بەرهەم هێنان بەربەرەکانی راوەستایگەرایانە لەبەرانبەر ئاڵوگۆڕەوە، لە بەرئەوە پێوەندی بەرهەم هێنانی هەبوو بە قازانجی خۆی دەزانێ، بە تەواوی خۆی دەیهەوی بیانپارێزی.

لە سەر یەك لە کۆمەڵگا چالاکەکاندا، ئاڵوگۆڕەکان و هەروەها دواکەوتووییەکان دەبێتە هۆی ئەوە کە رەگەزگەلی فەرهەنگی و هەروەها کۆی فەرهەنگی لەگەڵ یەکتردا، هاوئاهەنگ نەبن.

بێ ڕێکخراوەیی کۆمەڵایەتی: دواکەوتوویی یەکێك یان پرێك لە رەگەزگەلی فەرهەنگی دەبێتە هۆی لەرزوکی قەوارە و چوارچێوە و شێوەی فەرهەنگی، یان قەوارەبەندی فەرهەنگی و کۆمەڵگا بەرەو ناسازگاری و شێوەی کۆتایی ئەو، بەرەو بێ رێکخراوەیی پاڵی پێوەدەنێ. دەبا کاردانەوە دوولایەنە کۆمەڵایەتییەکان، کارکردەگەلێك کە لە نێوان دوو یان ڕادەیەکی زۆری ئینسان ڕوو دەدا و لەواندا جۆرێك وەك یەکچوون پێك دێ، ئەوا کاردانەوە گەلێك کە بناغەی کردەوەی کۆمەڵایەتی دەژمێردرێ دوو جۆرن، کارکردی دوولایەنە لێکگرێدراو و کارکردی دوولایەنەی لێکپچڕاو.

کارکردی یەکەم، ئەو کارکردە دوولایەنانەن کە لە کە لەیەک لایەندا، جێ بەجێ دەبن.

کارکردی دووەم، ئەو کارکردە دوولایەنانەن کە لە کەخاوەن یەک لایەن نین.

لە کارکردێکی دوولایەنەی هەردووک رەوتدا، رەوتگەلێک بە لایەن و چۆنیەتی دیاریکراو کە پیان دەڵێن، چالاکی کۆمەڵایەتیی، سەرهەڵدەدەن. ئەم تێکۆشانگەلە لە هەموو بەشەکانی کۆمەڵایەتیدا جێگای خۆیان دەکەنەوە و دەبنە هۆی شۆرشێکی بەگرێوگوڵ بە ناوی"چالاکی کۆمەڵایەتی".. چالاکی کۆمەڵایەتی، داوا دەکا کە بەشە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگا لە یەکتردا بەتوندیی شوێن دابنێن و بە یەکترەوە گرێ بدرێن و ئەکات بە ناچاری سازگاری کۆمەڵایەتی پێك دێ. سازگاری کۆمەڵایەتی هەوڵ و تەقەلایەکی بنەڕەتییە بۆ لە نێوبردنی ناکۆکی. کارکردە دوولایەنە لێکگرێدراوەکان و لێکپچڕاوەکان.

سازگاری کۆمەڵایەتی هەر کات لەگەڵ ویست و شارەزایی بێتە ئاراوە، سازگاری کۆمەڵایەتییە. بە وتەیەکی دیکە، سازگاری کە شێوەی دوایی سازگارییە، بە هەوڵ و تەقەلایەك کە تاکەکان و گروپەکان بە ئەنقەست بۆ دروست کردنی هاوسەنگی لە نێوان خۆیان و کۆمەڵدا دەیدەن و هەروەها بە هاوسەنگیەک کە ئاکامی ئەو تێکۆشانەیە، ناودێر دەکرێ. سازگاری کۆمەڵایەتی. لەو ڕووەوە کە هاوسەنگی نێوان بەشە جۆراوجۆرەکان و تەنانەت بەشە دژەبەرەکانی کۆمەڵ دادەمەزرێ، بەرهەمی

چوارچێوەیەکی تا ڕادەیەك پایەدارە کە پێی دەگوترێ "ڕێکخراوەی کۆمەڵایەتی" ڕێکخراوی کۆمەڵایەتی لەواتەی بەرین و بڵاوی خۆیدا، کۆمەڵێك تێکڵاویکە لە تاکەکان و گروپەکان کە هەریەك بە قازانجی ئەوانی دیکە کاری دیاریکراوی بە ئەستۆیە.
بە ئەوە، ژیانی کۆمەڵایەتی ئاکامی کارکرد و کاردانەوی دوولایەنەکانە و ئەم کاردانە پڕێك لێکگرێدراو و پڕێك بچڕپڕن، هیچ کۆمەڵێك بە سازگاری کۆمەڵایەتی تەواو ناگەیت، هەروەها کە تازەهێنەریی کۆمەڵایەتی پڕێك لە رەگەزەکانی، فەرهەنگی ئاڵوگۆڕیان بە سەردا دێ و پڕێك تووشی دواکەوتوویی دەبن، سازگاری کۆمەڵایەتی کەم دەکاتەوە. دوایی لە پلەی یەکەمدا سازگاری تا ڕادەیەکی گشتییە، بە سازگاری کەم و کورت یان دژسازگاری یان دژسازی و قۆناخی دووهەم بە ناسازی دەگا، و دەبێتە هۆی لەرزۆکی ڕێکخراوی کۆمەڵ. ناسازی لەگەڵ ڕێکخراو شکاندن یان بێ ڕێکخراوەیی دایە. بێ رێکخراوەیی ناوێکی دیکەی قەیرانی کۆمەڵایەتییە. یان تێکەولێکەی کۆمەڵایەتییە، و کۆتایی ژیانی کۆمەڵایەتییە.
هەر ڕێکخراوێك چە کۆمەڵ خۆی بێ و چە یەکێك لە دامەزراوەکانی ئەو، بە هۆی ناسازگاری بە بێ ڕێکخراوەی دەکێشرێ. لە ئەکامدا ن سازگاری نێوخۆیی ڕێکخراو، پێوەندی ڕێکخراوە لقییەکانی ئەو ئەپچڕێ و هاوئاهەنگی و یەکێتی ئەوان لەنێو دەبا. لەم بارەوە ڕێکخراو کە تواناى بەجێ گەیاندنی کارکردەکانی خۆی نییە. ئەم بێتوانایيە نیشانەی ڕوونی بێ ڕێکخراوەیی یە. بێ ڕێکخراوەیی هەروەك ڕێکخراوە ڕادەیەکی دیاری نییە.
بێ ڕێکخراوەیی کۆمەڵایەتی نابێ لەگەڵ ئەمکە ئەخلاقییەکان وەك گەندەڵیی یان خراپەکاریی بە هەڵە لە جێگای یەکتر بگیرێ. چونکە لە زۆر بابەتدا، ناکرێ بێ ڕێکخراوەیی کۆمەڵایەتی وەبەر دادوەری تەواو بدرێ و باش یان خراپ بخوێنەرێتەوە، چونکە کارێك لە لای بەشێك باشە لە لای بەشێکی دیکە خراپە. وەك مانگرتنی کرێکاران، کە بە پروای خۆیان باشە، بەڵام بە پراوی خاوەنکار و خاوەنسوود خراپە.
بە گشتی، ڕێکخراو پشت ئەستورە بە بوونی بەشەکانییە و کە پێکهینەرین و جیابوونەوەی ئەو بەشانە سەر ئەکێشێتە لای بێ ڕێکخراوهییەوە. بەڵام بێ ڕێکخراوەیی شوێنەوارێکی بەرچاو لە بوونی سەربەخۆی بەشەکاندا دانانێ.
لە بەر ئەوە ئینسان خاوەنی گەوهەری کۆمەڵایەتییە، و بێ پسانەوە لە کۆمەڵ شت وەردەگرێ لە تێکدانی ڕێکخراوەیەکی کۆمەڵایەتی لە تاکەکان کە پێکهینەری ئەون، شوێنی گرنگ لە ژیانیادا دادەنێ.
تیاچوونی بنەماڵەیەك لە ژیانی ئەندامانی ئەودا، شوێن دادەنێ و تەنانەت کاتێك ئەندامانی بنەماڵە تووشی بێ رێکخراوەیی کەسایەتیی یا لادەریی کۆمەڵایەتی دەکا.
ڕوونە کە ئەگەر بێ رێکخراوەیی تەواوی کۆمەڵ داگرێ و تەشەنە بکا و بیتەنێتەوە، کوێرەوەرییەکانی فەردی و کۆمەڵایەتی زۆر گەورە بەبار دێنێ.
ناسازگاری و بێ ڕێکخراوەیی کۆمەڵایەتی هەم لە کۆمەڵگای راوەستاو و هەم لە کۆمەڵگای چالاکدا ڕوو دەدەن. کۆمەڵی راوەستاو، کەمتر لە کۆمەڵی چالاک تووشی ئاڵوگۆڕ و هەروەها دواکەوتوویی فەرهەنگی دەبێ. بەڵام هەرکات ئاڵوگۆڕێك بێتە ئاراوە، پتر لە کۆمەڵی چالاک لەرزۆك دەبێ و ئەکەوێتە مەترسی ناسازگاری و بێ ڕێکخراوەییەوە.

هەولێرناسی گێتی

پرێك لە توێژەرەکان دەڵێن: ناسازگاری کۆمەڵایەتی سێ جۆرن: ناساگاری سروشتی مرۆڤیی و کۆمەڵ، ناسازگاری سروشت و کۆمەڵ، ناسازگاری لایەنە کۆمەڵایتییەکان لەگەڵ یەکتر.
گشت ئەو ناسازگارییگەلە کە لە ژیانی ئینسانی خاوەن جێگان، چە بە شێوەی ناسازگاری لەشی ئینسان و بارودۆخی ژیان و هەلومەرجی کۆمەڵایەتی بێ و چە بەشێوەی ناسازگاری کۆمەڵ و سروشت بێ، سەر ئەکێشێتە لای ناسازگارییگەلی نێوخۆی کۆمەڵەوە، لەبەر ئەوە لە هەلومەرجی کۆمەڵ سەرچاوە دەگرێ. بە هۆی تازەهێنەری کۆمەڵایەتییەوە پرێك لە ڕەگەزەکانی فەرهەنگی کۆمەڵگا تووشی گۆڕان دەبن و ئەوکات و چالاکیی فەرهەنگی دروست دەبێ.
ئاڵوگۆڕی پرێك لە ڕەگەزەکان دەبنە هۆی دواکەوتووی فەرهەنگی، واتە دواکەوتووی ڕێژەیی ڕەگەزێکی فەرهەنگی لە ڕەگەزێکی دیکەی فەرهەنگی.
ئاڵوگۆڕی پرێك لە عونسرەکانی فەرهەنگی و دواکەوتوویی عونسرەکانی دیکە ، بە سازگاری عونسرەکان زیان دەگەیەنێ و دژسازگاری کۆمەڵایەتی پێك دێنێ.
دواکەوتوویی پێوەندی بەرهەم هێنان لە هێزەکانی بەرهەم هێنان، یەکێك لە گەورەترین دواکەوتووییەکانی فەرهەنگییە.

## سازکردنەوەی کۆمەڵ:

### پێویستی سازکردنەوە:

بەهۆی تازەهێنەرییەوە، بە تایبەت نوێهێنەری ماددی، پرێك لە ڕەگەزەکانی کۆمەڵ بەتوندی دەگۆڕێن و پرێکیش گۆرانێکی قووڵ ناکەن. ئەو کات دواکەوتوویی کۆمەڵایەتی ڕوودەدا. هاوئاهەنگی و هاوسەنگی کۆمەڵ لە نێو دەچێ و ناسازگاری کۆمەڵایەتی پێك دێ. ئەوکات، ئەم ناسازگارییە کۆمەڵایەتییە، دەبێتە هۆی لادەری تاکەکەسیی جۆراوجۆر و ژیان و بوونی تاک و مانەوەی کۆمەڵ لە مەترسی دەخا. ژیانی کۆمەڵایەتی لەگەڵ ناسازگاری ڕێك ناکەوێ و کاتێک کۆمەڵ بکەوێتە ناسازگاری، ناچارە کە بە هەوڵ و تەقەلای خۆی ئاڵوگۆڕێك پێك بێنێ و بەم هۆیە سازگاری تازە بە دەست دێنێ. سازگاری تازە لە سازگاری پێشتر تەواوترە و بەستراوەتەوە بە نیزامێکی کۆمەڵایەتی گەشەکردو ترەوە.
ئەو ئاڵوگۆڕانە کە کۆمەڵ بۆ سازگاری تازە ئەنجامی دەدا، چەند ڕەگەزێك پێك دێنێ کە یان ئەرێنیی یان نەرێنییە.
١- ئاڵوگۆڕی ئەرێنیی، بەرەو پێش بردنی ڕەگەزگەلێکە کە تووشی دواکەوتووی بووگن، بە شێوەیەك کە ئەم ڕەگەزگەلە بە ڕەگەزگەلی پێشکەوتوو بگەن و لەگەڵ ئەوان سازگاری بن.
٢- گورانکاریی نەرێنیی، دواخستنی ڕەگەزگەلێکە کە پێشکەوتوون بە شێوەیەك کە دۆخی پێشووی خۆیان بە دەست بێنن و لەگەڵ ڕەگەزگەلێك کە دواکەوتوون سازگار بن.
ئاشکرایە کە ئاڵوگۆڕی ئەرێنیی جۆرێک بەرەوپێشچوون و گەشەکردنە و پێویستی تازەهێنەریەکانی نوێیە. و ئاڵوگۆڕی نەرێنیی، جۆرێك جمۆجۆڵی بەرەو دوایە و دەبیتە نەرێ وتن بە نوێخوازییەکانی پێشوو. کۆمەڵی گەورەی ئینسانی جمۆجۆڵی گەشەکردنی هەیە و تەنیا پرێك لە قۆناخەکانی مێژووی خۆیدا، لە هێندێك بارەوە، بە شێوەی کاتی بەرەو دواوە دەچن و بە هۆی ئەو ڕەوتەوە ئەگەری کۆنەپەرستی

هەواڵنامەی کتێب

دیتە ئاراوە. لەسەر یەك مێژووی گشتی ئینسان جمۆجۆڵی گەشەکردنی بنەمایە و جمۆجۆڵی بەرەو دواوە بە دەگمەنە.

**بزوتنەوەی چاکسازیی:**

بزوتنەوە یان راپەڕین، کردەوەیەکی گروپیی، ت اڕادەیەك ڕێکوپێك و بەردەوامە، بۆ گەیشتن بە ئامانجی کۆمەڵایەتی، کەم و زۆر دیارییکراو بە پێی نەقشە و گەلاڵەی دیاریکراو. ئەم بزوتنەوە، بزوتنەوەیەکی ئارام و وردە وردە بۆ دروست کردنی ئەو نوێخوازیگەلە کە کەرەستەی لە نێوبردنی ناسازگاری کۆمەڵایەتی لە قەڵەم دەدرێن.

بۆ دروست بوونی بزوتنەوەیەکی چاکسازیی، چەند شت پێویستە. 1- نوێهێنان لە پرێك لە کاروباری کۆمەڵایەتیدا.
2- دواکەوتوویی باقی شێوەکانی کۆمەڵایەتی و ناسازگار بوونی کۆمەڵ. 3- پێگەیشتن بە پێویستی بازسازی کۆمەڵ. 4- دیاریکردنی نوێهێنانە پێویستەکان بۆ بازسازی کۆمەڵ. 5- ئامادە کردنی کەرەستەی پێویست.

لە کۆمەڵەکانی ڕابردوو، بە تایبەت لە کۆمەڵی راوەستاوی کشتوکاڵیدا، بزوتنەوە چاکسازیی بەدەگمەن ڕووی داوە. لە سەردەمی ئێستادا، هەروەك چۆن بزوتنەوە توندە شۆرشگێرییەکان برەویان بووە، بزوتنەوە چاکسازییەکانیش زۆربووگن. یەکێك لە جۆرەکانی بزوتنەوە چاکسازییەکان کە لە هەموو وڵاتەکانی ئێستادا بە کاردەبرێ، موهەندسی کۆمەڵایەتی یان نەخشەکێشی کۆمەڵایەتییە. موهەندێسی یان نەخشەکێشی واتە بەرنامە داڕێژتنی کۆمەڵایەتی. هەوڵ و تەقەلایەکی هەڵسەنگێنراو بۆ پێشگیری لە گیروگرفتی کۆمەڵایەتی داهاتوو یان باشتر بوونی کۆمەڵی دواڕۆژ لەگەڵ گەلاڵە و بەڕێوەبردنی نەخشەی ورد و سنووردیاریکراو.

موهەندسی کۆمەڵایەتی، لە چەند بارەوە، لەگەڵ جۆرە کۆنەکانی بزوتنەوە چاکسازییەکان جیاوازە. چون بزوتنەوەی چاکسازیی لە واتەی پێشووی خۆیدا، تێکۆشانێکی بەرینە، کە جاروبار بۆ لە نێوبردنی کەموکوڕی رابوردوو، جێ بەجێ دەبێ. لە کاتێکدا کە موهەندسی کۆمەڵایەتی هەوڵ و تەقەلایەکی تا ڕادەیەك خاوەن سنوورە بۆ کەڵك وەرگرتنی دروست لە ئەگەرەکانی داهاتوودا.

هەر چاکسازییەکی بچووک، هەنگاوێکە بۆ لای چاکسازیی گشتی کۆمەڵ هەڵدەگیرێ و هەر چاکسازییەکی گشتی بە نۆرەی خۆی ئیسلاحی بەشە جۆراوجۆرەکان دێنێتە ئاراوە. موهەندسی کۆمەڵایەتی بۆ لە نێوبردنی تەگەرە لەسەر ڕێگای نەخشەی کۆمەڵایەتییە. هێندێك پێشبینیان کردوە، وەك : 1- دەبی لە جێگای پشت ئەستوری بە ئەگەرگەلی نەسەلمیندراوی داهاتوو، پاڵ بە ئەگەرگەلی بێئەملاوئەولای ئێستا بدەینەوەو بە پێی ئەگەرگەلی هەبوو بۆ داهاتوو نەقشەکێشی بکرێ.
٢- دەبێ لە دارشتنی نەقشە درێژماوەکان، کە بۆ چاکسازیی کاروباری کۆمەڵایەتی گەڵاڵە دەکرێن، لە هۆکارگەلێک کە ئێستا لە ئارادا نین، بەڵام بێ ئەملاوئەولا لە داهاتوودا، ڕوودەدەن، کەمتەرخەمی نەکرێ.
٣ - دەبێ هەر نەقشەیەك تەنیا چاوی لە ئاڵوگۆڕی یەکێك لە کاروبارە کۆمەڵایەتییەکان بێ. گەڵالەیەکی بەرین کە تەواوی کاروباری کۆمەڵایەتی لەبەر بگرێ بە دەگمەن جێبەجێ دەبێ.

هەواڵنامەی ژێنیۆ

٤- دەبێ نەقشە چاکسازییەکان بەو شێوەیە گەڵاڵە بکرێ کە لە کاتێکی تا ڕادەیەك کورتدا جێبەجێ بێ.
٥- بۆ دارشتن و بەڕێوەبردنی نەقشە چاکسازییەیەکان، دەبێ لەدوایین دۆزراوەکان و دروست کراوە نوێیە ئینسانییەکان کەڵك وەرگیرێ.
٦- بۆ ئەوەکە نەقشە چاکسازییەکان دروست جێبەجێ بن، دەبێ ڕێکخراوەگەلێکی ناوەندمەدار و بەرین و بەهێز، پێك بێن.
٧- دەبێ حکومەتەکان سەرمایەی پێویست لە بخەنە ژێر دەسەڵاتی نەقشەکێشی کۆمەڵایەتی.

## بزوتنەوە شۆڕشگێرییەکان

بزوتنەوەی شۆڕشگێری، بزوتنەوەیەکی توند و لەنەکاوە بۆ دروست کردنی نوێهێنەریگەلێک کە بە هۆی لە نێوبردنی ناسازگاری کۆمەڵایەتی بە حیساب دێ. بزوتنەوەی شۆڕشگێری کاتێك ڕوو دەدا کە یەکەم ناسازگاری کۆمەڵ بە هۆی ڕوونەدانی بزوتنەوەی چاکسازیی یان کەموکورییەکانی، بە کۆتایی بگا. دووهەم ئەوەکە خەڵک بە توندی لە ناسازگاری کۆمەڵ ڕەنج بکێشن و یەك بگرن. لە ئاوا دۆخێکدایە کە تەقینەوە ڕوودەدا و ئاڵوگۆڕێکی گەورە کە چەندین جار لە بزوتنەوەی چاکسازیی قووڵ ترە، پێك دێ.
بزوتنەوەی شۆڕشگێری جۆراوجۆرن ، کاتێك فرە توند و کاتێك تا ڕادەیەك ئارام و هێمنن. پرێك لە شۆڕشەکان، وەك بزوتنەوە چاکسازییەکان، یەکێك لە کاروباری کۆمەڵایەتی لە بەر دەگرێ. و پرێك تەواوی کۆمەڵ لە بەر دەگرێ. لە هەردوو شێوە شۆڕشەکەدا، بە تایبەت شۆڕشی گەورەی کۆمەڵایەتی کە هەموو کۆمەڵ دەتەنێتەوە، ڕەنگی چینایەتییان هەیە.
بناخەی شۆڕشی کۆمەڵایەتی دەبێ لە ژیانی ئابووری کۆمەڵ، واتە کۆی ئەو کارکردانە کە کۆمەڵ بۆ مانەوەی خۆی جێبەجێ دەکا، بەدوایدا بگەڕی. پایەی ژیانی ئابووری، پێوەندییەکە کە لە نێوان گروپە ئینسانییەکان و سروشت دادەمەزرێ و پێدەگوترێ "بەرهەم هێنان". بەرهەم هێنان هەوڵ و تەقەلایەکە بۆ دابین کردنی ئەو شتانەی کە لە سروشتدا بە شێوەی دڵخوازی ئینسان نین. لەبەر ئەوە بەرهەم هێنان پێویستی بە کەرەستە، واتە ئامرازی کارە، ئینسان بە ناچاری دەست بە کەرەستە دروست کردن دەکا.
بەرهەم هێنان هەروەك پێشتر باسکرا، دوو لایەنی بنەڕەتی هەیە. 1- هێزەکانی بەرهەم هێنان و پێوەندی بەرهەم هێنان. هێزەکانی بەرهەم هێنان: ئەو هێزانەن کە بۆ بەرهەم هێنان پێویستن و لەو کردەوانە کە ئینسانەکان بە هۆی کەرەستەکانی خۆیان بە سەر سروشتدا ئەنجامی دەدەن، سەرچاوە دەگرن. پێوەندی بەرهەم هێنان، پێوەندییەکە کە لە ڕەوتی کردەوەی ئینسانەکان بە سەرسروشتدا لە نێوانیاندا پێك دێ و چۆنیەتی دابەشکردنی ئەمرازی کار و ئاکامی بەرهەم هێنان لە نێوانیاندا دیاری دەکا.
بەرهەم هێنان لە هەر کاتێکدا، بە پێی چۆنیەتی دوو لایەنی خۆی دۆخێک دیاریکراو پەیدا دەکا و ئەم دۆخە کە بەری، ڕێکوپێککردنی بەشە دوولایەنەکانە، پێی دەگوترێ، قەوارەی ئابووری.

قەوارەی ئابووری پێویست دەکا کە بۆچوون یان ئیدیولوژی یان پێوەندی ئیدیولوژیکی دیاریکراو بەسەر هەر گروپێکی ئینسانیدا، زاڵ بێ. بۆچوونەکانی گروپێك، کۆمەڵێکە لە بیرکردنەوە باش و لە بارەکانی ئەو گروپە کە بۆ پێداگرتن لە پێوەندی بەرهەم هێنان لە قەوارەی ئابووری گروپە کە سەرچاوە دەگرێ و بریتییە لە بیروباوەڕی سیاسی و رەوشتی و دینی و هونەری و فەلسەفی و تەنانەت شارەزایی زانستی گروپەکە. هەر گروپێك بە پێی ئیمکان و هەلومەرجی بۆچوونەکانی خۆی بە لێکدانەوەیەکی دیاریکراو چاو لە کۆمەڵ و سروشت دەکا و دەبیتە خاوەن شعور و شارەزایی دیاریکراو و ڕێکخراوگەلێکی دیاریکراو، بۆ خۆی ساز دەکا.

لەبەر ئەوە قەوارەی ئابووری زەمینەی ئامانج و ڕێکخراوە ئینسانییەکانە، دەکرێ بە ژێرخان یان بە شێوەیەکی ئاسایی فەرهەنگی ماددی ناودێر بکرێ، و دەکرێ بە بیروبۆچوونەکانی ڕێکخراوەکان بە شێوەی ئاسایی بگوترێ فەرهەنگی ناماددی.

بە هۆی دابەشبوونی کۆمەڵ بە دوو چین، فەرهەنگی گشتی کۆمەڵیش بە دوو وردەفەرهەنگ یان دوو فەرهەنگی چینایەتی دابەش دەبێ. لە ئاکامدا بۆچوونەکان زانیارییە کۆمەڵایەتییەکانیش، بەش دەبێ و هەر چینێك بۆچوونی چینایەتی و شارەزایی چینایەتی تایبەت بەخۆی پێك دێنێ.

پێوەندی دوولایەنەی کۆمەڵایەتی، دەبێتە هۆی ئەوە کە ئەو ئاڵوگۆرانگەلە کە لە نوێهێناندا لە بەشێك بۆ بەشێکی دیکە بگوێزرێتەوە، و گورانی هەر بەشێك بە نۆرەی خۆی لە بەشێکی دیکەدا رەنگ بداتەوە و بە ناو دەوری کۆمەڵایەتی ڕوو بدا. ئەم دەورە لەسەر یەك سازگاری کۆمەڵایەتی تێك دەدا و کۆمەڵ تووشی دژسازگاری و ناسازگاری دەکا.

لە لەرەوتی کاتدا، بەهۆی ئاڵوگۆری هەلومەرج و دۆخی کۆمەڵایەتی و بەرینایەتی و گەورەیی چوارچێوەی پێداویستی ئینسان، نوێهێنان و ئاڵوگۆری ژێرخانی ئابووری کۆمەڵ پێویست دەبێ. دواتر، هێزەکانی بەرهەم هێنان پەرەدەگرن وئاڵوگۆری پێوەندی بەرهەم هێنان پێویست دەبێ، لە نێوان هێزەکانی بەرهەمهێنان و پێوەندی بەرهەمهێنان، ناسازگاری پێك بێ و لە ئاکامی توند بوونی ئەم ناسازگارییەدا، چینی نوێ کە لە ڕەوتی گەشەکردنی هێزەکانی بەرهەم هێنان شێوازی گرتووە و دروست بووە، لە دژی چینی چەوسێنەر کە نوێنەر و پارێزەری پێوەندی بەرهەم هێنانی کۆنە، شۆرش دەکا.

شۆرشگێری کۆمەڵایەتی واتە ڕاپەڕینێکی توندوتیژ و پرشووری چینی کۆمەڵایەتی تازە پێك هاتوو. یان چینی تازە پێگرتوو لە دژی چینی پتروکاوی خاوەن دەسەڵات، گرنگترین هۆکاری بازسازی کۆمەڵە. ئاشکرایە کە هەر ڕاپەڕینێك یان شۆرشێك، شۆرشی کۆمەڵایەتی نیە. شۆرشێك کە چینی چەوسێنەر لە بەرامبەر چینی تازە پێگرتوو دەیکا، دژی شۆرشە. شۆرشی گروپێك لە چینی چەوسێنەر لە دژی شورشی چینی تازەراپەڕیو ئەنجامی دەدا، دژی شۆرشە. شورشی گروپگەلێک لە چینی چەوسێنەر، دژی گروپێک وەک خۆی، کودەتا یان شورشی کۆسکییە. شۆرشی کۆمەڵایەتی گەورە، بە کردەوە سەر ئەکێشێتە لای ڕۆخاندنی چینی کۆمەڵایەتی کۆنە و هێزگرتن و سەرکەوتنی چینی کۆمەڵایەتی نوێ و بەم شێوەیە، قەوارەی ئابووری لە مێژینە و سەرخانی ئەو تێك دەدا و قەوارە و سەرخانی تازە پێك دێنێ و چوارچێوەیەکی مێژویی تازە دەست پێدەکا.

**چوارچێوەگەلی مێژوویی:** لە ڕەوتی جمۆجۆڵی کۆمەڵایەتی ئینساندا، بریتییە لە پێنج نیزامی مێژوویی کە لە سێ دەورەدا، خۆیان نیشان داوە:
١- دەورەی کۆکردنەوەی خواردەمەنی، دەورەی نیزامی سەرەتایی، ئەم دەورەیە لە بەشی کۆنەناسیدا، بە کۆنە بەردی، ناودێر دەکرێ، لە سەرەتای سەرهەڵدانی ئینسان تا نیزیك دە هەزار ساڵ لەمەوبەر، درێژەی کێشاوە.
٢- دەوری بەرهەم هێنانی خواردەمەنی، ئەم دەورەیە کە لە بەشی کۆنەناسیدا بە نوێبەردیی ناودێر دەکرێ، لە نیزیك دە هەزارساڵ پێش بە هۆی گەشەکردنی ئامرازسازی و دۆزینەوەی شێوەکانی کشتوکاڵ لە بێڵ لێدان و زەوی کێڵان و گاسن و ئاژەڵدارییەوە دەستی پێکرد. ئەم دەورەیە بریتییە لە دوو چوارچێوە. چوارچێوەی کۆیلەداری و زەویداری.
٣- دەورەی بەرهەم هێنانی ماشێنی. بە هۆی گەشەکردنی ژیانی ئابووری کەرەستەکان بەگرێگوڵتربوون و ماشێن پێك هات و کۆمەڵ توانی هاوشان لەگەڵ بەهەم هێنانی خواردەمەنی، بۆ بەرهەم هێنانی کووتاڵی جۆراوجۆر کە بۆ پەرەپێدانی ژیانی ئینسان پیویستن، خەریك بن. لە سەردەمی نوێ لەدایك بوون (ڕێنێسانس) ی ئوروپادا، بەم لاوە دەوری بەرهەم هێنانی ماشێنی دەستی پێکرد.
دەورەی بەرهەم هێنانی ماشێنی، بە پێی ڕەوتی گەشەکردنی کۆمەڵ وەك دەورەی بەرهەمهێنانی خواردەمەنی دوو دەورەیە.
کاتێك کە چینی زەویدار لە نێو چوو و چینی مامەڵەگەر جێگای گرتەوە. و یەکەمین دەور، دەوری بەرهەم هێنانی ماشێنی دەستی پێکرد و لە چەرخی ئێستادا، بە هۆی گەشەکردنی ڕۆژ بە ڕۆژی ژیانی کۆمەڵایەتی، چینی بەرهەم هێنەر، بە هێز بووە و خوازیاری لە نێو چوونی قەوارەی چینایەتی و بە دەست هێنانی هاوئاهەنگی و هەمسازی کۆمەڵایەتی بووە. هەر بۆیە دەکرێ ئەم چەرخە بە پێش قەرەوڵی دوویەمین دەور لە دەورەی بەرهەم هێنانی ماشێنی لە قەڵەم بدرێ.

بە کورتی لە کۆتایی ئەم باسەدا: کاتێك کە بە هۆی نوێ هێنان، سازگاری کۆمەڵایەتی لە نێو بچێ، ژیانی کۆمەڵایەتی لە مەترسی دەکەوێ و لە ئاکامدا دووبارە دروستکردنەوەی کۆمەڵ پێویست دەبێ. بۆ بازسازی کۆمەڵ دوو ڕێگا هەیە. ئەرێنی یان گەشەکردن و نەرینی یان جمۆجۆڵی بەرەو دواوە. بازسازی نەرینیی، ئەگەری جێ بەجێ بوونی نیە و دەگمەنە. بازسازی ئەرینیی یان بە شێوەی بزوتنەوەی چاکسازییە یان بە شێوەی بزوتنەوی شۆڕشگێرانە. بزوتنەوەی چاکسازیی ئارام و وردە وردەیە بۆ دابین کردنی نوێهێنان کە ناسازگاری کۆمەڵایەتی لە نێو بەرێ. بزوتنەوەی شۆڕشگێری توند و لە ناکاو بۆ دابین کردنی نوێ هێنانە کە ناسازگاری کۆمەڵایەتی بە شێوەی قووڵ لە نێو بەرێ.
بزوتنەوە چاکسازێکە بە ئەنقەست کەرەستەی پێشگیری لە بزوتنەوەی شۆڕشگێری بووە، لە سەردەمی ئێمەدا گرنگی زۆری پەیدا کردووە، بە شێوەی موهەندسی کۆمەڵایەتی دەرهاتووە.
لە کاتێکدا هێزەکانی بەرهەم هێنان بە تەواوی پێشکەوتن وەدەست بێنن، بەڵام پێوەندی بەرهەم هێنان وەك خۆی بمێنێ، کۆمەڵ تووشی ناسازگاری گەورە دەبێ و

شۆرشی  کۆمەڵایەتی گەلان پێویست دەبێ. هەر شۆرشێکی کۆمەڵایەتی گەورە بە هۆی چینێکی تازە پێگەیشتوو کە لە گەشەی هێزەکانی بەرهەم هێنان لە دایك بووە، لە دژی چینێك کە پێوەندی بەرهەم هێنانی لە مێژینە بە قازانجی خۆی دەزانێ ڕوو دەدا، بە هۆی هەر شۆرشێکی کۆمەڵایەتی گەورە، قەوارەی ئابووری کۆمەڵ هەروەها ژێرخانی ئەو لە باری چۆنیەتیەوە دەگۆڕێ و قەوارەی مێژوویی تازە پێك دێ.

## گەشەکردنی کۆمەڵایەتی:

گەشەکردنی کۆمەڵایەتی یان پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی، یەکێك لە گرنگترین چەمکەکانی زانستی کۆمەڵایەتی و پشتوپەنای بزووتنەوەکانی شۆڕشگێری و چاکسازیی چەرخی بیستەمە. بە پێی تێڕامانی گەشەکردنی کۆمەڵایەتی، دێر گۆڕانکاری قەبووڵکری ڕەگەزگەلی کۆمەڵایەتی و هەروەها گەشەکردنی گشتی هەر کۆمەڵێك و چالاکیی مێژوویی ئینسان بێجگە لە بابەتگەلی بەدەگمەنن، نیشاندەری جۆرێک پێشڕەوی یان ڕەوتی گەشەکردنن.

لە بەرانبەر تێڕامانی بەنرخی گەشەکردنی کۆمەڵایەتی، تێرامانگەلێک وەک گۆڕانکاری دەوری کۆمەڵایەتیی بەرەو دوواوە گەڕانەوەی کۆمەڵایەتی و دابەزینی کۆمەڵایەتیی، لە ئارادایە.

بەپێ تێڕامانی شینگلری ئاڵمانی و توین بی ئینگلیسی، دوایین پەیامبەر ئەوەن، کۆمەڵەکان لە ڕاگوزەرێکی دایرەی بەستەدا تێدەپەڕن و گۆڕانکاریگەلی مێژوویی، شتێک بێجگە لە دووپات بوونەوە نییە. بە پێی تێڕامانی ئینگی ئینگلیسی هەرچی لە تەمەنی مێژوویی ئینسان تێدەپەڕێ، کۆمەڵەکان کەمتر لە دابینکردنی بەختیاری ئینسساندا سەرکەوتوو دەبن، و لە جێگای بەرەو پێش یان ڕەوتی گەشەکردن، بەرەو دواوە و دواکەوتوویی دەچن .

هەواڵنامەی کتێب

بە گشتی هەردوولایەن دەڵێن کە گەشەکردنی کۆمەڵایەتی دەتوانێ دوو واتەی هەبێ، یەکێك پێشکەوتن و بەرەو ئامانجێکی دیاریکراو، ئەوی دیکە سەرکەوتن لە دۆخی هەبوو. واتەی یەکەم، دەخوازێ کە کۆمەڵگا ئینسانییەکان لە هەموو دەورەکانی مێژوو، خوازیاری ئامانج یان ئامانجگەلێکی نەگۆڕ بن و بە نیزیك بوونەوە بەوان خوازیاری کەماڵ بن. واتەی دووهەم ئەوە دەخوازێ کە کۆمەڵگاکان بۆ خۆیان خوار و سەرێك بناسن و لەگەڵ سۆز بۆ لای سەرەوە، ڕێگای گەشەکردنی بگرنەبەر. بەڵام نە ئامانج و نە ئامانجگەلێکی گشتی و هاوبەشی و ئاشکرا هەیە و نە وەك پێوەرێك بۆ دیاریکردنی سەرووخوار. دیارە ئەم مەسەلەیە بۆ ئاگاداری زیاتر هێنراوە.

بە پێچەوانەی تێڕامانی دژی گەشەی کۆمەڵایەتی، گەشەکردنی سروشتی ڕەوتێکی ڕاستەقینەییە. نێشاندەری بەگرێوگول بوونی بەرەبەرەیی گیانلەبەرەکان و پتربوونی بێ پسانەوەی توانای مانەوەی ئەوان بۆ مانەوە یان لە شێوەیەکدا کە لە ژیانی کۆمەڵایەتی ئاوادا، جمۆجۆڵێکی ڕاستەقینەیی و گشتی و بنەرەتیی بەرچاو ناکەوێ.

بە پێی نەزەریەی دژی گەشەی کۆمەڵایەتی، داوەری لە بارەی باشی یان خەراپی، ناشیرینی و جوانی و گەشەکردن یان لە نێوچوون. بە ئەو پێوەرە تایبەتییانە کە لە گۆڕاندان و هەلومەرجی کۆمەڵایەتی تاکەکەسیی داوەر لە دایك دەبێ،

پێوەندی هەیە و لەم بارەوە ڕاستەقینە و شێلگیرانە و بێ ئەملاوئەولانیە. بە وتەیەکی دیکە هەر کۆمەڵێك یان تەنانەت هەر گرووپێکی کۆمەڵایەتی خۆی بەو نرخانەوە بەستووەتەوە بە پێ ئەو نرخانە لە بارەی شت و بابەتگەلەوە، داوەری دەکا. بە پێی تێڕامانی ئەمنە، لەبەر ئەوە کۆمەڵەکان ئامانجەکان و پێوەری گشتی و هاوبەشی و ڕوونیان نیە، هەڵسەنگاندنی چالاکی و بزوێنەرەکانی مێژوویی و دیاری کردنی گەشەکردن و لە نێوچوون نەگونجە.
لە بەرامبەری وردبوونەوەکانی دژی گەشەی کۆمەڵایەتی دەبێ بڵێین، کە یەکەم کۆمەڵە جۆراوجۆرەکان خاوەنی ئامانجەگەلی گشتی و ڕوون شیاوی هەڵسەنگاندنن، دووم پێوەرەگەلی گشتی و هاوبەشیش بۆ دیاریکردنی گەشەکردن یان لە نێو چوونی جمۆجۆلەکانی مێژوویی لە ئارادا نیە.

**ئامانجە لێکیەکەکانی کۆمەڵەکان:** ئەگەری ئەوە هەیە ئەم ئامانجانە زۆر گشتی و هەڵماڵدراو (انتزاعی) بن. ئامانجە گشتییە ئینسانییەکانی وەك پەرەپێدانی زاڵ بوونی ئینسان بە سەر سروشتدا و فرەبوونی بەختیاری و ئاسایش و پەرەگرتنی ئیمکاناتی ئینسانی، لە هەموو کۆمەڵەکان و چوارچێوە کۆمەڵایەتییەکان، بە شێوەی یەکسان جێ بەجێ نابن. بۆیە دەبێ بارودۆخی کاتی و شوێنی لە بەرچاو بگیرێ. ئەو شتە لە نیزامێکی کۆمەڵایەتیدا هۆکاری گەشەکردنە. بگرە لە نیزامی کۆمەڵایەتی دیکەدا هۆکاری لە نێوچوون بێ، وەك کاری منداڵ لە ڕابردوو و ئێستادا.
١- بۆ دیاریکردنی گەشەکردنی هەر کۆمەڵێك دەبێ بە پێی ئیمکان و هەلومەرجی تایبەتی ئەو سەرنج بدرێ و هەر یەك لە قۆناخەکانی ئەو بە سەبارەت قۆناخەکانی دیکەی خۆی، هەلسەنگێندرێ و بێتە بابەتی داوەری.
٢- سەرکەوتن و هاتنە خواری دۆخی هەبوو: کۆمەڵ بە گشتی و هەروەها هەر یەك لە ڕەگەزەکانی کارکردی دیاریکراوی بە ئەستۆیە. هەر کات کارکردی کۆمەڵ یان کارکردێك لە ڕەگەزەکانی، بە دروستی و بە ئاسانی زۆرتر جێبەجێ ببێ، بە ڕاستی دەتوانین بە پێشکەوتنی ئەو ڕەگەزە پڕوا بێنین و ئەمەش بەرهەمی هۆیە زەینییەکان و مەبەستە تایبەتییەکان نیە. ئەمە، وێنەیەك لە گەشەکردنە لە مێژووی ئینسانیدا، جمۆجۆڵی گەشەکردن بنەرەتییە و جۆمجۆڵی بەرەو دواوە بە دەگمەنە. کۆمەڵی ئینسانی بە گشتی بەرەو پێش دەچێ و تەنیا کاتێك تووشی ڕاوەستانی کاتی دەبێ، کە زەمینەی جمۆجۆڵێکی توند بۆ پێشەوەیە.
جمۆجۆڵی مێژوو نە داپرەیی بەستەیە و نە خەتی ڕاست و بێ شکان، حەرەکەتی مێژوویی خەتێکی خواروخێچە، لە هەمان کاتدا شکاندنی کۆڵەکەیەکی (محور) پتەو و قایمی هەیە کە لە خوارەوە بۆ سەرەوە درێژەی هەیە و مارپێچی لەگەڵ ئەوە کە دەوریان حەلقەگەلێك وەك یەك پێك دێ، بە نیزامێکی هاوئاهەنگ بەرەو سەر دەچێ.

شیکردنەوە و باس و لێکدانەوە و شێوازگرتنی گەشەکردنی کۆمەڵایەتی: کۆمەڵ هەروەك هەر یەك لە بەشەکانی خۆی، کارکرد یان ئەرکێکی ئەساسی هەیە، ئەویش دابین کردنی بەختیاری و ئاسایشی ئینسانی یە. بە شاهێدی مێژوو،

ئاسایشی ئینسانی لە بنەڕەتدا، بە دوو ئەگەر (ئەگەری لە نێو بردنی تەگەرە، زیندوومانەوە و ئەگەری جێبەجێ کردنی داخوازەکان)، پێوەندی هەیە.

لەبەر ئەوە کە ناسازگاری کۆمەڵ بەری گۆڕانکاری هێندێك لە رەگەزەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی و نەگۆڕاوی یان وەك خۆ مانەوەی رەگەزگەلێکی دیکەیە و لەبەر ئەوە کە بە دەست هێنانەوەی سازگاری یان دووبارە دروستکردنەوەی کۆمەڵ دەبێتە هۆی ئاڵوگۆڕ لە رەگەزگەلی نەگۆڕاودا، بێ ئەملاوئەولا، ئەم سازگارییە تازە بە لەبەرچاوگرتنی سازگاری لە دەستچوو، جیاواز دەبێ. هەر بۆیە چۆنیتی کارکردی کۆمەڵیش لە درێژەی قۆناخەکانی مێژوودا گۆڕانی بەسەردا دێ. گەشەکردنی کۆمەڵایەتی کە لە دەورانی سەهۆڵ بەندانی زەوی بەم لاوە جێگای گەشەەکردنی سروشتی ئینسان گرتەوە و شێوەیەکی بەرچاوی ئەو گەشەکردنە، گەشەکردنی ئامرازسازییە. لە کۆمەڵەکانی سەرەتاییدا زۆر هێدی بوو. وەك ئەوە کە نیزیك نیو میلیۆن ساڵ درێژەی کێشاوە تا ئاڵوگۆڕێکی بەرچاو لە کەرەستەی بەردی سەرەتاییدا ڕووی داوە. بەڵام لە دوای دەورەی پارێنەبەردی، گەشەکردنی کەرەستەسازی دەوری گرت، لە دەورەی نێوەڕاست بەردییدا، بەکارهێنانی بەرد کەم بووەوە، ژمارەی کەرەستەگەلی ئێسکی و عاجی فرە بوو، و لە نزیك هەشت هەزار ساڵ پێش دەورەی نوێ بەردی، دوایی دەورەی کانزا پێك هات و دوویەمین شۆڕش واتە شۆڕشی شارستانیەت یان شارنشینی ڕووی دا.

هاوکات لەگەڵ گەشەکردنی کەرەستەسازیدا، بیری ئینسانی هەروا لە سەریەك دەوڵەمەند دەبوو و دۆزینەوە و ئافراندنەکان زۆر دەبوو. فەرهەنگی کۆمەڵ لە ڕەوتی ژیان و تاقیکاریی بەرەکان، زیاتر دەخرایە سەر یەک.

گەشەکردنی هێزەکانی بەرهەم هێنانی ئینسانی، توانا و هێزێکی گەورەی گەیاندە کۆمەڵ. ئینسان، توانی بە ناسینی یاساکانی میراتگریی و گەشەکردن لە دەروونی خۆی و گیانلەبەرەکانی دیکەدا، دەستکاری بکا.

باش بوونی فەرهەنگی ماددی واتە باش بوونی کەرەستە دروستکردن و زاڵبوونی ڕۆژ بە ڕۆژی ئینسان بە سەر سروشتدا، هەم فەرهەنگی نامادی و ئیدیولۆژی ئینسان قووڵتر و پەرەگرتووتر کرد و هەم بیروبۆچوون وردی ڕەخنەگرانە و عەواتێفی ناسکی ئینساندۆستانە پتر جێبەجێ کرد، و هەم لەگەڵ فرە بوونی جموجۆڵی چینایەتی و پێش بردنی کۆمەڵە داخراوەکان یان چینایەتی، بەرەو لای سیستەمێکی کراوە یان بێ چین و دابین کردنی ویستە ئینسانییەکان ئاسانتر کرد.

**ڕێبەرایەتی گەشەکردنی کۆمەڵ**: هێمنی و بەختیاری ئینسان لەگەڵ ئەوە کە دیاردەگەلی زەینین، بە هۆی دیاردە راستەقینەکان بەر دەدەن. هەر وەک چلۆن دیاردە راستەقینەکانی ژیان، ڕەوتی گەشەکردن دەپێون، هێمنی و بەختیاری ئینسانیش توندوتیژ دەبن. گەشەکرنی یەك میلیون ساڵەی ئینسان لە پێناوی گەشەکردنێکدا کە بابەتی تێرامانی ئینسانی ئەم سەردەمەیە، شتێك نیە و لەم بارەوە ئینسان بۆ گەیشتن بە ویستە گەورەکانی خۆی پێویستە لە رێگای گەشەکردنی کۆمەڵایەتیدا، هەوڵ و تەقەلای زۆر بدا. ئەگەر لە دنیای ئارامڕەوی ڕابردوو تەنها تاکگەلێکی بەدەگمەن، بە ویست و شارەزایی لە بۆ گۆڕانی سیستەمی کۆمەڵایەتیدا تێدەکۆشان و مێژووئافڕێنەر بوون، دنیای توندوتیژ و رەوتی

ئێستا پێویست دەکا، کە هەموو خەڵک بە ئەنقەست و زانیاریی بێنە مەیدانی مێژوو دروست کردن و بە تێکۆشانی شۆڕشگێرانە، کۆمەڵ لە گەشەکردنی خوێدا وەگەڕبخەن. ئەگەر هەمووی خەڵک ڕێبەرایەتی گەشە کردنی کۆمەڵ بە دەستەوە نەگرن تەنیا کۆمەڵ بە توندی دڵخوازی ئینسان گەشە ناکا. بەڵکوو خۆڕاگری پێداگرانەی سوودخوازەکان لە بەرانبەر ئاڵوگۆڕی بێ ئەملاوئەولای دژایەتیگەلێکی جۆراوجۆر لە بواری ژیانی کۆمەڵایەتیدا پێك دێنێ و بە دوایدا قەیرانی ئابووری و هەژاریی و دەروونپەرێشانی و بێسەرەوەبەرەیی و.... دێنە ئاراوە.
ئینسان هەروەك بە ناسینی یاساکان یان پێویستییە سروشتییەکان، هێزە سروشتییەکان هەوسار دەکا و دەیخاتە ژێر ڕکێفی خۆی و سروشت بە ویستی خۆی دەگۆڕێ، دەتوانێ بە ناسینی یاساکان یان چتە هەنووکەییە مێژووییەکان، لە گورانکاری گەشەکردنی کۆمەڵدا، شوێن دابنێ. پێویستی ناسینی یاساکانی گەشە کردنی کۆمەڵ لێرەوەیە .
کەسانێك کە ڕێگای و رچەی گەشەکردنی کۆمەڵی خۆیان دەناسن، و بە شەوق و ویستی پێ دەنێنە ئەو ڕێگا، خۆ بە خۆ توند تر وچالاک تر لە ئەوانەن کە نەزانانە و ناخواستە و تەنیا بە حوکمی بێ ئەملاوئەولای کۆمەڵ، رایان دەماڵن، بەرەوپێش دەچن و بەم بەرەوپێشبردنە، گەشەکردنی کۆمەڵ توندتردەکەن.
ئیدیولوژی هەر کەس لە تێکۆشانەکانی ئەودا شوێن دادەنێ. گیانلەبەرە پلەنزمەکان لە مرۆڤ، تەنیا بە دنەدانی هۆکارگەلی بابەتی راستەقینە ژینگەی خۆیان بە هەوڵ و تەقەلا دەکەون. بەڵام ئینسان هەم لە هۆکاری راستەقینە و هەم لە هۆکاری ناڕاستەقینە شوێن هەڵ دەگرێ. ئیدیولوژی هۆکارێکی ناراستەقینانەیە کە لە فرەیەك بابەتدا وەك هۆی راستەقینە دەبێتە دنەدەری تێکۆشانەکانی ئینسان.
ئیدیولوژی هەر کەس لە ژینگەی کۆمەڵایەتی بە تایبەت لە پێگەی چینایەتی ئەودا، لەدایك دەبێ، بەڵام ڕووناکبیرێك کە بە هێزی زانست تەیار بێ، دەتوانێ خۆی لەگەڵ جمۆجۆڵە چالاکەکانی گەشەکردنی کۆمەڵدا، ڕێك بخا.
بێگومان دەستتێوەردانی تاك لە جمۆجولە کۆمەڵایەتییەکاندا، کارێکی زانستیانە نیە، بەڵام تاك هەرکە بێ گیرۆدەی گرێوگۆڵ خاوەن سنووربوونی باری کۆمەڵایەتییە و ئەگەری ئەوەی نیە کە یەکسەرە لە ئەگەر و هەلومەرجی کۆمەڵ خۆی دوور ڕابگرێ.
ئەگەر هەلومەرجی کۆمەڵایەتی ئیمکانی ئەوە نەدا، نە قارەمانێك دروست دەبێ و نە کەسێك دەبێتە بلیمەت و هەڵکەوتوو. هیچ تاکێك تەنانەت ڕێبەرێکی سەرەڕوویش ناتوانێ ئەگەرگەلی بە کردەوە و ئەگەرگەلی ناکردەوەی خۆی لە بەرچاو نەگرێ و بێ هاوئاهەنگ بوون لەگەڵ دۆخی کۆمەڵ یان لانی کەم هاوکاری پرێك لە چالاکیگەلی کۆمەڵایەتی، و بێ پشتبەستن بە هەندیک لە گروپە کۆمەڵایەتییەکان، شوین لەسەر کۆمەڵ دابنێ.
هەموو کەسێك کە تەندروست دێنە دنیاوە، بۆ هەزار شێوە تێکۆشانی زەینی و راستەقینە، ئامادەییان هەیە. بەڵام هەرکەس بە پێی پێگەی کۆمەڵایەتی خۆی، بەرەو تێکۆشانێکی دیاریکراو رادەکێشرێ. لە جیاوازی ئینسان لە دایك بووی ژینگەی کۆمەڵایەتی جیاوازە. هەروەها جیاوازیەکانی تاکگەلێکی کۆمەڵایەتی لە بنەرەتدا لەدایك بووی پێوەندی کۆمەڵایەتییە. هەر ئینسانێك توانای ئەوەی هەیە کە

لە ڕادەی ئیمکاناتی مێژوویی خۆی لە کۆمەڵدا شوێن دابنێ، هەروەك ئەوە کە هەر ئاكامێك دەتوانێ ببێتە هۆ و خۆبەخۆ لە هۆی خۆیدا، شوێن دابنێ.
پێوەری گەشەی گشتی ئینسان، پەرەگرتنی بەختیاری ئینسانی و بەختیاری ئینسانیش پێویستی بە هێمنی ژیان و دابین كردنی ویستەكانی ئینسانییە.
بە كورتی ئینسان دەتوانێ لە ڕادەی ئیمكاناتی مێژوویی چەرخی خۆیدا، لەسەر كۆمەڵ شوێن دابنێ و بە هەوڵ و تەقەلای شارەزایانەی ڕەوتی گەشەكردنی كۆمەڵایەتی توند بكا و مێژوو دروستكەر بێ(١).

## جوگرافیا

بۆ ناسینی كۆمەڵێك لە دووبارەوە بۆی دەچێن:
الف: پێوانی باری ئابووری. 1- خاك. 2- كەرەستەی خاو. 3- ئاووهەوا. 4- سەنعەت. 5- كشتوكاڵ. 6- ئاژەڵداری. 7- بازرگانی.
--------------------
ب: پێوانی باری دانیشتوان. دانیشتوان و تایبەتمەندییەكانیان.1- ژمارەی دانیشتوان و هەڵدانی ژمارەی دانیشتوان بە ساڵ. 2- پێك هاتنی جنسی و تەمەن. 3- دانیشتوانی شار و دێ. 4- فەرهەنگ. 5- دین و مەزهەب. 6- پێك هاتنی نەتەوەیی. 7- پێك هاتنی چینایەتی و كار و كاسبی. 8- ڕادە یان پلەی ژیان.

**باسی كوردستان**

كوردستان دەكەوێتە نێوان (30-40) دەرەجەی پانای و (37-48) دەرەجەی درێژای شیمالی. لەم بارەوە چەند ڕا هەیە. بۆ وێنە لازورف دەڵێ: كوردستان دەكەوێتە نێوان (34-40) پلەی پانایی شیمالی و (38-48) پلەی درێژای ڕۆژهەڵات. نیزیكەی (1000) كیلومەتر و لە باكورەوە بۆ باشور پانایییەكەی لە نێوان (30-500) دایە. بەڵام ڕایەكی دیكە ئەوەیە كە دەڵێ درێژایی (900) كیلومەتر و پانایی لە نێوان (100-300) كیلومەترە، ئەمە لە ڕاستەوە نزیكە. لە باكووری خۆرهەڵاتەوە لە دەریاچەی ورمێ دەست پێ دەكا تا لای مەلاتیە، لە باشور و خۆرئاوا درێژیەكەی ئەگاتە (900-1000) كیلومەتر.
پێوانەی خاكی كوردستان ٥٢٣٠٠٠ كیلومەتری چوارگۆشەیە، هەروەها بۆ بەراوردێك خاكی كوردستان بە تەنیا لە خاكی ئینگلستان و هۆلەند و بلژیك و سویس و دانمارك گەورە ترە.
١- كوردستانی توركیا 194،400 كیلومەتری چوارگۆشەیە.
٢ -كوردستانی ئێران 124،950 كیلومەتری چوارگۆشەیە.
٣--كوردستانی عێراق 72،000 كیلومەتر چوارگۆشەیە.
٤- كوردستانی سوریا 18،000 كیلەمەتری چوارگۆشەیە.
بەرزترین زنجیرە چیاكانی كوردستان بریتین لە توروس، ماردینی خوارو و زاگرۆس. بەرزترین لوتكەی شاخی كوردستان لە ئاراراتی گەورە هەڵكەوتووە كە بەرزترین لوتكەی دەگاتە 5158 میتر لە ڕێكی دەریا. نزمترین شاری كوردستان هەولێرە، كە

430 میتر لە ڕێکی دەریاوە بەرزە. بەرزترین شاری کوردستان، بیجارە کە 1920 میتر لە ڕێکی دەریا بەرزە.

ژمارەی دانیشتوانی کوردستان تا ساڵی 1970 بە 14،407،730 کەس بەراورد کراوە کە 13،672،630 کەس کوردن.

ژمارەی دانیشتوانی کوردستانی تورکیا ساڵی 1970 .... 6،408،340 کەس.
ژمارەی دانیشتوانی کوردستانی ئێران ساڵی 1970 ..... 4،521،280 کەس.
ژمارەی دانیشتوانی کوردستانی عێراق ساڵی 1970 ..... 2،131،800 کەس.
ژمارەی دانیشتوانی کوردستانی سوریا ساڵی 1970 ..... 618،200 کەس.
ژمارەی دانیشتوانی کوردستان تا ساڵی 1985

| | |
|---|---|
| ژمارەی دانیشتوانی کوردستانی تورکیا | 9،583،450 کەس. |
| ژمارەی دانیشتوانی کوردستانی ئێران | 6،200،000 کەس. |
| ژمارەی دانیشتوانی کوردستانی عێراق | 3،288،889 کەس. |
| ژمارەی دانیشتوانی کوردستانی سوریا | 1،180،000 کەس. |

بە تێکڕایی 20،252،339 کەس، کە لەوانە 1،128،860 کەس غەیرە کوردن. ژمارەی ئەو کوردانە لە دەرەوەی کوردستان دەژین 1،220،380 کەسە. تێکڕایی ژمارەی کورد لە دنیا 20،744،159 کەسە.

بە پێوای لازاروف 75% تا90% ی دانیشتوانی کوردستان کوردن، نیزیك 30 میلیۆن کەسە، کە زیاتر لە 85 لە سەدی لە کوردستان دەژین. بە پێی حیسابێکی سەرپێی 47% کوردەکان لە تورکیا، 31% لە ئێران، 16% لە عێراق ، 3،5% ی لە سوریە، 1% لە یەکێتی سوویتی و 1،5% دیکەی لە وڵاتانی دیکە دەژین. ژمارەی کوردەکانی تورکیە بە 9،400،000 کەس، لە ئێران 6،200،06 کەس، لە عێراق 3،200،000 کەس، لە سوریا 700،000 کەس و لە یەکێتی سۆڤیەتی 200،000 کەس و لە وڵاتانی دیکە 300،000 کەس دادەنێ. لە تورکیا کورد 23،8 لەسەد، لە ئێران 16 لەسەد و لە سوریە 11 لەسەدی هەموو ژمارەی دانیشتوان پێك دێنن.

تایبەتمەندی یەکانی نەتەوەی کورد:

-1هەڵکەوتوویی کوردستان لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، کە ناوچەیەکی گرنگە بۆ ئیمپریالیستم. 2- هاوسنووری لەگەڵ یەکێتی سۆڤیەتی. 3- دابەش کراوی لەبەین چوار وڵاتدا. 4- بوونی نەوت لە ناوچەی کوردستان و هەروەها سەرچاوەکانی سروشتی دیکە لە کوردستان زۆرن. 5- بوونی ڕاپەڕینی نەپساو بۆ گەیشتنی سەبەخۆی ڕزگاری لە درێژەی مێژووی خۆی. وەك شۆڕشی 1804 بابانەکان، 1881 شێخ عەبیدوڵای شەمدینیان، 1925 شێخ سەعیدی پیران، دکتور فواد، 1927 ئاگری داخ، ئیحسان نوری پاشا، 1930 شێخ مەحمودی نەمر، 1932 دێرسیم، سەید ڕەزا، 1943 بارزان، 1945 مهاباد، 1961 کوردستانی عێراق. 6- کورد لە حاڵی حازردا گەورەترین نەتەوەیە کە لە مافی نەتەوەیی خۆی بێ بەشە.

لە کوردستان دین و مەزهەبی جۆراوجۆر هەن. ئیسلام (سوننی کە زۆربەن، شێعە) ، یاری، یەزیدی، کاکەیی، مووسایی، عیسایی.

زمانی کوردی بە چەند لەهجەی ئەسڵی دابەش دەکرێ:

١-لەهجەی شیمالی ،(هەرکی، شکاکی، جەلالی (بایەزیدی)، هەکاری، بۆتی، جەزیری، عفریتی، زازا، بادینی.

٢- لەهجەی ناوەندی کە بە ناڕاست پێی دەڵێن سۆرانی. لە ڕاستیدا ئەم زاراوانە بە موکریانی، سۆرانی، سلیمانی، شوانی، جافی، سنە، گەرووسی ناودێر کراون.
٣-لەهجەی جنووبی، کرماشانی، کەلهوری، کولیایی، پایرەوەنی (پێرەوەندی)، لەکی، لوڕی، هەورامی.
لە کوردستانی تورکیە، بە ئەلف و بێ لاتینی و لە یەکێتی سۆڤیەتی، بە ئەلف و بێی ڕووسی و لە کوردستانی عێراق و ئێران بە ئەلف و بێی ئارامی (کە فارس و عەرەبیش کەڵکی لیوەردەگرن) بۆ نووسین و خوێندن کەڵك وەردەگیرێ.
بە پروای حەمە ئەمینی هەورامی لە بەراوردی زمانی کوردی و ئاڤێستاییدا دەڵێ:
زمانی ئێرانی ــــ زمانی ئێرەن قاج ــــ زمانی میدی ــــ زمانی ئاڤێستایی ــــ زمانی کوردی، کە بە چوار زاراوەی دادەنێ: 1- شێوەزاری یان زاراوەی کرمانجی سەروو. 2- شێوەزاری دینی ــــ شێوەزاری ماچۆ ــــ شێوەزاری هەورامی. 3- شێوەزاری کرمانجی خواروو. 4- شێوەزاری لوڕی.

**کوردستانی ئێران**: لە چوار ئۆستان پێك دێ. 1- ئازەربایجانی غەربی (ورمێ، شنۆ، نەغەدە، پیران، مەهاباد، بوکان، سەردشت، ...... 2- کوردستان، سنە، بانە، سەقز، دیواندەر، حسەین ئاوا، قوردە، دێگولان، سەلواتئاو، کامیاران. 3- کرماشان، ڕەوانسەر، پاوە، جوانڕۆ، باینگان، سەهەنە، سونغر، کەنگاوەر، سەرپێڵ، قەسری شیرین، شائاباد، کرند، بیستون، هەرسین. 4- ئیلام، مێهران، سوومار، ئەیوان، ساڵح ئاوا، کوهدەشت ، قەڵادەرە و...
١ - لە بەرەی خاك: درێژایی خاکی کوردستانی ئێران لە 1000،000 کیلومیتر زیاترە. بەڵام پانی لە هیچ شوێنێك ناگاتە 300 کیلومیتر. نیسبەتی خاکی کوردستانی ئێران 40% بۆ کێڵگەی دەبێ 5000،000 هیکتارە، 32% ی لێرەوارە 4000،000 هیکتارە، 38% لەوەڕگەیە.
لە سەر یەك نزیك بە 60% ی خاکی کوردستانی ئێران، شاخاویە. بە هۆی درێژی و شاخاوی بوونی خاکی کوردستان، هاتووچۆ زۆر زەحمەتە و ئەوە بۆتە هۆی ئەوە کە ناوەندێکی بازرگانی گەورە پێك نێت تا ببێتە هۆی تێکەڵاوبونی خەڵکی کوردستان. دیارە هۆی سیاسییش هەیە. گیروگرفتێکی دیکەی کوردستانی ئێران رێگای ئاوی نیە.
٢- کەرەستەی خاو: لە باری کەرەستەی خاوی سروشتی کوردستان ئێران دەوڵەمەندە. ئەوانەی دۆزراونەتەوە یان بە هۆی گەڕان یان خۆیان سەریان هەڵ داوە. لە شائابادی نزیك کرماشان نەوت هەیە، (نەوتشار)، لە سنە گۆگرد هەیە، لە ماکۆ قورقوشم هەیە، لە جنوبی کرماشان و لە ناوچەی سەردەشت، زێر هەیە. لە زۆربەی ناوچەکانی کوردستان ئەم کان و سەرچاوانە هەیە: خەڵوزی بەردیی، ئاسن، خوێ قەڵایی، جیوە، کریستاڵی سروشتی، بەردی جۆراوجۆر.....
٣ - ئاووهەوای کوردستان: جیاوازی پلەی گەرما جاری وایە، دەگاتە 80 پلە، لە شیمالی کوردستان (30-35) پلە ژێر سفرە و لە هاوین لە جنوبی کوردستان دەگاتە (30-40)پلەی ژوور سفرە و جاری وایە زیاتریش.

ڕادەی ناونجی باران لە ساڵدا، لە نێوان (300-400) میلی میتر دایە. بەڵام لە هێندێك جێگا کە دەکەوێتە نێوان چیاکان ڕادەی باران دەگاتە (700) میلی میتر و زیاتریش.
چۆمەکانی کوردستان بریتین‌لە 1- لقەکانی چۆمە سپی (سفید رود) کە ئەوانەی لقی ساڕاڵ، هەوەتون، خورخورە، قەرەتوو، لە نزیك ئالوان توو دەچنە نێو چەمی سپی (سفید روود). 2- چۆمی دیاڵە کە لە کوردستانی ئێران سیروان لە ئەو لقانە پێك دێ: میاپوران، قەشلاق (گاوەڕۆ)، ڕەزاو، مەریوان، لالە و ئاوی ئەڵوەند. ئەو ڕووبارە، دەچێتە نێو چۆمی دەجلەوە. 3- چوومەکانی جەغەتوو و تەتەهو. جەغەتوو سەرچاوەی لە کێوەکانی چل چەمەی ناوچەی سەقز و کێوەکانی تەختی سولێمان لە هەوشار کە باروخە. چۆمی سەقز و کەلی خان، تەتەهو لە کێوەکانی ناوچەی مەهاباد و بۆکان و سەقز سەرچاوە دەگرێ و هەردوکیان دەچنەوە نێو دەریاچەی ورمێ وە. 4- زێ چووکە، چوومی (کەڵوێ) کە لە لك بن دێ و لقەکانی لاوین و قەوساوە و سارتکە و شلماش، بانە دەچیتەوە دوکان لە کوردستانی عێراق، کە سەدی دوکان لە سەری سازبووە و لەوێوە دەچێتەوە بۆ نێو دەجلە. لە ناوچەی کرماشان دوو چۆم هەیە، قەرەسوو و گاماساو. 5- چۆمی گادەر لە ناوچەی نەغەدە، لە مەهابادیش لە ئاغان و داغە چۆمێك پێك دێ و سەدی مەهابادیان لێ دروست کردووە و هەر دووکیان دەچنەوە دەریاچەی ورمێ. لە سەر یەك ئاووهەوای کوردستان مامناوەندی کوێستانی یە.
بناغەی ئابووری نیشتمانی: سەنعەت، کشتوکاڵ، ئاژەڵداری، بازرگانی.
٤- سەنعەت لە کوردستان گەشەی نەکردووە و لە دواوەیە، تا ساڵی 1960 سەدی چواری پرۆژە سەنعەتییەکانی ئێران لە کوردستان بووە. تا ئێستاش ئەو ڕێژەیە کەم گۆڕاوە. سەدی دووی گشتی ئەو سەرمایەیە کە بۆ سەنعەت لە ئێران دانراوە، تایبەت دراوە بە کوردستان. ئەو سەنعەتانە کە لە کوردستاندا هەن، سەنعەتی وردن و شوێنەوارێك لە سەنعەتی دایك نیە. ئەڵبەت لە دەوروبەری شارەکانی ورمێ، سنە، کرماشان هێندێك کارگا و کارخانە هەن. شەڕی هەشت ساڵەیی تەگەرەی زۆری خستووەتە سەر ڕێگای گەشەکردنیان. لە کرماشان شیرکەتی نەوت، کارخانەی پارچە بافی کەشمیر و شەکر و قەند و ئارد و پیپسی کولا. سنە کارخانەی ڕیستن و چنین و پێڵاو و پلاستیك و ئارد. سەنگبڕی لە ورمێ، پیپسی کولا، تولید هەوا، ساندیس. لە مەهاباد کودی تیور، جوجەسازی. لە پیرانشار کارخانەی قەند. لە سەقز گوراو دروست کردن، دووخانیات. لە کوردستان لە زۆر شوێن و جێگایش سەنعەتی دەستی و خۆماڵیش هەیە. ڕیستن و چنین، چوغە و ڕانك، ڕستەك، جاجم، گلیم، کڵاش ، قاڵی، بەڵام هەروەك خۆی ماوەتەوە.
٥- کشتوکاڵ لە کوردستان:1- کشتوکاڵ تا ئێستاش سەرچاوەیەکی سەرەکی داهاتی نیشتمانییە. 2- لە باری میکانیزەبوونەوە، بە ڕادەی تەواو میکانیزە نەکراوە. هەر چەندە هێندێك کومپاین و تراکتور هاتوونەتە کایەوە لە کشتوکاڵدا، هەر بە شێوەی کۆن بەڕێوە دەچێ. 3- گیروگرفتی زەوی هەر لە جێگای خۆی ماوەتەوە و چارەسەر نەکراوە. هەرچەندە لە سەردەمی شۆڕشی 57، بەشێك لە وەرزێر و جوتیارەکان، دەستیان بەسەر زەویدا گرت و ڕژێمی جمهوری ئیسلامیش لە ترسی پەرەگرتنی ئەم ڕەوتە، دەستەی حەوت کەسی زەوی و زاری پێك هێنا، بەڵام پاش

داگیرکردنەوەی کوردستان سەرلە نوێ خاوەن موڵکەکانی هاندا، پشتیانی لێکردن بۆ ئەستاندنەوەی زەوییەکان لە هەژارەکان. 4- ئاودێری هەروەکو خۆی ماوەتەوە و چارەسەر نەکراوە. ..... رایل و پۆی ئاودێری بڵاونەکراوەتەوە. بۆ وێنە 3000،000 هیکتاری زەویە کێڵگەکان هەر دێمن. 5- بە هۆی ئەو دوا کەوتوویەوە بەرهەمی کشتوکاڵ ژیانی جووتیارەکان دابین ناکا.6- ئێستاش لە بەشی زۆری پێوەندییەکانی کشتوکاڵی لە کوردستان چەوساندنەوەیان تێدایە.

٦- ئاژەڵداری لە کوردستان: 1- ئاژەڵداری بە پێچەوانەی جاران پلەیەکی بەرزی لە داهاتی کوردستاندا نیە. بەڵکوو دەکەوێتە پلەی دوای کشتوکاڵ. 2- هیچ پێشکەوتنێك لە ئاژەڵداریدا ڕووی نەداوە. 3- کارگە و کارخانەی شیرەمەنی، دەباغی، ڕیسین و چنین و ئەوانە و بە گشتی سەنعەتی بەرهەمە ئاژەڵییەکان دانەمەزراوە. 4- بەڵام دەبێ ئەو ڕاستییەش بڵێین کوردستان بۆ ئاژەڵداری زۆر گونجاوە و ئەگەر گرنگی پێ بدرێ، دەتوانێ سەرچاوەیەکی گەورەی داهات بێ. ئەوەندە بەسە کە لە بەرچاومان بێ کە 28% ی خاکی کوردستان لەوەڕگە و کوێستانییە. 5- سەرەڕای ئەمانەش تا ئێستا کوردستان زۆر بەرهەمی ئاژەڵداری دەنێرێتە دەرەوە.

٧- بازرگانی لە کوردستان: بەگشتی بازرگانی لە کوردستاندا، بازرگانیکی دڵاڵییە و بە سێ شێوە ئەنجام ئەدرێ: 1- بازرگانی کوردستان لەگەڵ بەشەکانی دیکەی ئێران. 2- بازرگانی لە نێوخۆی کوردستاندا. 3- بازرگانی کوردستان لەگەڵ دەرەوەی ئێران، کە تەنیا بە شێوەی قاچاغە و تا ئێستاش بە شێوەی ڕەسمی نەبووە.

## دانیشتوان و تایبەتمەندییەکانی کوردستانی ئێران:

١- ژمارەی دانیشتوانی کوردستانی ئێران 6،200،000 کەس لە ساڵی 1958 و هەڵدانی ژمارەی دانیشتوانی بە پێی ڕادەیەکە کە پێشتر بەکارمان هێناوە 300،000 کەس لە ساڵ دایە. بە پێی ئەم ڕادەیە بۆ ساڵی 1988 دەبێ 6،800،000 کەس بێ لە دانیشتوانی کوردستان. نزیك بە 500،000 کەس کورد نین و لە بەرامبەری ئەوەدا زیاتر لە یەك میلیون کورد لە دەرەوەی کوردستانی ئێران، لە ناوچەکانی دیکەی ئێران هەن.

٢- تەمەن و جنس لە کوردستان، لە ژمارەی دانیشتوانی کوردستان 51% پیاو و 49% ژنن. بە پلەی نێوەنجی ساڵی ژیان لە کوردستان لە نێوان 35 تا 40 ساڵە. دیارە لە ماوەی ئەم چەند ساڵەدا، ئەم پێوانە گۆڕانی بەسەردا هاتووە. لەم بارەوە هیچ سەرچاوەیەکمان لەدەستدا نیە.

-3دانیشتوانی شار و دێ:

ژمارەی دانیشتوانی کوردستان لە شار و دێ، 1- تا ساڵی 1959 تەنیا 15% ی دانیشتوانی کوردستان لە شارەکان بووە و ئەوی دیکەی لە لادێ. 2- لەو کاتەو تا ئێستا واتە لەو ساڵەوە لە 21 ساڵی ڕابردوودا، ژمارەی دانیشتوانی شارەکان بە شێوەیەکی بەرچاو زیادی کردووە. هۆیەکانی ئەمانەن: چاکسازیی زەوی کارێکی وای کرد کە ژمارەیەکی زۆر لە خاوەن مڵکە گەورەکان و نێوەنجییەکان بچنە شار.2- زۆربوونی داهاتی نەوت لە ئێران، بە تێکڕای ئێرانی کردە وڵاتێکی مەسرەفی کە بووە هۆی ئەوە کە بازرگانی نێوخۆ تا ڕادەیەك گەشە بکا و خەڵکی لادێ پاڵ پێوەبنێ بۆ شارەکان. چوون و ئالوێر لە داهاتی وەرزێر زۆرتر بو. 3- بە هۆی

گەشەی بازاڕی کار و خراپی دۆخی ژیانی کۆمەڵایەتی، خەڵك لە لادێ بە شوێن نان و کاردا چوون. ئەگەری بەدەست هێنانییان لە شارەکان بە ئاسانتر زانی و ڕوویان لە شارەکان کرد. 4- مەسەلەی بزوتنەوەی گەلی کورد، شوێنەوارێکی زۆری هەبوو لە سەر زیادبوونی ژمارەی دانیشتوانی شارەکان و لە چەند ساڵەی پاش ڕاپەڕینی 57 دا. 5- لە ماوەی 21 ساڵی ڕابردوودا، ژمارەی دانیشتوانی شارەکان پتر لە 2،000،000 کەس زیادی کردووە. سەرەڕای شوێنەواری شەڕی ئێران و عێراق و پەرەگرتنی ئیمکاناتی ژیان لە لادیەکان. 6- ئێستا 42% دانیشتوانی کوردستان لە شارەکاندا دەژین، واتە زیاتر لە 500،000 2 کەس. و 58% ی دانیشتوانی کوردستان لە لادێەکان دەژین، واتە زیاتر لە 3000،500، کەس. ئەم پێوانە بۆ ساڵی ١٩٨٠ بووە و ئێستا گۆرانی بەسەردا هاتووە.

## ٤- فەرهەنگ و خۆ و ڕەوشت:

الف: یەکەم شت لە فەرهەنگدا خوێندەواری و پسپۆرییە. تا 24 ساڵ لەمەوبەر 80% ی خەڵکی کوردستان نەخوێندەوار بوون. لە تەواوی شاری مەهاباد تەنیا 8 قوتابخانەی کوڕان و 4 قوتابخانەی کچانە و 4 قوتابخانەی ناوەندی هەبوو. لە تەواوی کوردستاندا، 300 قوتابخانەی سەرەتایی و 30 قوتابخانەی ناوەندی هەبووە. تا ئێستاش لە کوردستان پسپۆری زۆر کەمە. هۆیەکانیشی ئەمانەن: 1- ژێردەست بوونی نەتەوەی کورد، کە بە سەرچارەنووسی خۆیدا دەستەڵاتی نەبووە و ڕژێمە یەك لە دوای یەکەکان هیچ گرنگییان پێ نەداوە. 2- هەژاری خەڵکی کوردستان کە ئیمکانی ئەوەی بە لاوانی کورد نەداوە بە ئیمکاناتی خۆیان درێژە بە خوێندن بدەن. 3- زۆر کەس لە کوردستان تا ئێستاش گرنگی خوێندن و پسپۆریان بۆ دەرنەکەوتووە. تەنانەت هێندێك دایك و باب هەن کە پێیان وایە، باشتر ئەوەیە کە منداڵەکانیان لە کاری ڕۆژانەدا یارمەتییان بدەن تا درێژە بە خوێندن بدەن. 4- تا ئێستاش زۆرکەس لە دانیشتوانی کوردستان ڕێگا نادەن کچەکانیان بچنە قوتابخانە و بخوێنن. دیارە ئەوانە هەمووی ئاکامی زاڵبوونی هێندێك بیروباوەڕی کۆنەپەرستانەن. ئەم ڕێژەیە تا ئێستا سەرەڕای هەلومەرجی تایبەتی کوردستان، زۆر گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە و لە سەریەك تا ڕادەیەك لە بواری خوێندندا بەرەو پێش چووە. ئێستا لە کرماشان و سنە و مەهاباد، چەند زانستگا و فێرگەی بەرهەمهێنان هەن.

## ب- زمان :

١- زمانی کوردی لە کوردستانی ئێراندا، بە درێژایی مێژوو قەدەغە بووە. تەنها لە سەردەمی کۆماری کوردستاندا نەبێ، کە بۆ ماوەی یانزە مانگ بەکارهێنراوە و خزمەتی پێکراوە. 2- خزمەتێکی بەرچاو بە زمانی کوردی نەکراوە. هەر بۆ وێنە، دەتوانین بڵێین نوسراوە بە زمانی کوردی یان هەر نیە یان ئەگەر هەبێ زۆر کەمە. 3- زمانی کوردی سەرەڕای ئەوە کە هیچ خزمەتێکی ئەوتۆی پێنەکراوە، دیسانیش دەوڵەمەندە و باش پارێزراوە کە دەتوانێ لە داهاتوودا، پێش بخرێ و ببێتە زمانێکی ئەوتۆ کە لە هەموو مەیدانەکانی ژیاندا بە کار بهێنرێ. 4- سەردەمی پاش ڕاپەڕینی 57، لە ڕاستیدا دەکرێ بڵێین بە هۆی هەڵگیرسانەوەی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازانەی

کوردستان، زمانی کوردی دەرفەتی دەستکەوت بۆ بوژانەوە و پێشکەوتن، کە لە جێگای خۆیدا، بە نرخە، بەڵام لە ڕاستیدا وەڵامدەر نیە.

## ج- هونەر:

هونەر لە کوردستاندا، زۆرتر بە شێوەی فۆلکلۆر هەیە و هیچ خزمەتێکی پێنەکراوە. هونەرەکانی مۆسیقا، گۆرانی، چیرۆك، هەڵپەڕکێ، هەر بەشێوەی سوننەتی ماوەتەوە و پێشکەوتنێکی ئەوتۆیان بە سەردا نەهاتووە. بۆ نیشاندانی ڕادەی دواکەوتووی هونەر، ئەوەندە بەسە بڵێین کە تا ئێستاش لە کوردستانی ئێران یەك تیپی مۆسیقا ، شانۆگەری، هەڵپەڕکێ نیە. هونەری شانۆگەری و هونەری سینەما هیچ جووڵانەوەیەکیان نەبووە. لە کوردستاندا. تەنیا لە چەند ساڵی دوواییدا بە هۆی بزووتنەوەی خەڵکی کوردستان، چەند فیلمێکی موستەنەد لەسەر ژیان و خەباتی خەڵکی کورد هەڵگیراون. بۆ وێنە فیلمی "تلگیز" کە ئەڵمانی بوو، فیلمی "برتونیلو" فەرانسەوی بوو، فیلمی ڕێکخراوی پزیشکی نێو نەتەوەیی، فیلمی "هیلگ"ا ئینگلیسی، فیلمێکی تلویزیونی ئیتالیا و هەروەها دوو فیلمی بەشی هونەری حیزب، نان و ئازادی  و "برفراز کوهای سرفراز کردستان".

## د- خورەوشت:

١-  ژن هێنان و خیزان پێکەوەنان. 2- عاتێفی بوونی کۆمەڵی کوردستان. 3- دوژمنایەتی و بەخشین. 4- خورافات. 5- جێژنەکان.6- ڕێزگرتن لە شەهیدانی بزووتنەوە. 7- پێوەندی نێوان خەڵك و خەباتگێران، پاشماوەی هۆزایەتی و دەرەبەگایەتی.١

١- ژن هێنان و خێزان پێکەوەنان: الف_ خێزان لە کۆمەڵی کوردستاندا، نرخێکی بەرچاوی هەیە. دەتوانین بە کاکڵەی سەرەتایی پێك هێنانی کۆمەڵی دابنێین. ب- پێکەوەنانی خێزان، هێندێك گیروگرفتی هەیە کە زۆرتر لەو زوڵمەوە سەرچاوە دەگرێ کە تا ئێستاش لە ژنانی کوردستان دەکرێ. بۆ وێنە، دیاردە ناشیرینەکانی وەك گەورە بە بچووك، ژن بە ژنە، بە زۆری بە شوودان، شیربایی وەرگرتن، مارەیی زۆر، هەزینەی زۆر و نەبوونی ئازادی هەڵبژاردنی هاوسەر بۆ ژنان لە زۆربەی ناوچەکانی کوردستاندا، بەرچاودەکەون. لە سەر یەك ژن هێنان بە چەند شێوەیە، خوازبێنی کردن، ژن بە ژنە، ژن هەڵگرتن. کە ئەم دووانەی دوایی دوایی یان شوێنەواری دابی کۆنن. ژن هەڵگرتن یان ڕەدوو کەوتن، شیوە خەباتێکی ژنان بووە دژی چەوساندنەوەیان. ج- ژن تا ئێستاش لە کۆمەڵی کوردەواریدا، لە باری سیاسیشەوە نرخێکی بۆ دانەنراوە. ڕادەی کەمی بەشداری ژنان لە بزووتنەوەدا ، ئەو ڕاستییەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە. د- ڕێکخراوە سیاسییەکان بە تایبەت حیزب و کۆمەڵە کە دەیانتوانی دەوری بەرچاویان هەبێ، وەك پێویست نەجوڵاونەوە. حیزب کەمتەرخەمی کردووە و کۆمەڵەش بە شێوەیەکی توندڕەوانە کارێکی ئەوتۆی کردووە کە خێزانەکانی کوردستان ڕێگای تێکۆشان لە کچەکانیان بگرن.  ژنانیش بە ڕادەی پێویست، شارەزایی یان بە دەست نەهێناوە.

## ٢- عاتێفە لە کوردستاندا :

کۆمەڵی کوردستان، بە کۆمەڵێکی عاتێفی دەژمێردرێ لە چەند شتدا. دەتوانین ئەم مەسەلەیەمان بە توندی بۆ دەرکەوێ، لە شین و شایی و میوانداریدا.
هەر لە بەر ئەوەیە کە کۆمەڵی کوردستان، زۆر بە ڕێزەوە مردوو بەڕێ دەکا، لانی کەم سێ ڕۆژ تازیەی بۆ دادەنێن. خەڵکی دێ یان گەڕەك لەگەڵ هەموو خزم و کەس و کاری مردووەکە، سێ ڕۆژ لەگەڵ کەس و کاری مردووەکە دادەنیشن و دڵداری دەدەنەوە و خەمی سووك دەکەن. دیارە لەم ماوەیەدا، خۆراکیش هەرکەس لە ماڵی خۆیەوە ئامادە دەکا و یان بە تێکڕا شتوومەکی پێویست دەبەنە مزگەوت و ئامادەی دەکەن. دیارە ئەم دابە لە هێندێك ناوچە بە شێوەیەکی دیکەیە و ئێستا زۆر گۆڕانی بە سەردا هاتووە. لە شارەکان کۆبونەوە و پرسە و سەرخۆشی دادەنێن، لە لادێکان خزم و کەسی مردوو پرسە و سەرخۆشی بۆ دادەنێن و خەڵکی دەوروبەر و ناسیاو دەچن بۆ پرسە و شتێك وەك پرسانەش لەگەڵ خۆیان دەبەن. لە هێندێك شوێنیش خەیرات دەکەن و خەڵکی دەعوەت دەکەن .

**میوانداری، لە کوردستاند:** خەڵکی کوردستان، ڕێزێکی زۆر لە میوان دەگرن، خەڵکی کوردستان میوانداری و ڕێزگرتن لە میوان بە ئەرکێکی ئینسانی دەزانن. تەنانەت زۆرجار ئەگەر نەشیان بێ، بۆ بەڕێکردنی میوانەکەیان، قەرزدەکەن و بە شێوەیەکی باش بەڕێی دەکەن. ئەم خوورەوشتانەی خەڵکی کوردستان، یارمەتیکی گەورەیە بۆ بزوتنەوەی خەڵکی کوردستان. لە کوردستاندا، هیچ سەیر نیە لە هەر کاتێکی شەو یان ڕۆژ لە دەرکی ماڵەکان بدەی و وەك میوانێك خۆت بناسێنی. بێگومان زۆربەی نزیك بە تەواوی ماڵەکان بە پیرتەوە دێن و ڕێزت لێدەگرن.

هەواڵنامەی کتێب

**٣- دوژمنایەتی و بەخشین:**
لە کوردستاندا، تیرە، عەشیرەت، بە شێوەی کۆن نەماوە. بەڵام هێندێك خۆ و ڕەوشتی عەشیرەتی هەر ماون. جاری وایە ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی گوندێك، دەبنە دوژمنی یەکتر لە سەر مەسەلەیەکی چووکە کە هیچان حازر نین ملکەچی ویستی ئەوی دیکەیان بن، ئەوە بە جۆرێک بەزین دەزانن. لە بەر ئەوە تووشی کێشەی گەورە دەبن و جار وایە خوێنی تێدا دەڕژێ. چارەسەری ئەو شێوە گیروگرفتەش، تا ئێستاش زۆرجار بە شێوەی عەشیرەتی دەبێ. بۆ وێنە ئەگەر کەسێك خەمی خوێنی لە سەر کەسێکی دیکە هەبێ، ئەگەر تاوانبار بچێ خۆی لە ماڵی هاوێ، دەیبەخشێ.

**٤- خورافات:**
لە کوردستاندا، هێندێك دابوونەریتی خورافات هەن، کە شوێنەواریکی زۆرخراپیان لە سەر کۆمەڵ هەیە و نیشانەی دواکەوتوویییە. بۆ وێنە ئەگەر باڵندەیەك بە سەر ماڵێکەوە بنیشێ و بخوێنێ، پێیان وایە دەنگ و باسیان لە کەسێك پێ دەگا. ئەگەر

برۆی چاوی ڕاست بفڕێ، نیشانەی خۆشی و پێچەوانە ئەگەر هی چەپ بێ، نیشانەی ناخۆشییە. ئەگەر بەری دەستی ڕاست بخورێ، پوڵیان وەگیردەکەوێ و بە پێچەوانە تووشی شەڕێ دەبن. چاوەزار یان چاو خراپی، پژمین و خورافاتی مەزهەبی وەك باوەڕ بە جنۆکە، باوەڕ بە کەرامەت، بە دوعا، بە خەون، بە بەخت و بە قەزاوقەدەر و بەڵاگەلی ئاسمانی.

**٥- جێژنەکان:**

لە کوردستاندا، دووجۆر جێژن هەیە، جێژنە مەزهەبی و نەتەوەیییەکان.
جێژنە مەزهەبییەکان وەکو قوربان، ڕەمەزان، مەولود، مێعراج، و جەژنی خاوەنکار لە ئایینی ئەهلی حەق (یاری) کە پاش سێ ڕۆژ ڕۆژوو، ئێوارەی ڕۆژی چوارەم جێژن دەگرن (خاوەندگار).
جێژنە نەتەوەیییەکان ، جێژنی سەری ساڵ واتە نەورۆز، دووی ڕێبەندان و 25 ی گەلاوێژ و 26 ی سەرماوەرز.
٦- ڕێزگرتن لە شەهیدانی ڕێگای ئازادی و سەربەستی: لە کوردستانی ئێران بەم بۆنەوە ڕۆژی لە سێدارەدانی قازی و هاورییەکانی واتە ڕۆژی 10ی خاکەلێوی 1326 بە ڕۆژی ڕێزگرتن لە شەهیدانی ڕێگای ئازادی و گەیشتن بە مافی نەتەوایەتی و حەقخوازانەی خەڵکی کوردستان دانراوە. هەموو ساڵێك خەڵك بە گوێرەی ئیمکان و بارودۆخ لەو ڕۆژەدا یاد لە شەهیدان دەکەنەوە.

پێوەندی نێوان خەڵك و هێندێك پاشماوەی هۆزایەتی و دەرەبەگایەتی :
دەکرێ لەم بارەوە کوردستان بکەین بە سێ ناوچە. 1- باکووری کوردستان، لە ناوچەی جەلالی هەتا مەرگەوەر. 2- ناوەندی کوردستان بە شنۆیە و تا بۆکان. 3- باشووری کوردستان لە سەقزەو تا ئیلام.
١ - لە باکووری کوردستاندا، پاشماوە هۆزایەتی زۆر بەرچاوە. تا ئێستاش سەرۆك عەشیرەت هەیە و خەڵکیش دوای کەوتوون. لە زۆر جێگای باکووردا، خەڵك پەیرەوی سەرۆك عەشیرەتە. شتی گرنگ ئەوەیە کە لە سیستمی عەشیرەتیدا خەڵکەکە خۆیان بە خزمی سەرۆك عەشیرەت دەزانن و پێوەندی خوێن لە نێوانیاندا هەیە، بزوتنەوەی ئەمجارەی خەڵکی کوردستان، شوێنەواری باشی لەسەر دۆخی باکووری کوردستان داناوە و پێوەندی عەشیرەتی تا ڕادەیەك کز کردووە.
٢- لە ناوەندی کوردستاندا، پاشماوەی دەرەبەگایەتی ماوە. بەڵام پاشماوەی هۆزایەتی زۆر کەمە و عەشیرەتێکی ئەوتو بێجگە لە هێندێك مەنگور، بەرچاو ناکەون. بۆ وێنە لە سەر بیرکردنەوەی دەرەبەگایەتی، دابەشکردنی خەڵك بە دوو بەشی بنەماڵەی دەرەبەگ و ڕەعیەت، زەحمەتکێشان، ئێستاش هەستی خۆ بە کەم زانینیان تێدایە و لە بەرامبەردا دەرەبەگییەکان و بنەماڵەکەیان، هەستی خۆ بە زل زانینیان تێدایە. دیارە دەرەبەگایەتی، پلەیەك لە هۆزایەتی یان خێڵەکی لە پێشترە. لە ناوەندی کوردستان لە هێندێك ناوچە شوێنەواری شار لە سەر لادێ زۆرە و فەرهەنگی شار بەرەو لادێیەکانیش دەچێ.
٣- لە باشووری کوردستاندا، لە هێندێك ناوچە، پاشماوەی هۆزایەتی و دەرەبەگایەتی تێدایە. بەڵام پاشماوەی هۆزایەتی لە باکوور کەمترە. لە باشووری

کوردستاندا شارەکان شوێنەواریان لە سەر لادێ زۆرە و بزووتنەوەیەکی پێشکەوتووانە بۆ گواستنەوەی فەرهەنگی بەرەو لادێکان.

## ٥- دین و مەزهەب:

لە سەردەمی میدیاکاندا، دینی دانیشتوانی کوردستان "مەجووسی" بووە. خوای گەورەی مەجووسییەکان بریتی بووە لە ئەهورامەزدا کە بە مانای زانای گەورەیە، لەگەڵ خوای گەورەدا، "میترا" هەبووە کە خوای زۆر و پەیمان و ڕزگار بوون بووە. هەروەها خوای "ئاناهیتا"، کە خوای ئاوەکان بووە، بەپیتی و منداڵ بوون بووە.

لە سەردەمی ئەخمینییەکاندا، ئەم دینە جارێکی دیکە بە هۆی پێغەمبەرێکەوە بە ناوی زەردەشت یان زەردەشترا یان زۆرواسترا، کە لە ناوچەی موکریان لە ساڵی 583 پێش زایین لە دایك بووە و بە پێی وتەیەکی کۆن هەتا ساڵی 660 زایینی ژیاوە زیندوو کراوەتەوە. ئامۆژگارییەکانی زەردەشت لە دوو کتێبی پیرۆزدا (گاتا و ئاڤێستا) نووسراونەوە.

زەردەشت ئامۆژگاری خەڵك دەکا چاك بیربکەنەوە (بیری چاک)، گفت و گۆتان خۆش بێ (گفتاری چاك) و کاری چاکە کەن (کرداری چاك). سێ ڕۆژ ڕۆژوو دەگرن. دینی، سۆفیگەریی، و دەست پێوەگرتن و ڕەواڵەتی پاراستن و ناخی دەروونییە. پەرستگایان، ئاتەشگەیە، ئاگری نەورۆز و چوارشەممە سووری بەجێماوی ئەم نەریتە کۆنەیە کە وەك نەریتی نەتەوایەتی چاو لێدەکرێ. لای زەردەشتییەکان لە جێگای مردوو یان ماڵی مردوو بۆ ماوەی سێ ئێوارە، ئاگر دەکەنەوە و لە سەر گۆڕەکەشی تا حەوت ئێوارە.

وشەی "گا" لای زەردەشتییەکان پیرۆزە و بە مانای خوای گەورە و سەردار بەکارهاتووە.

پێوەندی ئیسلام بە کوردستانەوە لە ساڵی 637 وە کە تکریت لە لایەن ئیسلامییەکانەوە گیرا، ئەو پێوەندییە دەست پێدەکا. سەرەتای هاتنی ئیسلام بۆ کوردستان لە کاتێکەو دەست پێدەکا، کە "سەعدی کوڕی وەقاس" ولایەتی مووسلی گرتووە و هەتا مەرگە هاتوو. بەڵام ڕەوتی بە ئیسلام کردنی خەڵکی کوردستان کە بە چەن شەڕ و کێشە و بەربەرەکانیدا تێپەڕیوە، تا ساڵی 940 زایینی خایاندووە. لەم پێوەندییەدا لە ئەشکەوتێك نزیك سلیمانی لە سەر کەڵ پوسێك چەن پارچە شێعری هەورامی کۆن دۆزراوەتەوە کە باسی جینایەت و درەندەیی ئیسلامییەکان و خامۆش بوونی ئاتەشگەتە دەکا. لە کتێبی سەیدی هەورامیدا، نووسراوەی حەمەدەمینی هەورامی، ناوچەی هەورامان یەکێك لەو ناوچانە بووە کە دێرماوەیەك نەگیراوە. بەڵام دوایی بە هۆی مەولانا گویش کوڕی محەمد کوڕی پیر شالیار، ئیسلام پەرەی گرتووە. بۆ وێنە لە سەردەمێك لە پیرەژنێك دەپرسن، قورئان کۆنە یان کتێبەکەی پیر شالیار؟ دەڵێ "هینی پیر شالیار کۆنە و قورئان هینی هێزین و گوشایشە کوڕی ئاوردەنش".

زۆربەی دانیشتوانی کوردستان، ئیسلامن و مەزهەبەکەیان سوننی و شیعەیە. دیارە سوننی زۆربەیە. مەزهەبی شیعە لە سوننی تازەترە و دەکرێ بڵێین هی سەردەمی فیوداڵیە و بە شێوەیە کە خۆی لەگەڵ هەلومەرجدا، ڕێك دەخا، بەشی زۆری دانیشتوانی ناوچەکانی کرماشان و ئیلام شیعە مەزهەبن و زۆربەی

دانیشتوانی ناوچەکانی کرند و گاوارە و قەلخانی و بێوەنج و دەوروبەری داڵەهۆ، هێندێك لە سەرپێڵ و قەسری شیرین، کرماشان، سەهەند و سنقور، لە هێندێك گوندەکانی کەنگاوەر و هەمەدان، خەڵک پەیڕەوی ئایینی یارین. و لە ناوچەکانی داقوق، مەندەلی، خانەقین، گەرمیان، ئازەربایجان، قەزوین و دەماوەندیش هەن.
لە مێژەدا بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتر، کورتەیەك لە سەر ئەو ئایینە باس دەکەین. بەو پێیە کە دین نەریتێکی بەجێماوی کۆمەڵی کۆنە کە بە هۆی دایك و باوك دەگاتە وەچە و بەم جۆرەش دێتە خوارەوە. ئەهلی حەق (ئاینی یاری)، دینێکی کوردی و باوەریان بە تەناسوخی ڕۆح هەیە. بە هۆی سوڵتان زوهاك یان ئیسحاق، کوری شێخ عیسای بەرزنجی دامەزراوە. سوڵتان ئیسحاق لە 1272-1173 زایینی لەدایك بووە. بە پێی توێژینەوە و هەڵسەنگاندن، ئەهلی حەق بە شێوەیەکی نوێ ئایینی زەردەشتییە کە شوێنەواری ئایینەکانی ئەم زەردەشتییەی بۆ ڕووپۆش و ئیمکان بوونی خۆی، لەگەڵ دایە. ئایینی یاری 1316-1317 زایینی لە گوندی شێخانی ئێستا ئاشکرا بووە.
هەروەك گوترا، یارییەکان، باوەڕیان بە تەناسوخی (حلولی) ڕۆح هەیە. لەم پێوەندییەدا، باوەڕیان وایە کە بە درێژایی تەمەنی سەرانسەری دنیا، حەوت جار خودا خۆی نیشاندەدا، هەوەڵ جار لە عەلیدا و هەر جاریش چوار فریشتەی لەگەڵ دایە، کە ڕەواڵەتی گشتی خودایان هەیە. دووهەم جار شاە خۆشین لە خاتوو جەلالی کچی میرزا ئامانە، سێهەم جار لە سوڵتان ئیسحاقدا. ناوی فریشتەکان لە چەند دەورەدا، دەوری ژیان، مەلەکە تاوس، مەلەکە ڕەحمان، مەلەکە قودوس، لە دەورەی خاوەندگار، جبرائیل، میکائیل، ئیسرافیل، عیزرائیل. لە دەورەی عەلی (کاکە ڕەدا)، سەلماس، محەمد، قەنبەر، نەسیمی. لە دەورەی شاە حسەین، بابا بوزورگ، بابا حەسەن، بابا تاهیر، بابا فەقیە. لە دەورەی سوڵتان ئیسحاق، داود، بنیامین، پیر مووسا، ڕەزبار، باباناووس و بە ڕوای ئەهلی حەقەکان، گۆیا حافزی شیرازی، مەنسوری حەلاج، باباتاهیری هەمەدانی لە گەورەکانی ئەهلی حەقن.
ئەهلی حەق، سێ ڕۆژ ڕۆژوو دەگرن، لە سەرەتایی مانگی کانوونی یەکەمی رووميیەوە بۆ ماوەی سێ ڕۆژ، بۆ ئێوارەی چوارەم جەژن دەگرن. واتە لە چلەی زستانی کوردی لە مانگی سپی لە ڕۆژی 12دا، بەڕۆژوو دەبن بۆ ماوەی سێ ڕۆژ. ئەوەی کە توانایی ڕۆژوو گرتنی بێ، کەڵەشێر و برنج و شیرینی ئامادە دەکا، دەیبەن بۆ جامخانە و هەموو پێکەوە ژن و پیاو مەراسیمی جێژن بەڕێوە دەبەن. بە کورتی ئایینی ئەهلی حەق، شێوەیەکی سۆفیگەری و دەست پێکەوە گرتن و ڕاز و نیازییە. ئەحکامەکانی ئەهلی حەق بە زاراوەی هەورامی کۆن نووسراوەتەوە ، دەڵێ: 1- یاری چوارە چێوەن باوەڕێ وەجا، ڕاستی، دروستی، نیستی وەریدا، کە لە ڕاستیدا لە کرداری نیك و گفتاری نیك و پنداری نیکی ئایینی زەردەشت، سەرچاوەی گرتووە.
سەرچاوە دینییەکانی ئەهلی حەق، رموزی یارستانی، سرووودی یارسان.
سەرئەنجام، دیوانە گەورە شنێروێ عابدینی جاف، دیوانە گەورەی پردیوەر، دەفتەری دەورەی شاهۆ، شای خوشین، دەفتەری دەورەی زوڵاڵ، کەلامی پردیوەر، دەفتەری نەورۆز، کە وەك بەرهەمی ئەدەبیش چاوی لێدەکرێ و سروود و هۆنراوە و

پەخشانە. بە گشتی بە سێ زاراوە نووسراون، زاراوەی هەورامی کۆن، زاراوەی جافی، زاراوەی لۆری (باباتاهیری هەمەدان).
 قیبلەی ئەهلی حەق، پردیوەر یان شێخانی ئێستا(یان جەمە)، چوون سوڵتان ئیسحاق لەوێ ئایینی ئەهلی حەقی ئاشکرا کردووە. لە ئایینی ئەهلی حەقدا، چوار مەرجیان هەیە، سەید، باوە، مام، دەرویش، کە هەر کام کارێکی بە ئەستۆیە. ئەهلی حەق، پەرستگایان نیە جگە لەماڵی سەید، باوە، مام جێگای جەم و کۆبونەوەی نیازیانە، لە سەرچاوە دینییەکانی ئەهلی حەقدا، بە ڕێزەوە یادی ئوسووڵەکانی زەردەشت دەکا و بە پێی توێژینەوە ئایینی ئەهلی حەق، شێوەیەکی نوێ و لە کراسێکی تازەی ئایینی زەردەشتە.

## تەریقەت و شێخایەتی لە کوردستاندا:

لە کوردستاندا، دوو تەریقەت هەیە: تەریقەتی قادری و تەریقەتی نەقشبەندی .
١- تەریقەتی قادری لە ساڵی( 1078-1166) لە سەر دەستی عەبدەلقادری گەیلانی کە کورد بووە، دامەزراوە. تا ئێستاش لە هێندێك شوێن ئەو تەریقەتە ماوە و بە مریدەکانی دەگوترێ دەرویش.
٢- تەریقەتی نەقشبەندی لە ساڵی (1317-1389) بە هۆی بەهائەلدین ناوێك لە بوخارا دامەزراوە. بە هۆی مەولانا خالیدی شارەزوورییەوە هێنراوەتە کوردستان، کە ئێستاش لە کوردستانی ئێران نفوزی هەیە و شێخ عوسمان، شێخی گەورەیانە. بە مریدەکانی دەوترێ سۆفی.
 دیارە ئەم تەریقەتانە، زۆر پەلوپۆیان لێ بۆتەوە، بەڵام بە پێی ڕەوتی گەشەکردنی کۆمەڵایەتی، شوێنەواریان بەرەو کزی و نەمان دەچێ، لە هێندێك ناوچە نەبێ.

## ٦- پێکهاتنی نەتەوەیی:

 هەروەك باسکرا نەتەوە دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە. واتە ئەو کۆمەڵە خەڵکەیە کە لە قۆناخێکی دیاریکراوی مێژوویدا وەك سەرەنجامی پێداویستیەکانی پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی سەری هەڵداوە. پێوەندییەکانی نەتەوایەتی، هەلومەرجی مێژوویی و ئابووری و زمان و خاك بەو هۆکارییانە دادەنێرێ کە جەوهەری نەتەوەیی دیاری دەکەن. یان بە وتەیەکی دیکە نەتەوە لە سەر بنچینەی زمان و خاك و ژیانی ئابووری و کەلەپوری سایکۆلۆجی هاوبەش کە لە ڕۆشنبیری هاوبەشدا خۆی دەنوێنێ، دادەمەزرێ. دیارە ئەم پێناسانە موتلەق نین، بگرە پێناسەی دیکە و تایبەتی لە حاست هەر نەتەوەیەکدا هەبێ، چوارچێوەی نیشتمان. واتە دەوروبەرێکی سیاسی و ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی دیاریکراو.
 گەلی کورد، یەکێکە لە نەتەوە گەورەکانی ڕۆژهەڵاتی نیزیک و بە پێك هێنانی پێوەندی نێوان زمان و جوغرافیا و خاك و فەرهەنگ و مێژووی هاوبەش، یەکێتی نەتەوەیی پێك دێنن. گەلی کورد لە مێژە لە خاکێکی پان و بەرین لە بەشی خوارووی ڕۆژئاوای ئاسیادا نیشتەجێیە، کە لە سەدەی دوازدەوە تا ئێستا بە کوردستان، واتە وڵاتی کوردەکان، زانراوە بە ناوبانگە. زۆربەی نیزیك بە تەواوی دانیشتوانی کوردستان، پێك دێنن و بە پێی هەڵسەنگاندنە جۆراوجۆرەکان لە ناوچە

جیاوازەکانی کوردستاندا، 75% تا 90% ی دانیشتوانی کوردستان کوردن. دیارە لە کوردستاندا، کەمایەتی نەتەوەیی دیکە هەن کە فەرهەنگ و داب و نەریت و زمانی تایبەتی خۆیان هەیە.
زمانی کوردی هەروەك زمانە ئارییەکانی خۆرهەڵات لە پەهلەویی و سەنسکریتی و میدی جیابووتەوە. لە سەرەتادا بە ڕێنوسی سەربەخۆ، نووسراوە. نیزیکایەتی زۆری لەگەڵ ئاشوری و ئەرمەنیدا بووە و ئەم ڕینووسە، وازی لێهێنراوە و بە ڕێنووسی عەرەبی (ئارامی) دەنوسرێ و زمانی ئێستای کوردی بە پڕوای دکتور بەچ شێرکۆ، بە چوار شێوە زاراوەی جیا دەزانن. 1- کرمانج. 2- گۆران. 3- لۆر. 4- کەلهوری.
دیارە ئەم ڕایە کۆنە، بۆ شارەزایی زیاتر هێنراوە. لۆری لە هەمووبان زیاتر بە پەهلەوییەوە نزیکە و کلدانی و ئاشوری کاری زۆریان تێنەکردووە. دوای کەڵهوریش لە پەهلەوییەوە نزیکە. پاشان گۆران پاشان کرمانج. بەڵام (گۆران و کرمانج) کلدانی و ئاشوری کاری تێکردووە .
کۆنترین زمانی ئاریانەش هەردوو زمانی زەند و پەهلەوی (پەهلەوان) بوو. زمانی زەندیش، کاتی خۆی زمانی کتێبە ئایینیەکانی ئێرانی کۆن بووە، کە پێی وتراوە زەندی ئاویستا. زمانی پەهلەوی (پاڵەیی واتا وەرزێریی) بە واتەی زمانی پاڵەوان و جەنگاوەران بووە و لە عێراقی عەجەم و میدیای گەورە و هەرێمی فارسدا، بەکار هاتووە. پاش داگیرکردنی وڵاتی فارس لە لایەن عەرەبەکانەوە لە ساڵی 977-ی زایینیدا، لە سەردەمی دەیلەمییەکاندا، کاتێك ویستیان زمانێکی تازە لە زمانە کۆنەکانی ئێرانی زیندوو بکەنەوە، کە ڕوخساری شارستانیەتی هەبێ و تازەش بێ، لە نێو زمانە کۆنەکانی ئێراندا وەك زەندی و پەهلەوی کۆی کوردی، فارسی یان هەڵبژارد .
فەرهەنگ یان بەجێماوی مادی و مەعنەوی کۆمەڵایەتی هەر نەتەوەیەك دیاردەی ڕوون و نیشاندەری بەرزی نەتەوەیی هەر نەتەوەیە. لەم پێوەندییەدا، گەلی کورد، شوێنەواری بەجێماوی نەتەوەیی زۆری هەیە. بواری ڕۆشنبیری و شیعر و پەخشان و ئەدەبی کوردی نووسەران و شاعیرانی کورد نێشاندەری ئەم ڕاستییەن.

## ٧- پێك هاتنی چینایەتی یان تەرکیبی کۆمەڵایەتی لە کوردستان:

لە سەر بناغەی ئەو گوترە کاریانەی (دوکتور قاسملو لە کوردستان و کورد) کە بە کاری هێناوە و چین و توێژەکانی کۆمەڵی لادێی کوردستانی پێ دیاری کردووە و بە لە بەر چاوگرتنی ئەم ئاڵوگۆڕانە: 1- گۆڕانی وەزعی زەویوزار. 2- کۆچ کردنی خەڵك لە لادێوە بۆ شار. 3- پەیدابوونی ئامرازی تازەی کشتوکاڵ و باشتر بوونی خوێندن و لەشساغی و هەروەها بە کەڵك وەرگرتن لە سەرچاوەی دەوڵەتی و غەیرە دەوڵەتییانە کە هەتا تا ئێستا بە دەستەوەن، پێکهاتنی دانیشتوانی شار و لادێکانی کوردستان لە باری کۆمەڵایەتییەوە بۆ ساڵی 1985 بەم جۆرەیە. واتە تەرکیبی چینایەتی. دیارە ئەم ڕیژەیە لەم چەند ساڵەی دواییدا، گۆڕانکاری بە سەردا هاتووە، بەڵام هیچ شتێکی ئەتۆمان لەدەستدا نیە کە شێوەی ئێستا باس بکا.
یەکەم لادێ: 1- خاوەنملکە نێوەنجییەکان کە 30 تا 50 هێکتار زەوییان لە دەستدایە و ئامرازگەلی تازەی بەرهەم هێنانی کشتوکاڵ زۆربەی لە دەست ئەوان

دایە. نزیکەی 1% ی دانیشتوانی لادێ پێك دێنن، کە بە خاوخێزانەوە ژمارەیان دەگاتە٣٥٠٠٠، کەس. 2- وردەخاوەن ملْک یان وردە مالیکەکان، کە ئاڵوگۆڕێکی ئەتۆیان بەسەردا نەهاتووە 6% ی ژمارەی دانیشتوانی لادێ کوردستان پێك دێنن. ژمارەیان دەگاتە ٢١٠،٠٠٠ کەس. 3- وەرزێرە نێوەنجییەکان کە 40% ی ژمارەی دانیشتوانی لادێەکانی کوردستان پێك دێنن و ژمارەیان دەگاتە 1،400،000 کەس. 4- وەرزێرە بێزەوی و کەم زەوییەکان، کە 28% ی ژمارەی دانیشتوانی لادێ پێك دێنن کە ژمارەیان 950،000 کەسە. 5- کرێکارە کشتوکاڵییەکان، کە 15% ی ژمارەی دانیشتوانی لادێ پێك دێنن و ژمارەیان دەگاتە 535.000 کەس. 6- هێندێك توێژەی دیکە وەك چەرچی و پیشەسازی ، پیاوی ئایینی، ماموستا و ...... هەن کە 10% ی ژمارەی دانیشتوانی لادێ پێك دێنن و ژمارەیان دەگاتە 35،000 کەس.

**دووهەم شارەکان :**

١- لە باسی ئابووریدا گوتمان کە لە 29 ساڵ لەمەوپێش، کە 4% ی پرۆژە سەنعەتییەکانی ئێران لە کوردستاندان و 4،5% ی هەمووی کرێکارانی ئێران لە کوردستانن. بە لەبەرچاو گرتنی ئەوە کە لەو سەردەمەدا هەموو کرێکارانی ئێران لە دەوروبەری سێ میلیون کەس بەراورد دەکرێن و بەم پێیە کرێکارانی کوردستان دەبنە نزیکەی 135،000 کەس لەو سەردەمەدا. واتە 3،8% ی دانیشتوانی شارەکان پێك دێنن. واتە پرولتاریا. دیارە ئەم ڕێژەیە گۆڕانکاری بە سەردا هاتووە و ئێستا ڕێژەی کرێکاران زۆر لەمە زیاترە و هەروەها کرێکارانی کوردستان بۆ کار پەیدا کردن دەچنە شارەکانی دیکەی ئێران. 2- لە سەریەك چینی کرێکاری کوردستان لە گەشەکردن دایە، و لەم بەشانە پێکدێ، کرێکاری سەنعەتی، کرێکاری سادە، کرێکاری کاتی و لەشکری بێکاران.

٢-خاوەن کارخانە و کارگا گەورەکان و بازرگانەکان، واتە بەشی سەرووی چینی بووژوازی کوردستان، لە دەوروبەری 1% ی دانیشتوانی شارەکانی کوردستان پێك دێنن کە بە 25،000 کەس بەراورد دەکرێ. 3- دەستەیەکی دیکە لە دانیشتونی شارەکان بریتییە لە دوکاندار، پیشەساز، مووچەخۆری نێوەنجی دەوڵەت، بازرگانی نێوەنجی گەڕۆك و هێندێك کاسبکاری دیکە کە بە تێکڕایی نزیکەی 30% ی دانیشتوانی شارەکان پێك دێنن. واتە وردە بوژوازی مووچەخۆری شار و ڕادەیان دەگاتە 750،000 کەس. 4- باقی دانیشتوانی شارەکان بریتین لە مووچەخۆری بچووکی دەوڵەت، کرێکاری کاتی، وردە دوکاندار، دەستفرۆش و بێکار و هێندێك وەرزێر کە زیاتر لە 65%ی ژمارەی دانیشتوانی شارەکان پێك دێنن و ژمارەیان دەگاتە 1،025،000 کەس. واتە توێژی فەقیر و وردە بورژوازی و زەحمەتکێشانی شار، یان بە وتەیەکی ڕوون تر هێزی بەرهەم هێنان.

ئاکامی ئەم باسە، بەگشتی دانیشتوانی شار و لادێیەکانی کوردستان بەم جۆرەن: 1% ی بورژوازی، 30% ی وردە بورژوازی، 69% ی کرێکار و زەحمەتکێش. بە گشتی هەرچەن ئەم بەراوردانە بێ کەموکوڕی و سەدلە سەد تەواو نیە و زیاتر لە سەر گۆترەکاری و بە حیسابی ڕێژەی دەرهاتووە، بەڵام ئەو ڕاستییەمان بۆ دەردەخا کە کۆمەڵ لە قۆناخی سەرمایەداریی دایە و بەگشتی زۆربەی دانیشتوانی زەحمەتکێشانە و دەکرێ لە سەر یەك بڵێین کۆمەڵی زەحمەتکێشانە. ڕێژەی

کرێکاران و زەحمەتکێشان لە شار و لادێدا زیاتر لە 70%ی ژمارەی دانیشتوانی کوردستان دەبێ. 2- دووهەم سەرمایەداری گەشەی بەرچاوی نەکردووە و لە سەرەتای گەشەکردنی دایە. سێهەم کرێکارانی کوردستان (سەنعەتی و سادە) پرش و بڵاون و لە بەر ئەوەیش تا ئێستا ئیمکانی ئەوتۆیان بۆ پێك نەهاتووە کە پێشەنگی خۆیان لە خەباتدا بۆ زەحمەتکێشانی دیکەی کوردستان نیشان بدەن. کە ئەمە خۆی نیشاندەری رادەی گەشەی سەرمایەدارییە کە بە شێوەی سەنعەتی گەورە و بەرهەم هێنانەوە زۆر کزە. بەڵام هەر لەو کاتەدا بەشێوە کۆمەڵی مەسرەفی و بازرگانی پتر خۆی نیشان داوە. لە کوردستاندا، سەرەڕای ئەوە کە قۆناخی کۆمەڵایەتی کۆمەڵ، سەرمایەداری، سەنعەت هێشتا لە ژیانی ئابووریدا کزە، بەڵام لە بواری گەشەدا کشتوکاڵ و باغداری ئێستاش شوێنێکی بەرچاو و بەرزی لە ژیانی ئابووریدا هەیە. ئاژەڵداری شوێنەواری لە ژیانی ئابووریدا کەم بووەتەوە، کاری بازرگانی و دوکانداری تا ڕادەیەك لە ژیانی ئابووریدا شوینی هەیە.

8- پلەی ژیانی خەڵکی کوردستان:
یەکەم: پلەی ژیانی دانیشتونی کوردستان بە تێکڕایی نزمە. نە لە شار و نە لادێ ئیمکانی ژیانێکی باش لە ئیختیاری خەڵکی کوردستاندا نیە. بە تایبەت لادێیەکان. بۆ وێنە لازورف لە سەر وەزعی کۆمەڵایەتی- ئابووری زەحمەتکێشانی کورد دەڵێ زۆر خراپە و ئەم بەڵگە دێنێتەوە بۆ سەلماندی ئەم قسەیە. داهاتی سەرانە لە کوردستانی ئێران لە ساڵی 1975 بە تێکڕای 150 دولار لە بەرامبەر 1340 دولار لە ئێراندا، بە گشتی بووە و هێندێك ناوچە کە ٢٠٠،٠٠٠ کەسە ، بەڵام یەك دوکتوریشی تێدانیە و 50% ی هەموو خێزانەکان لە یەك ژووردا بە سەردەبەن. زیاتر لە 80% ی خانووەکان لە قوڕ دروستکراون.
لە کوردستاندا، خەڵکی لادێیەکان لە ئیمکاناتی وەك حەمام دەرمانگا، ڕێگای باشی هاتووچۆ، پاك و خاوێنی، ئاوی لوولەکێشی، بەرق، جێگای وەرزش و هتد بێ بەشن. لە سەریەك دەکرێ بڵێین هۆی نزمی ژیانی پلەی ژیانی دانیشتوانی کوردستان ئەمانەن :

١- حکومەتە یەك لەدوای یەکەکان، هیچ گرنگییەکیان بە ژیانی خەڵکی کوردستان نەداوە و لە بەربوونی بزووتنەوەی حەقخوازانە و هەڵگیرسانی بزووتنەوە، لە هیچ بارێکەوە سەرمایەگوزارییان لە کوردستاندا دروست نەکردووە.
٢- دواکەتوویی باری فەرهەنگی خەڵکی کوردستان.
٣- دابەشنەکردنی داهاتی نیشتمانی بە شێوەیەکی عادڵانە.
٤- کەم بوونی داهات بە تێکڕایی.
٥- لە بەر حاکم نەبوون بەسەر چارەنووسی خۆیدا، کە ئەمە ئەساسی ترین هۆکارە لەم پێوەندییەدا.

---

بەڕێز سەعید مامەندی هاوڕێ و هاوبیری شەهید ڕەشاد لە نوسینێکی ئەدەبیدا باس لە کەسایەتی، ڕوحیە و خۆ و ڕەوشتی ڕەشاد دەکا و ئەمەش دەقی ئەو نوسراوە جوانەیە.

کوردستان بە تەنێ کانگای نەوت و زێر نییە. کانگای هەزاران شتی دیار و نادیارە. ئەم دەڤەرە هەزاران هەزار سڕ و رازی شاراوەی تێدایە. ئەی مەڵبەندە لە هیچ شوێنێک ناچێ. هیچ یاسا و رێسایەکی نێونەتەوەیی نایگرێتەوە. هەموو قسە و باسێک لە سەر وێ دەکرێ راست بێ و رەنگە هیچیشی فڕی بە سەر فڕیەوە نەبێ. مافی مرۆڤ بۆ خەڵکی وێ بۆش و بە تاڵە. لەهەنگ و قارەمانی وێندەرێ، لەگەڵ هیچ کوێی دنیا بەراورد ناکرێن. گریان و پێکەنینی ئەوێ؛ زۆر مانادار و قووڵن. تامی میوە و سەوزایی کوردستان، نەوەک میوە و سەوزایی هەندەرانن. شاخ و ئاخی وڵاتی من بە خوێنی مرۆڤان ئاودراون. ئاخر لەوێ لە جیات باران خوێن دەبارێ. سەدانساڵە ئەم نیشتمانە، کۆرپەی نێو لانکەیە و بە چوار هاران لە بەرێکی دەکێشنەوە. گشت تەرز و شێوەی داگیرکاری؛ لە ژنۆساید را بگرە تا ئاپارتاید، لە ئەنفالی رەسوولەڵلاوە بگرە تا سەرپرین لەسەر ئەم خاکە تاقی کراونەوە. مەسیحی و دێموکڕات، مسوڵمان و جوو، کومونیست و هەرچی ئایدۆلۆژیای دونیایە، بەزەیی بەم گەل و مەملەکەتە دا نایە. لەوێ هۆ هۆیە و هەر کەس بۆ خۆیە. خاکمان بە توورەکان دەگوازنەوە، خوێنمان دەمژن و نەوتمان هەڵدەلوشن. دوان بە کوردی بڤەیە و هەرچی سەر و سامانی گەل و وڵاتی مەیە بۆ داگیرکەران مفت و حەڵاڵە. بۆیە کورد دەڵێ" من بوومەتە بێگانە و بێگانەش خاوەن ماڵە".

تاوان و تۆقاندن، پەت و سێدارە، لە وڵاتی من خاوەن مێژوویەکی دوور و درێژن، رێک بە قەدەر گشت دیرۆک و قەدەری کوردان. سۆل و ئاوازی لایە لایەی منداڵی وڵاتی من؛ قرمژنی تفەنگ ، هاڕەی تۆپ و هاژە هاژی تەیارە و بۆنی گازی خەردەلە. لە وڵاتی دابەشکراوی من بەشی قازی و مەلا، شێخ و پێشەوا، مامۆستا و وەستا، هەژار و فەلا، رێبەر و رەنجبەر، دوکتۆر و بێسەواد، ژن و پیاو؛ بە گشتی هەمکی جڤاک ، هەر پەت و بەند، خوێن و سێدارەیە. سەرەڕای ئەوەش زێدی من خواجە و حافز و وەجاخکوێر نییە. زێدی من چاوگە و هەوارگەی هەزاران هەزار رێبەر و سەربازی ونە. ئەوان ژمارەیان هێندە زۆرە نە هیچ پێوانەیەک دەرەقەتیان دێ و نە هیچ مێعیار و مەحەکێکیش بۆی هەڵدەسەنگێندرێن. ئەم کاروانە بێ سەر و بنە؛ وەک هۆرەی جاف دەچێ، نە سەرەتای دیارە و نە کۆتایی. من نازانم لە کوێڕا دەست پێبکەم و چۆن چۆنی تەواو دەبێ. ئاخر من کۆنە شۆپم، پێمخۆشە مێژووی سێ هەزار ساڵ لەوە پێش بگێرمەوە. هەموو شۆرەسوارەکان و دانە دانەی کەسانی مێژووسازی وڵاتەکەم ناو ببەم. لێ ئەوە کارێکی پڕ ئاستەم و دژوارە. ڤار و زێدی مەی کوردان هێندە شۆرەسواری لێ گلاون، خاوەنی ئەو قاس سەرباز و رێبەری ونە؛ بۆ کەس دەژمار نایەن.

لێنە گەرەکمە باسی کەسێکتان بۆ بکەم. کە ئەشێ هەتا هەتایە؛ گوارە بێ بۆ کیژان، ملوانکە بێ بۆ ملی لاوان و گۆچانیش بێ بۆ دەستی خەباتکاران. ئەو کەسەش رێبەری ون هاورێی شەهید "رەشاد حوسێنی" یە.

من و رەشاد منداڵی گەڕەک نەبووین. بە چکۆڵەییش شەڕە بەفر و شەڕە پاروومان نەکردبوو. ئەو کاشتەری (کامیران) و من نیسکاوەیی (سەردەشت)، هەزاران هەزار گەز و فرسەنگ لێک دوور بووین. یەکەم جار دەستی ئەو و دەستی من یەکتریان ناسی و تۆقەیانکرد، لە دەور و بەری دۆڵە رەڤە، سەر و بەندی ماڵاوایی و لێکداپڕان

بوو. پۆل پۆل کادر و پێشمەرگەی دێموکڕات لە قەندیل دەهاتنە خوار؛ لە دۆڵە رەقە و لە دۆڵی شاورێ تاوڵیان هەڵدەدان. ئەو دەمە بوو؛ لە لەتبوونێکی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران دا، حیزبی دێموکڕاتی کوردستان "رێبەرایەتی شۆڕشگێر" لە دایک بوو. گەر لێم بپرسن قەڵافەتی ئەو زاتە چۆن بوو؟ دەڵێم: ئەو جوامێر و جوانچاک، تا بڵێی رەزا سووک و قۆچاخ بوو. دەستە باڵا، نە زۆر بەرز بوو نە کورتە بنە. نە قەڵەو و خرپن بوو، نە کز و بێدار و بار. پشتی کۆم نەبوو؛ باڵای رێک و لەبار بوو. هەنگاوی خێرا و توند بوون؛ لێ مخابن چاوەکانی کز دایسان، بۆیە چاویلکە بۆی دەشاردنەوە. ئەو هێندە خاوێن، کورد و نوورانی بوو؛ دەتگووت خانی و پیرەمێردە. بەزۆری ریشتاشراو و شیک و پیک بوو. کەمڕ پێدەکەنی و زۆرتر مەلوول و مۆن، گرژ و تورە بوو. خەمی هەموو کوردستانی لە کۆڵ نابوو. ئەو بۆ مافی ژنان بڵێسەی دەگرت و بۆ داوای لاوانیش دەسووتا. بۆ خەباتی جەماوەری زیکری دەکرد و شێت و شەیدای دەسەلاتی بەکۆمەڵ و گەل بوو. ئەو دوژمنی بابە کووشتەی گەندەڵی و رقی دنیای لە فەساد و درۆ بوو.

کە باس دەهاتە سەر رەخنان و بەڕە لە سەر هەتیوان لادەدران؛ ئەو کەسی نەدەبوارد. ئا لێرە دا فرە بێبەزە بوو. باوک و برا، هاوڕێ و بەرپرسی هەرە پلە بەرزیشی نەدەشاردنەوە. ئەو تەنانەت خۆیشی رەخنە دەکرد. رەشادی من هەر ئەهلی قسەکردن نەبوو. ئەو بەکردەوەش قۆڵی لە خەباتکردن هەڵماڵیبوو. ئەرێ هەڤاڵی من بە دڵ و بە گیان کوردستانی بوو؛ هەتا سەر ئێسکان و تەپڵی سەری لە کوردایەتی دا کولا بوو. بۆیەش سیاسەتی" شەل و کوێرم، کەس نابوێرم"ی کردبۆ پیشەی خۆی. ئەو هیچ بەرژەوەندی لە دەستەبازی و نان بە قەرزدان دا نەبوو. بۆیەش منەتی لە کەس هەڵنەدەگرت.

بۆیان گێرامەوە. لە کۆبوونەوەیەکی بەرین دا؛ کە سەدان کادر و پێشمەرگە و بەرپرسی ناوداریشی تێدا بەشدار بوون، ئەو دەستی هەڵێناوە و بە دژی شەڕی کۆمەڵە، هەڵوێستی بوێرانەی گرتوە. ئەو دەمە کەش و هەوای شەڕی براکووژی گەرم و لە خوان بوو. زۆر کەس لە هەر دووک لا نانی لەو شەڕەیان دەخوارد و باڵایان پێدەکرد. لێ ئەو رقی لە شەڕی ناوخۆ بوو و قەتیش ئاگری هیچ شەڕێکی خۆش نەدەکرد. لە رۆژەیل وا تەنگانە و ئەنگوستەچاو دا، هەزار حەیف و مخابن ویژدانەکان رادەزێن و مێشکەکان دەبنە پەستەڵەک. تاک و تەرا، قل قل چرا بەدزی و کەم شۆق دژی تارمایی شەر دادەگیرسێن. بەڵام زۆر پرناکەن و لە هەر لاوە دەکەونە بەر تاوێری تەوس و توانجان. رەشاد و گەلێک کادر و پێشمەرگەی بەویژدان کە لە هەمبەر شەڕی ناوخۆ دا خاوەن هەڵوێست و بەپریار بوون؛ دەیان ناو و ناتۆرەی سووکیان بەسەر داپرا.

رەشاد قەڵای بەرخۆدان بوو. هەر دەم لەسەر قسەی خۆی سوور و تەسلیمبوون لەجەم وشەدانی ئەو
باوی نەبوو. لە بیر و باوەڕ دا ئاماڵ چەپ، لێ نە چەپی تودەیی و کۆمەڵەیی؛ ئەو چەپایەتیەکەشی لۆ کورد و کوردستان بوو. ئەو حەوجێی پرنۆی جانبێزاری شێخی مەزن نەبوو، تا بەردە قارەمان لە داگیرکەر بگرێ. پرواى وا بوو بە مێشک و قەڵەم، بە رێکخستن و تەبایی دەکرێ خەبات بەر بگرێ. ئەو لە زۆر بوار دا رچەشکێن و رێبەر بوو. گەرچی لە هەر دوو بەرەی دایک و باوکیەوە کورە شێخ بوو، لێ قەت

شێخایەتی بە خەیاڵ دا نەدەهات و تەنانەت یارمەتیەکەی خۆیشی دەدا ئەو پێشمەرگانەی ژن و منداڵدار یان دەستەنگ بوون.
هەڤاڵی من فرە شەرمبەخۆ و شەرمێون بوو. لە بیرمە لە دڵی خۆی دا کچێکی خۆشدەویست. زۆر جار من و هاوڕێکانی دیکەی هانمان دەدا؛ پێی بڵێ. بەڵام ئەو زۆر لای سەخت بوو، ئەو رازە بدرکێنێ. ئەو دەتگوت بۆ راگرتنی راز و نهێنیان دروست کراوە. شێت و خولیای قەڵەم و کتێب بوو. قەت لە خوێندنەوە، نووسین و راوێژ وەڕەز نەدەبوو. بۆ زانست لە هەموو دەرگایەکی دەدا و خۆی قەتیسی تاقە بوارێک نەدەکرد. لەوما لەسەر هەر رووداو و باسێک قسەی خۆی هەبوو. ئەوەی من بزانم زۆر وتاری لەسەر بابەتگەلی جۆراوجۆر نووسین؛ بەڵام مخابن فریای بڵاوکردنەوەیان نەکەوت؛ دەکرێ بوشم رێگەشی پێ نەدرا. چاوەڕوان دەکرێ بەم زووانە لە کتێبێک دا چاپ و بڵاو ببنەوە.
بە پێوانەی خوێندنی کلاسیک ئەو دیپلۆم بوو، بەڵام لە زانست و زانیاری دا شانی لە شانی دوکتۆران دەدا. بۆیە نازناوی رەشاد مارکسیستی بەسەر داپرابوو. زۆر جاران کەوتبۆ بەر رەهێڵەی دژبەرانی و لە زۆر کۆنگرە و کۆنفرانسانیش، بە پیلان بێبەش کرابوو. لێ ئەو هەر کۆڵی نەدا و دوا جاریش بە گیانی خۆی سەلماندی، رۆڵەی پاک و بێگەردی، گەل و وڵاتی خۆیەتی.
قەدەر وای هانی. رەشاد دەروێشانە کەشکۆڵ و هەگبەی کردە شانی. تەنیا خۆی و بیرەکەی، خامە و دەفتەرەکەی لە تەک هێندێک نەهێنی دا؛ بەرەو خەبات و رێکخستنی نێو شار ملی رێگای گرت. ئەو بۆ رێکخستن و خەباتی جەماوەری سەری پێوە نەبوو. چەند مانگ گەڕانی ئەو شار و ئەم شاری کرد. گەلێ ژوانی سیاسی رێکخست. بە چڕی و پڕی خەریکی یارگرتنی تازە و رایەڵەی رێکخستنی نوێ بوو. ئەمیچ چەشنی شەهید کەماڵ دەبباغی گەرەکی بوو؛ تەڤگەری رۆژهەڵاتی وڵات لەو پەڕی پەڕی کرماشانەوە بلێسە بگرێ. دوا جار لە ماڵی هاورێیەکی تەشکیلاتی پێشووی دەبێ، لەوێ ماڵاوایی دەکا و چەند سەد میتر ئەولاتر لە تۆڕی داگیرکەر دەکەوێ.
لەو رۆژە بەدوا، گشت هێز و وزەی رەشاد تەرخانی بەرخۆدانی بەندیخانە و بەگژداچوونەوەی شکەنجەگەران دەبێ. هەڤاڵی بەهێز و نەسرەوتوو، قارەمانی سنە و کرماشان، پەروەردەی هەوای سازگاری شاهۆ و ئاژوان؛ ئیدی دەست و پێ بەستراو لە کونجی زیندانی رەش و تاریک دا. شێرە و لە قەفەس کراوە، پێشمەرگەیە و بێچەک دیلە، شەپۆلی چۆمی سیروانە و بەنداوی ئەڕا کراوە.
شکەنجەگەرانی زیندانی سنە گەرەکیان بوو، بە چۆکی دابێنن و بۆ خۆیان سوژدەی پێ ببەن. بەڵام ئەو سەدان جار بەڵێنی دابوو، بیر و پڕوای خۆی بە هیچ نەگۆڕێتەوە. ئاخر ئەو لە خەڵکیبوون دا بێوێنە بوو. رووی لە هەر ماڵێک کردبا؛ یەکسەر دەبوو بە کوڕی ماڵ و کەسی هەرە نیزیکی ماڵبات. ئەو نەیدەویست نمەککگیر بێ و ئاوات و ئارمانجی هەژارانی کوردستان بخنکێنێ. بۆیە ئێستا لە ناوچە دا دەیان منداڵ؛ لە خۆشەویستی رەشاد ناویان رەشادە.
هاری و دڕندەیی داگیرکەرانی ئێرانی لە زیندانەکانی ئێران و رۆژهەڵاتی کوردستان دژی زیندانیانی سیاسی؛ لە کەس شاراوە نییە . زۆر فیلمی لە سەر سازکراون و بابەتگەلی جۆراوجۆری لە مەڕ نووسراون. ئەوانەی لە زیندان رەشادیان دیوە؛ دەڵێن

" ئەو هێندە ئازار درابوو، توانای ڕۆیشتنیان لێ بڕیبوو. ئەوەندە کز بوو، وەک بە گاز گۆشتی لێ گیرا بێ، وا بوو. ئەو لاشەیەک ما بۆوە تەنیا لە ئێسک و پێست. زۆرتر لە داواڵ دەچوو تاکو بەشەر. دیمەنی ڕەشاد وەبیرهێنەرەوەی دیمەنی مەزلومی زیندانی ئامەد بوو؛ کە چۆن دوو داگیرکەری تورک بە خێشکە خێشک بەرەو دەمی دادگای دەبەن.

من ڕەشادم ناسیبێ، دەزانم؛ ئەو ئێرانیەکانی فرە تووڕە کردووە. نەک هەربۆیان بە چۆک دانەهاتووە بگرە، گشت مێژووی دوور و درێژی داگیرکارانەی ئەوانیشی لە قاو داوە. ئاخر ئەو فرە بە غیرەت و چاونەترس بوو. وەک عەوڵا پەشێو باکی بە هیچ نەبوو. حەتمەن لە زیندانیش دا چاوشۆڕ نەبووە و مینا سەکینە جانسز، تفی لە دەمو و چاوی شکەنجەگەرەکانی کردووە. بۆیە ئەوانیش کە لە زۆرانبازی دا پێی نەوێراون؛ تۆڵەیان لە جەستەی کردۆتەوە. بە شەکەتکردن و ئازاردانی گەرەکیان بووە کەسانی دیکەی پێ چاوترسێن بکەن. ئەرخەیانشم کە گەڕاینەوە کورسان، دار و دیواری زیندانەکانی ڕەشاد باسی خۆڕاگری ئەو و ئازار و خەمەکانی دەگێڕنەوە بۆمان.

ئەوان کە دەزانن ڕەشاد ناشکێ و جار لەگەڵ جاریش؛ بەهێزتر و قایمتر ئەوێ، خۆیان لە بەرامبەری دا ڕاناگرن و گیانە شیرینەکەی لێدەستێنن. ئەوجاریش سێدارە وەگەڕ دەکەوێ و ڕەشادی ماندوو و هیلاک لە باوەش دەگرێ. بە داخەوە ئێستاش کەس نازانێ لاشەی ڕەشادی جوانەمەرگ لە کوێندەرێیە. تا ئێستا کەسیش بۆنی جلە خوێناویەکانی ئەوی نەکردووە؛ بەڵام دڵ و دیمەنی ئەو هەر دەم لای ئێمە میوانە. هەزاران هەزار جار یادی بەخێر.

**ستۆکهۆڵم، سەعید مەمەندی، ٢٥-١-٢٠١٤**

## دارستانی گڵکۆ دیمەنێکی دیکەی مێژووی گەلی کورد!

کێوەکانی کوردستان، پشتیوانە سروشتییەکان، پێدەشتەکان، دارستانەکان، کانیاوەکان، چاوگەی ژین، شیوەڵ بە شیوەڵ و دۆڵ بە دۆڵ و کێو بە کێو و کانیاو بە کانیاو، پێدەشت بە پێدەشت گەڕام. بەرەو هەر لایەک و بەرەو هەر جێگایەک دەمڕوانی و هەنگاوم هەڵدەهێنایەوە، دیمەنێکی ڕازاوەی سروشتی کوردستان خۆی دەنواند. گزنگی سەر لە بەیانی و ئێوارانەی هەتاو، شینی ئاسمان، تریفەی مانگە شەوان، زریوەی ئەستێرەکان لە دڵی تاریکی شەودا، خورەی کانیاو ڕووبارەکان، چەتری سەر سەوزەی دارستان، شەکاوەی پەرچەم و پرچی سەوزایی پێدەشتەکان، دیمەنی هۆنیاوی .... بەهاری کوردستان بە هەزاران گوڵی ڕەنگاوڕەنگ، بەفری سپی سەرلوتکەی کێوان، بەرزایی ما و زەردەکان، چنوری بەرشاخەکان، هاژە هاژهاژی با لە سەر کڵاوان، ئاوازەی بۆڵبۆڵ و قاسپە قاسپەی کەو، دەنگی ئاوازەی هەزاران باڵندەی دیکە، دەنگی گۆرانی و هۆرە و لاوک و حەیران و سیاچەمانەی ڕێبواران، دەمی ئاسکەکێوی و نەچیرەکان، دەستەی کێژان لە سەوزایی دەشتاییەکان، پرچخاو، چاورەش و لێوئاڵ و کوڵمسوور، پێچ پێچی ڕوبارەکان، پریشەی ئاوی تاڤگەکان، ڕێژنەی باران و هەسوونە زەرینە، بەهاری حەریر لە بەری کوردستان، دیمەنی ڕازاوەی کوردستان پەردەیەکی دیکەی ئەم

وڵاتەیە، قەتارەی هەورەکان بە تەوژمی دەستی بەسەر ئەم دیمەنانە دەکێشا و شینایی ئاسمانیش لە قووڵایی

## کۆبەرهەمی شەهیدێک

ساڵی 1990 لە بنکەی شاری رانیە زەنگی تەلەفونی مقەڕ لێیدا و بانگی کاک بورهانیان کرد، دوای چاک و چۆنی دەرگاکە پێوەدرا و دیار بو کە تەلەفونێکی تایبەتە.
دوای ئەو تەلەفونە هەستم بەوە کرد کە کاک بورهان زۆر گۆراوە و لە فکرو خەیاڵ دایە. ئێوارەی روژی دوایی رادیو لە سەر ناوی کومیتەی ناوەندی ئاگاداریەکی بڵاو کردەوە کە کادری بە وەجی حیزب و موشاویری کومیتەی ناوەندی کاک رەشاد حوسەینی لە بەندیخانەی شاری سنە ئێعدام کراوە.
رەشاد حوسەینی گەنجترین کادری حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لە دەڤەری کامیاران بو. کادرێکی خۆرسک و بە هەڵوێست و خاوەن پرنسیپ و ئێخلاق و تەربیەت بو.
رەشاد حوسەینی مروڤێک بو پراو پر لە پروا، لێوان لیو لە وەفا، فیداکاری و تێکۆشان و دڵی پر لە خۆشەویستی و مێشکی پر لە سەودای دادپەروەری و ئازادی بو.
من کە هێشتا قوتابی بوم، شانسی ئەوەم هەبوو کە بومە هاوڕیی کاک رەشاد و ئیتر بو بە مامۆستای ڕێبازی تێکۆشان و کوردایەتیم. کاتێک بومە پێشمەرگە کاک رەشاد ئامۆژگاری ئەکردم کە پێشمەرگایەتی تەنیا چەک و شەڕ و تەقە کردن نیە و دەبێ هەوڵ بدەم بخوێنمەوە و خوێندنەوەم لە ژیان و خەبات و پێشمەرگایەتی بگەیەنمە ئاستێ خۆ ناسین و کۆمەڵگا ناسین و هاوری ناسین و بەرپرسیارەتی ناسین.
ئێوارەی ئەو ڕۆژەی کە کۆری هاوخەمی لە ماڵی کاک بورهان رۆحانی براگەورەی کاک ڕەشاد کوتایێ هات و میوانەکان ڕوشتن، کاک بورهان نامەیەکی لە جانتاکەی هێنایە دەرێ و جارێک خوێندیەوە و هەناسیەکی قوڵی هەڵکێشا و ئینجا نامەکە دەست بە دەست گەیشتە لای منیش.
نامەیەکی کورت بەڵام پر لە واتا بو. چەند رەستەیەک لە بەندیەکی ئەشکەنجەکراوەوە کە وەک هەموو کات پر بون لە خۆراگری و ئیرادە و پروا بە خۆ بون. لە نامەکەدا ئاوا نوسراو بو:
برای بەڕیزم کاک بورهان، دوای سڵاو ڕێز، ڕێژیم پێم دەڵێن ئەگەر تو(واتە کاک بورهان) واز لە پێشمەرگایەتی بێنی ئەوا من ئێعدام ناکەن. ئیتر خوێت خاوەن پریاری.
کاک رەشاد لە نامەکەیا رژیمی بە کار هێنابوو کە بە واتای دان نەنان بەو دەسەڵاتە داگیرکەرەدایە و سەرەڕای بەندیخانە، ئەشکەنجە، سەرەڕای ئەوەی هیچ پروای بە دادپەروەری لەو داگیرکەرانە نەبو، هەڵبژاردنی دەستەواژەی رژیم خۆی ئاماژەیەکی زەق و واتاداری پروا بە خۆبونی ئەو مروڤە شورشگێر و تێکۆشەرەیە.
پاشان نوسیویە، ئیتر خوێت پریار ئەدەی. واتە ئیتر خوێت ئەم رێژیمە داگیرکەرە داپڵۆسێنەرە باش ئەناسی و تەنانەت ئەگەر واز لە پێشمەرگایەتیش بێنی ئەوا من روبەڕوی پەتی سێدارە ئەبمەوە.
کاک ڕەشاد حوسەینی یەکێک لەو کادرانەی شورشی ئازادی کوردان لە روژهەڵاتی وەڵات بو کە تەنیا بە دروشم و بۆ خۆ دەرخستن قسەی نەدەکرد و

هەموو کات هەوڵی ئەدا کە قسە و کردەوەی یەک بێت و لە ڕاستیدا بە سەداقەت و ئیمانەوە قسە و کردەوەی یەک بو.
کاک ڕەشاد حوسەینی ئەو کادرە گەنجە بو بە پێچەوانەی زور کادری دیکە بەردەوام خۆی لە پێشمەرگە و پێشمەرگە نەخوێندەوار و هەژارەکان نێزیک ئەکردەوە و ئەبو بە دوست و هاوڕی و پاڵپشتیان.
گرینگە ئاماژە بەوە بکەم یان ئەو ڕاستیە بنوسمەوە کە چەندین جار کاک رەشاد لە کاتی وەرگرتنی پارەی مانگانەدا بانگی کردووم و لە بەشە پارەی خۆی بەشی ئەو کەسانەی داوە کە خاوەن ژن و منداڵ بون یان هەستی ئەکرد پارەی مانگانە بەشیان ناکات و بەردەوام پێداگری لەوەش ئەکردەوە کە نابێ بەو کەسانە بڵێم کێ پارەی بۆ ناردوون و هەموو کات چاکەی بە بێ دەنگ و رەنگی پێک ئەهێنا و ئەوەش لە گەورەیی کەسایەتی و خاوێنی ناخی ئەو مروڤە پاکژە خۆرسکە، خۆنەویستەی سەنگەری ئازادی نەتەوە و نیشتمانی پارچە کراوەوە سەرچاوەی ئەگرت.
ساڵی 1988 حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بو بە دوو لەتەوە. هەر ئەو ساڵە خومەینی جامی ژاری ئاشتی خۆاردەوە و بە کردەوە ئاستەنگیەکانی بەردەم بەردەوامی خەبات و تێکۆشانی کادر و پێشمەرگە زیاتر دەبوو.
جولانەوەی کورد یان پێشەنگ و خاوەن پۆست و پلەی حیزبەکان هیچ پلانێکی تایبەت و جیدیان بۆ بەرەنگار بونەوەی ئەو دوخە نەخۆازراوە نەبوو. هاوکات بەداخەوە دوو شەڕی ناوخۆیش لە ئارادە بو، کە بریتی بو لە شەڕی نێوان سازمانی حیزبی کۆمونیستی ئێران-کۆمەڵە و حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران و شەڕی نێوان حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران و حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران-ریبەرایەتی شورشگێر.
لەو سەردەمە دا باسێک لە ناو حیزبی کۆمونیستی ئێران کە کۆمەڵەش بەشێک لەوان بون لە ئارادا بو بە ناوی واز هێنان لە شەڕی چەکداری و بە هۆی نێزیکایەتی ئەو لایەنە لە حیزنی دیموکراتی کوردستانی ئێران-ڕیبەرایەتی شورشگێرەوە ئەو باسانە گەشتبوە لای کادرەکانی ڕیبەرایەتی شورشگێر و زیاتر بیر لەوە ئەکرایەوە کە هەوڵ بدەن ئەوەندەی بۆیان دەکرێ ئەندامانی حیزب بنێرنە دەرەوەی وەڵات و ئەندامانی سەرکردایەتی کەوتنە ناردنی بنەماڵەکانی خۆیان بۆ ئەوروپا.
لەو کاتە دا کۆمەڵێك لە کادرەکانی ڕیبەرایەتی شورشگێر بە پێشەنگایەتی کاک رەشاد حوسەینی پروژەی گەڕانەوە بۆ ناو خەڵکیان پێشکەش کرد و بۆ خۆشیان ئامادە بون ببنە یەکەم کەسەکانی پێکهێنانی ئەو پروژەیە.
کاک رەشاد و هاوبیرەکانی لەو باوەڕەدا بون کە بە تەنیا شەڕی چەکداری ناتوانێ ئەنجامێکی هەبێ و دەبێ هەوڵ بدەرێ خەباتی شار و شاخ پێکەوە گرێ بدەرێ و ببنە پاڵپشتی یەکتر و بە ڕیکخستنی کۆمەلانی خەڵکی کوردستان دەبێ زیاتر گرینگی بەو خەباتە واتە خەباتی کۆمەڵگای مەدەنی بدرێ و شەقامەکان بکەونە جوش و خرۆش.
لە سەر ئەو بنەمایە کاک رەشاد روی لە شاری جۆانرۆ، کرماشان و سنە کرد. بەداخەوە بە هۆکاری خەیانەتی کولە نانیە خۆمالیەکان جێگاکەی دەس نیشان کرا و لە ماڵێکا لە شاری سنە گەمارۆ درا و لە لایەن هێزە داگیرکەرەکانی کۆماری

ئیسلامی ئێرانەوە دەستگیر کرا و دوای چەندین مانگ ئەشکەنجەی گران ئێعدام کرا.
ئەوەی جێگای سەرەنجە ئەوەیە کە لە ماوەی بەند بون و ئەشکنجە کردنیدا بە جیدی پارێزگاری لە بیروباوەڕەکانی خۆی و ڕەوایەتی ماف و ئازادی گەلەکەی کردو تەنانەت بچوکترین ئێعترافی نەکرد و روبەڕوی جەلادەکان بویەوە.
کاک ڕەشاد حوسەینی بە مەرگی خۆی ژیانی واتادارتر و شۆڕشگێر بونی جوانتر کرد. کەم ژیا بەڵام واتادار ژیا، بە چاوتێری و بەرپرسیارەتیەوە خەباتی کرد و جێگە پەنجەی لە ئێستا و داهاتوو دا هەر دەمێنێ و بێگومانم کە یەکێکە لە سیمبولەکانی خەبات و تێکۆشان و خۆپەروەردەکردن و خۆ ریکخستن و ورە و ئیمان و خۆڕاگری شورش و تێکۆشانی ئازادیخوازی نەتەوەکەمان.
لە بەرە بەرەی 25 ساڵەی ئێعدام کردنی کاک رەشاد حوسەینی دا، کاک بورهان روحانی ئەرکی کێشاوە و بە هاوکاری و پێداچونەوەی بەڕیز دوکتور حوسەین خەلیقی سەروکی ئەنستیتوی کورد لە ستوکهولم، کۆمەڵیک لە نوسینەکانی کاک ڕەشادی وەک کۆبەرهەم چاپ کردوە.
ئەم کتێبە چەمکێکی بچوکە لە فکر و رامان و ماندوویەتیەکانی ئەو مروڤە بەرز و بەرێزە و نیشاندەری ئەو ڕاستیەیە کە بەڕاستی کاک رەشاد تەنیا پێشمەرگەیەکی چەکدار و کادرێکی سیاسی نەبووە بەڵکو پێشمەرگەیەکی سیاسی-نیزامی و شورشگێڕێکی دادپەروەر و تامەزروی خوێندن و خوێندنەوە و خۆپەوروەدە کردن بووە.
هیوا گوڵ محەمەدی

هەواڵنامەی کتێب

پێناسە:
ناوی کتێب: "کۆبەرهەم"
ناوی نووسەر: رەشادحوسەینی
پێداچوونەوە: د. حوسەین خەلێقی
مونتاژ: خەلێقی
چاپی یەکەم:٢٠١٣، چاپخانەیNinaTrych AB، ئوپسالا
تیراژ:٥٠٠دانە.

ISBN

کۆبەرهەم

نووسینی: رەشاد حوسەینی
پێداچوونەوەی: د. حوسەین خەلێقی
چاپی یەکەم
سوید
٢٠١٣

هەوالنامەی کتێب

کۆبەرهەم

ئەم نووسراوە، بەری رەنج و تێرامان و وەرگێرانی پێشمەرگەیێکی چالاک و کادرێکی لێهاتوو و بەپڕوا و دەست و داوین پاکی رۆژهەڵاتی کوردستانە، کە لەگەڵ خەباتی مەیدانی و بەرەوڕووبوون لەگەڵ داگیرکەرانی کوردستان، جێگوڕکیی لەم چیا بۆ ئەو دۆڵ و لەو دەشت بۆ ئەو چۆڵ و ماندوویی و کەسەری بێمافیی رۆڵەکانی نەتەوەکەی، لە دەرفەتی لەباردا، وازی لە فێربوون و فێرکردن نەهێناوە و بە پێی توانا هەوڵیداوە، بەری رەنجی بێوچانی بە ئەویندارانی ئازادی، بگەیێنێ.
من (خەلێقی)، لەم نووسراوەدا، بە رەنجێکی فراوان هەوڵم داوە، نووسین و وەرگێرانەکانی رێکوپێک بکەم و پێوەندی نێوان بابەتەکانی ناسین و کۆمەڵناسی کە ناوەناوە، بەرهەم هاتوون، بخەمە سەر باری خۆی، بۆ ئەوە، خوێنەر چێژیان لێوەرگرێ. دیارە دادوەری بەخوێنەری ژیر و بەبیرە و هیوادارم، ئەم نووسراوە بتوانێ، یادی ئەو شەهیدە زیندوو رابگرێ.

Koberham
Bay: Reshad Hossieni
Sweden
2013

هەواڵنامەی کتێب